بیرەوەری



# پەتینامە

**پ. د. عومەر پەتی**

**پێداچوونەوە و پێشەکی**
**فازیل شـەورۆ**

**٢٠٢٣**

دیاری
عومەر پەتی
لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی

بیرەوەری

# پەتینامە

کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران

ئەم کتێبە لەلایەن چەناڵی kteb_khana2 کراوە بە pdf

Scanned with CamScanner



کتێبخانە
Kteb Xana کتێبخانە
public channel
Description
کتێبخانەیەک تایبەت بە زیاتر فێربون و دورکەوتنەوە لە
نەزانین و ڕەشبینی.
ڕۆشنبیری تاک. هۆشیاری ڕۆشنبیری تاک لە کۆمەڵگە. more
t.me/kteb_khana2
Invite Link
Notifications
On
Members
Subscribers 17628
Administrators 8


canner

پێشکەشە بە:

دایەی میهرەبانم
بابی خەمخۆری خوالێخۆشبووم
هاوژین و منداڵەکانم
خوشک و براکانم
جوانەمەرگ، کاکە ئەنوەری برام.

Scanned with CamScanner

# پێڕست


پەتینامە بۆچی؟ ........ ٦

«پەتینامە»، یان خەلە و خەرمانی تەمەنی ........ ٨

خامەیەکی ڕەند و بە بڕشت ........ ٨

بەندی یەکەم ........ ١٢

ژیاننامە ........ ١٢

لە دینگاوەی زێدوە تا قوتابخانەی ئیبراهیم باولی سەرەتایی ........ ١٣

پۆلی یەکەم، تا ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ........ ١٩

لە قەندیلی هەولێرەوە، یەکەمین دەرکەوتنم ........ ٤٣

لە ژن و ژنخوازییەوە تا دەستگیرکردنی سەددام ........ ٥٤

دروێنەی خەلە و خەرمانی (٢٠) ساڵی تەمەنم ........ ٨١

ئەو مامۆستا و هاوڕێیانەی هەرگیز لە بیرناکرێن: ........ ٩٧

١) کاک تاریق جامباز: ........ ٩٧

٢) مامۆستا شێخ محەمەد بالیسانی: ........ ١٠٢

٣) مامۆستا عومەر شێخەڵلا دەشتەکی: ........ ١٠٤

٤) مامۆستا فازیل شەوڕۆ: ........ ١١١

٥) مامۆستا کەریم شارەزا: ........ ١١٢

٦) پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار: ........ ١١٤

٧) محەمەدی مەلا کەریم و مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیسی باوکی و کاک صەلاحی برای: ........ ١٢٠

٨) مومتاز حەیدەری: ........ ١٢٢

٩) مەسعود محەمەد: ........ ١٢٤

١٠) پ. د. وریا عومەر ئەمین: ........ ١٢٦

١١) دکتۆر ئیحسان فوئاد یان (کاکە شوان): ........ ١٢٩

بەندی دووەم ........ ١٣٢

عومەر پەتی ........ ١٣٢

لە دیدی چەند ئەدیب و مامۆستا و کەسایەتی و قوتابی و هاوڕێیکانیەوە ........ ١٣٢

(ناسنامەی بونیاتێک) پ. ی. د. ئازاد ئەحمەد ........ ١٣٣

(پاییزی ئاشنابوون) ئەحمەد عەزیز حەمەد(حاکم ئەحمەد) ........ ١٣٥

(دختۆر عومەر پەتی) د. ئیدریس عەبدوڵلا ........ ١٣٨

(لە دیوەخانی برایانی خەزنەدارەوە) بنیاد مارف خەزنەدار ........ ١٤١

(بۆ دوکتۆر عومەر پەتی) بەدران ئەحمەد حەبیب ........ ١٤٤

(دوو قۆناغی تەمەن لەگەڵ د. عومەر پەتی) د. بەشیر خەلیل حەداد ........ ١٤٨

(پەسنی مامۆستاکەم) تانیە وەصفی عەبدوڵلا ........ ١٥٢

(کاك دکتۆر عومەر پەتی) جواد چۆم حەیدەری ........ ١٥٥

(چۆن بەڕێز د. عومەر ئیبراهیم عەزیزم ناسی؟) حاجی محێدین غەفووری ........ ١٥٧

(بۆ من، دکتۆر عومەر پەتی ڕابەر و پێشەنگ بوو) د. دالیا دەشتی دزەیی ........ ١٦١

(بیرەوەرییەکی جوان لە ماوەیەکی کورتدا) ڕازیە ئەحمەد ........ ١٦٣

(برای زێدە خۆشەویستم پرۆفیسۆر دکتۆر عومەر پەتی) ڕزگار محەمەد قادر ........ ١٦٤




Scanned with CamScanner

(ئاشنایەتیم لەگەل د. عومەر پەتی) ڕەسووڵ حاجی صادق........................................١٦٦
(دکتۆر عومەر پەتی) سابیر ڕەشید..............................................................١٧١
(هاورێ و برا و مامۆستا، د. عومەر پەتی) د. سەلوا ئەحمەد ئەمین ..........................١٧٥
(یادگارییەکانی زستانە باراناوییەکان) طەڵعەت ئەحمەد عومەر..................................١٧٧
(چەند یادەوەرییەك لەگەڵ برای خۆشەویستم دکتۆر عومەر پەتی) د. عادل گەرمیانی.........١٨٢
(د. عومەر پەتی، ئەدیب و کوردپەروەر و زمانزان)عەبدولسەتار عوسمان ئیسماعیل ...............١٨٥
(یادەوەریم لەگەڵ پرۆفیسۆر د. عومەر پەتی) پرۆفیسۆر د. عومەر قەرەنی عەزیز..............١٨٧
(عومەر پەتی، هەنگەوانی فەرهەنگی کوردی) فازیل شەوڕۆ......................................١٨٩
(سەربوردەی ناسینی د. عومەر پەتی چۆن چۆنی بوو؟) قادر شەریف قادر......................١٩٤
(لە بارەی د. عومەر پەتی) پ. د. قادر محەمەد حەسەن پشدەری.................................١٩٧
(چەند وشەیەکی سادە و پەتی ، بۆ برای بەڕێزم د. عومەر پەتی) کازم کۆیی ..................١٩٩
(کارتی پیرۆزبایی) کوردستان موکریانی ..........................................................٢٠٤
(هاوڕێیەکانی د. عومەر پەتی) پ. ی. د. کەریم فەتاح عەزیز.................................٢٠٦
(من و عومەر پەتی و گوندەکەمان) حەمەدەمین حاجی ڕەسووڵ ...............................٢٠٧
(کانیاوێك لە خەندە ، عومەر پەتی) محەمەد تەها حوسێن.......................................٢٠٨
(پیاوێك لە تەمەنی خۆی ناترسێت و نایشارێتەوە) پ. د. محەمەد عەبدوڵلا کاکە سوور ..........٢٠٩
(پرۆفیسۆر دکتۆرعومەر ئیبراهیم عەزیز و تەمەنێک لە دۆستایەتی و هاوکاریکردن) ...............
موعتەصم عەبدولکەریم بەرزنجی..................................................................٢١٠
(د. عومەر نموونەی مامۆستای زانکۆ بوو) پ. د. نەبیل عادل فەخری .........................٢٢٢
(من دکتۆر عومەر ئیبراهیم عەزیزم چۆن ناسی؟) پ. ی . د. وەلی مەحموود حەمەد.............٢٢٤
(پوختەی تێبینییەکانم دەربارەی هاوڕێم عومەر پەتی) یوسف حەمەساڵح مستەفا.................٢٢٨
«عومەر بەتي» من وجهة نظر بعض المدرسين والكتاب والشخصيات ...........................٢٣٠
(الى الدكتور عومەرابراهيم عەزيز. . رسالة حب واعتزار) الدكتور بدرخان سندي...............٢٣١
(تقريظ) شيركو كمال جميل .......................................................................٢٣٣
(لمحة عن مسيرة صداقتي مع الاخ الدكتور عومەر بتي المحترم) صابر عبدالله الزيباري..........٢٣٤
(الى الاستاذ الدكتور عومەرئيبراهيم عزيز المحترم) الأستاذ المتمرس الدكتور علي جاسم الزبيدي..........٢٣٧
(أيام مشرقة) د. عمر ابراهيم توفيق..............................................................٢٣٩
(كاك عومەر حقاً رجل التربية والتعليم) فاروق غفور صالح منتك...............................٢٤١
(الى الاستاذ الدكتور عومەر ئيبراهيم عەزيز المحترم)د. نەبيل عبدالمجيد عبدالجبار.............٢٤٢
بەندی سێیەم.......................................................................................٢٤٥
بەرهەم و کار و چالاکی...........................................................................٢٤٥
بەندی چوارەم......................................................................................٣٢٨
ئەرشیف ...........................................................................................٣٢٨
بەڵگەنامەکان.......................................................................................٣٢٩
بەرگی کتێبە چاپکراوەکان..........................................................................٣٨٥
ئەرشیفە وێنە.......................................................................................٣٩٣



Scanned with CamScanner

# پەتینامە بۆچی؟

لە پۆلی سێی سەرەتایی بووم لە ساڵی ١٩٦٧، هەستم کرد لەکاتی ئاخاوتن و دەربڕین، زۆربەی خەڵکی وشەی ئارەوی بەکاردەهێنن، بۆیە بڕیارمدا دەست بە لەبەرکردنی وشە و واتاکانی ناو فەرهەنگۆکەکانی پەڕتووکەکانی خوێندن بکەم. پاشان ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠ای بەسەرداهات، پتر هەستی نەتەوایەتی وروژاندمی و لە یادی جەژنی نەورۆز پتر کەوتمە گەڕان و سۆراغ کردنی وشە و پەیڤە کوردیی پەتی، تا وای لێهات لە قۆناغی ناوەندی خوێندن دەست بکەم بە لەبەرکردنی لیستی زاراوەکانی ناو ژمارەکانی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا و لەناو خەڵکیدا بەکاریان بهێنم، هەرچەندە ئەمە زۆر گرفت و ئاریشەی بۆ دروست کردم، لەوانە لەدانیشتنەکاندا خزم و دۆست و هەندێ لەهاوڕێیان پێیان دەگوتم، ئەوە زمانی خۆت خوار کردۆتەوە بە سلێمانی قسە دەکەیت. نەیاندەزانی کە زمانی کوردی یەك زمانە و بەڵام دیالێکتەکانی کرمانجی ژوروو و کرمانجی خواروو و لوڕ و زازاییە، بۆیە چەندانجار بەسەر خۆمدا دەیاندەشکاندمەوە، لێ بەندە ڕشتتر و مکوڕتر دەبووم لەسەر بەردەوامی بەکارهێنانیان. لەو ئاریشانەی کە بەرەو ڕوومهات لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکان، پەیوەندییەکی تەلم کرد، گوتم: «بگۆڕی پارێزگای هەولێرە، تکایە خۆجێیەتیم دەوێ.» یەکسەر هێلەکەیان لەسەر داخستم. کە دووبارەم کردەوە و وتم: «بەدالەی پارێزگای هەولێرە (ادارة محلية)یە؟!» گوتیان: بەڵێ فەرموو. لە بۆنەیەکی دیکەدا، ماشێنی کرێم ڕاگرت و گوتم: «بمبە بۆ کۆشکی باکوور.» چەندی خۆی هێنا و برد نەیزانی دەڵێم چی. گوتی:» بتبەم بۆ کوێ و چی دەڵێی؟» زانیم کە تێنەگەیشتووە و گوتم بمبە بۆ (قصر شمال) گوتی: مامۆستا وا بە کوردی قسە بکە! نموونەیەکی تر، هەر لەهەمان ساڵ ئەمجارە یان، بە شوفێری ماشێنی کرێم گوت: «بمبە بۆ دار و ئاسن.»، چەند ڕاوەستا و هەر بیری دەکردەوە، گوتی:» بەخوای مامۆستا نازانم دەڵێی چی؟» گوتم :»بمبە بۆ (حەدید و خەشەب). گوتی: «دە مامۆستا وابڵێ!» ئەمانە و چەندان نموونەی تر لەم جۆرانە، بەڵام بەندە کۆڵم نەدا تا لە سەرەتای ١٩٩١ کە دوا ژمارەی گۆڤاری کاروان پێش ڕاپەڕین دەردەچوو،

وتارێکم نووسیبوو بە ناونیشانی «لە یادی خزمەتگوزارانی کورد، صاڵح بەگی ساحێب قڕان» دیاربوو لە کاتی دیزاینکردنی ئەم ژمارەیە کاك بەدران حەبیبی نووسەر لەوێ دەبێ لە تەك ناوی عومەر ئیبراهیم دەڵێ کەوانەیەك بکەوە و بنووسە (پەتی) ، ئیتر ئەمەش یەکەم وتاری بڵاوکراوەم بوو کە نازناوی (پەتی) هەڵگرتبێ. لێرە بەدواوە لە هەموو وتارەکانی کە لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا بڵاوم دەکردەوە، لەگەڵ هەموو بڵاوکراوەکانی هەرێمی کوردستان بەناوی عومەر پەتی و د. عومەر پەتی و پ. د. عومەر پەتی بوو.

مەبەست لەپەتیش ئەوەیە کە لەکاتی ئاخاوتن و دەربڕین و گفتوگۆکردن لەگەڵ تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە کوردی پەتی دواوم، ئەگینا زۆربەی زۆری نووسەرانی کورد لە کاتی نووسینەکانیاندا لەوانەیە زۆربەیان بە کوردیی پەتی دەنووسن، بەڵام لە ئاخاڤتن و دەربڕینەکانیاندا کەسێکم نەبینیوە بتوانێ سەرتاپای ئاخاڤتنەکانی کوردیی پەتی بێت، بۆیە ئەو نازناوەیان بە بەندە بەخشیوە. جا بۆ ئەوەی نەپرسی: کامە د. عومەر؟ لە وەڵامدا نەڵێی :»د.عومەر پەتی»، دکتۆرعومەرەکان لەیەك ناکەنەوە، بۆیە شانازیە بۆمن کە ئەم نازناوەیان پێ بەخشیووم و ئەم بەرپرسیاریەتییەم لەئەستۆ گرتووە بەرامبەر تەواوی نەتەوەکەم، تەنانەت زۆرجار بووە لەکاتی چاوپێکەوتنەکانی تەلەفزیۆنیم لە ماڵەکان، گرەویان لەسەر کردووم ئایا هیچ پەیڤێك و وشەیەکی ئارەوی و بێگانە بەکاردەهێنم! بێگومان دۆڕان بۆ ئەو کەسە بووە کەوتویەتی بەبێ بەکارهێنانی وشەی ئارەوی و بێگانە ناتوانێ بەردەوام بێ. بۆیە ئەمڕۆش کە تەمەنمان گەیشتۆتە سەرووی ٦٦ ساڵ، پەتینامەتان پێشکەش دەکەم.

هیوادارم بە دڵی هەموو لایەکتان بێ و هەر سەرکەوتوو و سەرفرازبن.

عومەر پەتی

هەولێر- ئەندازیاران

٢٠٢٣/٣/٢٣



Scanned with CamScanner

# «پەتینامە»، یان خەلە و خەرمانی تەمەنی خامەیەکی ڕەند و بە بڕشت

فازیل شەورۆ

«سەرەتای سالّی خوێندنی ١٩٦٣ ـ ١٩٦٤، لەسەر پشتی گوێدرێژ و بە سواری دووچەرخە، یەک دەمژمێر ڕێڕۆیشتن بوو، تا لە دینگاوەوە گەیشتینە گوندی ئیبراهیم باول. بەڕاستی بۆ منداڵێکی وەکو من زەحمەت بوو ڕۆژانە دوو دەمژمێر، چوون و هاتن، بتوانم لەو قوتابخانەیە سەرەتاییە دەوام بکەم. بۆیە هەر یەک تاقە ڕۆژ دەوامم کرد و ساڵێکم بە ڕۆژێک بڕی و نەمخوێند.»

منداڵێکی لادێی، باوک جووتیار و چەرچیی، لە پۆشاکێکی هەژارانە و جووتە کەوشێکی لاستیک، بە ڕووخساری پڕ بەرائەتی ئاوێتەبوو بە کاکۆڵەپرچی قەترانی و پێستی پەمەیی و ڕۆحسووکەڵەیی دەشتی قەراج، بە ئاواتی وەدەستهێنانی قونچکە قەڵەمێک، ڕۆژانە لەسەر پشتی گوێدرێژ و لە پاشکۆی کەچە تراکتۆر و پەستی پێش (٦٠) ساڵ زەمانە، ئەو عەزاب و ئەشکەنجە دەداتە بەر خۆی و باوان و گوێدرێژەکەیان. هەموو خەون و ئاواتی ئەو سەفاوەمەڕوا پڕ ژان و ئێش و برکەش، هەر دەستگیربوون بووە لە سەرە داوی پیتێک و نوکە قەڵەمێک.

لەو وراتەی کۆیە، ڕوویداوە، گاسن لە لێوی کووپەی زێڕ و زیوو گیر بووە و جووتێری خودا بەختپێداو، بە بێدەنگی و بە هێمنی، لیرە زێڕان دەماشتێتەوە و خورج وباخەڵی پڕدەکا لە ملەوکانە و گەردەنەی زیووی قاش مرواری و خودا هەزار و یەک دەرگای لێدەکاتەوە. جا ئەو گەنجینەی مام ئیبراهیمیش، لەو دەشتە کاکی بە کاکییە، بۆ عومەری پێنج شەش ساڵانی دەدۆزێتەوە، هەر

نووکە قەڵەمێکە!

ڕەنگبێ، ئەو ڕۆژەی، عومەر پێینابێتە قوتابخانە گڵینەکەی گوندی ئیبراهیم باول، هەزاران منداڵی دیکەش لە سەرتاسەری جیهاندا ناوی خۆیان لە قوتابخانەکانی خۆیاندا قەید کردبێ، لێ چەند لەو منداڵانە، ئەو نووکە قەڵەمەیان کردە قیبلەنما و ئاڵا و درووشم و ڕابەر و ئومێد و مراز؟ ئاخر، ئەو «پەتینامە»ی بەردەستت و چەندان ڕەفتە کتێبی دیکە، بەرهەمی گەنجینەی ئەو نووکە قەڵەمەن، یان بەرهەمی ئەو نووکە قەڵەمە گەنجینەیەن.

ئەوەی لە دوتوێی ئەو کتێبەدا دەیخوێنیتەوە، نە ئەفسانەی فیرعەونەکان و داستانی گلگامێش و فەلسەفەکانی خەیام و غەزەلەکانی شیرین و فەرهاد و مەم و زینە، نە قارەمانییەتی شێخ مەحموود و نەبەردییەکەی هەندرێن و زۆرانبازیی ستێرەکانی گۆڕەپانی چوارچرایە. ئەوەی هەیە و نییە، سەربوردەی مرۆڤێکە، (٦٠) ساڵی ڕەبەقە بە دەستی خۆی، خۆی خزاندووەتە نێو پۆلی مەڵبەندەکانی خوێندن و پەروەوردە و قوفڵێکی گەورۆنەی لە سورگی دەرگاکە گیر کردوە و خۆی زیندانی کردوە. زیندانێک، لە دیدی ئەو خۆشیبەخش و مووژدەبەخش و ئومێدبەخشە.

جا خوێنەری بەڕێز، لە گەشتی ئەم خوێندنەوەدا، کە دەبینی باس، هەر باسی پۆل و قوتابی و خوێندکار و کتێب و ڕۆژنامە و زمانی کوردی و فەرهەنگ و کەلەپووورە، هیچ گەشکە نەتگرێ، «پەتینامە» کتێبێکە، پڕە لە کتێب و ناوونیشان و ژێدەر و سەرچاوە.

تێکڕای تەمەنی ئەو نووسەرە، بەدەر لەو چەند مانگەی بە زۆرەملێ، پۆشاکی خاکیی سەربازیی پێدەپۆشن و بۆ باشووری عێراقی ڕاپێچی دەکەن، هەر هەمووی، بە شەو و ڕۆژ و مانگ و وەرزەوە، تەرخانکراوە بۆ خوێندنەوە، یان بۆ نووسین و کۆڕ و چالاکیی ئەدەبی و هونەری ـ تەنانەت ژنهێنان و خوازبێنیشی هەر لە نێو پەڕ و کاغەز و قەڵەم و کتێبان بووە، بە کوردی و کرمانجێ، ئەو زاتە، سۆفی خەڵوەتنشینە، لێ کەشکۆڵەکەی کتێب و تەزبیحەکەی پیت و دارسیواوکەکەی قەڵەمە، خواردن و خواردنەوەشی، زانست و ئەدەب و مەعریفەیە.



Scanned with CamScanner

پتر لە چوار دەیە دەبێ، دکتۆر عومەر پەتی هاوڕێمە و چەندان کاری ئەدەبی و کەلتووری و کەلەپوریشمان بەیەکەوە ئەنجامداوە، بۆیە بۆ من شەرەفێکی مەزن بوو کە ئەو ڕووی لە من نا و ئەرکی پێداچوونەوە و ڕێکخستنی «پەتینامە»ی بەمن سپارد. لێتان ناشارمەوە، لە میانەی خوێندنەوە و دەستەبەرکردنی بابەتەکانی ناواخنی ئەم کتێبە، هێندە بۆ دکتۆر بە پەرۆش بووم تا ئەو ڕادەییەی کە بەزەییم پێدادەهاتەوە. ئاخر ئەو هێندە ئاڵوودەی کاغەز و قەڵەمە، هەست ناکەیت، چێژی لە بوارەکانی دیکەی ژیان وەرگرتبێ. هەموو ڕەنج و ماندووبوونەکەشی لە پێناو، زمان و ئەدەبی کوردی و شکۆی نەتەوەیی کورد بووە ـ کە بەداخەوە تاکوو ئێستا زۆر کەم پاداشتی دراوەتەوە و هەقیخۆی بە چاوی خۆی نەبینیوە، لێرەش مەبەست لە هەقە مەعنەوییەکەیە.

لە ڕێکخستنی «پەتینامە»دا بە باشمان زانی، بابەتەکان دابەش بکەین بەسەر (٤) بەند. بەندی یەکەممان تەرخان کرد بۆ ژیاننامە و بیرەوەرییەکانی نووسەر. بەندی دووەم، تۆمارگەی ئەو نووسینانەیە کە چەندان ئەدیب و مامۆستا و کەسایەتی، دەربارەی دکتۆر عومەر پەتی، بە زمانی کوردی و عەرەبی، ئامادەیان کردوە. بەندی سێیەم، ڕیزبەندیی زۆربەی بەرهەم و کار و چالاکییەکانیەتی، دەڵێین (زۆربەی) چونکە دەیان بابەتی بڵاوکراوە و چاوپێکەوتن و کۆڕ و دیدار هەنە، ژێدەرەکانیان بزر بووە و تۆمار نەکراون. هەرچی بەندی چوارەمە، ئەرشیفە؛ ئەوەیش هەم بەڵگەنامە و هەم وێنەی بەرگی کتێبە چاپکراوەکان و ئەلبوومە وێنەیەک دەگرێتە خۆی.

بایەخەکانی ئەم کتێبە، جگە لەوەی کە دەبێتە سەرچاوەیەک دەربارەی قۆناغەکانی تەمەن و هەوراز و نشێوەکانی ڕۆژگار و بەسەرهاتەکانی نووسەر، دەکرێ وەک بیبلیوگرافیای بەرهەم و کار و چالاکییەکانیشی وەریگرین، چونکە ڕیزبەندیی زۆربەی بەرهەمە چاپکراو و زۆربەی بڵاوکراوەکان و دیدار و چاوپێکەتنەکانی لەوێدا تۆمارکراون، ئەوا جگە لەو دەیان ماستەرنامە و تیزی دکتۆرا، کە یان بۆخۆی سەرپەرشتی کردوون یان لە گفتوگۆکردنیاندا بەشداربووە .

ئەرشیفەکانیش، بە بەڵگەنامە و وێنەکان، پەیقی زیندوون وەک یادەوەری و ژێدەری مێژوویشن بۆ ئایندە، دەکرێ سوودی خۆیان هەبێ.



Scanned with CamScanner

نووسـەر هەوڵیـداوە، داڕشـتن و گوزارشـتەکەی، بـە زمانێکـی ڕەووان و سـادە و هاسـان تۆمـار بـکات، بـۆ ئـەوەی خوێنـەر، لەهـەر ئاسـتێک دابـێ، بتوانـێ بیخوێنێتـەوە و چێـژی لێوەرگـرێ.

هیواداریـن، «پەتینامە»تـان بـە دڵ بـێ و لـە کەموکوڕییەکانیـش ئاگادارمـان بکەنـەوە، تـا بـە سوپاسـەوە، بـۆ چاپـی دووەم، بـە هەندیـان وەرگریـن.

کۆیـە

٢٠٢٣/١/١١



Scanned with CamScanner

# بەندی یەکەم
# ژیاننامە



Scanned with CamScanner

# لە دینگاوەی زێدوە تا قوتابخانەی ئیبراهیم باولی سەرەتایی

لەبیرمە کە دایکم دەیگوت:» ئەو ڕۆژەی ناونووس هاتن بۆ تۆمارکردنی ناو و تەمەنی خەڵکی، ئەتۆ تەمەنت دوو ڕۆژان بوو و قۆنداغە بووی. مامە قادرت لەوێ بوو، لێیان پرسی: ناوی چییە؟ وتی: با ناوی عومەر بێ. عومەر چ عومەر! منداڵەکی سووروسپی پەمەیی بوویت و خەڵکی هەر حەزیان دەکرد تەماشاتکەن، خۆشیان دەویستی، چما دڵم دەهات بتشۆم یان دەمهێشت بایەکت لێدا! نەوەکو سەرمات بێ یان نەخۆش بکەویت.» دایکم ناوی بەسێ، دایکیشی ناوی خدیجە بوو، کچی کێخوا حەسەنی بوبەکری دۆڵەسزەی بوو. ئەو، ساڵی یەك جارە سەردانی ماڵی باوکی دەکرد، خۆ وەکو ژنی ئێستا نەبوو هەر ڕۆژەی بیەوێت سواری ئوتومبێل بێت و بچێتە ماڵی باوان و خزم و خوێیان. هەمیشە دایکم دەیگوت:»ژن دەبێ هەم ماڵی مێردی بوێ و هەم منداڵ و هەم ماڵ، بەتایبەتی ئەگەر ژنە، منداڵی تازەی بووبووایە دەبووایە زۆر درەنگ بچێتەوە ماڵە باوانی. « باوکم، ئیبراهیم عەزیز، بەڕەچەڵەک خەڵکی گوندی دۆڵەسزەی ناوەندێ بوو، سەر بەشارۆچکەی قوشتەپە، لە هۆزی سیانە، کە لقێکین لە هۆزی گەورەی (موکریان) بەر لە (٢٥٠) ساڵ زیاترە، بە هۆی هێرشە کۆمەڵکوژییەکەی (شا عەباسی سەفەوی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر هۆزەکانی کورد بەتایبەتی بۆ سەر (هۆزی موکریان)، لەوکاتە زۆر خەڵک دەربەدەر دەبن، کە لە ناویان دا (٣) برا لە هۆزی (موکریان)، ڕوو لە باشووری کوردستان دەکەن. سەرەتا لە گوندەکانی (مەرگە) و (سەرسیان) و (بەردەکۆز) نیشتەجێ دەبن، هەر لەوکاتەدا بەناوی هەر (٣) برایەکە (شەمزین) و (وسومامەر) و (وەتک) ناوی هۆزی (سیان) دروست دەبێ. لە دوای ماوەیێک ڕوو لە ناوچەی (کۆیە) دەکەن لە گوندی (سماقە) نیشتەجێ دەبن، هەروەها لە دوای ماوەیەک هەر (٣) برا ڕوو لە ناوچەی دەشتی هەولێر دەکەن. بەشی زۆری تیرەی (وەتک) لە ناوچەی (قوشتەپە) لە گوندەکانی (باشتەپە) و (گردەسۆر) و (دۆرەزە) و (دورەزە) و چەند گوندێکی تر نیشتەجێ دەبن، بەڵام هەردوو تیرەکەی تر (شەمزین)ی و (وسومامەر)ی،



Scanned with CamScanner

بەشی زۆریان لە گوندەکانی (کد:دیناوە) و (قەراج) نیشتەجێ دەبن. سەرەتا ژمارەی سەرژمێری (هۆزی سیان) لەو هەرسێ ناوچەی ئاماژەپێکراو لە (٤٠) گوند زیاتر بووە، بەڵام ئێستا (٣٢) گوندە و کۆمەڵێکی زۆریش هەر لە خەڵکی هۆزی سیان لە کۆمەڵێك گوندی تریش نیشتەجێ بوونە، کە هی گوندی (سیان) نینە، بەڵام وێڕای ئەم ناوچانە، زۆر لەم گۆزەگۆزەی هۆزی سیان لە کۆمەڵێك ناوچەی تر نیشتەجێ بوونە وەکو گوندەکانی (ڕۆژهەڵاتی ئێران) و (ناوچەی کۆیە) و (ناوچەی ئاکرێ).

کەواتە ئەمن لە ڕۆژی ٢٨/٦/١٩٥٧چاوم بە دونیا هەڵێناوە، لێ بە ڕۆژی ١/٧/١٩٥٧ ناونووس کراوم، ئەوکات وا باو بوو (١)ی مانگی ٧، وەک ناوەڕاستی ساڵ دادەندرا و دەکرا بە ڕۆژی لە دایک بوونی ئەوکەسانەی لە مانگی تەمموز و دواتر دەهاتنە دونیا. یەکەم زێدیشم گوندە خنجیلانەکەی (دینگاوە)ی دەشتی قەراجێ بوو، کە سەر بە قەزای مەخمووره لە پارێزگای هەولێر. لە من گەورەتر خوشکێك و برایەکی دیکەم هەیە بە ناوەکانی سابیر و گولستان، برایەکیشم لە نێوان من و براگەورەکەم مردووە. لەدوای منیش نەسیرینی خوشکم و ئەنوەری برام و بەختیار و عەلی و پەروین و شەرمینی خوشکم لە دایك بوونە. بەمشێوەیە و بە دەستووری کوردەواری، ئەمن بۆ ماوەی حەفتەیەک وەک قۆنداغە لەسەر بێژینگ داندراوم ئەوجا لە لانکیان ناوم. جاران ئەگەرماڵێک لانکی نەبووایا ئەوا لە لای دارتاش دەیانکڕی، دەنا دەیانخواستە و ژنیش هەبوو کە لە زگان دەچۆوە، لانکەکەی دەدا کچەکانی خۆی یان بەخێر دەیدایە ژنە هەژارێک.

ئەمن تەمەنم دوو ساڵان بووە، ماڵمان چوویتە گوندی قەبری عەلی، لە نزیك گوندی شەنەغەی سەرزێی شارۆچکەی دبس، سەر بەپارێزگای کەرکووك. لەوێ خەریکی مەڕداری بووین. بۆ ماوەی دوو ساڵان لەوێ ماینەوە، دایکم دەگێڕێتەوە: ئەو جێگایەی ڕەشماڵمان لێی هەڵدابوو پێیان دەگوت: دارە خەجیجە، دوو ڕەشماڵیان هەڵداوە هی ئێمە کە (٤) ئەستوون بووە، ئەوەی دیکەی هی ماڵی کێخوا صادق عەلی گابەڵەکەیی بوو. جاران لەبەر ئاو و لەوەڕ، خەڵکی ڕوویان لەم ناوچەیە دەکرد. لە ساڵی ١٩٦٠ لەگوندی خۆمان (دینگاوە)، لەوێ بە لۆری حاجی ڕەحمانی سمایلی من و دایکم و سابیری



Scanned with CamScanner

برام چووینەتە گوندی (دۆڵەسزەی ناوەندیّ) سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، ماڵی مامە قادرم، ئەوکات کچێکی تەمەن دووساڵیان مردبوو. دوای ئەوەی کە دوو شەو ماینەوە گەڕاینەوە، دایکم بە سواری گوێدرێژ و باوکم پیادە، تاکو گەیشتینە دبس، لەویّ چووینە ماڵی سەعدی باشە کە باوکی خاڵی باوکم بوو. دایکم و باوکم و خۆم بووین کە چووینە ژوورەوە، لە حەوشەی بۆ یەکەم جار چاوم بە حەوزەکی بچووکی کۆنکریتی کەوت کە لوولەیەکی ئاوی (عەنەفیەکی) پێوە بەسترا بوو پێم سەیر بوو، خانووەکەیان کە گڵ بوو هەر دوو چاوە و هەیوانێك بوو. لەلای ژووری دەستە ڕاست دانیشتین. لە ژوورەکە سندوقی نوێنان دانابوو، هەرچەندە خوێندەواریم نەبوو بچوکیش بووم، بەڵام دێتم دوو وشە لە ژێرەوەی سندوقەکە نووسرابوو، دوای چوونە قوتابخانەم بۆم دەرچوو کە نووسرابوو: دارتاش سابیر- دیارە ناوی دارتاشەکە بووە کە درووستی کردوە. لە ژێر سندووقەکە کۆتکی قەندی شەکر دانرابوو، بە نەرمی و لەسەرخۆیی خۆم گەیاندە کۆتکە و دەنکە قەندێکی شەکرم هێنا و خستمە دەمم. ئەوەشم دێتەوە یاد، کراسێکی سۆری منالانە و سوخمەیەکی بە لۆکەم لەبەردا بوو – ئەو سوخمە بە لۆکەیە بۆ هەموو منداڵێك نە دەدوورا، تەنها بۆ ئەو منداڵانە بوو کە تاقانە بوون. پاشان کەوتینەوە ڕیّ تاکو گەیشتینە گوندی گەزوەشان پێش ڕۆژئاوا گەیشتین، دایکم بە ڕۆژوو بوو، چونکە سیّ مانگانەی دەگرت. لەویّ بووین، کوڕە گەورەیان ئەو کاتە سەربازی میری بوو، مزگێنیان بۆ هێنان گوتیان: کاکە حامد هاتەوە. شەو لە ماڵی کێخوا حسێن ماینەوە، خزمەتێکی باشیان کردین. لە نیوەی شەو (تا) م گرت دایکم هەر زوو زانی ئەوە تای سۆرکەیە! دایکم بۆی باس دەکردم و دەیگوت:»هەرلەویّ نەخۆش کەوتیت و بەسواری وڵاغ لە دوبس گەڕاینەوە بۆ گوندی گەزوەشان لە دەوزیّ، ئەو زنیەی کە بە پردیّ و دوبس دا دەڕوات. لە ماڵی کێخوا حسێنی باوکی کێخوا حامد لاماندا و شەویّ لەویّ نووستین بۆ ڕۆژی دوایی هاتینە گوندی گرِاو هەر لە دەم زیّ لەویّ لە ماڵی خاڵە عەدۆ و خاڵە کاکە، بارگەمان خست. ــ خاڵە عەدۆ خاڵی ڕاستەقینەت نەبوو باوکت، وای پیّ دەگوت. « دوای ئەو هات و باتە دیسان دێینەوە دینگاوەی گوندی خۆمان. دایکم دەیگوت:»سورێژەت گرتبوو، دوای ماوەیەك سۆرکەکەت نەما

و چاك بوویێتـەوە». ئەمن پـاش (١١) سـاڵان ـ واتـا سـاڵی ١٩٧٠، جارێکـی دی ئـەو دوو گونـدەم دیتـەوە.

لـەدوای ڕەش بوونـەوەی سـۆریکە، دایکـم دەڵـێ: «زۆر بزێـو بوویـت. نانـت نـە دەخـوارد. لەگـەڵ لـە دایـك بوونـی خوشـککەت کـە لـە دوای منـەوە بـوو! زۆر داوای منـت دەکـرد نەتدەهێشـت بەجێـت بێڵـم. » مانـگ ئاخەلێـوە بـووە. سـەرەتای زسـتان و کۆتایـی پاییـز بـووە ـ دیـارە مانگـی ئەیلولـی١٩٦٠ بـووە.

خەڵکەکـەی بـە مـەڕ و مـاڵات و جوتیـاری خەریـك بـوون، باوکـم دەچـوو، بـە پشـتی گوێدرێـژەوە تووتنـی لـە گونـدی عەرەبـەکان دەفرۆشـت، زۆرجـار کـە دەهاتـەوە چوکلێـت و نوقڵـی بـۆ دەهێنایـنـەوە. دەیگـوت لـە ناحیـەی کڕبووەمـە، دوایـی کـە گـەورە بـووم زانیـم مەبەسـتی ناحیـەی زابـە. لـە گوندەکەمـان چـوار بەرەبابـی لـێ بـوو: ماڵـی وسـوان، ماڵـی هەمەدانـی، ماڵـی مـام دەروێـش و ماڵـی بوبەکـری بەرەبابـی ئێمـە. خـڕ ماڵەکانـی گونـدی هـەر (١٦) ماڵێـک بـوون. ئـاوی خواردنەوەمـان تـاڵ بـوو، بۆیـە لـە زێیـەوە بـە گالیسـکە و ولاغـان ئـاوی شـیرینیان بـۆ خواردنـەوە دەهێـا.

منیـش لەگـەڵ منداڵانـی گونـدی، ڕۆژانـە خـۆم بـەو یارییانـە دەخافڵانـد لـەو سـەردەمیدا باوبـوون، وەک کەلایانـێ و هەلیکانـی. لەبیـرم دێ بـە قووتـی ئـاوی تەماتـە کـە سـەرەکەیمان هەڵدەگـرت، هەمبانەمـان لەسـەریان دادەنـا و داوە دەزیمـان دەخسـتە نـاوی، لـە سـەرەکەی قوووتەکـی تـر و ئینجـا لـە یەکتـری دوور دەکەوتینـەوە لـەم سـەری گونـدی بـۆ ئـەو سـەری گونـدی لەگـەڵ یەکتـری، لـە شـێوەی تەلەفـۆن، ئەلـۆ ئەلـۆ، قسـەمان دەکـرد. جاروبـار بـە دەسـتی خـۆم لـە قـوڕ ئۆتۆمبیلۆکـەم دروسـت دەکـرد. تایـەی قـوڕم بـۆ دروسـت دەکـرد و بـە دار یـان قامیـش سووکانم بـۆ دەکـرد و لـە نزیـک گۆمـی گـەورەی گونـدی، بەتایبەتـی پاییـزان و زسـتانان یاریمـان پـێ دەکـرد.

ڕۆژانـی زسـتانانیش لـە ژووری ماڵەوەمـان، کـە دوو ژووری گەورەمـان هەبـوو، یەکـێ بـۆ میـوان و دانیشـتنی خۆمـان ئـەوەی تـر بـۆ کەرەسـتە، خەڵانـە هەبـوو لـە سـەر خەڵانەکـە کەلوپـەل و زەخیـرەی مـاڵ دادەنـرا وەکـو سـاوار و نیسـک و نـۆک و بـڕوش و شـتی تـر. لەبیرمـە دەچوومـە سـەریان وەکـو ئـەوەی ئوتومبێـل لـێ بخـورم (ڤـف.. ڤڤـف) لێـم دەخـوڕی. کـە هەریدەبرینگانـد و زەوی وشـک

دەبۆوە هەلیکانێ و کەلایانێمان دەکرد. لەگەڵ کچانیش یاری ساپ ساپانێمان دەکرد، ئەمەیان هاوبەش بوو لەم تەمەنەدا.

هەر لەم تەمەنە - دۆلابم دەکرد، دەبوایە ڕۆژێ دوو جار دۆلاب بکەین: سواری گوێدرێژ دەبووم – حەوزی ئاومان پڕ دەکرد کێشتان و عەسران کە مەڕمان دەهاتەوە سەر کۆڵ ئاومان دەدا. جار جار بەزۆری بووایە هەر دەیان بردم. باخچۆرەکیشمان هەبوو بۆ توور و سڵق و تەرەپیاز.

تا ئێستا بۆنی پڵاوبرنجی کوردی، دەستاویی دایکمم لە کەلەمدا هەرماوە، کە شیوی لێ دەنا بۆنی دەگەیشتە ئەو سەری گوندی. ئەمە لە بەرمیلی گەورۆنە برنجمان ئاماردەکرد.

وادەزانم دوێنێ بوو! تەمەنم پێنج ساڵان بوو؛ لە دینگاوە لەگەڵ باوکم، بۆ هینانی کا بۆ ماڵاتی، چووینە گوندی غەرەبەسیاوی دراوسێمان. لەوێ لە ماڵی حاجی برایم و برای حاجی حمدیم کە دوو برای دەوڵەمەند بوون و بە تەنیا لەوە گوندە دەژیان. حاجی برایم ژنێکی هەبوو؛ خوالێخۆشبووبێت، ناوی حاجی مریەم بوو؛ یەك هێلکەی بۆم کولاند و لەناو بابۆڵە نانێکی گەورەی کوردی دانا و دایە دەستم، دیاربوو کە برسی بووم؛ بەڕاستی کە لەسەر فەردە کای نێو گالیسکەکە دانیشتووم و دەستم بەخواردنی کرد، وامدەزانی کەبابێ دەخۆم، کە بە تام بوو! ڕەنگی زەردینەکەیم هەر لەپێش چاوە و تامەکەیم هەر لە ناو زارە!

شەش ساڵان بووم، چاک چاکم لەبیرەمە کە عەرەبی حەرەس قەومی هاتن بۆ تاڵان کردنی گوندەکانی دەشتی قەراجێ. خزمانی گوندی تل المطر (گردە بارانە) هاتنە گوندی ئێمە چونکە کێخوا عدێی خاڵی دایکم، پەیوەندی لەگەڵ عەرەبەکانی ئەو دەڤەرە خۆش بوو. جا چەند پیاوێکی ئازای بە دەست و بردی دەست بەچەک هاتنە دیوەخانی ماڵی خاڵی دایکم بۆ پاسەوانی کردنی گوندەکەمان.

ئەو ڕۆژە، ڕۆژی ئاشووب و هەرا بوو، ئەو چەکدارە پێخواستە سەر بە عەگالانە هاوار هاواریان بوو، لە پشتی پیکابان دەیانگوت:(زەڵهو زەڵهو، نحن البدو، وین العدو). خەڵک، ژن و پیاو و منداڵ شلەژابوون و خۆیان دەشاردەوە



Scanned with CamScanner

و ئەو تاڵانچییانەش بێڕەحمانە مەڕ و ماڵاتی گوندیان بە پێش خۆیان دەدا و ڕایان دەدا و دەیان بردن. بۆیە خەڵکی دەیانگوت: «عەرەب هاتن هەشت و نۆ / نە نانیان هێشت نە قوومە دۆ / ئەوجا چ بکەین بابەڕۆ»

ئەمەش جۆرێك بوو لە ئەنفالی ساڵی ١٩٦٣. لە ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنفرانسی ئەنفال لە هەولێر لەبەردەم هەموو بەشداربووانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، بە ئامادەبوونی سەرۆکی میری کوردستان و پەرلەمانی کوردستانی ئەوسا، ئەمن بە خوورتی ئاماژەم بەو ڕووداو و بیرەوەرییە کرد و گوتم ئەنفالکردنی کوردان هەر ساڵی ١٩٨٨ نەبووە، لە ساڵی ١٩٦٣وە بەردەوامە.



Scanned with CamScanner

# پۆلی یەکەم، تا ١١ی ئاداری ١٩٧٠

ساڵێک بە ڕۆژێک!

سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٦٣ ـ ١٩٦٤، لەسەر پشتی گوێدرێژ و بە سواری دووچەرخە، یەک دەمژمێر ڕێرۆیشتن بوو، تا لە دینگاوەوە گەیشتینە گوندی ئیبراهیم باول. لەوێ ئێمەیان بردە پۆلی پێنجەم بۆ ناونووسکردن و قەیدکردنمان. بینیم لەسەر ڕۆخی دەلاقەیەک تەماتەیان لە قوڕ دروستکردوە و بە بۆیە سووریان کردوە ـ دواتر زانیم ئەو دەستکردی مامۆستا پەترۆسی عەنکاوەیی بووە. بەڕاستی بۆ منداڵێکی وەکو من زەحمەت بوو ڕۆژانە دوو دەمژمێر، چوون و هاتن، بتوانم لەو قوتابخانەیە سەرەتاییە دەوام بکەم. بۆیە هەر یەک تاقە ڕۆژ دەوامم کرد و دوایی ئەو ساڵە ڕووم تێنەکردەوە. ساڵێکم بە ڕۆژێ بڕی و نەمخوێند.

بۆ ساڵی داتر، لە گوندی دۆڵەسزەی گەورە ـ کە دۆڵەسزەی ناوەندیشیان پێدەگوت، چوومە ماڵی مامە قادرم، مامی گەورەم، لەو قوتابخانەی سەرەتایی ئەوێندەرێ قەیدیان کردم. لە پۆلی یەک، مامۆستا عەزیز بەرزنجی وانەی کوردی و بیرکاری پێدەگوتین. هەمیشە بە شیعر و سروود فێرە بەها بەرزەکان و زانیارییەکانیان دەکردین وەک شێوە و قەبارە و ڕەنگەکان. ئەو شیعرەم هەر لە بیرماوە کە دەڵێ:

پشیلەی سوورەی دەستەمۆ
وەرە نان و ماست بخۆ

دایکی بێ چوولەی مردی
خێرا وەرە بە مەردی
ژمارەی پێنج وشەشە

تاقە یەکێکیان ڕەشە
یەکێکیان بۆری سەر زڵ
یەکێکیان ڕەنگی وەك گوڵ
یەکێکیان چاوی شینە
وەرە چاکی ببینە
پشیلە سوورە ماندووە
وا لە پەنا کەندووە
بۆخۆی لەوێ نوستووە
بۆ پاك وخاوێنی، بە هۆنراوە ڕێنمایان دەکردین:
نینۆك کردن چەند باشە
پیشەی منداڵی چاکە
ئەوەی نینۆکی پیسە
دایم نەخۆش و سیسە
بیکە نینۆك بیکە نینۆك
ژمارەکانیشیان وا فێردەکردین:
یەك و دوو
داران سێیە و دوو دار توو
سێ و چوار
چوار سوار هاتن هەر بەغار
پێنج و شەش
هەستن بۆ سەر تەختەی ڕەش
حەفت و هەشت
مەکتەب خۆشە وەك بەهەشت
نۆ و دە
یارمەتی دایکت بدە



Scanned with CamScanner

بۆ خۆشەویستیی ژینگە و گیاندار و باڵندەکان، شتی وامان دەخوێند:

کەڵەشێرەکەم چەند جوانە
وەکو پـۆڕی ناو باغانە
قاچی وەك قەمیشە
دندوکیشی تیژ تیژە
بەیانیان دەخوێنێ
تاکو ئێمە هەستێنێ

مامۆسـتا عەزیـز عەلائەدیـن بەڕێوەبەرمـان بـوو، وانـەی ئاینیشـی پێدەگوتیـن. مامۆستا وریـا فاتیـح سـەدرەدین مامۆسـتای وەرزش بـوو، لەسـەر دیـواری بـۆ ئـەو دیـوی بـازی دەدا و زۆر بـە توانـا و لێهاتـوو بـوو و زۆر حـەزی لـە بازبازانـێ بـوو.

قاسـم عەزیـز و دلاوەر عەزیـز، هـەردوو کوڕەکـەی بەڕێوەبەرەکەمـان، هاوپۆلـم بـوون و زۆرجـار لـە تەنیشـت دڵاوەری لەسـەر تەختـە (ڕەحلـە) دادەنیشـتم. لـە ئەزموونەکانـی نیـوەی سـاڵ و سـەر سـاڵ، قاسـم یەکـەم و دلاوەر دووەم و ئەمـن بـە سـێیەم دەرچـووم. هەرچەنـدە دلاوەر زیرەکتـر بـوو، ئـەو بـە پێنـج سـاڵی قەیدکرابـوو.

مامۆسـتا شـێخ عەزیـزی مامۆسـتای کوردیمـان، نـاوی هەموومانـی لەسـەر کارتۆنێـك نووسـیبوو و بەرامبـەری ئەسـتێرە ڕەنگاوڕەنگـی بەپێـی زیرەکیمـان ڕیـزی دەکردیـن؛ زۆر دڵمـان پـێ خۆشـبوو.

لـە پۆلـی دووەم، مامۆسـتا عەبدوڵـڵا کامـەلا هاتـە جێـی مامۆسـتا عەزیـز، کـە گواسـترایەوە بـۆ شـوێنیکی دی. لـەو سـاڵییەوە مـن هـەر بـە یەکەمـی پـۆل دەرچـووم.

مامۆسـتا عەبدوڵـڵا کامـلای بەڕێوبـەری قوتابخانـە لەگـەڵ حاجـی عـەولای بەردەسـت، جێبێکـی ئیستێشـنیان کـڕی و مامۆسـتایانی قوتابخانەیـان لـە نێـوان هەولێـر و دۆڵەسـزەیی گـەورە پـێ دەینـا و دەبـرد.

ڕۆژێـک، عەلەشیشـێکی ماڵـی مامـە قـادرم کەوتبـووە نـاو بیـری نـاوی ماڵـی کێخـوا سـادقی، هاتـن بانگـی منیـان کـرد، وەڵڵا پەتـی دەولکیـان لـە قـەدی گرێـدام

و هێدیٚ هێدی شۆڕیان کردمەوە، تا گەیشتمە عەلەشیشی بەستە زمان، لە باوەشم کرد و هاوارم کرد، ڕامکێشنەوە. بە هەناسە بڕکێ دەریان هێنام و بەو تەمەنە گچکەیە ئەو جێگە ناخۆش و ترسناکەم دیت و کە هاتمە دەریٚ گوتم، ئەلحەمدولیللا ڕزگارم بوو. هەر لەو ساڵ و دوای چەند مانگێک، دیسان عەلەشیشی ماڵی مامە قادرم کەوتنەوە ناو بیریٚ، بەڵام ئەم جارەیان کەوتە ناو بیری ماڵی خۆیان ، نزیک ئاشی مامم ئیسماعیلی، دووبارە منیان شۆڕ کردەوە ناو بیریٚ و عەلەشیشم بۆ هێنانە دەریٚ.

جاران، پشکێنەر ساڵێ دووجاران سەردانی قوتابخانەی گوندەکانی دەوروپشتی شارەکانی دەکرد، ئەو ساڵەی کە من لە پۆلی دوو بووم، ڕۆژێکی سبەینەیەکی زوو پێش دەمژمێری (٨)، بینیم مامۆستا عزەدین فەیزی پشکێنەر، گەیشتووتە قوتابخانەی دۆڵەسزەی گەورە و ئوتومبێلەکەی بردووەتە ماڵی کێخوا سادق کە لە پشت قوتابخانە بوو تاکو دیار نەبێت و بەخۆشی چووە ژووری بەڕێوبەر و مامۆستایانی قوتابخانە، قیت و قنج دانیشتبوو. بەڕێوەبەر و مامۆستاکانمان وا ڕاهاتبوون، ڕۆژانە نیو دەمژمێرێک دوادەکەتن کە بە جێبە شرەکەیان هاتووچۆیان دەکرد. دیار بوو هەواڵی ئەو دواکەوتنە گەیشتببوە بەر گوێی مامۆستا عزەدین فەیزی پشکێنەر.

وەکو ڕۆژان کە مامۆستاکانمان بە دواکەوتوویی گەیشتنە ناو حەوشەی قوتابخانە یەکێ گوتی: عومەر بڕۆ ماستمان بۆ بکڕە، طەلعەت بڕۆ تۆ نان و هێلکەمان بۆ بکڕە و بێنە، کە ئەوان دەچنە ژووری بەڕێوبەر، هۆپەك لەخۆیان دەزانن کە دەبینن مامۆستا عزەدین فەیزی مەند و مەستوور، قیت لەسەر کورسی دانیشتووە. ئالێرەدا چەند و چوون ڕوویدا.. . ، ئێمەیان وەکو قوتابی پۆلی دوو بانگ کرد و بە ڕیز یەکبەیەك چووینە ژوورەوە لە بەردەم هەموو مامۆستاکان، پشکێنەر عزەدین فەیزی لێی دەپرسین: «کوڕم، هەموو ڕۆژێ ئەو مامۆستایانەی گۆ، وا درەنگ دەگەنە قوتابخانە؟»

- بەڵێ! مامۆستا.

- بەڵێ! مامۆستا. چونکە منداڵ بووین و درۆمان نەدەزانی.

هەر ئەو ساڵە، لە سەروبەندی کۆتایی ئەزموونەکانی سەری ساڵ دابووین،



Scanned with CamScanner

ئێمە خەریکی دروێنەی جۆ بووین لە گوندی کە زۆربەی جاران ڕێکەوتی کۆتایی مانگی نیسان دروێنەی جۆیان دەکرد، کورد گوتەنی: ئادار ناڕوا بێ دۆ؛ نیسان ناڕوا بێ جۆ. ڕۆژێکیان چوومە سەر پەرێزی کە دروێنەیان دەکرد و منیش یاریم بە داسی دروێنە دەکرد و پێم خستە سەر دەمە تیژەکەیی و بن پێی ڕاستەم خراپ زامدار بوو، بە سماق بۆیان تیمارکردم و بە پەڕۆیەک پێچایانەوە، بۆ ڕۆژی دووەم بەیانیەکەی، خەجیلوکی داپیرەم بە پشتێ منی هەڵگرت و بردمیە قوتابخانە، کە مامۆستای عەبدوڵا کامەلا ـ کە هەم مامۆستای پۆلی دوو و هەم بەڕێوەبەرمان بوو، بەم شێوەیە منی بینی زوو تاقیکردنەوەی پێ کردم کە هەمووی زارەکی بوو. خۆشبەختانە سەری ساڵ هەموو نمرەکانم دە لەسەر دە بوون و بە یەکەم دەرچووم.

پۆلی سێ بووم، خوالێخۆشبوو مامۆستا مەردان کە وانەی ئایینی پێدەگوتین، ڕۆژێک ئێمەی بردە سەر ڕێی نێوان هەردوو گوندی دۆڵەسزەی ناوەند و دۆڵەسزەی سەرێ لەوێ کەندێک هەبوو، کەندی سەولەرانیان پێدەگوت، قازمە و خاکەناسمان برد بۆ تەختکردن و خۆشکردنی ئەو تاسە و چاڵ و چۆڵەی لەوێ هەبوو. لەو ڕۆژەوە لە سایەی پەروەردە جوانەکەی ئەو مامۆستا ئەزموندار و لێهاتووەوە، هەر بەرد و دارێک بکەوێتە بەردەمم لەهەر شوێنێ بێ لای دەبەم. هاوکاری و یارمەتیدانی خەڵك و لابردنی کۆسپ لە بەردەمیان وەک ئەرکێکی پیرۆز دەزانم کە هەمیشە ئامادەم بۆ هاریکارییان. مامۆستا مەردان، لە قورئان خوێندن دەنگ و سەدایەکی هەبوو هەر دەتگوت شێخ عەبدولباسط عەبدولصەمەدە.

هاوپۆلەکانم لە قۆناغی ناوەندی کە لە شاری هەولێر دەیانخوێند، ئەم ئازیزانە بوون: کەمال و ساڵحی ئامۆزام، کوڕانی مام قادر و خاڵۆ کەریم و حەمەدەمینی مام ڕەسووڵ و مەزهەری حاجی ئەحمەد و کوڕە پورەکانی خۆم؛ ڕەسووڵ و نووری و حامد و چەندانی قوتابی دیکە.

لە پشووی هەفتە، واتا ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی، هاوپۆلەکانیان لە هەولێر گەڕابوونەوە گوندی دۆڵەسزەی ناوەندی، کتێبێکیان بەرگ کردبوو و بە دزییەوە لە ترسی بازگەکانی سەربازیی سەر ڕێگاکان، هێنایانە گوندی، ئەو کتێبە دیوانی (بۆ کورستان)ەکەی مام هەژار بوو. دەیانەویست دەقە



Scanned with CamScanner

شیعرەکانی لەبەر بنووسەنەوە و دواتر بیدەنەوە دەست خاوەنەکەی لە هەولێرێ. جا لەو کاتەی کە ماندوو دەبوون لە نووسینەوەی هەڵبەستەکان، منیش ناوە ناوە لێم وەردەگرتن و بۆ خۆم دەهات و دەچووم تا ئەوەی بە دڵمە لەبەریان بکەم. ئەودەم هزر و زەینم کراوە بوو، زۆرم لەبەرکردن، لەوانە:

هێشووی ترێ بە دارەوە

ڕێوی دەدیت لەخوارەوە

دەیزانی دەمی نایگاتێ

پێ هەڵچوونیشی پێ ناکرێ

ئەی وت زۆر ترشە و ناخورێ!

یان هۆنراوەی:

ڕۆژێ دووپشکێ کەوتبووە ناو ئاو

بێ هێز و داماو وەك نیوە خنکاو

تەڵقین بە کوردی

ئەی بەندەی خودا کوڕی کارەکەر

گوێ بگرە لەناو گۆڕی تەنگەبەر

تا..

دۆزەخیش وێنەی لە دونیا پڕە

چۆڵی عارەبی گەرم و قاترە

زۆر لەزەتم لە دەمەتەقێیەکەی نێوان بابیز و پیرۆت وەردەگرت:

پ: مام بایز ڕۆژباش

ب: علیك السلام

پ: ئەمە یانی چی؟

ب: جیرانی مەلام

پ: نەم دی دوێنێ و پێرا!

ب: بەخوا چوومە شار



Scanned with CamScanner

پ: چت فرۆشت بەخێر؟

ب: یەك دوو بارە دار

پ: نرخەکەی چۆن بوو؟

ب: بۆتە چوار قیمەت

تا..

منیش وا ئەچم بارێك دار ئەبڕم

چش سەر دەشکێنێ، خۆکەڵاش دەکڕم

لە سروودەکانیش سروودی «بۆ پێشمەرگە»:

کوردستان

کوردستان

نیشتیمانی کورد، گەلێك پیرۆزی، سوێندت پێ ئەخۆم

بۆ سەربەخۆیت، بەگیان و بەماڵ، بەقوربانی تۆم

تا..

بریارمان وایە، یان ئازاد ژیان، یان ئازا مردن

بەسەر چوو ئەم دەم لەڕووی بێگانان سەر نەوی کردن

زۆر سەرسام بووم بەو دەقە شیعرەی بۆ بۆ پێشەوە بارزانی گوتبووی کە دەڵێ:

ئەگەر دنیا مژ و تەم و تاریکە

ئەگەر ڕێگا کەند و کلۆ و باریکە

تا..

لە دواتەوەین باب و برا و کەسمانی

بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی

دوژمن کوژی کورد پەروەری ڕێزانی

بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی



Scanned with CamScanner

لەسەر نەورۆز و کوتکی کاوەش ئەو شیعرەم بە دڵ بوو و ئەزبەرم کردبوو:

چیرۆکێك لەناومان باوە

زوهاك و دوو مار و کاوە

تا کۆتایی چیرۆکەکە کە دەیان دێڕە شێعرە:

من بولبولم لە ناڵەدا بەزاندن

گەرم و گوڕی دڵم دڵی تەزاندن

بمگەیە، خۆبنوێنە، دڵ بستێنە

بازاڕی گەرمی نازی گوڵ بشکێنە

وەک منداڵیکیش زۆر حەزم لەو دەقانە دەکرد کە مەتەڵن، لەوەختییەوە من ئەشقی بەند و باڵۆرە و شیعری فولکلۆری کوردی بووم:

بۆ کتێبی سەرەتایی

دەبزانە چییە؟ خۆشە مەتەڵم

بیری لێ بکەوە مەڵێ تەنبەڵم

گیان لەبەرێکە مەلەوانی گۆم

زۆرجاران دیوتە لە ڕووبار و چۆم

بێ قاچ و دەستە، بێ چرپە و هەستە

لەشەپۆل برین وەکو مقەستە

باڵیشی هەیە و پێیان نافڕێ

زاریشی هەیە و هەرگیز ناقڕێ

نیوە لە ناوی دەی لە چل کەمە

مای بۆ بنووسە و بیخۆ سێ ژەمە

ئەگەر پێت نەکرا هێشتا بیناسی!

دەتخەمە ناو ئاو دەتکەم بە ماسی

چەندان مەتەڵی شیعری دیکەش، ئەگەر بڵێم هەموو مەتەڵەکانی (دیوانی بۆ کوردستان)م لەبەر کردبوو، باوەڕم پێبکەن.



Scanned with CamScanner

لـە ڕاسـتیدا ئـەو شـیعر و هەڵبەسـت و زمـان و گەنجینـە فەرهەنگییـەی مـام هـەژار، یەکەمیـن چەخماخـەی خۆشەویسـتیی شـیعر و ئەدەبـی کـوردی لـە مێشـک و دڵ و دەروونـی مـن ئاگـر دا و تـا ئـەم ساتەوەختەش مـن هـەر لەژێـر کاریگەریـی ئـەو فەرهەنگـە دەوڵەمەنـدەی ئـەو شـاعیرە پایـەدارە و لێهاتـووەم؛ ئـەوە، جگـە لەجانتـا پـڕ ناملیکـە و دیوانانـی هۆزانڤانـی کـوردی وەك: تریفـەی هەڵبەسـتی شـێرکۆ بێکـەس و ئەسـتێرەی بەیانـی عوسـمان شـارباژێڕی کـە کەمالـی ئامـۆزام خوالێخۆشـبێت کـە لـە گونـدی دۆڵەسـزەی ناوەنـدێ هەیبـوو.

هـەر لـە هەمـان سـاڵ و لـە نـەورۆزی ١٩٦٨ هەمـان قوتابیانـی ناوەنـدی کـە لـە ناوەنـدی ئیسـکانی کوڕانیـان لـە هەولێـرێ دەیـان خوێنـد، لەوانـە کاکـە یونـس حەسـەن لـە دۆڵەسزەی گـردی بـوو لەگـەڵ قوتابیانـی دیکـەی هـەردوو گەڕەکـی سـەرەوە و خـوارەوەی دۆڵەسـزەی ناوەنـدێ لـە مزگەوتـی گـەورەی گەڕەکـی خـوارێ لەنـاو مزگـەوت ئێمەیـان کـردە کـۆڕس و لـە دەرەوە مایکرۆفۆنیـان دروسـت کـرد لـە ڕادیۆیەکـی کـۆن و دەسـتمان بـە سـرودی «ئـەم ڕۆژی سـاڵی تازەیـە نـەورۆزە هاتـەوە / جەژنێکی کۆنـی کـوردە بـە خۆشـی و بـە هاتـەوە» مـن وتـاری «گـڕی نـەورۆز بـۆ نـەورۆزی سـاڵی ١٩٦٨» نووسـیووبۆوە؛ بەهـۆی کاریگـەری ئـەو جەژنـەی ئەوسـاڵە.

هـەر لـە پۆلـی یەکەمـی سـەرەتاییەوە، کـە شۆڕشـی ئەیلـول دەسـتی پێکردبـووەوە، لەماڵـی مامـم قـادر لـە گونـدی دۆڵەسـزەی ناوەنـدێ، زوو زوو کادیرێـك و پێشـمەرگەیەك دەهاتنـە ماڵـی مامـم بـە شـەوەکەی و بـۆ بەیانـی مامـە ئیسـماعیلم پێیدەگوتـم:» دەی عومـەر بـە ماڵەکانـدا بسـوڕێوە ئابوونەکـە کۆبکـەرەوە لـە (٥٠) فلـس تـا (١٠٠) فلـس وەربگـرە، یـا لـە (٢٥٠) فلـس زیاتـر نەبـوو. منیـش دوای کۆکردنـەوەی دەمدایـە دەسـتی مامـە ئیسـماعیل و ئەویـش دەیدایـە دەسـتی کادیرەکـە کـە زۆربـەی جـاران قـادر شـۆڕش بـوو. بـۆ شـەوی دوایـی لەگـەڵ ڕۆژئاوابـوون، بـە پێیـان یـان بـە تراکتـۆرێ دەچوونـە گونـدی بیـرە عارەبـان، کـە تخوبیـان لەسـەر گونـدی دۆڵەسـزەی گـەورە بـوو.

هاوینـان هەنـدێ جـار لەماڵـی مامـە قـادرم دەمامـەوە یـان دەگەڕامـەوە لایـان یـان لـە سـەرەتای هاویـن، کـە لـە دەشـتێ بوویـن، لـە حەوشـە دەنووسـتین لـە گونـدی بیسـتانەوە ئاگـری گولـلە و شـەڕی پێشـمەرگە و سـەربازی ڕژێمـی ئـەو



Scanned with CamScanner

کاتەمـان دەبینـی و لـە ڕادیـۆی دەنگی کوردسـتانی عێـراق بـە دەنگـە زوڵاڵەکـەی بارزانـی مـەلا خالیـدی گوێمـان مەسـت دەبـوو لـە هەواڵـی داسـتان و شـەڕی قـورس و دەسـتەویاخە بـە خەنجـەر و سـەرە نێـزە و قەمـان.

لـە سـاڵانی ١٩٦٤/١٩٦٥ کـە تەمەنـم (٧) سـاڵان بـوو دێتـەوە بیـرم بەسـواری عەرەبانـە لەنیـوەی شـەودا دەچووینـە زێ یـێ لـە گونـدی (ڕەنجـی) کـە هـی عەرەبـان بـوو، هـەم ئـاوی شیرینیان دەهێنـا هـەم جل و پۆشـاکیان لەوێ دەشوشـت تـا ڕۆژی دوایـی عەسـرەکەی ئینجـا دەگەڕاینـەوە گونـدی، کـەر و عەرەبانـەی ئێمـەش زۆر بـاش نەبـوو، بەرامبـەر هـی خزمەکانمـان لـە گونـدی دا ئینجـا لەسـەر زێـی شـفتی و گندۆرەمـان بـە ئەسـتوورەکی دەخـوارد!

لـە ڕۆژانـی پۆلـی چوارەمـی سـەرەتایم، قـەت قـەت ئـازاری ئـەو دارانـەی نـاو دەسـتم لەبیرناچێتـەوە کـە مامۆسـتا مـەلا تاهیـری ڕشـتەی زمانـی عەرەبـی لێـی دەدایـن، جـا ڕۆژانـی زسـتانەکەی سـەخت و سـارد بـوو، ئەویـش بێڕەحمانـە تـەواوەک دەسـتی گـران دەکـرد و زێـڕەی لـێ هەڵدەسـتاندین. پیـاوم دەویسـت وانـەی وی ئامـادە نەکردبـا و ئەرکەکانـی جێبەجـێ نەکردبـا. ئـەو بەبـێ دار نـە دەهاتـە پۆلـێ.

کـە سـابیری بـرام، هینـدێ ڕۆژانـی پێنجشـەممە لـە هەولێرێـوە دەهاتـەوە گونـدی دۆڵەسـزەی ناوەنـدێ لەبـەر دووری پێـی نەدەکـرا بچێتـە ماڵـی خۆمـان لـە دەشـتی قـەراج، منیـش پێمدەگوت:» کاکـە دە وەرە عەرەبیـم پـێ بڵـێ چونکـە ئـەو لـە قۆناغـی ناوەنـدی بـە عەرەبـی دەیخوێنـد و هەمـوو ساڵەکانی خوێندنـی سـەرەتایی بـە یەکەمـی بڕیبـوو، زیرەکیـی ئـەو بـاس ناکرێ، بـەڵام کـە گەیشـتە قۆناغـی ناوەنـدی دایـەوە کەنـدێ و دیـارە تەمەنـی هەرزەیـی کاری تێکـردوە و بـە حاڵـە حاڵـە بـە ئەزموونـی دەرەکـی پۆلـی سـێ ناوەنـدی بـڕی. جـا کـە چـووە (ئامادەیـی کوردسـتان) و دەمـی لـە کوردایەتـی دەکوتـا و لـە ڕیـزی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان کاری دەکـرد و کەسێکی دیـار بـوو، تـا ١٩٧٥ لەگـەڵ شـەهید سـاڵح قـادر گردەسـۆری و نجمەدیـن حاجـی حەمـەد عەلیـی گردەچاڵـی قەراجـێ لـە یەکێتیـی قوتابیـان ڕۆڵیـان هەبـوو. کـە شـەهید سـاڵح قادریـان گـرت، ئەویـش یەکسـەر بەسـەر دیـواری قوتابخانـەی ئامادەیـی کوردسـتان هەڵهاتـوو



Scanned with CamScanner

لەناو تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ ١٩٧٤ / ١٩٧٥ بوون. بۆ ماوەیەك لە گوندی دۆڵەسزە خۆی شاردەوە و تا هەواڵی ئازادکردنی نەجمەدین حاجی حەمەد عەلی بۆ نەهات، سابیر نەگەڕایەوە قوتابخانە.

ساڵانە لە بەهاران و لە ناوەندی شاری هەولێر و لە گۆڕەپانی یاریگەی خۆجێیەتی هەولێر ڤیستیڤاڵێکی وەرزشی هەبوو ـ کە ئێستا بووە بە یاریگەی فەڕەنسۆ هەریری. هەموو قوتابخانەکانی شار و دەرەوەی شاری هەولێر بەشدارییان تێدا دەکرد، جۆرەها یاریی ڕاکردن و قورس هەڵدان و غاردانی لەناو فەردە و پازدان و زۆر یاری دیکەی تر. لە هەموویان سەرنج ڕاکێشتر ساڵەکی لە قوتابخانەی قازی محەمەد کە مامە حەمەدەمین مامۆستا بوو لەوێ، بەڕێوبەری قوتابخانەکەیان، مامۆستا عەزیز ڕەواندوزی بوو، دووچەرخەیەکیان هێنا بوو یەکێ دەیهاژوشت و دەیانی تریش لەسەر شان و باسکی یەکتر بەرەو ئاسمان بەرز بووبوونەوە، دیمەنێکی زۆر سەرنج ڕاکێشەر بوو. بەڵام هی قوتابخانەکانی دەرەوەی شار ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشا بووم ڕاکردن و غارغارێن بوو لەناو فەردەی گەنمی، کە پێشبڕکێیان پێ دەکردن.

لە ساڵی ١٩٦٩ کە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم کەمالی ئامۆزام، دیوانی هەڵبەستی تریفەی هەڵبەستی هۆزانڤان شێرکۆ بێکەسی کڕیبوو و هێنایەوە دۆڵەسزە، ئەوکاتە، جانتایەکی قایشی هەبوو، هەموو پەڕتووکە بە بایەخەکانی کوردایەتی و دیوانەکانی شاعیرانی کوردی تیدا هەڵگرتبوو، منیش لەناویان ئەم بەرهەمە، کۆبەرهەمی ئەستێرەی بەیانی مامۆستا عوسمان شارباژێریم بە دڵ بوو.

لە دیوانەکەی تریفەی هەڵبەست. هۆنراوەی (کە مناڵ بووم) ئەزبەر کرد. لە (ئەستێرەی بەیان)یش هۆنراوەی (یاسای قەرەقووش)م لەبەر کرد لەگەڵ (مەلا کەسێکە پیاوی خوا ئەبێ ڕاست بڵێ و ڕاست بڕوا).

بیرەوەریە شیرینەکان، ئەم چەند وێنەیەیان بە شیعر پێ کێشام، یادگارە بۆ لەبیر نەچوونەوەیان:

گەڕەك :



Scanned with CamScanner

قاپی تەختەی دوو دەروازە
هەر تاکێ، نەخشی جیاوازە
دوو ئەڵقە ڕێزی بەدەس قورس
گۆپکە زۆری ئاسن و مس..
بۆ چاوەزار..
بۆ تەماشای دیاری ڕێبوار،
بەسەر دیواری دەرگاوە
نالێکی زل داکوتراوە،
مورووی شینی تێ خراوە.
..
گوێسەبانەی نزمی نیشتوو
درەختی ناو حەوشەی هەڵچوو.
کۆڵانی تەنگ.
پەنجەرەی شووشە ڕەنگاو ڕەنگ.
دووکانی دەرگا لەسەر ماڵ
نەخشی خەت خەتێنی منال.
سەکۆی درێژی ناو دالان.
ئاوڕشێنی ڕێ ی بەر ماڵان.
مێوی سەر حەوزی بن فێنك
هێشوی پڕ چنگ.
گۆزەی ژێر سێبەری تەزیوو
تووی هەڵ وەریوو
هێلانەی سەر پێشی هەیوان
بۆ کۆتری نەشمیلە و جوان
تاشە بەفری پێشی دووکان



Scanned with CamScanner

چیغ و مانگە شەوی سەربان

***

ژووری گەورە، کەلەگی ئاو
چاك سواغ دراو
بە چوار دەورا ڕەفەی درێژ
چینی و کاشی لەسەر ڕێزە
بەرماڵی نوێژ!
هەڵواسراوە، زۆر ئازیزە
مەوجی سەرنوێنی هەڵواسراو.
سەماوەری زەردی وارشاو
تاقی قووڵی، زۆری دیوار
باڵا ئاوێنەی بەرەو خوار

***

باڵەخانەی پێش تەختە بەنگ
سەوز و سوور ڕەنگ
بەچاو تۆزی خوار و لاسەنگ
بەسەر حەوشەی ناو گەڕەکا،
ئەڕوانێت و کەشخە ئەکا!

***

پاشماوەی کۆنە گۆڕستان،
تاك تاك کێلی بەدەرەوە
مەرقەدی شەخس، ئاین پیران
بەیداخی سەوز بەسەرەوە.
شەویش مۆمێکی داگیرساو
لای کێلی ژوور سەر دانراو



Scanned with CamScanner

دەوری مەرقەد ڕووناك ئەكا
نیزا بۆ پیاوی چاك ئەكا.
***
یان لە کەلاوەی چەپەکا
کە زۆرن لەناو گەڕەکا
دیمەنی شەڕە کەڵەشێر،
لەگەڵ یەکا
تا خوێن لە پۆپنە ئەتکا
تا یەکێکیان ئەکەوتە ژێر
تا لە تك و تاس ئەچۆوە
ئێوارەمان دڕەنگ ئەکرد،
چێشتەکانمان سارد ئەبۆوە
***
شایی :
ڕۆژی شایی، هەر بەیانی
بەردەم دەرگا، ناو کۆڵانی:
سەر، سەربانی
ماڵی بوکێ یان هی زاوا
بە گشت ماڵی گەڕەك ئاوا
پڕ ئەبوو لە، جل زەرد و سوور
لە میوانی گەڕەکی دوور
لە مناڵە ورتکەی گرۆز
لە لاوی قۆز.
لە ژنان و کچی گەڕەك
لە بۆنی خۆش



Scanned with CamScanner

له دەس گێڕی وردە فرۆش
کە قارس ئەبوون بە ناخوونەك!
***
وا دەس بەردانی پیاوانە
نۆبەی هەڵپەڕکێ ی ژنانە
بۆ لاوی سەر گوێسەبانە
کاتی گەرمەی سەرنج دانە!
سووراوی زۆر، سپیاوی خەست
خەنەی قاچ و، بازنی دەست
کەوای تاقە، جەفتەی سوورمە
ورشەی دەسماڵی، تێل قرمە..
هاڕەی خشڵی زۆری خواسراو!
اوی بەکل ئێجگار ڕێژراو!
لەرزەی ئاشق بەنگ و کرمەك
ورشە و پرشەی کراسخامەك.
مێخەك بەنگی تا ناوك شۆڕ.
پانی بەرزی ڕەنگ مەیلە و مۆر
گۆبەرۆکی سوخمەی گوڵ گوڵ
لە گوڵ هێرۆ، ملوانکەی مل
***
جوولە جووڵی، کابرای شایەر
بە دەس، بە سەر
پیا هەڵدانی بێ سەروو بەر
دزە دزەی ئێمەی مناڵ
بۆ بەستنی لکی دەسماڵ



Scanned with CamScanner

تا بینین..
تا پێکەنین..
بەو ئەنجامەی کە دەس بەردان
دەسماڵی لەیەك ئەئاڵان!
***
نان خواردن :
مەنجەڵی گەورەی زنجیردار
بەچەند ژنێ ئەهاتە خوار.
پڕە مەنجەڵ و لێوان لێو.
تێکە یاپراخی گەڵا مێو!
غەڵبەی قسە، بانگی مناڵ
تەقە تەقی قاپی بەتاڵ
بەرنەئەکەوتن، بۆڵە و خووتە!
لە مریشك و لە پشیلە،
کشە و ختە!
دەوری فڕان،
بۆ قوژبنی کەس پێ نەزان!
گریانی مناڵ، نووکە نووك
جێگەی سەغڵەت، حەوشەی بچوك!
لەدەر لە قوژبنێکی کەلاوە
لەبەر سووری ئەو هەتاوە
چەند سواڵکەرێ برسی و داماو
سەریان بەیەکەوە ناوە!
لەسەر یاپراخی هەڵ وەشاو!
***



Scanned with CamScanner

بووك بردن :

له ژوورەوە بووك ڕێك ئەخەن
ئەڵێن قەیرێکی تر ئەیبەن
وا هاتە دەر
تارا بەسەر
تارا: ڕەنگی ئەرخەوانی
بووکیش: پەری کوردستانی
شەرم لەناو چاوی گەشا،
جوانی وا لەناو باوەشا.
تکەی ئارەقی سەر گۆنا
قەترەی شەونمە لە خوێنا!
دووپەری دەستیان گرتووە
کەمێ پێش خۆیان خستووە
وەکو بەهار..
ڕازاوەیە بووکی نازدار
نەشمیلە و جوان
وەکوو کچی شیعری گۆران!

***

بۆ تەماشای بوکێ کردن
پاڵەپەستۆیە و ڕەت بردن
جێگە نابێ تەنگ تر ئەبێ
سەربان و دەر پڕ تر ئەبێ
دەنگی غەڵبە و زوڕنا و دەهۆڵ
ئەگاتە چۆڵ!
هەنگاوی ورد، نەرمە ڕۆشتن



Scanned with CamScanner

وەستانی زۆر، ئارەق ڕشتن
ئەوا بەرەو ماڵی زاوا
شایی و بووك پێکەوە ئەڕوا
هەر لە پاش هەشت نۆ هەنگاوێ
نووچ دانێکی کەم بۆ تاوێ!
ئاوێنەی چوار چێوە تەختە
جیازی بەختە!
پشت لە خەڵکی، ڕوو لە بووکە!
دیمەنێکە ئێسك سووکە.
***
ماڵی ناو کۆڵانی سەر ڕێ
بۆ سەیر هاتوونە دەرێ.
خۆزگەی کچی شوو نەکردوو
بەکزەوە مل لار گرتوو:
لەسەرنجی چاوا دیارە
ڕوو هێمنە.
بەڵام دەروون بێ قەرارە!
گۆمی ئارەزووی بێ بنە.
چریەی کوڕان بە گوێ ی یەکا
نەهێنی قسە دەر ئەخا!
لە پرێکا پێکەنینێ،
نەهێنی دەر ئەپەڕێنێ.
مناڵە ورتکەی بێ شومار
وەك گەڵای دار
هەتاکووبن

Scanned with CamScanner

زۆرتر ئەبن
نە بۆ بووکە و نە بۆ جوانی
نە بۆ هەڵپەڕکێ و گۆرانی
نە بۆ خۆشی زەماوەنگە
نە بۆ کیژی شۆخ و شەنگە
وا شوێن کەوتوون
لەپێشەوە پێ هەڵگرتوون!
بۆ نوقڵی ترش و شیرینە
بۆ ماجوومی ناو قەد شینە!
بۆ نۆك و خورما و حەڵوایە
کە ناو بە ناو عانەی تیایە!
***
کۆتایی :
شایی هەردوولا لەیەك دا
تێکەڵ بوون و لەیەکیان دا،
زاوای مل قوتی پشتێن پان
چاوەڕوانە لەسەر، سەربان
ریشی زبروو سەر، تاشراوە
خۆ شۆراوە.
جامانەی تازە بەستراوە
کە بووك گەیشتە بەر دەرگا
سمێڵی ڕەش بزە ئەکا!
بە قامیشێ.
تۆزێ قایم، کە نەیەشێ!
بەسەری بووکا ئەکێشێ.



Scanned with CamScanner

گوڵدان، گوڵاو ئەپرژێنن
نوقڵ مناڵ ئەوروژێنن!
کوڕ و کچی حەز لێ کردوو
فرسەتە بۆیان دوو بە دوو!
وردە ورد گەرمەی ئاهەنگ
لەگەڵ تاریکی هاتنا
سارد ئەبۆوە بۆ کۆتایی
لەگەڵ دەرگا داخستنا
شەوی خامۆش، ماڵ ئاوایی
ئەکرد لە گەڕەك و شایی.

لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، تێکڕای هاوپۆلەکانم لە ئەزموونێکی بیرکاری کەوتبوون. مامۆستا ئەکرەم محەمەد ئەمین مەکی، لە ڕۆژی دواتر هەمان سێ پرسیارەکەی قوتابییەکانی بۆ هێنابوومەوە، کە منیش هەمان ئەزموونم هەبوو. چونکە ڕۆژی پێشوو چووبوومە شاری هەولێر. تێکڕای نمرەکانم لەو سێ پرسیارە قورسە، سەت لە سەت بوو. مامۆستا بۆی نووسیبووم:»زۆر باشە، ئافەرین پێشکەویت، سەرکەویت. « دیاربوو قوتابییە کەوتووەکان تەواوەک بەو نمرە بەرزەی من پەست و ناڕەحەت بوون.

لەبیرمە، پۆلی شەش بووم، ڕێک ڕۆژی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بوو، لە گوندی دۆڵەسزەوە منیان ناردە هەولێر، تا جێماستێکی مەڕی بۆ ماڵی مامە حەمەدینم ببەم. ماست، چ ماست! ماستی مەڕی بە قەرسیلی سەوز و تەڕ پێچراوە. بە پەستی ڕەشید و مەغدیدی لە گوندی باشتەپەوەوە، کە دەهاتە گوندەکەمان، چوومە شاری و ماڵی مامم لەسەر شەقامی کەرکووک بوو دەرگای حەوشەیان سێ دەری شین بوو، بەرامبەر چۆلایی. کە بە ژووریێ کەوتم، دیتم هەر مامۆژنە گولیزارم لە ماڵە، کە پرسیم، کوا ئەو خاو و خێزانە، بۆ کوێ چوون؟ گوتی:» کوڕە، عومەر، شار خرۆشاوە، دونیا ڕۆژی حەشرە، بڕۆ بازاڕی بزانە چ قەومایە!؟»



Scanned with CamScanner

وەک بـەرزی بانـان، هـەر بـە غـار بـۆی دەرچـووم، قەدبڕ لێمدا و بەسـەر گـردی قالیچاغـا شـۆڕ بوومـەوە بـۆ لای بەنزینخانـەی نـاو بـازاڕ و تـا گەیشـتمە بـەردەم یانـەی فەرمانبـەران؛ بەرامبـەر باغـی شـار. لـەوێ بینیـم، هەمـوو هەولێـر هاتوونەتـە ئـەو گۆڕەپانـە: کرێـکار، مامۆسـتا، فەرمانبـەر، قوتابـی و کاسـبکار.. . بەڕێـزەوە و بـە بەرزکردنـەوەی دروشـمی جوانـی کوردایەتـی بـە یـەك دەنـگ هاواریـان دەکـرد.

قوتابییەکانـی گونـدی دۆڵەسـزەش لـەوێ بـوون، هەرکـە حەمەدەمینـی مـام ڕەسـووڵی منـی بینـی، پـڕی دامـێ و منـی خسـتە سەرشـانی و بەرزیـان کردمـەوە منیـش دەسـتم کـرد بـە شـیعر خوێنـدەوە و کردمـە ڕۆژی خـۆم، هەتـا هێـزم تێـدا بـوو هـاوارم دەکـرد:

ئەی ڕۆڵەی کوردی نیشتیمان فرۆش
پارە پەرستی بێ دەماغ و هۆش
بێ شەرم و حەیا بۆ چ کوردت فرۆشت
هانی خەڵك ئەدەی هەروەکو سەرخۆش
ئەوە نازانیت کەس بڕوای نییە
درۆ و دەلەسەت ئاساری نییە
لای هەموو کوردێك نرخێکی نییە

دایاننامـەوە ئەوجـارە بەرزیـان کردمـەوە و هاواریـان کـرد: دووبـارە.. . دووبـارە، منیـش ئـەم هەڵبەسـتەی دیکـەم خوێنـدەوە:

نامەوێ بمرم لە ژووری گەرما
لەسەر چارپا و دۆشەکی نەرما
ئەمەوێ بمرم لەسەر مافی کورد
بە گولەی دوژمن گیانم بێتە ورد
هەتا نەڕووخێ کۆشکی دوو سێ قات
ئەشکەوتی نەبنە گازینۆ و وڵات
گیا و گۆڵ نەخورێ لە وێنەی کەباب
ڕزگاری نابێ ئەم کوردستانە



Scanned with CamScanner

لەناو دەرناچێت سوپای بێگانە

پاشان حەمەدەمینی مام ڕەسووڵی منی بردە قشڵە - کە ئێستا جێگەکەی لە تەنیشت پارێزگای حازریی هەولێرە و کراوەتە پارکێکی بچووکی ئاوی پێدا دێتە خوارەوە. دیتم ژنێکی کوردی عەبای بەسەرە و ئەم هەڵبەستەی دەخوێندەوە منیش دەست بەجێ لەبەرم کرد:

ئەو پێشمەرگانەی لەسەر شاخەوە

داوای هەق دەکەن لە عێراقەوە

هەتا نەبینم ئاڵای کوردستان

تەئیدی ناکەم چواردەی ڕەمەزان

پاش مانگێک لەو ڕووداو و هات و باتە، لە یاریی تۆپانی لە بێبەختیدا، دەستم شکا، مام دەرویش عەزیز، لە دۆڵەسزی ناوەند، دەستی بۆ گرتمەوە. دەبووایە ئەو کات، بچمە هەولێر بۆ وێنە گرتن. بۆ بەکالۆریای پۆلی شەشەم هاتمە سەر شەقامی کەرکووک - هەولێر، بەرانبەر گوندی ڕاوەستام و ئەو ئاسمان و هەورە تریشقە کردیە بارانێک، دەتگوت لافاوی نوحە، منیش - منداڵێکی دوازدە ساڵان بە تەنیا دەستم لە ئۆتۆمبیلێکی جێبی سەربازی ڕاگرت. بۆم ڕاوەستا بینیم ئەفسەرێکی عەرەب لە کورسیی دواوە دانیشتووە. شۆفێر، دەرگای لای پێشەوەی بۆ کردمەوە و سوار بووم. زۆرم پێ سەیر بوو، ئەمن لە پێشەوە دانیشم و ئەفسەری عەرەبیش لە داوەوە! نەمزانی مەسەلەکە چییە و بۆچی ئەو جێبە بۆم من ڕاوەستا!

کە گەیشتینە هەولێر و چوومە ماڵی مامە حەمەدەمین لە گەڕەکی ڕووناکی. دوای وێنە گرتن هەر ئەو ڕۆژە، بەدەست شکا و بە تەنیا، بە پێ بەرەو گوندی بنەسڵاوە بەڕێ کەوتم، چونکە ماڵمان لەبەر مەرداری چووبووە گوندی بنەسڵاوەی گچکە. هەر ڕۆیشتم تا گەیشتمە گوندی، دونیایەکی چۆڵ و هۆڵ بوو، نە ئۆتۆمبیلێک نە زەلامێک دیار بوو. هەور و بارانیش هەر بەردەوام بوو تا گەیشتمە سەر کەندی گەورەی بنەسڵاوەی گەورە. ئاوی بەستی بنەسڵاوە بە پڕی و لێشاو هاتبوو، منیش قەد وەها نەزان نەبوومە، لێمدا و تا کاتێ پێم لە زەوی نەما و ئاو بردمی... کەوش و گۆریەم لە دەستا

بـوو، کەوتـە خـوارەوە و لەنـاو ئاوەکـە هەوڵـم دا تاکـو بـەرەو کەنـار بـڕۆم.. .
گەیشـتمە نزیـك کەنارەکـە و دەسـتم خسـتە سـەری لێـواری کەنارەکـە، لەبـەری تـەڕی خووسـابۆوە و لـە گـەڵ دەسـتم ڕۆی و دووبـارە کەوتمـەوە نـاو ئاوەکـە و چەنـد هەنگاوێکـی تـر ئاوەکـە بردمـی، ناچـار ئـەم جـارە نزیـك بوومـەوە دەسـتە شـکایەکەم دانـا و گوتـم بـا بشـکێتەوە بـەڵام ڕزگارم بێـت. وام کـرد خـۆم هەڵـدا، کەوتمـە وشـکایی لێـواری سـەرەوە کـە هەسـتامەوە ئـاو لـە هەمـوو جەسـتەم وەکـو شـومووله، دەهاتـە خـوارێ و دەچۆڕایـەوە!

بـەرەو گونـدی بنەسـڵاوەی گـەورە ڕۆیشـتم، کـە زۆر دوور نەبـوو، گەیشـتمە یەکـەم مـاڵ و لـە دەرەوەی ماڵەکـە بـاران دای بارانـد! بـاران چ بـاران! منیـش خـۆم گەیانـدە بـن دیـواری ماڵێـك تـا بارانەکـە لێـی کـردەوە، بـەرەو حەوشـەی ئـەو ماڵـە ڕۆیشـتم. وتیـان تـۆ کێـی؟ بـۆ کـوێ دەچـی؟ منیـش وتـم: بـرازای مامۆسـتا حەمەدەمیـن عەزیـزم ئـەو ڕۆژە مامـم کـە مامۆسـتا بـوو لـە بنەسـڵاوەی گـەورە لەبـەر بـاران بـە ماتـۆڕی هاتوچـۆی دەکـرد نەگەڕابـووەوە هەولێـر لـە قوتابخانـەی گونـدی مابوونـەوە. دەسـتی منیـان گـرت و بردمیانـە ماڵـی مـام عەلی ـ بەردەسـتی قوتابخانەکـەی مامـم. هـەر زوو بـە زۆپـا منیـان وشـك و گـەرم کـردەوە و دوای کەمـێ مـام عەلـی منـی بـردە لای مامـم لـە قوتابخانـە، کـە چـووم تەماشـا دەکـەم بەڕێوبـەر و هەمـوو مامۆسـتایان خەریکـی دامـە و یاریـی کۆنـکان بـوون. کـە مامـم منـی بینـی وتـی: عومـەر، ئـەوە چـی دەکـەی؟ چـۆن گەیشـتیە ئێـرە!

هەنـدێ دانیشـتم، پاشـان لەگـەڵ مـام عەلـی هاتمـەوە ماڵیـان و شـەو لـەوێ نووسـتم، بەیانـی منـی بـردەوە لای مامـە حەمەدەمینـم ئەویـش لەگـەڵ مامۆسـتایان بـەرەو لای بەسـتێ هاتـن چونکـە قوتابخانـە نەبـوو وابزانـم ڕۆژەکـەش هەینـی بـوو. ڕاوەسـتان تاکـو منیـان پەڕانـدەوە و بـەرەو گونـدی بنەسـڵاوەی گچکـە ڕۆیشـتم تاکـو گەیشـتمەوە ماڵـی خۆمـان ئەوانیـش سـەریان سـوڕما، کـە ئـەو فلیمـە تراجیدیایـە و کۆمیدییـەم بـۆ گێڕانـەوە.

مامۆسـتا داود شـڕۆڵ لـە گونـدی بنەسـڵاوە لەگـەڵ مامـە حەمەدەمینـم مامۆسـتا بـوو، لـەوێ بەرانبـەر ماڵـی مامـم خەریکـی درووسـتکردنی خانووێـک بـوو، دوای فرۆشـتنییەوە و هاتـە گەڕەکـی ڕووناکـی لـە هەولێـرێ، ئـەو زاتـە دواتـر بـووە هاوڕێـی گیانـی بـە گیانیـم و فۆلکلـۆر و شـیعری میللـی و کەلەپـوەری کـوردی لەژێـر



Scanned with CamScanner

یەک دەوار کۆی کردینەوە، تا ئەم چرکەساتە.

لە ساڵی ١٩٧٠، ماڵی مامم لە بەرگردی نەعوریان دامەزراند، کەماڵ و ساڵحی ئامۆزام سەرکار و سەرپەرشتیان دەکرد. جا زۆرجاران کە من لە قوتابخانە دەهاتمەوە، سەرەڕای شەکەت و ماندوویشم، دەبووایە من توێشوو و خواردنیان بۆ بەرم.

بەبیرم دێ، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠، کە شوعییەکان لە گوندی دارەتوو گەڕانەوە بۆ گوندی دۆڵەسزەی گەورە، بە کۆڕس و گۆرانی و بە دەنگێکی بەرز، ئەوەیان دەگوتەوە:

من بۆیە ڕەنگی سوورم خۆش دەوێ

شەبەقی ئازادی لێ دەردەکەوێ

لە ساڵانی ١٩٦٥ – ١٩٧٦، لە هاویناندا کە دەهاتمەوە گوندی، دەچوومە بەر مەڕی و ئەو ڕۆژانەی کە لە ماڵەوەش دەبووم، دەبوایە دۆڵابی بکەم واتا حەوزی ئاوی مەڕ و ماڵات پڕ بکەم. جگە لە بێر کردنی نیوەڕۆیان کە هەموو ڕۆژێ دەبوایە بێری بکەین و ئینجا نانی نیوەڕۆمان دەخوارد.



Scanned with CamScanner

# لە قەندیلی هەولێرەوە، یەکەمین دەرکەوتنم

لە ژینگەی ئەو گوند و دەشت ودەرە جوانانەی دەووری هەولێرێ، بە مەڕداری و کشتیاری و چەرچییەتی باوکم من و خاوخێزانی پەروەردە کرد و لە نێو ئەو زورگ و کەند و لەند و دەشتایە سەوز و پڕ گوڵ و گوڵزارە، سەرەڕای هەژاریی و نەداری، خوێندنی سەرەتایم تەواو کرد و لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی لە گوندەکەمان هاتمە هەولێرێ. یەکەم قۆناغم دواناوەندی ئازادی بوو. لەوێ لاوێکی ڕۆحسووکەڵە، کە فانیلەیەکی جەرگی پۆشی بوو، بووە هاوڕێی گیانی بە گیانم، ئەویش سۆرانی عیزەدین فەیزی بوو ـ کوڕی مامۆستای کوردپەروەر وە خەمخۆرە دڵسۆزەکەی کوردان بوو. کاك سۆران لەو کاتەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر هاوڕێی و دۆست و جەرگسۆزم بووە. لە دواناوەندی ئازادی، چونکە جێ نەبوو، ڕەوانەی ناوەندی قەندیلی نوێ کراین. لەوێ مامۆستا سابیر ئیسماعیلی بەڕێوەبەر، کە هەر لە بیرمە، پانتۆڵ و کراسێکی نیوقۆڵی خەت خەتی پۆشی بوو، منی بردە ژوورێ و داوای پێناسەی باری شارستانییەتی لێکردم و بینیم، بە قەڵەمێکی سوور لە دەفتەرێکدا نووسی: عومەر ئیبراهیم عزیز. وێنەی منداڵیم بەسەر ناسنامەکەمەوە بوو.

ئەو کات، لە باڵەخانەکەی قەندیل، دوو قوتابخانە دەوامی دەکرد: ئەوەی خۆمان و قوتابخانەی ناوەندی خەباتی کوڕان. بەرانبەر یاریگای خۆجێیەتی بوو ــ یاریگای نێودەوڵەتیی فەرەنسۆ هەریری ئێستا. مامۆستا زەنوون بەڕێوەبەری قوتابخانەی خەبات بوو. بەڕاستی ئەو بەڕێزە کەموێنە بوو لە کوردپەروەری، دوای ڕاپەڕین بووە سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان / لقی هەولێر، پێشتریش لە ساڵی١٩٧٠ تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ ــ دەستپێکردنەوەی شۆڕش، کارا و چالاک بوو لە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.

لەم قوتابخانەیە، دەرگای نمایشیی هونەری و توانستی ئەدەبیم بۆ یەکەمینجار بە جەماوەر ناسرا. کاتێک، مامۆستا شێرکۆ جەمیل، کە ڕشتەکەی زمانی عەرەبی بوو، داوای لێکردم لە کۆبوونەوەی دایک و باوکاندا لە قوتابخانەکەماندا، لە



Scanned with CamScanner

نمایشێکی هونەری بەشدار بم. منیش بە دڵخۆشییەوە، بوێرانە و بە باوەڕێکی بەهێزەوە، داخوازییەکەم قبوڵ کرد و بە هۆنراوەی (یاسای قەرەقۆش)ی عوسمان شارباژێری بەشداریم کرد. ئەو دەقەم لە کتێبی ئەستێرەی بەیان ١٩٦٩ لە گوندی دۆڵەسزەی گەورەوە لە قۆناغی سەرەتاییەوە ئەزبەرم کردبوو. دەقەکە دەڵێ:

شەوێك لە شەوان دزێ

بۆ ماڵ برین ئەخزێ

کۆشکێك ئەبینێ گەورە

ئەڵێ ئەم ماڵە چەورە

ئێرە جێی دزی و ڕاوە

زێڕ و پارە ڕژاوە

تاوەکو دوایین دێڕی نمایشەکە کە دەڵێ:

(ڕەوا) و (ڕژێم) و (یاسا)

هەر لەو دەمەوە تاسا

هەرچی ئەڵێن هەلاتە

(داد) لە جیهانا قاتە

ئەم نمایشەم دەنگی دایەوە، دواتر، ئەوەی دەمگەیشتێ، دەیپرسی، «کوڕە عومەر، ئەوە چیت کردووە؟ ناترسێت شتێکت لێبکەن؟»

چیرۆکی دەستپێکی حەز و خوولیام بۆ کۆکردنەوەی بابەتی فۆلکلۆری و کەلەپووریش، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندیم دەگەڕێتەوە، کاتێک مامۆستا عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، لە پشووی نیوەی ساڵ، داوای لێکردین هەر یەکە و ڕاپۆرتێک دەربارەی بابەتێکی فۆلکلۆری و کەلەپووری کوردی بنووسین. پەند بێ، چیرۆک و حیکایەت و بەیت و بالۆرە و داستان بێ.. منیش کەوتمە گەڕان و سۆراغ و پرسیار کردن، حاجی عومەر کاکە و دەرویش عومەر و ئایشێی مام ئۆمەری و گەرعەی دایکی مەشعان ـ کە خاڵۆژنی دایکم بوو، زۆر

هارکاریی و یارمەتییان دام. مامۆستا فەیسەڵ مستەفا حاجیش درێغی نەکرد. کە مامۆستامان بوو زانیارییە گشتییەکانی دەگووتەوە، هەر چەندە پسپۆڕی زمان و ئەدەبی کوردیش بووا

لە پۆلی دووی ناوەندی و لە ساڵی، ١٩٧٢ هەر مامۆستا عومەر شیخەڵڵا دەشتەکی بڵاوکراوەی کوردی هەڵواسی، کە یەکێ لە بڕگەکانی چەندان پرسیاری پێشبڕکێی تێدا بوو، خەڵاتیشی بۆ دیاری کردبوو. بەندە وەڵامی هەموو پرسیارەکانم دایەوە و خەڵاتەکەش بریتی بوو لە یەکەم بەرهەمی چاپکراوی خۆی بەناوی (پەندی کوردی) چاپی یەکەم - ١٩٧٢ لەناوەوەش بەدەستنووسی خۆی پێشکەشی کردم، کە بەم جۆرەی پێشکەش کردبووم: «پێشکەشە بە قوتابی بلیمەت عومەر ئیبراهیم عەزیز بۆ ئادگاری دواڕۆژمان».

لە ساڵانی ١٩٧١، لەنیوەی ساڵی ئەو ساڵەدا تاکو ساڵی ١٩٨٣، بۆ ماوەی (١٣) ساڵان، خەریکی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردەواری بووم لە هەقایەت و بەند و باڵۆرە و پەندی کوردی و بەستە و گۆرانییەکانی (شین و شایی) و داب و نەریتی کوردەواری لە پیاو و ژنانی بەساڵاچووی گوندەکەمان (دینگاوە) و (تل المطر - گردە بارانە) و تەنانەت هەر میوانێ بهاتایەماڵمان و بمزانیایە شتی فۆلکلۆری لەلایە دەمدواند و هەر زوو تۆمارم دەکرد و دەمنووسیەوە لەوانە ناوی هەندێکیان دەهێنین لەوانە: خوالێخۆشبووان (دەرویش عومەر و گەرعەی خوشکی و عەیشێ ی مام ئۆمەران و تاهیری مام ئەسعەدی و مەزهەری حاجی ئەحمەدی (تل المطر) و حاجی عومەری مام کاکەی (دایکی خۆشەویستی خۆم) و بەرهەمی ئەم بەڕێزانە: دەیان وتاری فۆلکلۆری و کۆڕ و سیمینار و پەرتووکی فۆلکلۆری و نووسینی ڕاپۆرتی قوتابخانەیی لێ هاتە کایەوە و هەندێکیشیان تا ئێستا بەچاپ نەگەیەنراوە لەوانە پتر لە (٣٠٠) چیرۆکی بەرئاگردانی کوردەوارییە.

لە ساڵانی (١٩٧٨، ١٩٧٩، ١٩٨٠) لە ڕەمەزانانی ئەم سێ ساڵە، لە بەرنامەی ڕۆشنبیری لە ئامادە و پێشکەشکردنی خوالێخۆشبوو محەمەدەمین هەورامانی بوو، (٤٥) پرسیاری دەکرد و وەڵامی (٣٠) پرسیاری دەویست بدرێتەوە هەر جارە و پەرتوکێکی دەهێنا و باسی دەکرد و (٣) پرسیاری لێ دەردەهێنا و وەڵامی لە گوێگرانی دەویست هەر سێ ساڵ خەڵاتی یەکەمم بردەوە ساڵی (١٩٧٨) لە



Scanned with CamScanner

بەرنامەی (گۆرانی داواکراو) داوای دەکرد بەناو عومەر ئیبراهیم عەزیز بگاتە بەغدا بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی، خزمانی گوندی هەموویان دەیانگوت: دیارە ماشێنت بۆ دەرچووە. منیش کەمێ نەخۆش بووم لەناو جێگا بووم کە چا بوومەوە چوومە بەغدا و لە (صالحیە) دەرچوو ڕیکۆدەرێکی سلقەری ڕەش بوو لەناو پاکەت وەرمگرت سالآنی دووەم و سێیەم کاتژمێری دەستیی بوو.

لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیە و ئەم خەڵاتانەوە ئێستگەی کوردی بەغدام بینی، کە لە پرسگە دانیشتبووم خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عومەر دیبەگەیم بینی بۆ یەکەمجار. دوای کە ناوم نووسرابوو لەلایەن مامۆستای خوالێخۆشبوو محەمەدەمین هەورامی ئینجا چوومە ژوورەوە و ئەو کاتە ئەو بەڕێوبەری ڕۆشنبیریی ئێستگەی کوردی بوو. دوای ئەوەی پسوولەی بۆ کردم چووم لە کۆگای ئێستگەکە خەڵاتەکەم وەرگرت و هاتمە دەرەوە لە وێستگەی چاوەڕێی پاسی سۆرەکانی ناو بەغدا بووم تا بگەڕێمەوە میوانخانەی (هەولێر) لە شەقامی ڕەشید لە (مەیدان)، خەڵکی سەیری پاکەتی ڕیکۆدەرەکەیان دەکرد نووسرابوو بە زمانی عەرەبی (جائزة الاولی للفائز الاول عومەرئیبراهیم عزیز) کەمێ گەورە دیار بوو، تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەڵمگرتووە هەرچەندە لەکار کەوتووە. بۆ یادگاری هەر هێشتوومەتەوە. کە بەکارم دەهێنا لە گوندی دینگاوە، دوایی هەردەم دەمخستەوە ناو کارتۆنەکەی خۆی و زۆر پارێزگاریم لێ دەکرد.

تەنانەت لە پرسەیەکی کوڕی خاڵی دایکم خوالێخۆشبوو صباحی کێخوا عەدێ شەوان بۆ زانینی دەنگ و باسی جیهان دەمبردە دیوەخانێ لای میوانانی کە دەمانەوە لەوانە (مەلا فیتە مەلای گوندی گەزوەشان بوو و میوانانی دیوەخان) گوێیان لێ دەگرت و دەمبردەوەماڵەوە دەتوانم بڵێم (١٠) ساڵان هەروەکو خۆی بە نوێیەتیەوە مایەوە.

لە پۆلی سێیەمی ناوەندی، لە فیستڤاڵی ساڵانەدا، بە دوو دێرەی هۆنراوەی ئەحمەد موختار جاف و شانۆگەری (جق و نق)ی گۆرانی شاعیر بەشداریمان کرد. من هەر سێ ڕۆژەکە لەوێ ڕۆڵی (جق و نق)م لە شانۆگەریەکە دەبینی و ئەو (٢) دێرە هۆنراوەکەی ئەحمەد موختارم ڕاڤە دەکرد کە دەڵێ:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان



Scanned with CamScanner

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

خەڵکانێکـی زۆر ئەمەیـان بـەدڵ بـوو کـە سـەردانیان دەکردیـن، شۆڕشـی ١٩٧٤ی بەسـەرداهات: دوایـی بیسـتمەوە خەڵاتـی یەکەمـی ئـەو فیسـتیڤاڵەم بـۆ دەرچووبـوو، بـەڵام بەداخـەوە بەدەسـتم نەگەیشـت و وەرم نەگـرت.

بەڕاسـتی پۆلـی سـێیەمی ناوەنـدی ـ بەتایبەتـی لـە ڕۆژانـی سـەروبەندی تاقیکردنەوەکانـی بەکەلۆریـی سەریسـاڵ، بـۆ مـن سـەخت و دژوار و خەمهێنـەر بـوو. ئاخـر کاتێـک هەواڵـی ئـەوەم بۆ هـات کـە باوکم، دەسـت و قاچێکـی لـە کار کەوتـووە و شـەپڕەی لێـداوە تەنانـەت قسەشـی بـاش بـۆ ناکرێ، ئاگرم لـە جەرگـی بەربـوو. ئاکامـی تاقیکردنەوەکانم خـراپ بـوو، ئەوەنـدەی مـن هەسـت و هۆشـم لـە لای باوکـە بەدبەختەکـەم بـوو، هێنـدە ئـاگام لـە وانـە و دەور و دەرسـەکانم نەبـوو. جـا کاتێـک نمرەمـان وەرگرتـەوە، مامۆسـتای خەمخۆرمـان، مامـە حەمەدەمینـم، پێشـنیاز و تەگبیـری ئـەوەی بـۆ کـردم کـە بچمـە خانـەی مامۆسـتایان لـە دهۆکێ.

لـە هەولێرێـوە بـە سـواری ئۆتۆمبلێکـی مارسیدسـی هـەژدە نەفـەری چوومـە موسـڵ و لەوێشڕا بـە قەمـەرەی سێچاوەیی گەیشـتمە دهـۆک. بـە پێیـان چوومـە خانـەی مامۆسـتایان کـە لـە باڵەخانـەی (ئامادەیـا کاوەی کـوڕان) دەوامیـان دەکـرد. هـەر ئـەو ڕۆژە داخوازیـم پێشـکەش کـرد و گەڕامـەوە هەولێـر. لـە مانگـی نـۆ بـۆ دیدەنـی گەڕاینـەوە دهـۆك کـە ژمارەمـان بـە کـور و کچـەوە (٧٠٠) کـەس بـوو، لـە پارێزگاکانـی هەولێـر و سـلێمانی و کەرکـوك و موسـڵ و دیالـەوە هاتبـوون. لـە دیدەنییەکـە کـە بانگیـان کـردم منیـش چوومـە ژوورەوە سـڵاوم لـێ کـردن و گوتـم «ئـەو کاتەتـان بـاش» گوتیـان دیـارە تـۆ شـەرم ناکەیـت منیـش لـە وەڵامیانـدا گوتـم: «پیـاوی شـەرمن ب چرمەکـی ژنـی شـەرمن ب شـارەکی.» گوتیـان فەرمـوو فەرمـوو دانیشـە و بـە نوێنـەری یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتانیان وت: نـاوی بنووسـە تـا بەشـداری چالاکییـەکان بـکات. منیـش لـە دڵـی خـۆم وتـم دیـارە وەرگیـرام، کـە هاتمـە دەرەوە هەمـوو قوتابییـەکان بـە چەپڵـە و هـاوار کـردن گوتیان وەرگیـرای. کـە نـاوەکان دەرچـوون هەموومـان بـۆ سـاڵی خوێندنـی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ وەرگیرایـن، مـن و کاك عەبدوڵـڵا حوسـێن ژوورێکمـان گـرت، لـە گەڕەکـی (شـێلی) نزیـك مزگەوتـی ئـەو گەڕەکـە لـە ماڵـی مـام ڕەئـوف، کـە پیاوێکـی پیـر بـوو دوایـی بۆمـان بـە دەرکـەوت کـە کـوڕە گەورەکـەی پێشـمەرگەیە. لـە دوای نسـکۆی ١٩٧٥

گەڕانـەوەی پێشـمەرگە و هێنانـەوەی بـە زیلـی سـەربازی و بـە چەکەکانیانـەوە فرمێسـکی زۆری پـێ ڕشـتم و لـە نیسـانی ئـەم سـاڵە ماموسـتا حەمـە کەریـم هەورامـی، یەکێـك بـوو لـە ماموستایانی کـە لـە پێشـمەرگایەتی گەڕابـۆوە وانـەی پـەروەردەی پـێ دەوتیـن. هـەر لـە بەهـاری ئـەو سـاڵە بـاران نەدەبـاری بـۆ نوێـژە بـە بارانـێ چووینـە گونـدی (بەڕۆژکـێ) لەگـەڵ مـەلا شـوکری کـە باوکـی دکتـۆر محەمـەد بـوو، بەپـێ چوویـن ــ ئێسـتا ئـەم گونـدە بۆتـە گەڕەکێـك لەنـاو شـاری دهـۆك. هەمـوو ڕۆژانـی هەینـی بەدرێژایـی ئـەو ماوەیـەی کـە لـە دهـۆك بوویـن نیوەڕۆیەکـەی برنـج و فاسـۆلیا و گۆشـتمان لێدەنـا، ئینجـا دەچووینـە نوێـژی هەینـی لـە مزگەوتـی شـیلی. دوای سـاڵێك و دوو مانـگ گەڕاینـەوە خانـەی ماموسـتایانی هەولێـر کـە تـازە پۆلـی یەکـەم کرابـۆوە، ئێمـە لـە پۆلـی دووەم دەسـتمان پـێ کـرد و قوتابیانـی تریـش وەکـو ماموسـتا د. بەشـیر حـداد و عەبدولسـەتار مسـتەفا حاجـی و چەندانـی تـر لـە پۆلـی سـێیەم دەوامیـان کـرد.

بەڕێوبـەری خانـەی ماموسـتایانی هەولێـر کـە ئێمـە ئـەو کاتـە پۆلـی دووەمـی خانەکـە بوویـن سـاڵانی خوێندنـی ١٩٧٥/١٩٧٦ (دەلـف المعاضیـدی) خەڵکـی پارێـزگای ڕومـادی بـوو، زۆر ڕقـی لـە کـورد دەبـووەوە بەتایبەتـی کـە هەنـدێ جـاران ڕانـگ و چۆغەلـم دەپۆشـی و دەچوومـە خانـەی ماموسـتایان لـە ڕۆژانـی وەرزی بەهـاردا.

لـە سـاڵانی خوێندنـی ١٩٧٦/١٩٧٧ کـە چەژنـی دیانەکانـی خەڵکـی عەینـکاوە بـوو، ڕۆژی ٢٤/١٢/١٩٧٦ لـە قوتابخانـەی سـۆرانی سـەرەتایی کـوڕان کـە لەتـەك باڵەخانـەی ئامادەیـی کوردسـتان بـوو ئێمـەش واتـا خانـەی ماموسـتایانی کوڕانـی هەولێـر لەگـەڵ ئـەوان دەوامـان دەکـرد، داوایـان لـە بەڕێوبـەری خانـەی ماموسـتایان خوالێخۆشـبوو عەبدوڕەحـان قەسـاب کـرد کـە چەنـد قوتابییەکـی بەتوانـای پۆلـی سـێیەمیان بـۆ ڕەوانـە بـکات تـا ڕۆژی ٢٥/١٢/١٩٧٦ لەکاتـی چەژنـی ماموسـتایانی قوتابخانەکەیـان کـە ژمارەیەکـی زۆریـان دیانـی عەینـکاوە بـوون. یەکـێ لـەو قوتابیانـە مـن بـووم، هـەر دەم و دەسـت چوومـە قوتابخانـەی سـۆران و ماموستای بابەتـی (زانیـاری) پۆلـی پێنجەمـم بینـی کـە ئـەم بابەتەیـان بـە مـن دا، داوای یەرتووکـی زانیاریـم لـێ کـرد و گوتـم: گەیشـتوونەتە کـوێ؟ تاکـو خۆمـی بـۆ ئامـادە بکـەم. بەیانـی کـە چوومـە ژوورەوە لـە پۆلـی پێنجەمـی سـەرەتایی و



Scanned with CamScanner

هۆبـەی (أ) قوتابیـەکان هەندێکیـان گـەورە بـوون. یەکـێ لـە قوتابیـەکان کـە لـە دواوە دادەنیشـت دیـار بـوو زۆر بزێـو بـوو، منیـش یەکسـەر پرسـیارم لـێ کـرد، هەرچەنـدە وەڵامەکەشـی زۆر ڕاسـت نەبـوو، بـەڵام هانـم داو گوتـم: چەپڵەیەکـی بـۆ لێـدەن، دوای ماوەیەکـی کـەم دووبـارە پرسـیارم لـێ کـردەوە ئەمجـارە باشـتر بـوو، دووبـارە چەپڵەیـان بـۆ لێـدا و زۆر دەستخۆشـیم لـێ کـرد بزێویوکـەی نەمـا. تاکـو وانەکـە تـەواو بـوو.

لـەدوای وەرگرتنـەوەی کارتـی پۆلـی سـێیەمی خانـەی مامۆسـتایانمان دەرچـووی سـێیەمی خانەکـە بـووم، یەکەمیـان تاریـق حەنـا شـابوی عەینکاوەیـی و دووەمیـان ئەحمـەد قـادری لـە هاوینەهـەواری پیرمـەم (تێکڕایـی)م (٨٩،٤٩) بـوو سـێیەم بـووم لەمانگـی تەممـوزی سـاڵی ١٩٧٧ لـە هۆڵـی گـەل ئاهەنگـی دەرچوونیـان بـۆ سـازدابن کـە هـەردوو پەیمانگـەی مەڵبەنـدی مامۆسـتایان و خانـەی مامۆسـتایانی کـوڕان و کچانیـش بەیەکـەوە و خەڵاتیـان بەسـەردا دابـەش کردیـن کـە خەڵاتەکـە بریتیـی بـوو لـە پێنووسـێکی پەندانـی نـووك زێـڕی زۆر جـوان!

سـاڵی خوێندنـی ١٩٧٧/١٩٧٦ بـۆ (بینیـن) دەچوومـە قوتابخانـەی (تیشـك)ی سـەرەتایی لـە گەڕەکـی ڕووناکـی کـە ماڵـی خوالێخۆشـبوو مـام حەمەدەمینـی لـێ بـوو منیـش لـە ماڵـی ئەوانـدا دەخەوتـم، ڕۆژێ بەڕێوبـەری قوتابخانـە خالێخۆشـبوو مامۆسـتا عـارف ئامێـدی داوای لـێ کـردم بیـرکاری پۆلـی شەشـەمی سـەرەتاییان بـۆ بڵێمـەوە دیـار بـوو مامۆسـتای بابـەت یـەك مانـگ مۆڵەتـی نەخۆشـی وەرگرتبـوو، منیـش بـەردەوام بـووم لەگەڵیـان تاکـو کاتـی ڕاهێنانمـان هـات لـە ئـاداری سـاڵی ١٩٧٧ بـۆ مـاوەی (٦) هەفتـە وەکـو مامۆسـتای ڕاهێنـەر بـەردەوام بـووم زۆریـان بـە دڵ بـوو. دوو ڕاهێنـەری دیکـەی پەیمانـگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایانی هەولێـر بەڕێـزان زوهێـر محەمـەد و عەلـی کەریـم لـێ بـوون لـە دوای ڕۆژانـی ڕاهێنەریمـان گەشـتێکی خۆشـیان بـۆ سـاز دایـن بـۆ هاوینەهـەواری پیرمـام.

بەڕێوبـەر گوتـی: عومـەر لەسـەر سـەد (٩٩)ت دەدەمـێ چونکـە جوانتـرە لـە سـەد، هـەر لـە ڕاهێنـان هـەردوو مامۆسـتایانی کـوردی خوالێخۆشـبوو (غەنـی جەبـار) و مامۆسـتای کۆمەڵایەتـی محەمـەد عەلـی عەبدەلـی خەڵکـی (تەلەعفـەر) بـوو.



Scanned with CamScanner

کـە هاتنـە لام لـە ژوورەوە لـە پۆلـدا زۆریـان بـە دڵ بـوو، دیـار بـوو بەڕێوبەریـش ئەوەنـدی پیاهەڵـدا بـووم هەموویـان کـۆك بـوون لەسـەر سـەرکەوتوویی و زیرەکـی و پابەنـد بوونـم بـە هەمـوو ڕێنماییـەکان. لەکۆتایـی لەسـەر کارت (٩٤) یـان دابوومـن.

لـە مانگـی نیسـانی ١٩٧٧ لـە بەڕێوبەرایەتیـی ڕۆشـنبیریی جەمـاوەر لـە شـاری هەولێـر کۆڕێکـم بـە ناونیشـانی (چـاووگ لـە ڕێزمانـی کوردیـدا) پێشـکەش کـرد، کۆڕەکـە هۆزانڤانـی گـەورەی کـورد مەدحـت بێخـەوی خـزم بەڕێـوەی دەبـرد، مامۆسـتایانی زمـان و ئەدەبـی کـوردی و مامۆسـتا ئەحمـەد نەقشـبەندی ئەندامـی کارای کـۆڕی زانیاریـی کـوردی ئەوسـا زۆر ڕەخنـەی لـێ گرتـم بـەڵام کـە مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو عومـەر شـیخەڵا دەشـتەکی هاتـە قسـەکردن لایەنگـری زۆری کـردم پشـتگیریی ڕایەکانـی منـی کـرد، ئینجـا تـۆزێ هاتمـەوە سـەرە خـۆم. ببـڕای ببـڕ جارێکـی تـر ئـاوڕم لـە کـۆڕی زمانەوانـی نەدایـەوە هەرچەنـد تـا ئێسـتاش لەگەڵدابێ کەسـێکم لـە نـاو کوردا نەدیـوە کـۆڕی بـۆ بابەتـی (ڕێزمانـی کـوردی) کردبێـت چونکـە خـۆی لـە خۆیـدا وشـکە و بـۆ کۆڕبەسـتن ناگونجێـت.

بـەڵام خۆشـترین شـت ئـەو کاتـە بـوو کـە چەنـد ڕۆژێ پێـش کۆڕەکـە ئـاگاداری پێشکەشـکردنی کۆڕەکـە لـە لای ڤونیسـکی یانـەی فەرمانبـەران لـە بەرزایـی هەڵواسـرا بـوو لـە کارتۆنـێ نووسـرا بـوو کـە نووسـەری لاو عومـەر ئیبراهیـم عەزیـز کـۆڕێ پێشـکەش دەکات بـە ناونیشـانی چـاووگ لـە زمانـی کوردیـدا.

لـە ١٩٧٧/١١/١٩ فەرمانـی دامەزراندنـم بـۆ دەرچـوو و دەسـتبەکار بـووم لـە قوتابخانـەی (خرەبەردانـی) سـەر بـە قـەزای مەخمـوور کـە گوندێکـی عەرەبـان بـوو، لەگـەڵ هاوڕێیـان مامۆسـتا حسـێن عەلـی کـە بـە ڕەچەڵـەك عەرەبـی موسـڵ بـوو ماڵیـان لـە گەڕەکـی سـەیداوەی هەولێـر بـوو لەگـەڵ مامۆسـتا عـادل سـەید جەعفـەر بـۆ مـاوەی (دوو هەفتـە) لـەو قوتابخانەیـە بـووم دوایـی لەگـەڵ مامۆسـتا عەلـی کەریـم کـە لـە گونـدی (خەندەقـی گـەورەی سـەیدان بـوو) گۆڕیمـەوە ئـەو هاتـەی جێگام و مـن چوومـە جێگای ئـەو (بـە گۆڕینـەوە). خەڵکـی گونـدی زۆریـان پـێ ناخـۆش بـوو، دیـار بـوو لـەم پانـزە ڕۆژە منیـان کەوتبـووە بەر دڵ و ڕازی بـوون لێـم. بـەڵام ئـەوان بـە گوزەرانـی ماڵـی باوکمیـان نەدەزانـی کـە لـە ١٩٧٦/٨/٢٦ کۆچـی دوایـی کردبـوو، خوشـك و بـرا و دایکـم لـە گونـدی دینگاوە

بـە تەنیـا بـوون کـە نزیکتریـن قوتابخانـە لـە دێیەکەمـان ئـەو قوتابخانەیـەی (خەندەقـی سـەرەتایی تێکـەڵاو بـوو) بـوو.

لە ٥/١٢/١٩٧٧ دەست بەکار بووم کە ڕۆژێکی باراناوی بەپێ گەڕامەوە لەبەر تەڕ بوونم بە بارانێکی زۆر لام دا گوندی (گرد کلێخە) لای ماڵی مامم جاسم و عمشەی ژنی بۆ نیوەڕۆکەی هەر زوو خواردنی (ترید ـ تەشریب)ی عەرەبییان بۆ کردم کە بریتییە لە لێنانی مریشك هەر بە ئاوەکەی خۆی و لەژێرەوەی چەندان نانی تەندوری عەرەبی و پڕی سەڵکە پیاز و ئینجا بەم ڕۆژە سارده چ خواردنێکی لێ دەرچووبوو! دوای ئەوەی منیان گەرم کردەوە و وشك بوومەوە و کراسێکی درێژی عەرەبییم لەبەر کرد و قولتـو قولتـۆ سەر گرد و سەرگردان هاتمەوە گوندی و ماڵەوە.

لە گوندی ئێمە و لە قوتابخانەی گوند دوو مامۆستای ژنیان دامەزراندبوو، هەرچەند لە کاتی دیدەنی من داوای گوندی خۆمانم کردبوو بە لیژنەی چاوپیکەوتنم وتبوو: لەگەڵ ئەوەش من نمرەم بەرز بوو و سێیەمی خانەی مامۆستایان بووم، بەڵام بەداخەوە لەویان دانەنام، مامۆستاکان نەزیرە ڕەشید ئاغا و کەوکەب عەبدول قادر صوفی گردەسۆری بوو. کە دووەمیان خزمێکی نزیکی خۆمان بوو، مامۆستا نەزیرەش ناسراوێکی دیاری خۆمان بوو. کچی ڕەشید ئاغای گوندی بەرزەواری نزیك دیبەگەی کەندیناوەیی بوو. زۆربەی شەوان تا دڕەنگانێ لە ماڵەوەمان دەمانەوە و دوایش پەروینی خوشکم لەگەڵیان دەچوو و شەو لە لایان دەخەوت.

لە پێش دامەزراندمان وەکو مامۆستا، سێ مانگان بەرگی سەربازیان لەبەر کردین لە مانگی (٨)ی هاوینی ١٩٧٧ بە تەنیا چوومە سەربازگری مەخموور دوو ڕۆژان دواکەوتبووم یەکسەر نووسراویان بۆ کردم بۆ سەربازگەی مەشقی (بنکەی مەشقی مەنسوریەی جەبل) لە شارەبان، نووسراوم وەرگرت و هاتمە هەولێر و لەوێ بۆ بەغدا و لە گۆڕەپانی و لە گەراجی (نەهضە) سواری ئوتومبێلێ بووم بۆ (خانەقین) تاکو لە نیوەی ڕێگا دابەزیم، ئێوارەیەکی دڕەنگە لە پێشەوەی ئوتومبێلێکی بۆ کرێ سوار بووم بەلای شوفێرەوە لە تەنیشتم دیار ئەفسەرێکی یەك ئەستێرەیی کە ئەفسەری یەدەگ بوو دانیشتبوو، پرسیارێ لە من و یەکێ لە ئەو، بەدیار کەوت کە دەرچووی

پەیمانگایـە و مامۆسـتایە و ئێسـتا لـە سـوپادا پلـەی (ئەفسـەری یەدەگیـان) داوەتـێ و لـە زاخۆیـەوە بـە مۆڵـەت هاتووەتـەوە لـە نیـوەی شـەو گەیشـتینە بەرامبـەر (سـەربازگەی مەنسـوریەی جەبـەل) وتـم: مـن لێـرەدا دێمـە خـوارێ، گوتـی: هاتنـە خـوارەوەی چـی؟! بـەم شـەوە دەچیتـە کـوێ؟ ئێستا هەمـوو خەوتن تەنیـا ئێشـگر نەبـێ کـەس لێـت ناپرسـێتەوە، ئـەم شـەو دەچینـە ماڵـی ئێمـە لـەم گونـدەی نزیکـی سـەربازگەیە و بەیانـی وەرەوە بـۆ ئێـرە. کەمێکـی دیکـە ڕۆیشـتین و گوتـی، بـا دابەزیـن بەپـێ لەسـەر شـەقامی گشـتی شـارەبان – خانەقیـن بـەرەو گوندەکەیـان ڕۆیشـتین (١٥) خولەکێـك دەبـوو، کـە چووینـە ماڵـەوە پێشـوازیان لـێ کردیـن و منـی بـە ماڵەوەیـان ناسـاند ئەگـەر بەهەڵـەدا نەچووبـووم وابزانـم هەرچەنـدە بـە عەرەبـی قسـەیان دەکـرد بـەڵام بـە تورکمانیـش دەچـوون، گوێـم لـێ بـوو دایکـی بـە تورکـی قسـەی دەکرد هـەر زوو مانـدوو بـووم و خـەوم لـێ کەوت کـە بەیانـی هەڵسام لـە خـەو دوای نـان خـواردن هـەر زوو منـی تـا دەرەوەی گونـد هێنـا و سـەربازگەی پـێ نیشـان دام بـە پـێ ڕۆیشـتم تـا گەیشـتمە (بنکـەی مەشـق) سـەربازەکان لـە مەشـق کردنـدا بـوون چوومـە (پێنوسـگەی بنکـەی مەشـق) هـەر دەم و دەسـت پێخـەف و پۆشـاکی سـەربازیان دامـێ و گوتیـان: بـڕۆ بـۆ گۆڕەپانـی مەشـق کـە چـووم گەیشـتمە هاوڕێکانـی خـۆم لـە دەرچووانـی خانـەی مامۆسـتایان و دەرچووانـی پەیمانـگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایان بـوون.

بـەڵام کـە ئەفسـەرەکە بـە خـوای سـپاردم گوتـی: ڕۆژی دووشـەممە دابەزینـی سـەربازانە تـۆ وەرە بـۆ ماڵەوەمـان و لەگەڵیـان مـەڕۆ بـۆ دیالـە یـان خانەقیـن. هـەردوو ڕۆژ تـەواو بـوو مـن ڕۆژی دووشـەممە هـەر سـەربازە بـۆ شـوێنێ دابـەزی بـەرەو گونـدی ئەفسـەری بـرادەرم کەوتمـە ڕێ دوای پێشـوازی کـردن و نـان خـواردن و خزمەتکـردن و هەواڵپرسـین تاکـو ئێوارەکـەی گەڕامـەوە سـەربازگە. ئینجـا ڕۆژانـە دانـی ئێـواران دەهاتینـە سـەر ڕووبـاری نزیـك سـەربازگەکە یـان دەهاتینـە گونـدی (نوفـل) کـە لەسـەر شـەقامی گشـتی بەغـداد - خانەقیـن بـوو دوکانـی زۆر لـێ بـوو کـە خورمـا و روتـاب و هەنـاری شـارەبانیان لـێ ی دەفرۆشـت. ئـەو سـەربازگەیە تـازە دروسـتکرابوو لەنـاو دڕك و داڵێکـی زۆر بـوو.

بـۆ پێنـج شـەممەی داهاتـوو سـەردانی شـاری خانەقینـم کـرد چووینـە سـەر شـەقام و لـەوێ بـە ئەمانـە سوورەکان کـە پێیـان دەگـوت: (مصلحـة نقـل الـركاب)



Scanned with CamScanner

لـه نێـوان دیالـی و خانەقیـن کاری دەکـرد یەکەمجـار بـوو کـە شـاری خانەقیـن ببینـم چوومـە بـازاڕ و لای سینەماکەی ناوەنـدی بـازاڕ و لـەوێ پەڕتووکخانەیـەك بـوو چـاوم بـە گۆڤـاری (بەیـان) کـەوت کـە گۆڤـاری ئەدەبـی - ڕۆشـنبیری کـوردی بـوو لـە دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی لـە بەغـدا دەردەچـوو کـە دیاربـوو دوا ژمـارەی بـوو هەرکـە لاپەڕەکانیـم هەڵدایـەوە چونکـە وتارێکـم لەژێـر نـاوی (چـاووگ لـە زمانـی کوردیـدا) بـۆ ڕەوانـە کردبـوون کـە ئـەوەی لـە کۆڕێکـدا پێشکەشـم کردبـوو لـە سـاڵی نیسـانی (١٩٧٦)، بـەڵام لـە پۆسـتەی خوێنـەران وەڵامیـان بـەم جـۆرە دابوومـەوە. بـۆ خاوەنـی بابەتـی (چـاووگ لـە زمانـی کوردـدا). (ئێمـە ڕەچـاوی ڕێنووسـی کـۆڕی زانیاریـی کـوردی) دەکەیـن بۆیـە داوای لـێ بـوردن دەکەیـن لـە بـڵاو نەکردنـەوەی بابەتەکەتـان.

ئێوارەکـەی بەهەمـان شـێوە بەئامانـە سـوورەکە، گەڕامـەوە سـەربازگە. تاکـو مانگـی (١٠)ی ساڵی ١٩٧٧ سـەرژمێری گشتیی عێراقیـان کرد، ئێمە هەر لە سـەربازگە مایـنەوە تاکـو کۆتایـی ئـەو مانگـە فەرمانـی دەرچـوو کـە ئـەو مامۆسـتایانەی لـە سـەربازی دان دەگەڕێنـەوە بـۆ کار و پیشـەی مامۆسـتایەتی تەنهـا هاوینـان سـێ مانـگ سـەربازی دەکـەن ئـەوە بـوو لـە ١٩٧٧/١١/١٩ ئێمەیـان وەکـو مامۆسـتا دامەزرانـد. تەنانـەت لەبـەر هەڵمەتـی نەهێشـتنیی نەخوێنـدەواری کـە لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٧٨ کەوتـە بـواری جێبەجـێ کردنـەوە وای لـێ هـات هاوینەکـەش ئێمەیـان نەدەبـردەوە سـەربازی چونکـە هەڵمەتەکـە هاوینانیـش هـەر بـەردەوام بـوو، بودجەیەکـی زۆری بـۆ تەرخانکرابـوو.

لەگـەڵ دەسـتپێکردنی سـاڵی خوێندنـی ١٩٧٨ کردنـەوەی بنکەکانـی نەهێشـتنیی نەخوێنـدەواری دەسـتی پێکـرد مـن بـە پێیـان و بـە دوچەرخـە لـە گونـدی دینـگاوە دەچوومـە (خنـدق)ی گـەورە لـە شـەوانیش لـە بنکـەی نەهێشـتنی نەخوێندەواریـی پیـاوان وانـەم دەگوتـەوە وەکـو بەڕێوبـەر و مامۆسـتای بنکەکـە. هـی ژنانیـش بـە ڕۆژ لەلایـەن هـەردوو مامۆسـتای ژن (کەوکـەب و نەزیـرە) خـان دەگوترایـەوە.

لـە هاوینـی مانگـی ٨ی ١٩٧٨ لەبەغـدا لـە شـەقامی ڕەشـید پیاسـەم دەکـرد دوای عەسـرەکەی یەکێکـم لـێ پەیدابـوو، نەمدەناسـی گوتـی مامۆسـتا عومـەر مانگەکانـی کوردیـم بـۆ بژمێـرە، منیـش بـە پێـی وەرزەکان هـەر (١٢) مانگـم بـۆ ژمـاردا!



Scanned with CamScanner

# لە ژن و ژنخوازییەوە تا دەستگیرکردنی سەددام

بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٧٨/١٩٧٩) هەردوو برام بەختیار و عەلی کە لە دۆڵەسزەی گەورە، لای ماڵی خوالێخۆشبوو مامە قادرم دەیانخوێند هێنامەوە لای خۆم لەگەڵ خۆم دەمبردن بۆ دەوام. تا ئەو ساڵە بەڕێوبەری قوتابخانەمان ناوی خەلیل ئیبراهیم سلێمان بوو خەڵکی گوندی (قودیلە)ی نزیک مەخمور بوو ماموستایانی تری ناویان (خەلەف زێدان و حەمەدەمین صابیر مەولوود و حەبیب بۆیا عەسکر و بەندە) بووین، پۆلی (سێیەم و چوارەمان) تێکەڵاو کردبوو. چونکە (٥) ماموستا بووین. لە سەرەتایی ساڵی خوێندنی ١٩٧٩/١٩٨٠ ماموستا خەلیل ئیبراهیم سلیمانیان گواستەوە بۆ گوندێکی دیکەی تر و بەزۆری منیان کردە بەڕێوبەر، چونکە ماموستا حەمەدەمین صابیر مەولوود بووە بەڕێوبەر لە گوندێکی تر و ماموستا خەلەف زێدان خۆی گواستەوە بۆ گوندی خۆیان لە نزیک (شرگات) و ناچاربووم من بەڕێوبەرایەتیم وەرگرت. لە ١٩٨٠/٢/١٤ لە وەرزی ڕۆشنبیریی یەکێتیی نووسەرانی کورد (لە دایک بوون و مردن لە فۆلکلۆری کوردیدا)، لە هۆڵی ژووری بازرگانی کە بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆر لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی هەولێر بە سەرکەوتووی بەڕێوەچوو، ماموستا عێزەدین فەیزیش بەو تەمەنە گەورەی خۆیەوە ئامادە بوو، ئەمەش بۆ من وەک خەڵاتێکی مەزن بوو. هاندان و دەستگرتینی ئەو جۆرە مرۆڤە هەرگیز لەبیر ناکرێ.

دوایی دوو ماموستای کچم بۆ هات کە ئەمیرە عەبدولمەجید خەڵکی کەرکوك بوو؛ ماموستا شوکریە خەڵکی تەلەعفەر بوو؛ ماموستا موحسن سەید غەریب. ساڵێکی زۆر خۆشمان ڕابوارد ماموستا موحسین ئوتومبێلی ڕینۆ یازدە و دوایش مۆسکۆفیچێکی دەهێنا لە بەهاری ١٩٨٠ ڕۆژی سەیرانێکی باشمان ڕێکخست لە ١٩٨٠/٤/٧ چووینە لای زێ و شەرگات و دەم زێ و تاکو ڕۆژئاوا و گەڕاینەوە یەکێ بوو لە ڕۆژە خۆشەکانی ئەو ساتە.



Scanned with CamScanner

لـه یەکـێ لـە کۆبوونـەوەکان لەگـەڵ بەڕێوبـەری شـارۆچکەی قـەراج ، ئیسـماعیل تەقـی نـاو بـوو کـە خەڵکی کەرکـوك بـوو، لەگـەڵ هەمـوو بەڕێوبـەری قوتابخانەکانـی دەشـتی قـەراج گوتـی: مامۆسـتا عومـەر بەڕێوەبەرێکـی نموونەیـی یـە. دوای ڕۆژێ لـە ڕۆژانـی ئـەم سـاڵە سـەردانی قوتابخانـەی کـرد، هەمووومـان لـە پـۆل بوویـن وانەمـان دەگوتـەوە کـە گەیشـتە قوتابخانـە لـە ژووری بەڕێوبـەر بەخێرهاتنیـم کـرد و گوتـی: کـوا مامۆسـتایان کـە زیاتـر مەبەسـتی مامۆسـتا ژنـەکان بـوو، چونکـە چـاوی لـە دوای مامۆسـتا کچـەکان دەگێـڕا. منیـش پێشـتر لەگـەڵ هـەردوو مامۆسـتا ژنـەکان قسـەم کردبـوو، کـە ئـەوان زۆر گرینگـی بـە بەرپرسـان نـەدەن بـە گشـتی و بەڕێوبـەری شـارۆچکە ئیسـماعیل تەقـی بەتایبـەت، بۆیـە هـەر کـە بـەدوام نـاردن کـە هاتنـە لای هـەر لـە دوورەوە بەخێرهاتنیـان کـرد دیـار بـوو زۆری پـێ ناخـۆش بـوو!

لـە ١٠/٤/١٩٨٠ دووبـارە لـە کۆبوونەوەیەکـی گـەورە هەمـوو بەڕێوبەرەکانـی قوتابخانەکانـی دەشـتی قەراجـی ئامـادە بووبـوون گوتـی: بەڕێوبـەری وا هەیـە بـە ئـارەزووی خـۆی مۆڵـەت دەدات (١٠) ڕۆژ منیـش زانیـم لەگـەڵ منیەتـی گوتـم: جەنابـی مەڵبەنـدار (مدیـری ناحیـە) بڵـێ لـەم ڕۆژە بـۆ ئـەو ڕۆژە ئامـاژەی پـێ بکـە دوو سـێ کـەڕەت دانیشـتم و لەشـوێن خـۆم هەڵسـامەوە وەڵامـم دەدایـەوە، بەڕێوبەرەکانـی تـری دەوروپشـتم دەیانگـوت: دانیشـە قسـە مەکـە تـوڕە دەبێـت: منیـش لـە وەڵامیـان گوتـم: کاکـە ئێـوە نازانـن مەبەسـتی چییـە؟! لـە دوای (١٠) ڕۆژ واتـا لـە ٢٠/٤/١٩٨٠ نـاوی هاتـەوە و بووبـە سـەربازی یـەدەگ.

کـە هاتینـە دەرەوە مامۆسـتایانی گونـدی (قوچەسـپیلکە) کـە دوو مامۆسـتا بـوون، یەکێکیـان کچـی مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو مـەلا عەبدولکەریـم ماڵیـان لـە گەڕەکـی ڕووناکـی شـاری هەولێـر و بـرادەری خوالێخۆشـبوو مامـم حەمەدەمیـن بـوو، ئوتومبێلیـان نەبـوو پێـی بگەڕێینـەوە مـن و مامۆسـتا عەونـی جبـوری خزممـان پێشـەوەی ئوتومبێلـی ئیسـماعیل برایمـان دایـە ئـەوان کـە گەڕابوونـەوە لای باوکـی ئـەو هەڵوێسـتەی منـی گێڕابـووەوە باوکیشـی بـە مامـی گوتبـوو دیـار بـوو مـام حەمەدەمیـن زۆری پـێ خـۆش بـوو.

تاکـو لـە ٢٠/٨/١٩٨٠ بووینـەوە سـەرباز لـە سـەربازگەی بنکـەی مەشـقی هەولێـر لـە یەکـەم ڕۆژ و پێـش ڕۆژئاواکـەی فڕۆکـەی ئێرانـی بۆردومانـی تۆپخانـە و



Scanned with CamScanner

جبەخانـەی چەکـی سـەربازگەکەیان کـرد لـە ڕەشـکین و لـە نزیـك ئێمـە، دیـار بـوو بـە ماڵـی ئێمەیـان گوتبـوو کـە دایکـم و خوشـکەکانم و براکانـم لـە گونـدی بـوون عومـەر فرۆکـەی ئێرانـی لێـی داوە و نەمـاوە!

بـۆ شـەوەکەی چـوار پلیتـی یەکەکەمـان کـە عەرەبەکـی شـیعەی کەربـلا بـوو منـی زۆر خۆشدەویسـت فەرمانـی پێـدام دابـەزم، بـەڵام بەیانییەکـەی زوو بگەمـەوە مەشـق، بـە سـواری دوو چەرخـە بەنـاو سـەربازگە هاتمـەوە ماڵـی مامم لـە ڕووناکـی و بەیانییەکـەی زوو گەڕامـەوە سـەربازگە. تاکـو ۲۰/۹/۱۹۸۰ مانگێك مەشـقیان پـێ کردیـن ڕۆژێ لەنـاکاو ئێمەیـان ڕەوانـەی بەغـدا کـرد و هـەر بـەو شـەوە بـۆ شـاری عەمـارە و لـە دەوروپشـتی ئـەو شـارە ئێمەیـان چەنـد ڕۆژێ هێشـتەوە بـن هەنگلـم قونێـری لـێ هـات مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو محێدیـن و مامۆسـتا تاهیـر گـەردی زۆر خزمەتیـان دەکـردم، هـەزار ڕەحمـەت لـە گـۆڕت بـێ مامۆسـتا محێدیـن کـە بـە دەسـتی خـۆی بـە مـلاك زەڵاتـەی خۆشـی بـە تەماتـە و هەنـار و کـەرەوزی بـە دەممـەوە دەکـرد. هەرگیـز ئـەو چاکەیـەی لەبیـر ناکـەم.

لـە ڕۆژێکـی دوای نیـوەڕۆی دڕەنـگ ئێمەیـان گواسـتەوە بـۆ تیپـی زرێپۆشـی (دە) لیـوای زرێپۆشـی (۲٤) کـە لـە (دیزەفـول) بـوو، شـوێنەکەی پێیـان دەگـوت (سـەربازگەی دیزەفـول) ئێمەیـان لـەوێ هـەر بـە شـەوە ڕەوانـەی (فەوجـی۳ ش/۲٤ کـرد لەوانـەی کـە لەگەڵـم بـوون مامۆسـتا غەفـور و مامۆسـتا جـەواد خەڵکـی گونـدی گامێـش تەپـەی نزیـك گوێـڕ بـوون.

چەنـد ڕۆژێ لـە لای شـوفێرەکانی بـارەگای دواوەی ئـەم (فەوجـە) بوویـن کـە کـورد بـوون و بـە شـەو ئـاو و خواردنیـان دەبـردە پێشـەوەی بەرەکانـی جەنـگ لـە کەرتـی (دیزەفـول). لـەوێ ڕۆژێکیـان دەسـتم بـە قووتـووی پەنیـری برینـدار بـوو و هەروەهـا قونێـری بـن هەنگلـم هـەر مابـوو زۆر ئـازاری دەدام. کـە گوتیـان خەڵـك زۆر دەکـوژرێ منیـش بـە دزی خـۆم گەیانـدە سـەر شـەقامی سـەرەکی و سـواری زیلەکـی سـەربازی بـووم تاکـو گەیشـتمەوە عەمـارە هـەر بـەو شـەوە سـواری ئوتومبێلـی ڕێبـواران بـووم کـە پێیـان دەگـوت: (منشـأة) مـن هەڵاتـووم (فیـرار) هیچـم پـێ نەبوو لەکاتـی خاڵەکانی پشـکنین دەچوومـە ئەدەبخانـەی نـاو ماشـێنەکە کـە لـە دواوەی هـەی بـوو تاکـو پشـکنەر دەچـووە خـوارەوە و ئوتومبێـل دەکەوتـە ڕێ بـەم جـۆرە تاکـو گەیشـتینە بەغـدا و لـەوێ هـەر بـەم شـەوە سـواری

پاسی (١٨) ڕێبواریەکان بووم لە دواوەی سوار بووم تاکو گەیشتینە کەرکوك لە ڕەحیماوە سواری لۆریەکی بارهەڵگر بووم کە گەیشتینە خاڵی پشکنینی (کەرکوك - هەولێر) لەشوێنی پێیان خۆم شاردەوە تاکو دەرچووین. لە بەرەبەری بەیانیان گەیشتینە هەولێر و بەپێ هاتمەوە ماڵەوەمان کە چوومەوە دەبینم دەرگا داخراوە ناچار هاتمەوە ماڵی مامم حەمەدەمین دوایی گوتیان: ماڵی ئێوە لە گەڕەکی مەنتکاوە ئاو بردوویەتی و هەموویان لێرەن لە ماڵمان.

لە ١١/١١/١٩٨٠ چوومە لای خوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدولڕەزاق دەباغ قونێرەکەی بن هەنگلمی دەرکرد و پاکی کردەوە. بۆ ماوەی شەش مانگ بە هەڵاتوویی لە کۆشکی سەرەوەی ماڵی مامم حەمەدەمین مامەوە. لە گەڕەکی ڕووناکی هەولێر لەمانگی نیسانی ١٩٨١ گەڕامەوە سەربازەکە لە ناو سنووری ئێران بوون.

لەم ماوەیەدا لە مانگی نیسانی ئەو ساڵە ١٩٨١ پلکم فاتم زۆر نەخۆش بوو لە نەخۆشخانەی کۆماریی بوو، قاتێکی جوانم لەبەرکرد کە قوماشەکەی خوالیخۆشبوو مام حەمەدەمین لە حەجێ بۆی هێنا بووم و سەردانیم کرد هەر ئەو ڕۆژەی بەیانییەکەی زوو لەگەڵ سابیری برام چوبووینە سەربازگری مەخموور خۆم دابووە دەست لای (ن. ض. محەمەد) گوتی: تاکو ق--- گەرم نەبوو نەهاتیەوە!

بۆ بەیانیەکەی گەڕامەوە نەوەستام تاکو گەیشتمەوە شوێنی خۆم لە پارێزگای (عەمارە) و لەناو سنوری ئێران لە دێزەفول و لە پێنوسگەی (ف٣) لە (سریەی بنکە) (سەرلقی بنکە) گوتیان: ئەوە دەتگەڕێنینەوە و لەلاشمان ببە بە نووسەر بەڵام با بزانین دەست و خەتت جوانە!

لەبەر دەست نووسی جوان و پابەند بوونم بە کارکردن لەلایان مامەوە و دەستم بە نووسین کرد و تۆمارگەی هەموو لقەکەم دووبارە نووسیەوە و پاکردەوە بۆیان و تەنانەت کە گەیشتمە ناوی خۆم شەش مانگ هەڵاتووەکەشم بە خزمەتکردن هەژمارکرد.

تاکو مانگی ٣٠/٥/١٩٨١ گوتیان یاڵڵا هێرشە لە کەرتی (دێزەفول) دەست



Scanned with CamScanner

پـێ دەکات نزیکـەی مانگێـك ئـەو فەوجـە خەریکـی پێکهێنانـی دروسـتکردنەوەی بـوو (ادارة تشـكيل) بەرێکەوتیـن دوای عەسـرەکی درەنـگ دیـار بـوو ئێرانییـەکان ئێمەیـان لـە دوورەوە بینی بـوو و ئێمەیـان دایـە بـەر تۆپ و هـاوەن و هەمـوو جۆرە بۆردومانێـك بـە هاوارکـردن و ڕاکـردن بـە ڕێنمایـی کاکـە سـالاری ماوەتـی، لەنـاو ئوتومبێلـەکان دابەزیـن و لەسـەر زگ خشـان و ڕاکـردن خۆمـان گەیانـدە قەراغـی ئـەو شـاخ و داخ و گلدۆلکەیـەی لەنێـوان ئێمـە و سـوپای ئێرانـی دا بـوو شـەومان لـێ بەسـەرداهات خۆمـان وەکـو گلۆلـە کۆکردبـۆوە، ئەوانـەی شـارەزاییان لـە ئێمـە زیاتـر بـوو ڕێنماییـان دەکردیـن تاکـو درەنگانێکـی شـەو گوتیـان: ئێستا دەتوانـن بگەڕێنـەوە دواوە کـێ بـە ئێـوەی گوتـووە بـە زیـل و هـاون بێنـە پێشـەوە و بەشـداری هێرشـکردن بکـەن؟ لەسـەر ڕێـگای دێزەفـول و سـەربازگەی ئێرانـی برایانـی شـوفێری تانکـی ئـاو و فرۆشـگا و نانمـان بینـی باوەشـیان لـێ هەرینایـن و تێـر تێـر ماچیـان کردیـن لـە خۆشـی ئـەوەی کـە بـە سـاغی لـەم هێرشـەدا دەرچوویـن هـەر خـوا بـە خـۆی دەزانـێ چۆنـی پاراسـتین. رائیـد نبیـل لـە مۆڵەتـی ئاسایی گەڕابووەوە وبیستبووی منیـان بـۆ بەرەکانـی ئێشـەوە ڕەوانەکردۆتـەوە، بۆیـە هاتبـووە لای فەرمانـدەی بەتالیۆن تاکـو بمطەرێنێتـەوە بـۆ بەرەکانـی دوواوە ورەزامەنـدی وەرطرتبو.گەڕامـەوە. بـۆ ئێوارەکـەی ماشـێنی خـواردن و فرۆشـگا هاتـە لامـان، ڕائیـد نەبیـل دووبـارە نامەیەکـی ناردبـوو تاکـو بیدەنـە دەسـتم و گوتبـووی لەگـەڵ خۆتـان عومـەر بهێننـەوە. کـە گەڕامـەوە تاکـو ڕۆژی دەرچوونـم بەهـۆی جوامێـری و مەردایەتـی ڕائـد نەبیـل و توانـا و خۆشنوسـی و کارکردنێکـی زۆری خـۆم لـەم پێنوسـگە بـەردەوام بـووم.

ئێمەیـان گەڕانـدەوە بنکـەی دواوەی شـەڕ و لـە نوسـینگەی پێنوسـگەی بنکـەی سـەرلق دەوامـمـان دەکـرد، نابـێ هەوڵـی جوامێرانـەی ڕائیـد نەبیـل کـە خەڵکـی موسـڵ بـوو لەبیـر بکـەم. بـە جـۆرێ بـە هەمـوو ئەفسـەرانی گوتبـوو تـا سـەرباز عومـەر ئیبراهیـم عزیـز لـە سـەربازی تـەواو دەبێـت هـەر لـە پێنوسـگە بمێنێتـەوە، هەرکـە ئـەو دەچـووە مۆڵـەت بـە هەڵیـان دەزانـی دەهاتـن منیـان بـۆ پێشـەوە ڕەوانـە دەکـرد دەیـان گـوت: چـۆن عومـەر سـەربازێکی کـوردە و بەعسـی نییـە و چـۆن دەبـێ لـە پێنوسـگەی بنکـەی سـەرلق (قلم سرية مقر) بێـت، ڕۆژێـك لـە ڕۆژانـی تەممـوزی ۱۹۸۱ و ڕەمەزانـە زۆر گەرمـە بـەڕۆژوو بـووم لەژێـر زەویـدا

مۆڵگەمـان دروسـت کردبـوو بـە بێتـەڵ لەلایـەن فەرمانـدەی پـۆل (أمـر الفـوج) داوایـان کـردم ڕیشـم زۆر هاتبـوو هـەر زوو بـە پەلـە تاشـیم و کڵاوی سـەرم نایـە سـەر و بەتـرس و لـەرزەوە بـەرەو بـارەگای فەرمانـدە ڕۆیشـتم لـەم لاو لـەولا فیتـەی گولـە دەهـات نازانـم چـۆن بـۆی دەرچـووم و ڕزگارم بـوو چونکـە بـە ڕۆژ ئێرانییـەکان ئیمەیـان دەدیـت بەتایبەتـی ئەگـەر شـوێنەکەت بـەرز بوایـە، منیـش لەوە دەترسـام دەمگـوت: دەبێ چ هەڵەیەکم لە پێنووسـگە کردبێ، دیـارە بۆیـە لـە دوایـان نـاردووم. هەرکـە گەیشـتمە لای ژووری فەرمانـدە (رئیـس عرفـاء الوحـدة) سـەرۆکی پلیتدارانـی یەکەکەمـان بانگـی کـردم بـە عەرەبـی و گوتـی: وەرە ئێـرە، منـی بـردە لای فەرمانـدە دوای وەرگرتنـی سـڵاوێکی سـەربازانەی بـۆ فەرمانـدە و گەڕایـەوە منیـش سـڵاوی سـەربازیم کـرد و دیـار بـوو یاریـدەدەر فەرمانـدە لەشـوێنی فەرمانـدە بـوو کـە ڕائیـد ئەرسـەلان، خەڵکـی کەرکـوك و تورکمـان بـوو تـەواوی سـەرباز و ئەفسـەران لـێ ی دەترسـان، بـە کـوردی قسـەی لەگـەڵ کـردم یەکەمجـارم بـوو بـە کـوردی قسـەم لەگەڵـدا بـکات گوتـی: عومـەر گوتـم: بەڵـێ گـەورەم گوتـی: دەگەڕێیتـەوە بـۆ بنکـەی دواوە و لـە پێنوسـگەی بنکـەی سـەرلق دەمێنیتـەوە، گوتـم: بەڵـێ گـەورەم فەرمایشـتە. دووبـارە سـڵاوم بـۆ کـردەوە گەڕامـە دواوە، دوای زانیـم ڕائـد نەبیـل هاتۆتـە لای خـۆی داوای کردوومەتـەوە.

تاکو ڕائد نەبیـل بـوو بـە یاریـدەدەر و ڕائیـد صەبـاح بوو بـە فەرمانـدەی بنکەکانی دواوەی بەڕێوبـردن لـە مانگـی ١١ی ١٩٨١ بارەگامـان تێکنـا و بـەرەو بەرەکانـی شـەڕ لـە (شـووش) بەڕێکەوتیـن شـەوی یەکەمـان لـە چوولایـەك بـردە سـەر کـە زۆر سـارد بـوو لەبیرمـە لەسـەر قەرەوێڵەیەکـی کـە لـە دار دروسـتکرابوو نوسـتم بارانیشـی کەمـێ لێـدام و سەرماشـم بـوو. بەیانییەکـەی کەوتینـە ڕێـگا تاکـو لـە شـوێنێکی دیاریکـراو مۆڵگەمـان لێـدا و جێگیـر بوویـن. زۆری نەبـرد هێـرش و شـەڕکردن دەسـتی پێکـرد ئـەو شـەڕە بەناوبانـگ بـوو نـاوی (شـەڕی شـووش) لـە ئـاداری ١٩٨١ زۆر کـەس کـوژران و برینـدار بـوون و بەدیـل گیـران لـە ئێسـتگە و تەلەفزیـۆن دەنگـی دایـەوە، شـەوێکیان لەسـەر گردێکـی بـەرز ئێشـگری شـەو بـووم، دەنگـێ هـات هـاواری کـرد، گوتـی: عومـەر وەرە خـوارەوە تۆیـان دەوێـت؟ منیـش کـە هاتـم (ن. ض. ئەحمـەد) کـە بەرپرسـی پێنوسـگەمان بـوو خەڵکـی تکریـت بـوو، گوتـی: ئـەوە کـەس و کارت هاتوونەتـە عەمـارە لەگـەڵ ئـەم ماشـێنی

فرۆشگا داوایـان کـردووی ئیش و کاری خـۆت تـەواو کـردووە، سـەری مانـگ بـوو، مەسـەلەی مووچـەی ئەفسـەر و سـەربازیان بـوو گوتـم: بەڵـێ ئەمـڕۆ هەموویانم تـەواو کـردووە. گوتـی: کەواتـە بـڕۆ لەگەڵیـان و بەیانـی شـەو بگەڕێـوە، گوتم: باشـە گـەورەم زۆر سـوپاس. بـەم شـەوە لـە دواوەی زیلـی سـەربازی تاکـو لەگەڵ بەیانیەکـەی کـە هێشـتا ڕۆژ هەڵنەهاتبـوو هەرکـە ماشـێنی ڕاگـرت بینیـم خاڵۆ کەریـم و سـاڵحی ئامـۆزام و عەبدولقـادری گـراوێ لـە چاوەڕوانـی مـن دا بـوون زۆریـان مـاچ کـردم و گوتیـان: با بچیـن نانـی بخۆیـن و وێنەیەکـی تـۆش بگریـن تاکـو باوەڕمـان پـێ بکـەن کـە تـۆ ماویـت!

ئەوکاتـە کامیـرای کۆداکـی ڕووسـی (فـەوری) هەبـوو، دەسـت بەجـێ وێنەکـەی دەگرتـی و دەیدایـەوە دەسـتت. تاکـو نیوەڕۆیەکـەی لەگـەڵ ئـەوان دا بـووم، ئـەوان گەڕانـەوە بـەرەو بەغـدا و لـەوێ بـۆ هەولێـر منیـش بـۆ شـوێنی خـۆم تاکـو بـە مۆڵەتـی مانگانـە گەڕامـەوە هەولێـر.

دوای چەنـد مانگێـك ئێمەیـان ڕەوانـەی نزیـك بەسـرە کـرد لـە قـەزای قورنـە، ڕۆژێ چەنـدان سـەربازی نوێمـان بـۆ دەهـات وتیـان هـەر لقـە و سـەربازی خـۆی بنـات و بچێتـە پێشـەوەی بەرەکانـی جەنـگ تاکـو دەنـگ و بـاس و هەواڵمـان بـۆ بهێنێـت (هەڵوێسـتمان) بـۆ بهێنێـت، کـە گەیشـتینە (تەنوومـە) لـەو بـەری بەسـرە بـەلای ئێـران شـەو بەسـەرمان داهـات بـووە شـەڕ و پێکدادان گوتیـان لـە جێگای خۆتـان بمێننـەوە چونکـە هێرشـە! لەسـەر چادرێ خۆمـان لـێ ی لووڵـدا و بیرەیـەی سـەرمان لەگـەڵ تۆمارگـەی فەرمانەکانـی بەشـی دووەمـم خسـتە بـن سـەرم و لێـم پاڵدایـەوە سـەرەتا خـەوم لـێ نەدەکـەوت لەبـەر دەنگـی مەترەلـۆز و هـاوەن و ...هتـد. بەیانـی کـە هەڵسـاین گوتیـان: لەگـەڵ ماشـێنی بەفـر سـەرکەون بـۆ پێشـەوەی بەرەکانـی جەنـگ چیمـان بینـی هـەر خاڵێکـی پشـکنین و لێژنـەی گوللـە باران کردنمـان دەبینـی بـۆ ئەوانـەی کـە هەڵبێـن ڕاستەوخۆ گوللـە بارانیـان بکـەن سـەروپلیتێکی سـوریان لـە قوڵـی ئاڵاندبـوو و بەسـتابوو. کـە گەیشـتینە پێشـەوە تەنیـا یـەك دیـواری بـە خـۆڵ هەڵدراوەی هەبـوو لەنێـوان سـەربازانی خۆمـان و سـەربازانی ئێرانـی خـۆم گەیانـدە ئەفسـەری سـێ ئەسـتێرە (نەقیـب عەبدوڵـڵا جبـوری) خەڵکـی (حەویجـەی) بـوو منـی خۆشدەویسـت لەنـاو (BMBI) بـە سـەرێکی بـە خـول و بێهێـز دیـار بـوو، سـڵاوم لـێ کرد و چاك و چونیمـان کـرد، هەر

زوو کە تەواو بووم گەڕامەوە لای ماشێنی بەفر و لە دواوەی سوار بووینەوە هەریەکە لە نووسەرانی لقەکان. بەڕاستی لەم سەردانەمان دا مردنمان بەچاوی خۆمانەوە بینی. باوەڕمان نەدەکرد کە ئەوە ئێمەین ڕزگارمان بووە.

ماوەی مۆڵەت هات بۆ چوونەوەی هەولێرم بەیانییەکەی زوو چوومە بەسرە ولەوێ بۆ تەنوومە (بارەگای ڕادار)ی تیپی (١٢) کە سابیری برام لەوێ بوو. ئەوم بینی لەژێر ئێرکۆندیشن و لە ژوورێکی خۆش بوو لە گەڕانەوە سواری جێبێکی سەرکردەیی بووم بەسەر پردێکی دەستکرد چونکە ئەو پردەی بەسرە ڕمێندرا بوو. کە هاتمە گەراجی بەسرە - بەغدا هیچ ئوتومبێلێ نەبوو و زۆر قەرەباڵغ بوو، گوتم: وە چاکە بچمە دەرەوەی گەراج و لەسەر ڕێگای بەسرە - بەغدا ڕابوەستم بەڵکو ماشێنی بدۆزمەوە تا لەگەڵی بڕۆمەوە بەغدا. لە دوورەوە بینیم مرسیدسێکی ڕەشی سەرۆکایەتی دێت هەر زوو لە دوورەوە زۆر بە ئەتەکێتی جوان دەستم لێ بەرز کردەوە لە تەنیشتم وەستا و بە پلاکێ جامەکەی داگرت و گوتی: فەرموو بە عەرەبی (تفضل) منیش بە عەرەبیەکی پەتی گوتم: دەکرێت لەگەڵ خۆتەوە منیش بەریت بۆ بەغدا، گوتی: بۆ نا! ڕۆژێکی گەرمی هاوینی خوێناوی بەسرەیە، کە سواری ماشێنەکە بووم لەبەر ساردی یەکسەر هەستم بە خۆشی کرد! خۆم پێشکەش کرد کە ناوم عومەرە و لە دەرەوەی سەربازی (مامۆستام) خەڵکی شاری هەولێرم، ئەویش خۆی پێناساندم و گوتی: ئەندازیارم لە کویت دادەنیشم بە ڕەچەڵەك فەلەستینیم و لە پرۆژەیەکی ئەندازەیی لە شاری تکریت سەرپەرشتی دەکەم، پاش کەمێ قاوەی لە ناو ترمزێ پێشکەش کردم و دوای ماوەیەکی دیکە ئەمجارە چایەکی گەرمی دامێ. تاکو گەیشتینە شاری کوت و لای بەنزینخانە، منیش هاتمە خوارەوە بیست و پێنجیەکم دەرهێنا گوتی: ئەوە چی دەکەیت؟! هەڵگرە چۆن وا دەبێ؟ منیش گوتم: دەزانم تۆ پێویستت پێی نییە بەڵام ئەمەم کەمترین پیاوەتییە بەرامبەر بە بەرێزتان و ئەو هەڵوێستە جوامێریەتان. کە گەیشتینە (عەلاوی حلە) ماچی یەکتریمان کرد و بە خوام سپارد، بەڵام پێشتر پێی گوتم: ئەگەر دێیت تاکو تکریت لەوێ بڕۆ کەرکوك و هەولێر ئامادەم لە خزمەتدا بم، زۆر سوپاسم کرد و هاتمە (نهضە) بەرەو کەرکوك هاتم و شەوم بەسەردا هات



Scanned with CamScanner

لـه کەرکـوك و پێـش ڕۆژئـاوا نەدەبـوو لـە کەرکـوك بـۆ هەولێـر بچێـت تەنیـا بـۆ سـەربازان وابـوو، هاتمـە گەڕەکـی ڕەحیمـاوە لـەوێ دیتـم لۆرییـەك بـە بەتاڵی بـەرەو هەولێـر دەڕوات بەدزییـەوە خـۆم هەڵدایـە نـاو بـۆدی دواوە لـە بنـەوەی لای پێشـەوە لـە تەنیشـتی لای شـوفێر خـۆم شـاردەوە، بـە هـەزاران خوێندنـی ئایەتـی قورئانـی پیـرۆز لـە خاڵـی پشـکنینی کەرکـوك دەرچـووم، کابـرای خاڵـی پشـکنین بەسـەر لۆرییەکـە کـەوت نازانـم چـۆن منـی نەدیـت، گوتـی: بـڕۆ! هـەر بـەو شـەوە گەیشـتمە ماڵـەوە.

کـە لـە مۆڵـەت گەڕامـەوە گوتیـان دەبـێ بچینـە کەرەتـی مندڵـی، بـە ڕێکەوتیـن لـە بەسـرەوە بـەرەو کـوت و بەغـدا و لـەوێ بـۆ دیالـی و بەلـەدروز و تـا گەیشـتینە مەندەلـی لەسـەر سـنووری ئێـران. ئێمـە وەکـو بارەگاکانـی دواوەی بەڕێوەبـردن لـە نزیـك مەندەلـی، مۆڵگەمـان لێـدا لەبـن زەوی. کات هاوینـە و ڕۆژێ چووینـە نـاو شـاری مەندەلـی و پانکەیەکـی زەویـم کـڕی بـە هەرسـێکمان (مـن و عەبدوڵلا کەنوش و ن. ض. ئەحمەد) بووین دوای کۆتایی هاتنی هاوین گوتیـان: بـا یەکێ هەڵیبگرێتـەوە، منیـش گوتـم: مـن ئامـادەم پارەکانـی ئەوانـم دایـەوە و پانکـەم هێنایـەوە هەولێـر و تـازەش ماڵمـان (خانوومـان دروسـتکردبوو لـە ڕووناکـی) وابزانـم (ئەنـدولا)ی دیالەیـی بـوو ڕەنگـی شـین بـوو.

لە مانگـی ١٠ی ١٩٨٢ گەڕایەنـەوە بـۆ نزیـك شـاری عەمـارە و لـە دەشـتاییەك لێمان هەڵـدا تاکـو ئـەو بڕیـارە (١٣٣٦) کـە ئـەوەی کـوردە و دوو مانـگ لـە بەرەکانـی جەنـگ بـێ دەتوانێـت کۆتایـی بـە سـەربازی بهێنێـت.

ئێوارەی ڕۆژی ١٨/١١/١٩٨٢ مامەڵەم تەواو کرد و هەر بەو شەوە لە ژێـر فانۆس بـە (ن. ض. سـەلمان)م گـوت ـ کـە خەڵکـی دیالـی بـوو: ئێسـتا بـا ژمـارەی دەرکـردەی بخەینـە سـەر. گوتـی: کاکـە بـا بـۆ بەیانـی بێـت. گوتـم: نەخێـر تاکـو بەیانـی هـەر زوو بـڕۆم، ڕازیـم کـرد، چونکـە دەترسـام نەوەکـو پەشـیمان ببنـەوە ئـەوە میـری و سـەربازییە. لەگـەڵ نوێـژی بەیانـی بەیانـی کـە نوێـژم کـرد و دەسـت بەجـێ بـە پێیـان سـەربازگەم بەجێهێشـت، چـاوەڕێ هیـچ کـەس و ماشـێنێکم نەکـرد تاکـو

لەسـەر شـەقامی گشـتی عەمـارە - بەغـدا چوومـە عەمـارە  لـەوێ یەکسـەر بـۆ بەغـدا و لـەوێ هەولێـر خـۆت بگـرە.

لـە ١٩/١١/١٩٨٢ چوومـە سـەربازگری مەخمـوور و تـەواو بـووم. هـەر هەمـان ڕۆژ چوومـە بەڕێوبەرایەتیـی پـەروەردەی هەولێـر و لـە خۆیەتیـی سـەرەتایی گوتیـان: دەتوێـت بچیتـە کـوێ ؟ گوتـم: قوتابخانـەی (تـل المطـر - گونـدی گـردە بارانـە) مامۆسـتاکەی کـە (عەونـی جەبـوری) خزممانـە و خەڵکـی گوندیـە و تـازە بۆتـە سـەرباز و کەسـی لـێ نییـە، ئامـادەم مـن بچـم کـە دوورتریـن گونـدە لـە هەولێـر(٨) خاڵـی سـاڵانەی هەیـە، هـەر دەسـت بەجـێ فەرمانیـان بـۆ دەرکـردم وەکـو بەڕێوبـەر و مامۆسـتا. بـۆ ڕۆژی دوایـی خـۆم و دایکـم و پەروینـی خوشـکم ماڵێکمـان تێکنـا و چووینـە گونـدی خۆمـان دینـگاوە و ماڵـی خۆمـان و بـە پـێ ڕۆژانـە دەچوومـە (تـل المطـر) و زۆرجـاران نیوەڕۆیانیـش نەدەهاتمـەوە و هـەر لـە ماڵـی خزمەکانـم و بـەزۆری ماڵـی حاجـی جبـوری باوکـی مامۆسـتا عەونـی و عەبـدوڵای بـرا کـە هـەم بەردەسـتی قوتابخانەکـە بـوو. جارجاریـش دەچوومـە ماڵـی مـام چەتـوو ماڵـی عـەوڵای پلکـە زێخانـێ بـۆ نـان خواردنـی نیوەڕۆیـەکان جـاری واش هەبـوو دەچوومـەوە و بـۆ دانـی ئێـوارەش دەهاتمـەوە چونکـە هـەردوو دان بەیانییـان و نیوەڕۆیـان تەنیـا یـەك پۆلـمان نەبـوو ئەویـش پۆلـی پێنجـەم بـوو (پۆلـی یەکـەم و دووەم و سـێیەم) بـە یەکـەو و پۆلـی (چـوارەم و شەشـەم)یش بـە ئێوارەکـەی دوای نیـوەڕۆ بـە یەکـەوەم وەردەگرتـن. هـەر لـە ١٩/١١/١٩٨٢ بـۆ دانـی ئێوارەکـەی، شـەهید مامۆسـتا محەمـەد سەرسـپی کـە خزمـان بـوو داوای لێکـردم بچمـە ڕێـزی ی.م. کوردسـتانی شـاخ. لـە ڕێکخسـتنەکانی ناوشـار دەبـوو لـە دوو کـەس زیاتـر یەکتـری نەناسـن و نەبینـن. بەدرێژایـی سـاڵانی هەشـتاکان و تاکـو ڕۆژی شـەهیدکردنی م. محەمـەد سەرسـپی بەرپرسـم بـوو، بـۆ نـەورۆزی ١٩٨٤ لـە سـورداش بەشـداریم دەکـرد کـە گەشـتێکی خێزانـداری بـوو؛ هەرچەنـدە بەنـدە و سـابیری برامیـان بـرد؛ گوتیـان بـۆ ئێـوە ئاسـاییە وەکـو ئـەوەی وابـن هاوسـەرتان لەگەڵـدا بـن، بەیانییەکـەی تاکـو گەیشـتینە سـورداش و پێـش ئـەوەی بەسـەربکەوین و لەسـەر شـەقامی سـەرەکی لابدەیـن، دوو پێشـمەرگە بەسـەرکەوتن و پیتاکیـان کۆدەکـردەوە؛ لەپێـش مـن بەڕێـزێ (٢٥) دینـاری دا پێـم زۆربـوو بـۆ ئەوکاتـە گوتـم دەبـێ کـێ بێـت ئـەم بەڕێـزە!



Scanned with CamScanner

ئەوەی بەبیرم بێتەوە، مامم جەلال وتاری خوێندووە بە پۆشاکی کوردی و مرادخانی دورابوو؛ مامە ڕیشە و پۆلی پێشمەرگە بەڕێز لە پشتەوەی وەستابوون، ئەوەی لەم جەژنی نەورۆزە لە هەموو نەورۆزەکانی دیکە جیابوو ئەوە بوو لە هەموو شارەکانی کوردستان خەڵکی هاتبوون و وەکو یەك خێزان وابوون. لەوانەی لەگەڵمان بوون. شەهید محەمەد سەرسپی و شەهید تەحسین درگەڵەیی و شەهید حەیدر جوکل و مامۆستا موعتەصم عەبدولکەریم بەرزنجی و کاك ئەحمەد تۆفیق، دوایی ڕاپەرین بووە ئەندامی مەڵبەند ئینجا زانیم ئەو کاك ئەحمەد تۆفیقە بووە. شەهید مامۆستا محەمەد سەرسپی پێی ڕاگەیاندم کە لە کۆنگرەی داهاتوو بەشداربم و لەگەڵ خۆی بمبات، بەڵام دوایی ڕێکنەکەوت. ڕۆژی پێش ئەوەی لەماڵەوە بیگرن، عەسرەکەی هاتە ماڵمان گوتی با پیاسەیێ بکەین، هەواڵی گرتنی شەهید یوسف دەرگەڵەیی و شەهید تحسین دەرگەلەیی شەهید حەیدر جوکلی پێڕاگەیاندم، منیش پێم گوت: مامۆستا بۆناچێتە دەرەوە بۆ شاخ ، گوتی: لەوە دەترسی بمگرن و من ناوێ تۆ بدەم بە تۆزێ تورەییەوە بۆ شەوەکەی و لەپارشیوو خواردن لەسەر دیواری ماڵیان بازیان دابووە ژوورەوە و بەهاوکاریی موختاری ئیسکان دەزگای ئاسایشی بەعس بە کراس و پێجامە گرتبوویان و چەند ڕۆژێکی خایەند هیچی نەدرکاندبوو لە ڕقە شەهیدیان کردبوو، لە ڕێگەی شارەوانی و پیاوانی خۆیانەوە هەموویان لە یەک چاڵ شاردبوونەوە و تا دوایی ڕاپەرین دووبارە ڕووفاتیان دەرهێنراوە، بەڕێزلێنانی شایستەوە، دووبارە لە گۆڕستانی کارگەی قیر بەخاك سپێردرانەوە. منیش لە ڕۆژی گرتنی و شەهیدکردنی بەدواوە پەیوەندیم پچڕا، بەڵام وەکو وەفایێ بەردەوام لە جەژنەکان و ناوە ناوە سەردانی هەردوو ماڵی شەهیدان محەمەد سەرسپی و م. یوسف دەرگەڵەیم هەرکردووە.

ڕۆژێ زستانە قوڕ و بارانێکی زۆرە! ڕۆژی چوارشەممەیە لە ژوورەوە وانەم دەگوتەوە، گوێم لە دەنگی جێبێك بوو کە دەرگام کردەوە، دەبینم مامۆستا بەکر وەلی سەرپەرشتیارە و پێدەکەنی و گوتی: سڵاو مامۆستا عومەر، دەزانی بۆ پێدەکەنم؟ وتم: نەخێر. گوتی، لە مەخمورەوە تاکو ئێرە چەند قوتابخانەمان کردووە هەموویان چۆڵ بووینە و یەك مامۆستایان لێ نەبووە،



Scanned with CamScanner

بە شوفێرەکەم گوت: ئێستا مامۆستا عومەر لە ژوورەوە وانە دەڵێتەوە و دێتە دەرەوە، گوتی: مامۆستا ئەوە چی دەڵێ؟! کێ هەیە بەم بارانە دەوام بکات و نەچووبێتەوە هەولێر، بۆیە منیش وا پێدەکەنم!

لە کۆتایی ئەو ساڵی خوێندنی ١٩٨٢ / ١٩٨٣ ڕێژەی دەرچووانمان سەدا سەد بوو، تەنانەت پۆلی شەشەممان کە بەکالۆریە بوو لە هەموو وانەکان سوپاسنامەم بۆ هات جگە لە هی بەڕێوبەریش و لەلایەن مامۆستای سەرپەرشتیار بەکر وەلیش هەڵسەنگاندنی (نایاب)م بۆ هاتبووەوە.

بۆ ساڵانی خوێندنی ١٩٨٣ / ١٩٨٤ داوای گواستنەوەم کرد بۆ ناو شاری هەولێر لە ڕێگەی بەڕێز حاجی یوسف، کە ئەو کاتە لە ئەمیندارێتیی گشتیی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان بوو؛ نوسراوێکی کرد بۆ ئەمیندارێتیی گشتیی فێرکردنی باڵا و ژمارەی خاڵەکانم لە سەرووی (٥٠) خاڵەوە دەبوو. ئەوانیش داوایان لە بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی هەولێری ئەوسا کردبوو؛ منیان هێنایەوە قوتابخانەی هەڵکەوتی سەرەتایی تێکەڵاو کە تازە لە نوێوە دروستکرابوو سێ دەوامی تێایدا دەکرا لە گەڕەکی کرێکاران (حی العمال)یان، پێ دەگوت لەناو قوڕێ بوو، هێشتا گەڕەکەکەیان قیرتاو نەکردبوو. مامۆستا تەها بەڕێوبەر و مامۆستا موحسین جەباری یاریدەدەر و مامۆستایانی وەکو کاکل هورمزیاری و ڕەمزی ڕەش و مامۆستا یونس و بەندە و حوسێنە ڕەشی ئینگلیزی کە سیان بوو خزمیشمان بوو لەگەڵ چەندان مامۆستای بەڕێزی تر، کە ناویانم لەبیر نەماون، داوای لێ بوردنیان لێ دەکەم.

چەند خۆش بوو ئەو ڕۆژەی لە ساڵی (١٩٨٤)، لە گەرمەی شەڕی خوێناوی ئێران و عێراق، من لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە هەولێر، لە نێو ئاپوورەی جەماوەرێکی زۆر بابەتێکم دەربارەی ژن و ژنخوازی لە کەلتووری کوردەواریدا پێشکێش کرد و مامۆستا عێزەدین فەیزی، فەرمووی:عومەر، «نەمزانی ئەوە قسە و باس بوو، یان بەڕاستی ئێمەت بردووە جیهانی شایی و ڕەشبەڵەک و خەنەبەندان و هەڵپەڕکی جاری جاران. ئافەرین، سەد ئافەرین، لەگەڵ دەست و قەڵمت. »



Scanned with CamScanner

ساڵی خوێندنی ١٩٨٤/١٩٨٥ داوای خوێندنم کرد وەکو مامۆستای مۆڵەت پێدراو لە بەشی بایۆلۆژی وەرگیرام لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی سەلاحەدین، بەڵام لەبەر ئەوەی چونکە ئێمە دەرچووی خانەی مامۆستایان بووین بابەتەکان هەمووی زانستی قورس بوون بۆیە ئێمە ئەو ساڵە دەرنەچووین، هەرچەندە زۆر هەوڵمان دا لەجیاتی ئەو بەشە لە بەشی کوردی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین وەربگیرێین. تەنانەت نامەی مامی وەزیری پەروەردەم لە (شرگات) برد بۆ بەغدا کە ئەو کاتە وەزیری پەروەردە و هەم بریکاری وەزیری خوێندنی باڵای عێراق بوو کە ناوی (عەبدولقادر عزەدین) بەڵام بەداخەوە ڕەزامەندی نەنواند و هەفتەیەك لە بەغدا ماینەوە من و مامۆستا موحسین جەباری بێ سوود بوو گەڕاینەوە هەولێر.

بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٥/١٩٨٦ بەشێکی نوێ بەناوی (پەروەردە و دەروونزانی) کرایەوە داوامان کرد بمانبەنە ئەم بەشە و زۆر سەرکەوتووانە ساڵانەکانی خوێندنی ئەم بەشەمان بڕی، لە ساڵی یەکەمی خوێندن کۆڕێکم بە ناونیشانی (فولکلور تاریخه و موضوعاته) بە زمانی عەرەبی لەسەر ئاستی کۆلێژ و بەش پێشکەش کرد، نووسەر و ڕۆژنامەنووس کاك ممتاز حەیدەری ئامادەی کۆڕەکە بوو کە بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ هات.

ئەو چالاکییە کەلەپوورییەی لە ساڵی ١٩٨٦، لە باغی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر ئەنجامم دا، پێشتر هیچ کولێژێک شتی وای بە چاوی خۆی نەبینی بوو و نەبیتە پێهەڵدان و ستایش، بۆ ئەو سەردەم چالاکییەکەم ڕەچەشکێن بوو. ئاخر، لە نێو ئەو چیمەن و گولزارە، ڕەشماڵی سێ ئەستوونگی کوردەواریم هەڵدا و هەرچی کەرەستە و کەلوپەلی کوردەواریی دێرینە هەبوو لەوێدا نمایشم کرد. خوێندکار و مامۆستا و میوان و میدیاکاران، بە سەرسامییەوە دەستخۆشیان لێ دەکردم. لەو پێشەنگا کەلەپوورییە کراوەیەدا، پێناسەنامە و ڕێبەرنامەشم، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، چاپکردبوو و هامووشۆکەران وەریان دەگرت و دەیان خوێندەوە. مەبەستی من، لەو چالاکییە، ئەوەبوو، کە نابێ ئێمە لە کەلتوور و کەلەپووری خۆمان بێ ئاگا بین

و ئاگادارییان نەبین. لەهەمان کاتێشدا، چالاکییەکی دژە ڕژێمی ئەودەم بوو، کە کورد زیندووە و نامرێ، ئەوەتا کەلتوور و مێژوومان!

دەبێ، ئەو بەرچاوڕوونییە بدەم، من لەوەتەی خۆم ناسیوە، خەریکی کوکردنەوەی هەرچی ئامێر و کەرەستە و شتومەکی کۆنی کوردەوارییم. لە هەر شوێنێ شتێکم کەوتبێتە بەردەست، چ بە هیمەت چ بە قیمەت لە خاوەنەکەیم ساندوە، جا لەبێبەختیدا، وەک کورە جووتیارێک، خانووبەرە و حەوشە و داڵانی گەورە گەورەمان نەبوو. ئەوەی هەبوو و نەبوو، کۆنە خانووەکەی ماڵی دایکم بوو لە گەڕەکی ڕووناکی هەولێر. جا هەرچی ژوور و داڵان و سەر قاڵدرمە و بن قاڵدرمە و هەیوان و تەنانەت سەربانیشم، لە دایکم داگیر کردبوو، لەبیرمە، کۆنە جەنجەر و هەوجاڕێکم بردبووە سەربانی. ئێ، هیچ جێگەمان نەبوو، دڵێنیشم نەدەهات دەستبەرداریان بم!

کردنەوەی ئەو تەرزە پێشەنگای و نمایشە کەلوپووریەم، کردە نەریتێکی ساڵانەی خۆم، تا لە زانکۆ بووم، بە تاقی تەنیا، ساڵانە دووبارەم دەکردەوە و ساڵ بە ساڵیش ئەزموونەکەم دەوڵەمەندتر و کۆکتر دەبوو.

لە ئابی ١٩٨٦ کتێبی (کراشم دراو چم پێ نەبڕا)م بەچاپ گەیاند بە پێنج ڕەنگ واتا یەکەمجار بوو لە کوردستان بەرهەمی منداڵان وا بە ڕەنگاوڕەنگی بەئۆفسێت چاپبکرێت، کە (٣) یەم بەرهەمی منداڵانم بوو دوای (تیتلە و بیبلە) و (ڕێوی گەرمیان و کوێستان)، کەهەر سێکیان چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردەواریی منداڵان بوون، لە تەواوی کوردستان، بەدیاری (١٠٠) نووسەر و ڕۆشنبیر و کەسایەتی پێشکەشیان کرا.

(٤٠) کەس پەڕتووکی (کراشم دڕاو چم پێ نەبڕا) بە دیاریی پێشکێش کرا.

هەر لە هەمان ساڵ و هەمان کۆلێژ مامۆستای گەورە هونەرمەندی کورد خوالێخۆشبوو تەڵعەت سامان لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی زانکۆوە هاتبووە کۆلێژەکەمان تاکو شانۆگەریەك پێشکەش بکات ئەکتەرەکانی ئێمەی قوتابیانی کۆلێژی پەروەردە بووین و بەندە یەکێك بوو لەو قوتابیانە و کە ڕۆڵی (پزیشکی) پێ دابووم، پڕۆڤەمان دەکرد زۆر جوان لەگەڵمان ماندوو



Scanned with CamScanner

دەبـوو لـە گەڕانـەوەش بـۆ ماڵـەوە بەیەکـەوە و بـە پێیـان دەهاتینـەوە تێـر بـۆ خۆمـان قسـەی خۆشـمان دەکـرد، لـە ڕۆڵـی خـۆم هەرئەوەنـدەم لەبیـر مـاوە (ئەموسـتیلەی چـی مەسـەلە مەسـەلەی ڕزگار کردنـی مرۆڤێکـە!) بەداخـەوە دوایـی نەیانهێشـت پێشکەشـی بکەیـن، بـەڵام نەمزانـی هۆیەکـەی چـی بـوو!

ساڵانی خوێندنی ١٩٨٦/١٩٨٧ لە (١١)ی ئاداری ئەو ساڵە ڕەشماڵی کوردەواریم لەنـاو باخچـەی ئـەو دیـوی کۆلێـژی پـەروەردە و لای بەشـی پـەروەردە و دەروونزانـی هەڵـدا و جۆرەهـا کـەل و پەلـی نـاو ڕەشـماڵ و دەرەوەی ڕەشـماڵی کوردەواریـم دانـا و ڕێبەرێکـی بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی بـە چـاپ گەیانـد و بەدەسـت ڕەنگینـی هونەرمەنـدی گـەورەی کـوردی شـاری هەولێـر دارا محەمـەد عەلـی. کـە لەنـاو بەشـە زانسـتیەکان لـە ڕۆژی کۆلێـژ خەڵاتـی یەکەمـی وەرگـرت. کـە بەڕێـز مامۆسـتا محەمـەد پیـرۆز، ئەمینداریـی گشـتیی پـەروەردە و فێرکردنـی بـاڵا / پاندانێکـی گرانبەهـای پێشـکەش کـردم. بـۆ سـاڵی خوێندنـی ١٩٨٧ – ١٩٨٨ هەمـان ڕەشـماڵ بـە گـەورە تـر و کەلوپەلـی زۆرتـر لـە باخچـەی گـەورەی لای بەشـی بایۆلـۆژی و یەڕتووکخانـەی کۆلێـژم هەڵـدا، خەڵکێکـی زۆر، سەرسـامیان پیشـان دا بـۆ ئـەم پێشـانگا فۆلکلۆرییـەی دووەمـم.

کـە خوێندنـی بەکالۆریۆسـمان تەواوکـرد و ڕاژەمـان لـە خوێندنـی سـەرەتایی گواسـتەوە بـۆ خوێندنـی دوا ناوەنـدی ، ئینجـا فرمانەکەمـان دەرچـوو، دیـار بـوو مـن و کاك محەمـەد عەبدولکەریـم غێدانیـان لـە پەیمانـگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایانی هەولێـر دانابـوو، هەندێکیـان لـە ناوەنـدی و دواناوەنـدی ناوەنـدی شـاری هەولێـر دانـا بـوو، لەوانـە: سێ لـە بەرپرسـانی حیزبـی بەعسـی ئـەو کاتـە پلەیـان (هـاوڕێ) بـوو، کـە ئـەم فرمانەیـان بینـی بـوو بەتایبەتـی یەکێکیـان زوو ڕاپۆرتـی لەسـەرم بەرزکردبـووەوە، کـە چـۆن دەبـێ یەکێکـی وەکـو عومـەر ئیبراهیـم عەزیـز لـەوێ دابنێـن و ئـەو بخرێتـە ناوەندێـك، مـن فرمانەکـەم وەرگـرت بـەڵام دەسـت بـەکار بوونـم نەنووسـی لـە پەیمانـگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایان، زانیـم بەڕێوبـەری گشـتیی پـەروەردەی هەولێـر کـە مامۆسـتا عەبەولڕەحمـان صالـح ئەمیـن بـوو چـوو بـووە بەغـدا براکـەی خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا عوسـمان صالـح ئەمیـن، پسـپۆڕی عەرەبـی بـوو، تێلـی بـۆ کردبـوو بـۆ بەغـدا، پێـی گوتبـوو کاکـە چـۆن ئـەو فرمانـەت دەرهێنـاوە. فرمـان بکـە لـە بەغـدا

بـۆ هەولێـر پێیـان بڵـێ ئـەو فرمانـە ڕابگـرن تـا خـۆت دێیتـەوە، دیـارە ئەویـش هـەر زوو ئـاگاداری کردبوونـەوە کـە وا بکـەن. کـە گەڕایـەوە ئەوانـی کـە سـەر بـە حیزبـی بەعـس بـوون پلەیـان (هـاوڕێ) بـوو هەموویانـی بردنـە پەیمانگـەی مەڵبەنـدی مامۆسـتایان لـە هەولێـر، بەپێـی ڕاپۆرتـی ئـەوان دەیانویسـت ڕەوانـەی دەرەوەی شـاری هەولێـرم بکـەن، هەرچەنـدە مـن پێـش خوێندنـی بەکالۆریـۆس لـە قوتابخانـەی (هەڵکەوتـی سـەرەتایی تێکـەڵاو) لـە نـاوەوەی شـاری هەولێـر بـووم، بەڕێکـەوت کـە باسـی گواسـتنەوەی منیـان کردبـوو لەگـەڵ بەڕێوبـەری گشـتی پـەروەردەی هەولێـری ئەوسـا مامۆدسـتا انطونیـوس قریـو عیسـی، بەڕێوبـەری پەیمانگـەی ئامـادە کردنـی کـوڕان لـەوێ دەبێـت کـە کەسـێکی حزبـی و قسـە ڕۆیشـتوو دەبێـت، مامۆسـتا ئەنطۆنیـۆس قریۆعیسـا کـە گوێـی لـەم قسـانە دەبێـت: بـە بەڕێوەبـەری گشـتیی پـەروەردەی هەولێـر دەڵێـت: دەبێـت مامۆسـتا عومەرئیبراهیـم عەزیـز، بدەنـە مـن بـۆ پەیمانـگای ئامادەکردنـی مامۆسـتایانی کـوڕان و مـن دەزانـم چـۆن مامۆسـتایەکی دڵسـۆز و زانسـتپەروەرە، چونکـە لـە پۆلـی چوارەمـی زانکـۆ بۆمـاوەی (٦) هەفتـە ڕاهێنانـم لەلایـان کردبـوو، فرمانـی لای ئـەوم بـۆ دەرچـوو بـەڵام مـن هیـچ ئـاگاداری ئـەو هێنـان و بردنـە نەبـووم، تاکـو دوایـی مامۆسـتا محەمـەد عەبدولکەریـم غێـدان بـۆی گێڕامـەوە گوتـی: ڕاتپۆرتەکـە مـن بینیـم زۆریشـم پـێ ناخـۆش بـوو، زۆر داکۆکیـم لـێ کردیـت و بڕیـاری دا هـەر لەوکاتـەوە قسـە لەگـەڵ ئـەو برادەرەمـان نـەکات کـە ڕاپۆرتەکـەی لەسـەر مـن نووسـیبوو، منیـش تـا نزیـك سـاڵێك قسـەم لەگـەڵ نەدەکـرد، بـەڵام پەنـای هێنایـە بـەر بەڕێـزان دکتـۆر صـلاح محەمـەد نـووری داود، کـە سـەرۆکی بەشـمان بـوو هەروەهـا سـەرۆکی کۆمەڵـەی عێراقـی بـۆ پـەروەردە و دەروونزانـی لقـی هەولێـر بـوو، داوای لـێ کـردم، منیـش یەکسـەر بەسـەرهاتەکەم بـۆی گێڕایـەوە، گوتـم: بـەڵام لەبـەر ڕێـزی تایبەتیـان قسـەی لەگـەڵ دەکـەم لـە میانـەی (سـڵاو پرسـین) زیاتـر نەبێـت.

دوو ساڵانی خوێندنی (١٩٨٩/ ١٩٩٠) – (١٩٩٠ – ١٩٩١) لە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆسـتایانی کـوڕان مامۆسـتای پـەروەردە و دەروونزانـی بـووم، لەتـەك بەڕێـزان عومەرئیبراهیـم تۆفیـق، مامۆسـتای عەرەبـی بـوو؛ هەروەهـا مامۆسـتایانی وەکـو: حاجـی محێدیـن غەفـووری مامۆسـتای زمانـی ئینگلیـزی و مامۆسـتا



Scanned with CamScanner

فـاروق محەمـەد عەلـی، مامۆسـتای زمانـی عەرەبـی بـوو، هەروەهـا مامۆسـتا بـارزان یونـس، یاریـدەدەری بەڕێوبـەر و هەڵگـری بڕوانامـەی ماسـتەر بـوو لـە زیندەوەرزانـی. مامۆسـتا سـلام خۆشـناو مامۆسـتای کۆمەڵایەتـی و مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو سـلام ناوخـۆش مامۆسـتای زمانـی ئینگلیـزی و بەڕێوبەرمـان انطونیـوس قریـو عیسا بـوو، هەمیشـە دەیگـوت: (أضبـط وأدق مـدرس فـي معهـد اعـداد المعلميـن انـت يـا عومـەرا) لـە سـاڵی ١٩٨٩/ ١٩٩٠ بەهـۆی ئاهەنگەکانـی ئـادار و نـەورۆز ڕەشـماڵێکی کوردەواریـم بـە هەمـوو تەدارەکێکـەوە لـە دەرەوەی پەیمانگـە هەڵـدا چایـە و قـاوە و ماسـتاوی کورکنـی کوردەواریـان دەخـواردەوە، خەڵکانـی زۆر سـەردانیان کـرد جگـە لـە قوتابیـان تەنانـەت هاوڵاتیانـی هەولێـر لـەو بەڕێزانـەی کـە زۆر دڵیـان پـێ خـۆش بـوو کاک ئەسـعەد عـەدۆ ئـەو کاتـە ئامـادەکار و پێشکەشـکاری بەرنامـەی (لـە کەلەپـورەوە) بـوو لـە کەناڵـی تەلەفزیۆنـی کەرکـووک..

لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٨٨/ ١٩٨٩ کـە پۆلـی چـوارەم بوویـن ژمـارەی هـەردوو هۆبەمـان (٧٦) قوتابـی بـوو لـە پۆلـی سـێیەم (عبدالرضـا دمبـوس لەگوندێـک لەگوندەکانـی قـەزای صویـرە لەپارێـزگای کـوت و) لـە پۆلـی چـوارەم (زهـرە عەبـاس) لەپارێـزگای نەجـەف کۆچـی دواییـان کـرد.

لـە کۆتایـی ساڵانی خوێندنـی ١٩٨٨/ ١٩٨٩ لـە پۆلـی چوارەمـی بەشـی پـەروەردە و دەروونزانـی کـە ساڵێکی شـوم و خـەراپ بـوو بـۆ کـورد، ئەنفـال و ڕاگوێزانـەوە و قڕکردنـی کـورد بـە فراوانـی دەسـتی پێکـرد، لـە ڕووخانـدن و وێرانکردنـی گوندەکان و ڕەشـبگیری لـە کۆتایـی سـاڵدا لـە دە یەکەمەکانـی ئـەو بەشـە بـووم.

بەڕاسـتی کـە لـە سـاڵی ١٩٨٩ لـە پەیمانـگای ئامادەیـی مامۆسـتایانی کـوڕان، لـە هەولێـر، بـە مامۆسـتایەتی دامـەزرام، چەنـد دەرگایەکـم بـۆ کرایـەوە و پتریـش کاتـم بەدەسـتەوە بـوو بـۆ خوێندنـەوە و نووسـین و نواندنـی چالاکیـی فرەبابـەت و ڕەنـگ و ڕشـتە.

لـە مانگـی نیسـانی ١٩٩٠ لـە بەغـدا داوایـان کـرد چەنـد کورسـییەکی خوێندنـی ماسـتەر هەیـە بـۆ وەزارەتـی پـەروەردەی عێـراق لـە وڵاتـی (بەحرێـن) نـاوی مـن و بەڕێـز مامۆسـتا عەبدولسـتار عوسـمان ئیسـماعیل یـان بەبێتـەڵ بەرزکـردەوە بـۆ وەزارەت و ئەوانیـش ڕۆژی دیدەنییەکەیـان دەسـتنیشـانکرد و لـە ڕۆژی دیاریکـراو

چووینە بەغدای پایتەخت و لە وەزارەتی پەروەردە لە بەیانییەکەیەوە تاکو کۆتایی دەوامی ئەو رۆژە لە دیوانی وەزارەت بووین و دوای چاوپێکەوتن کە لەسەر ئاستی هەموو عێراق خەڵکێکی زۆر هاتبوون بەڵام لەپێش کۆتایی گوتیان: تۆ ناوت لەگەڵە هەم لەبەر ئەوەی (نمرەم) بەرزبوو؛ هەم دیاربوو وەڵامەکەی منیان بەدڵ بوو؛ گوتیان: چاوەڕێ بکەن لە کۆتایی دەوام نوسراوێکتان دەدەینێ تاکو بیبەنە فەرمانگەی پەساپۆرت تاکو پەساپورت دەربهێنن و فیزە وەربگرن! بەڵام لە کۆتایی ناوی منیان بە یەکێکی تری خەڵکی (کوت - واسط) گۆڕی و ئێمەش بە نادڵی گەڕاینەوە هەولێر، دوای ساڵێك، ڕێك لە ١٢/١٠/١٩٩١ یەکێ لەو دووکەسەی کە دەستنیشانکرابوون ڕەوانەی (بەحرین) بکرێن لە ماستەر بینیمەوە و گوتم: ها چی بوو؟ .بۆ نەڕۆیشتن ؟ گوتی: دوایی شەڕی کوێتی بەسەردا هات کەسیان لە عێراقییان وەرنەگرت!

دوای ساڵێک، بە هاوکاریی دەستەیەک لە خەمخۆرانی فۆلکلۆری کوردی لە هەولیر یەکەم ژمارەی گۆڤاری (کاروانی فۆلکلۆر)مان، بە چەندان بابەتی بەپێز و جوان، دەرکرد. خۆم ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بووم. دانەیەک لەو گۆڤارەمان پێشکێش بە مام جەلال تاڵەبانی کردوو، دەستخۆشی لێکردین؛ لەکاتی سەردانیکردنمان وەکو کۆمەڵەی فۆلکلۆرانی کورد لەماڵەکەی خۆی لەناو باغەکانی شەقڵاوە دوای ڕاپەرین لە مانگی ئایاری ١٩٩١ بە ئامادەبوونی د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و د. شوکردیە ڕەسووڵ و هاوسەرەکەی د. خلیل ئیسماعیل و خالید جوتیار و تاریق جامباز و عومەر شێخەڵڵا و صەدرەدین خۆشناو و مولود بێخاڵی، بۆ ماوەی دەمژمێرێک پێکەوە قسە و باسمان کرد. ئەم دانیشتنەش لەڕێی ئازاد جوندیانییەوە بەڕێوەچوو.

ئەو کارەی کە زۆر شانازی پێوەدەکەم، دامەزراندن و کردنەوەی یەکەمین مۆزەخانەی کەلەپووری کوردی بوو لە ساڵی ١٩٩٠، لە مێژووی باشووری کوردستاندا، لە خانووی شەهید شەهاب دەباغ ئاغا لە قەڵاتی هەولێرێ، ئەمەش بە هاوکاریی مامۆستا فازیل شەوڕۆی کەلەپوورپەروەر، بەیەکەوە لە شار و شارۆچکە و لادێیەکانی کوردستاندا کەوتینە گەڕان و سۆراغکردنی بۆ کۆکردنە و کڕینی کەرەستە و ئامێر و کەلوپەلی کوردەواری. ئەوەی ئێمە کردمان گەوهەرێکی بێهاوتابووی جوان بوو، سەد حەیف و مەخابن، هەرچی



Scanned with CamScanner

کەرەستە و شتومەکی ئەو مۆزەخانە هەبوو، ڕۆژی ڕاپەڕین، فەرهوودکران و فەوتان.

لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩١، بنیاد مارف خەزنەدار بە ڤیدیو مۆزەخانەی کەلەپووری کورد لە قەڵای هەولێر تۆمارکرد، ئەم بەڕێزانەش ئامادە بوون: دکتۆر مارف خەزنەدار، تارق جامباز، عەبدوڕەحمان پاشا، صەباح سیامەنسوری لەگەڵ فازل شەورۆ و خۆم.

منیش وەکو هەزاران ڕۆڵەی ئەو شارە، لە ڕاپەڕینی ١١ی ئاداری ١٩٩١ی هەولێر بەشدار بووم. دواتر کۆچڕە و گەڕانەوەشم دیت. تا دیسان لە ئێرانەوە گەڕامەوە کۆنە زێدی خۆمان. لە مانگی تەمووز چوومە موسڵی بۆ پێشکێشکردنی دۆسییەم بەمەبەستی خوێندنی باڵا ـ ماستەر، بەڵام لەوێ سەری نەگرت. هێندە تامەزرۆی ئەو خوێندنەبووم، ڕانەوەستام و یەکسەر چوومە زانکۆی بەغدا و لەوێ داخوازینامەم پێشکێش کرد بۆ بەشی (پەروەردە و دەروونزانی) - دەروونزانی پەروەردەیی. ئێمە لەسەر ئاستی عێراق هەر شەش کەس بووین داخوازیمان پێشکێش کردبوو. جا من بڕوانامەی توانستیی زمانی ئینگلیزیم نەبوو. لێ، هەرجەند ڕۆژانی دوا ڕاپەرینی باشوور و باکوور، تا بڵێی بارودۆخی عێراق دژووار و پڕ مەترسی بوو من گیانفیداییانە شانم دایە بەرێ و ناوی خودام لێهێنا و بڕانامەی توانستیی زمانی ئینگلیزیشم وەرگرت و لە ١٢/ ١٠/ ١٩٩١، کۆرسی یەکەمم وەرگرت.

کە لە ١٢/ ١٠/ ١٩٩١ کۆرسی یەکەمی ماستەرمان دەست پێ کرد؛ ژمارەمان (١٩) خوێندکاری ماستەر بووین؛ لەوانە: تەنها (٢) دوو کەسمان کورد بووین (١٧)ی تریان عەرەب بوون؛ دوو کوردەکە یەکێکیان بەندە و ئەوی دیکە عومەر یاسین ئیبراهیم جەباری بوو، کە خەڵکی هەولێر بوو؛ لە خوێندنی بەکالۆریۆسیش چوار ساڵ لەگەڵ یەکتری بووین وهەروەها (٢)و ساڵی ماستەر؛ ساڵی یەکەم ژوورێکمان لە میوانخانەی (مستەفا) گرتبوو لە شەقامی (الجمهورية) کە هەردوو کۆرسی بەیەکەوە بووین و لە ساڵی دووەمی نووسینی ماستەر نامەکەمان چووینە (مزگەوتی الواسطی) لە باب الشیخ بەرامبەر مەزارگەی شێخ عەبدولقادری گیلانی کە مزگەوتی ماڵی باوکی خێزانەکەم بوو؛ کە ئەو کاتە هێشتا نەبووبوومە زاوایان و باوکی خوالێخۆشبووی مەلا ڕەشید باجەلان



Scanned with CamScanner

لـه ١٢/١٢/١٩٩١ کۆچـی دوایـی کردبـوو؛ لەجیاتـی بەڕێزیـان کوڕەکـەی کەدوایـی ئەویشیان کۆچـی دوایـی کـرد , مامۆستا کاکە ئەمینـی کـوڕی لەجیاتـی ئـەو پێش نوێـژی بـۆ گەڕەکەکە دەکرد؛ ئێمـە قوتابـی ماسـتەر و دکتـۆرای کـورد لـە ژوورێکـی مزگەوتەکەیـان دەخەوتیـن کـە بەڕێـزان د. ئیسـماعیل قەرەنـی، د. فـاروق کـە دوایـی بـۆ مـاوەی (٨) سـاڵ بـووە سـەرۆکی زانکـۆی گەرمیـان لـە کـەلار و د. ڕەفیـق و د. عومـەر یاسین و د. عومـەر قەرەنـی جگـە لـەو میوانانـەی کـە دەهاتنـە بەغـدا بەتایبەتـی قوتابیانـی ماسـتەرو دکتـۆرا دەهاتنـە لامـان لـە مزگـەوت لەوانـە د. جـواد حەیـدەری و د. محەمـەد سـابیر لـە هەولێـر، هەروەهـا د. عزەدیـن حەسـن جەمیـل وبراکـەی د. عابـد مـان لەگـەڵ بـوو، کـە خەڵکـی ئاکرێ بـوون. هێندێـک لـە بەڕێزانـی بەغـداش سـەردانیان دەکردیـن لەوانـە: خـوا لێخۆشـبوو مـەلا محەمـەدی بالیسـانی باوکـی د. ئەحمـەد بالیسـانی.

لـە کۆرسـی دووەم، بابەتێکمـان هەبـوو بەنـاوی (سـمینار) کـە دەبـوو بابەتـی ماسـتەرنامەکە تیایـدا هەڵبژێریـن و جگـە لە پوختەکـردن و ڕەخنـە و هەڵسـەنگاندنی نامـەی ماسـتەر یـان تێـزی دکتۆرایەکـی پێشـتر کـە گفتوگـۆی کرابێـت؛ لەبیرمـە مـن تێـزی دکتۆراکـەی شـەهیدی خـوا لێخۆشـبوو د. عەبدولسـتار تاهیـر شـەریفم پێشـکەش کـرد، کـە لێژنـەی سـمینار زۆریـان بـەدڵ بـوو، دواییـش هـەر ئـەو کاتـە لـە ڕۆژنامـەی (العـراق)ی عەرەبـی لـە یـەك لاپـەڕەی تـەواو بڵاوکرایـەوە.

بـۆ ناونیشـانی ماسـتەر نامەکـەم؛ ڕۆژێ لـە دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی خوالێخۆشـبوو شـەهید د.عەبدلسـتارم لـە ژووری کاك حەمەسـەعید حەمەکەریـم جـاف بینـی دوای هەواڵپرسـین وتـی: خەریکـی چیـت؟ منیـش لـە وەڵامـدا گوتـم: خەریکـی ماسـتەرم و گوتـی: چیـت هەڵبـژاردووە؟ گوتـی: پێـم باشـە لەسـەر (القیـم السـائدة فـي القصص الشـعبیة الكردیـة فـي الكتـب المطبوعـة فـي العـراق) بنووسـی، منیـش زۆرم بـەلاوە بـاش بـوو؛ هـەر کـە بابەتەکـەم خسـتە بـەردەم لێژنـەی (سـمینار) هەموویـان ڕازی بـوون؛ تەنیـا یەکێکیـان کـە وەکـو سـەرۆکی لێژنـەی سـیمینار بـوو؛ ڕازی نەبـوو؛ پەنـام بردەبـەر وەزارەتـی پـەروەردە / لـە بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی خوێندنـی کـوردی کـە زۆر بەڕێـز خـوا لێخۆشـبوو دکتـۆر ئیحسـان فوئـاد بەڕێوەبـەری گشـتی بـوو؛ نووسـراوێکم هێنـا کـە پشـتگیرم دەکـەن. بابەتێکـی گرینگـەو بـۆ ئـەوان سـوودی زۆرەو پێویسـتیان پێیەتـی.



Scanned with CamScanner

هەمدیسان ڕازی نەبوو؛ هەموو هەفتە داوایان دەکرد؛ بابەتێکی نوێتر پێشکەش بکەم؛ بەڵام من هەر لەسەر بابەتی خۆم سووربووم تاکو کار گەیشتە کۆتایی کۆرسی دووەمی خوێندن و سەرۆکی لیژنە گوتی: بۆچی (القیم العربیة) ش وەرناگریت لەگەڵی دا ؟ گۆتم: بەزمانی عەرەبی (أنا موافق و أتمنی أن تکون أنت مشرفي). (گۆتم ڕازیم و ئومێدەوارم تۆش ببیتە سەرپەرشتیارم). وەکو چۆن ئاوێك بە ئاگرێ دابکەیت و دابمرکێتەوە، یەکسەر گوتی: (موافق) ڕازیم!

سەرەتا گوتم: با (القیم السائدة في قصص الشعبیة الکردیة و العربیة في الکتب المطبوعة في العراق) (دراسة مقارنة) هەر دوای دەخستم و واژوی نەدەکرد بۆم؛ گوتی: دەبێ وشەی (العربیة) لەپێش (الکردیة) دابێت؛ منیش گوتم: (الکرد له حقان) أولا (ککردي) وثانیا (کعراقي) کما یقول السید الرئیس بە ڕاستی ڕازی نەبوو تاکو وشەی (العربیە)م خستە پێش وشەی (الکردیة) کە.

لە کاتی هەڵبژاردنی سەرپەرشتیار گوتیان: دەبێ سێ ناو بنووسن لە پسپۆڕییەکەی تۆ دابێت و سەرپەرشتیارەکە لەگەڵت کاربکات ناوی یەکەم کەسم کە نووسی: پ. د. بەدرخان سندی دووەم: پ ٠د٠ موفق ئەل حمدانی سێیەم: پ. ی. د. عەلی جاسم ئەل زبیدی بوو خستمە ناو کاغەزێك و دامانخست دیاربوو خۆیان فرمانیان بۆ پ. ی. د. عەلی جاسم ئەل زوبیدی دەرکردبوو.

کە فرمانەکەم وەرگرت گەڕامەوە هەولێر، لە نهۆمی سەرەوە لە ژوورێك هەموو سەرچاوەکانم بڵاوکردەوە ئەو ژێدەرانەی پەیوەندیان بە بابەتەکە هەبوو خستمە بەردەستم و دەستم کرد بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی کوردی و عەرەبی بەپێی پێوەرێکی جیهانی کە ناوی (پێوەری وایت ١٩٥١) بوو، لە بەڕێز (پ. د. مۆفق ئەل حمدانی)م وەرگرتبوو بە زمانی ئینگلیزی بەراووردم کرد بەو پێوەرانەی کە کرابوونە عەرەبی لەپێش من بەکاریان هێنابوو.

ئەو پەرتووکە چاپکراوانەی لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠ تاوەکو ١٩٩٠ ) بەکوردی و عەرەبیەوەم وەرگرت لەم ماوەیەدا (ئەنوەر برای جوانە مەرگم) تووشی نەخۆشی گورچیلە بوو، کە لە نەخۆشخانە خەوتبوو لە (کۆماری) شەو و ڕۆژ



Scanned with CamScanner

بۆ ماوەی مانگ\یک یاوەری بووم، ناچار کە ئەو کەمێ خەوی لێ دەکەوت؛ خەریکی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان دەبووم؛ (پێوەری وایت)م لەسەر کارتۆنێکی گەورە کە پۆلێنکرابوو بۆ هەشت کۆمەڵە و لەژێر هەر کۆمەڵەیەکدا چەندان (بەها) لەژێرەوەی ڕێزکرابوون.

لە مانگی (١٠) تاوەکو مانگی (٤)ی ١٩٩٢ واتا (٦) مانگ نەگەڕامەوە بەغدا، کە دەبێ (١) هەفتەی جارێك قوتابی سەرپەرشتیاری خۆی بۆ ماوەی (٢) کاتژمێر ببینێت؛ دیاربوو بەو قوتابیانەی دوای منی گوتبوو، چیە بۆ عومەر دیار نیە بەگەر پێشمەرگە کەوتووە؟ کە نامەکەم بەتەواوی نووسی لە مانگی نیسانی ١٩٩٢ چوومە کۆلێژ و لە ژوورەکەی سەرپەرشتیار لەسەر مێزەکەی ماستەر نامەکەم دانا و کە سەیری کرد نامەکە لە بەرگەوە بۆ بەرگی کۆتایی نووسراوە، هیچی نەگوت: نە بڵێ لە کوێ بوویت؟ بۆ دیار نەبوویت، ڕۆژانە سەرم لێ دەدا پێنججار بۆی خوێندمەوە وشە بە وشەو ڕستە بە ڕستە. ئەوەبوو لە ١٤ی ئابی ١٩٩٣ گفتوگۆی ماستەرنامەم بوو لە بەغدا، دکتۆر بەدرخان سندی سەرۆکی لێژنە و سێ مامۆستای عەرەب ئەندام بوون. بە پشتیوانی خودا، بە پلەی زۆرباشە بڕوانامەکەم وەدەستهێنا.

بۆ مێژوو دەڵێم، ساڵانی خوێندنم لە بەغدا، خۆش و ناخۆش بوو. من توانای داراییم سنووردار بوو و دوور بووم لە کەس وکارم، ساڵی یەکەم لە هۆتێلی (مصطفى) لە شەقامی جمهوری لە گەڵ دکتۆر عومەر یاسین ئیبراهیم جەباری لە ژوورێکی بچکۆڵەی هەژارانەدا دەخەوتین. ساڵی دووەمیش، لە مزگەوتی (جامع واسطي)، لە بەرانبەر شیخ عەبدولقادری گەیلانی، تەختێکم دەستکەوتبوو، لەوێ دەخەوتم. لەگەڵ شێخ ئیسماعیل قرەنی و عمر قرەنی و ئەحمەد هیدایت و عمر یاسین جا ئەوەش خێری تێدابوو، چوونکە هەر لەوێ بە خاتوو فاتیمە ئاشنابووم و یەکترمان ناسی. کە وانەی قورئانی بەمنداڵانی گەڕەکی دەگوتەوە، لەوێ ناوە سەردانی زانا و دانا عەبدولکەریم موردەڕیسم دەکرد و هێندە لێک نزیک بووینەوە تا ئەو زاتە مەزنە خوازبێنی فاتیمەی بۆ کردم و هەر لەسەر دەست ئەویش مارەییمان بڕا. فاتیمەش بەردەوام سەردانی ئەو زاتە مەزنەی دەکرد ولە وانەکانی ئامادە دەبو بۆیە



Scanned with CamScanner

دەیطوت فاتیمە تۆ کضی من و مەلا ڕەشیدی. وکاتی مارەبرینەکە وتی من کضی خۆم دەدەمە برازای خۆم عومەر.

دەرگای ئاشنایەتی و ناسینی چەندان کەسایەتییە مەزن و ئەدیبی ناوداری ئەو سەردەمم لە بەغدا بەڕوودا کرایەوە؛ زۆر نزیک بووم لە شێخ محەمەدی بالیسانی و پەیوەندیم خۆش بوو لەگەڵ مەلا مەجیدی شەقلاوەیی. لە ماڵەکەی خۆشیدا، ناو ناوە سەردانی مەسعوود محەمەدی مەلای گەورەم دەکرد، ئەوە جگە لە بەڕێزان محەمەدئەمین دەربەند فەقرەیی باوکی د. نزار محەمەدئەمین سایکاتری و نامیق حەوێزی باوکی دکتۆر سەربەست حەوێزی کۆیی.

ڕۆژانە چەند دەمژمێرێکم بۆ نووسین تەرخان کردبوو و لە ڕۆژنامەی هاوکاری و عێراق و گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕەنگین، بابەتی فرەچەشنم بڵاودەکردەوە. بە هەوڵ و هیمەتی دکتۆر وریا عومەر ئەمین، خۆشبەختانە لە بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا دامەزرام. ساڵی دواتر، لە خوێندنی باڵا ـ دکتۆر لە هەمان کۆلێژ و زانکۆ وەرگیرام. لە مامۆستایەتیش هەر بەردەوام بووم.

لە سەروبەندی خوێندی کۆرسی یەکەمم دابووم، لە ڕۆژی ٩/١١/١٩٩٥، دەستپێچیان کردم و بۆ ماوەی (١٩) شەو و ڕۆژان لە ژوورێکی تەسک و ترووسک و تاریکیان پەستام، لە بەندیخانەی هەواڵگری عێراقی لە منصور لە بەغدا. ژمارەی زیندانیم هەزار و نۆزدە بوو، هەموو جارێ بە دەنگی بەرز بە عەرەبی لە دالانەکەوە هاواریان دەکرد، ئەلف و تسعەتەعەشرا! ئەوان فێڵبازانە ئەوەیان کردبوو، تا کەس گوێی لە ناوی کەس نەبێ و نەزانین کێ گیراوە و کێ لەو زیندانەیە.

حیکایەتی ئەو دەستگیرییەشم هەر لە فلیمی هیندی دەچێ، ڕۆژێ لە هەولێر ئازاری ددانم هەبوو، چوومە نۆرینگەی دکتۆر ئەمەل بەدری، کە هاوسەرەکەی ناوی سامی گەردی بوو، ئەو زاتە لە کاتی خۆی شۆفێری، ئەحمەد چەلەبی بەرهەڵستکاریی ڕژێم بوو. ئەو ژنە، ڕۆژێک نامەیەکی دامێ، لەگەڵە خۆم بۆ ماڵی باوکی ببەم لە بەغدا، کە چوومە ئەوەێ زەحمەت ماڵەکەیانم دۆزیەوە و باوکیشی ئەو کات کۆچی دوایی کردبوو، من نەمزانی ئەو ماڵە لەژێر چاودێرییە



Scanned with CamScanner

و دیاره ڕژێم وایزانی بوو ئەو تەقینەوەی لە گەڕەگی شەعب ئەنجام درابوو، دەستی منی تێدایە. دوای سەدان سین و جیم و بە هەوڵ و کۆششی فاتیمەی هاوسەرم، کە بابەتی زمانی ئینگلیزی بە ڕەغدی کچی سەددامی دەگوت کە قوتابی ئەو بوو لە بەشی ئینگلیزی لە کۆلێژی پەروەردەی کچان لە زانکۆی بەغدا جگە لە کاك عجیل جەلال ئیسماعیل و کاك طلعت هادی ئاغا و کاك سەعید جاف و قوتابی دکتۆرای ئینگلیزی ئەو کاتە (عبدوڵلا دوری) کە هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ڕزگارکردنم جێگای پێزانین و ڕێزن. خودا ڕەحمی کرد و ڕزگارم بوو.

هاوکات، لەگەڵ خوێندنی کورسی دکتۆراکەم، وانەی تایبەتی زمانی کوردیم بە چەند قوتابییەکی چەند خێزانێکی کوردی بەغدا دەگوتەوە. دەستکەوتەکەی خراپ نەبوو، نەژی و نەمری، گوزەرانمان پێدەکرد. ڕۆژێ دکتۆر بەدرخان سندی، کە بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوی کوردی بوو لە بەغدا، داوای لێکردم بابەتێکی (٢٠) لاپەڕەیی بۆ بکەمەوە کوردی. بەخوا هەقەکەی هەر پارەی چەند چاوە پووشێکی هەواو ساردکەرەوەکانمان بوو، لی تەواوەک پێی دڵخۆش بووین. ژیان جاران زەحمەت بوو.

لە ساڵانی خوێندنی باڵام، بۆ ماستەر و دکتۆرایەکە، ئەگەر بڕی دوو دۆلار، دینارم لە گیرفانم شک بردبایە، بە دۆلارێک کتێبم دەکڕێ و ئەوەکەی دیکەم بە نان دەدا. هەر مامۆستا و خوێندکارێک لەو ١٩ خوێندکارە، داوای هەر سەرچاوە و ژێدەرێکی کردبایە، لە تەنیشت بالیفەکەم، ئامادە بەدەست، لەسەر یەک قەڵاچن کرابوون.

ئەگەر دیمەنێکی ئەو ڕۆژگارە ڕەشەی سەردەمی خوێندنی خۆم بۆ خوێنەر بکەم، هەر دەبێ، سەری خۆی بادا. عێراق بە ژن و منداڵ و پیر و گەنجیەوەی، لە برسان و لە ترسان دەتلانەوە. ئابلووقەی ئابووری تەنگی بە خوداپێداوەکانیش هەڵچنی بوو. هیچ چەنگ نەدەکەوت، گرانی و قات و قڕی بوو، بۆ پاکەتێک دەرمان دەبووایە بچیتە ئاسمان. ژن هەبوو لەو کەرکووکە منداڵی خۆی لە برسان دەفرۆشت، لە بەغدا، دایک منداڵی خۆی بە ئاوی دیجلە دادەدا.. . ڕوودا و بەسەرهاتی هێندە جەرگبڕ ڕوویداوە، هەر دەبێ لۆکە لە کوونە گوێت بئاخنی. ئەگەر سەرەکەوچکێک شەکرت لە پیاڵە چایەک بکردبایە، لەو بەغدایە،

لالۆی چایەچی پارەی دوو پیاڵە چای لێدەستاندی، شەکر نەبوو. لە ١٩٩٤، دوو ژوورۆکەم لە خانوویکی گەڕەکی شەعب بەکرێ گرتبوو، میوانمان زۆر دەهات، ڕۆژێک هیچ هیچمان نەبوو، پتە خێیەکمان شک نەدەبرد بە هێلکەی دابکەی. زۆر خەمبار بووم، منیش چەند گۆشەی تەختێکم بردە بازاڕی کۆنە فرۆشان، ئارەقەی پێم داهات، کەسێک نەهات فلسێکی سووری پێبدا. ئەو ڕۆژە هەر ماندوو بوونەکەم دەستمایە بوو. لە هەولێر تا دەگەیشتمەوە بەغدا، باوەڕ بکەن، حەڤدە جاران دەبووایە بار و بارگەم داگرم و لە خاڵە سەربازییەکاندا بیان پشکننەوە. ئێستا لە خۆم دەپرسم، ئەرێ، چۆن ئەو ساڵە سەختانەی بەغدام بەسەر برد و چۆن دەرچووم و بڕوانامەم وەدەست هێنا! کورد گوتەنی، ئارەقە و خوێنی خۆم بوو.

سەرەڕای ئەو هەموو ناخۆشی و گیروگرفتە، کە لە ڕۆژی ١٩ی شوباتی ١٩٩٨، بە پلەی نایاب، گفتوگۆی تێزی دکتۆرایەکەم وەدەست هێنا، وامدەزانی هەموو دونیا هی منە و تازە لە دایک بووم. تێزی دکتۆرایەکەم بەناونیشانی (أثر العصف الذهني في تنمية التفكير الابتكاري لدى طلبة الاعدادية) بە کوردی وەکەی (کاریگەریی گەردەلوولی مێشك لەسەر پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنان لای قوتابیانی ئامادەیی) (ئەزموونگەری) بوو - لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی کچان و قوتابخانەیەکی ئامادەیی کوڕان لە بەغدا، وەک گۆڕەپانی توێژینەوەکەم، کارم دەکرد و زانیارییەکانم هەڵدەهێنجا.

هەر لەو ساڵە، من وەک تەتەر نامەیەکم گەیاندە دەست شوکر مستافا، ئەوەبوو لە بەغدا هاتەوە هەولێر و کۆڕی زانیاریی کوردستانیان دامەزراند ـ دواتر ئەو دەزگایە بووە، ئەکادیمیای کوردی.

جاروبار، فەلەکەین کاکەیی کە وەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێم بوو، کۆمەک و جەژنانەی پێدەناردمە بەغدا تا بیگەێنمە بەڕێزان محەمەدی مەلا کەریم و داری ساری و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و محەمەد بەدری.

ڕاستە، من گەنجێکی ڕۆحسووکەڵەی نەختی جەستە ورد بووم، بەڵام خودا تین و جوولە و ورە و چالاکییەکی بێسنووری پێبەخشییوم، لێی بەزیاد بێ، هەمیشە کەسێتی و ڕێز و پێزانینی خۆشم زانیوە و وەک بیلبیلەی چاوم پاراستووە. وانەبوومایە چۆن دەمتوانی دوو کەسێتی مەزنی وەکو دکتۆر



Scanned with CamScanner

مارف خەزنەدار و کاکە حەمەی مەلا کەریم ئاشتکەمەوە! چۆن مامۆستا مەسعوودی محەمەد و بەدرخان سندیم، لە سەر یەک خوان بەمن کۆدەکرایەوە و خەندە و خۆشەویستیان دەهاتەوە سەر لیو و ناو دڵ! دریغیم نەکرد لە هەوڵ و کۆشش تا دکتۆر مارف خەزنەدار، مامەڵەی پلە بەرزکردنەوەی پرۆفیسۆریی خاتوو دکتۆر نەسرین فەخری بەئاکام گەیاند.

یەکەم چالاکیم لە هەولێر، لە ١٩٩٨، دوای وەدەستهێنانی دکتۆراکەم، بریتی بوو لە کردنەوەی خوولێکی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی پەیمانگەی تەکنیکیی هەولێر. ڕێزدار ئاراس خۆشناو سەرپەرشتیاریی دەکرد ئەو کات بەرپرسی هۆبەی زانستیی ئەو پەیمانگایە بوو.

هەر ئەو ساڵە، خوولێکی ڕێگاکانی وانە وتنەوەیان بۆ مامۆستایانی کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەددین لە هۆڵی ڕزگاری کۆلێژی ئەندازە لە زانکۆی سەلاحەددین ئەنجام دا. ڕێزدار د. محەمەد گەزنەی کە دواتر بوو بە وەزیری ئەوقاف و ڕێزدار نوورەدین ئیسماعیل کە سەرۆکی زانکۆی هەولێری پزیشکیی یە لە ئێستادا.

لە ساڵی ٢٠٠١، بۆ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق پرۆژەی (قوتابخانەی هاوڕێ)م، پێشکێش کرد. ئەم پرۆژەیە لەلایەن ڕێکخراوی یونسێف لە شاری هەولێر و وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەڕێز پرۆفیسۆر بەدرخان سندی راسپێردرابوو. بەڕێزیشیان لەلایەن خۆیەوە منی هەڵبژارد؛ دوای ئەوەی کە بەڕێزیان نامیلکەیەکی بۆ ئامادەکردبوو؛ ئێمەش لەلای خۆمانەوە داوایەکەی ئەومان پەسند کرد. دیاربوو، ڕێزدار عەبدولعەزیز طەیبیش - وەزیری پەروردە، لە لای د. بەدرخان سندی زۆر پەسنی منی دابوو. پێنج مانگی خایاند تا ئەو پرۆژەیە، لە بیردۆزییەوە بوو بە کردار و بەرجەستە کرا. پتر لە حەڤدە جاران، بەندە، زستان و هاوین، هامووشۆی ڕێکخراوی یۆنسێفی کرد، لە عینکاوە. خاتوو خەولە ڕەئوف خانەقا، سەرپەرشتیاریی ئەو پرۆژەیە بوو.

نزیکەی سێ مانگ پێش دەستگیرکردنی سەددام حوسێن لە بەغدا، لە ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٣، ئەمن لە ڕۆژی ٢٣/٩/٢٠٠٣ بە ئامادەبوونی بەڕێز عەبدولعەزیز طەیبیش - وەزیری پەروەردە و بە ئامادەبوونی نوێنەری ڕێکخراوی یونسێف



Scanned with CamScanner

و بەڕێوەبـەرە گشـتییەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرانـی و بەڕێوەبەرانی و مامۆسـتایانی (١٠) قوتابخانـەی نموونەیـی، خولـی ڕاهێنانـم بـۆ کردنـەوە. لـە قوتابخانـەی (بیتوێـن)ی نموونەیـی، لـە شـاری هەولێـر لـە گەڕەکـی ئەندازیـاران پڕۆژەکـە سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا.

بـۆ مـاوەی سێ سـاڵان مـن لـە بەڕێوەبردنـی ئـەو خوولانـە بـۆ مامۆسـتایانی دەیان قوتابخانـە بـەردەوام بـووم. پاشـان لـە پارێـزگای دهـۆک و زۆربـەی قوتابخانەکانـی هەرێـم ئـەو پڕۆژەیـە بـوو بـە بەشـێک لـە سیسـتمی پـەروەردەی هەرێـم و بەردەوامـی هەبـوو.



Scanned with CamScanner

# دروێنەی خەلە و خەرمانی (٢٠) ساڵی تەمەنم

٢٠٠٣ ـ ٢٠٢٣

هەوڵدەدەم، کورد گوتەنی، بە پووخت و ڕەختی، سەرەقەڵەمی هێندێ لە کار و چالاکییانم، لێرەدا بە ئەرشیف بکەم و بیانخەمە بەرچاوی خوێنەران، هەر بە مەبەستی، هاندان و دەستگرتنی هاوپیشەکانی خۆم، کە نابێ مامۆستا هەر پۆل و هۆڵی وانەوتنەوە بکاتە مەیدانی کارەکانی خۆی، بەڵکوو، مەیدانە بەرفراوانەکەی ئیشی ئێمە، وەک دەروونزانان، نێو جەرگەی کۆمەڵگا و ناو جەماوەر و خەڵکە.

پڕۆژەی قوتابخانەی هاوڕێ، دوو سێ ساڵی سەرقاڵی کردم، وەک ئاماژەم پێدا، لە شار و شارۆچکەکانی هەرێم هەر لە هاتوچۆ و بگرە و بەردە دابووم. لێ، لە دڵڕا هەستم بە خۆشییەک دەکرد، کە دەمبینی بەرهەمەکانی پڕۆژەکە بەرەو چڕۆکردن و گەشەکردن دەچن.

لەو ساڵانەدا، بەردەوام هەر خەریکی ئەنجامدانی خوولی شیاندنی مامۆستایان بووم، بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن، تەنانەت بۆ زۆرلە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی و بەڕێوبەرە گشتییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و مامۆستایانی یەکێتیی زانایانی کوردستان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و زۆرێک لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

ئەم خوولانە هەر تایبەت نەبوون بە بابەتی شیاندن، زۆرجار خوولی ئامادەکاری و ئەزموونیی بۆ بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکانیش بەڕێوەدەچوون.

لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٣، لە دەمژمێری (١١)ی پێش نیوەڕۆ لە هۆڵی (د.عەبدوڵڵا حەداد) لە کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، من و خاتوو دکتۆر ڤاتیمە سیمینارێکمان بۆ ئامادەبوانی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی سەلاحەددین



Scanned with CamScanner

- هەولێر پێشکەش کرد، دوای ئەوو لە ڕۆژانی ٤-٥/٤/٢٠٠٧، بەشداریمان کرد لە کۆنگرەی چوارەمی (جودة كليات التربية و الاصلاح المدرسى) لە زانکۆی (جنوب الوادى) لە پارێزگای (قینا) لە وڵاتی میسر.

سەرەتا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەڵ لەلایەن خاتوو دکتۆر فاتیمە پێشکەش کرا دەربارەی چۆنیەتیی چوون و هاتنەوەمان و شێوازی کۆنگرەکە، ئینجا باسی توێژینەوەی خۆی کرد، دوایی بواری بە من دا باسی (٢) توێژینەوەی ئەو کۆنگرەیە بکەم کە یەکێکیان لەسەر سیستەمی وەرگرتن لە کۆلێژی پەروەردە بوو لە زانکۆی (اسیوط) لە میسر و ئەوەی دیکەیان لەسەر پەروەردەیی کرداریی بوو (التربیة العملیة) لە وڵاتی میسر. جگە لە پێشکەشکردنی چەندان پێشنیاز بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتی میسر لە بواری هاوینە هەوار و ڕێگاوبان و شوێنەوار و نیشتەجێکردن و گەشتوگوزار.

لە ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ پرۆژەیەکی هاوبەشی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانکۆی ئەپەلەچەنی حکومی ئەمریکی هەبوو بۆ پەرەپێدانی پرۆگرام وپێشەوایەتی. دوو مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان هەڵبژارد بۆ ئەم پرۆژەیە بۆ سەردانی ئەمریکا کە یەکێکیان د. فاتیمەی هاوژینم بوو وئەوی تریان د. محەمەد کەلاری بوو بۆ ماوەی ١٠ حەفتە سەردانی ئەو زانکۆیەیانە کرد. منیش ڕێگەم پێدا بۆ یەکەمجار ئەوەندە دوور بێت لێمان لەبەر پشتگیریی کردنی وهاندانی بۆ بەرەپێشبردنی پسپۆرییەکەی وخزمەتکردنی ڕەوتی زانست لە کوردستان.

هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانە، لە میدیاکانیش، کەسێکی چالاک و جست و بەکاربووم، لە دەیان بەرنامە و دیدار و چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی ئامادەبوویم و بەرنامەی تایبەتم، وەک مامۆستای دەروونزانی، پێشکێش کردوە. بەرنامەیەکی زۆر کاریگەرمان لەسەر سووتانی ژنان لە کەناڵی سپێدە، هاوبەش لەگەڵ دکتۆر نووری هرزانی ـ مامۆستای کۆمەڵزانی، لە ٢٧ی نیسانی ٢٠٠٧ پێشکێش کرد. ڕۆژی پێشتریش لەگەڵ دکتۆر محەمەد سەدیق خۆشناو. سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین و دەستەیەک لە هاوپیشەکانم، چووین و بەشە ناوخۆییەکانی (١٨)ی شوباتمان، بۆ یەکەمجار، کردەوە.



Scanned with CamScanner

بۆ ماوەی شەش مانگ من لەگەڵ دەستەیەک لە مامۆستایانی پسپۆڕ لە ڕێکخراوی (RTI)ی ئەمەریکی لە عینکاوە بە گرێبەست، وەک شارەزا و ئەزموونـدار کارمان کرد. ئەو مامۆستایانەی لەگەڵماندا بە شێوەی (بەشی هەفتانە ٢٠ دەمژمێر) کارمان دەکرد، ئەم بەڕێزانە بوون: دکتۆر وەصفی تاهیر، مامۆستا وریا عەلی عوسمان شەقڵاوەیی، بیلال سەید ئەحمەد پێنجوێنی، مامۆستا خالید خۆشناو. ڕێکخراوی (RTI) ئەمریکی، دەیان خوولی بۆ فەرمانبەر و بەرپرسان بەڕێوە برد لە پێنج پارێزگاردا: هەولێر سلێمانی، دهۆک، کەرکووک، مووسڵ.

بەرنامە و دیدارەکانم لە ڕادیۆیەکانی هەرێم زۆرن، هێندێکیان لە بازنەی پرسیاری هاوڵاتی و وەڵامدانەوەی ئێمە بووە.

لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، لە زانکۆی کۆیەش لە ٢١ی شوباتی ٢٠١٣ بەشدارین بووین، دکتۆر خدر مەلا مەعسووم - سەرۆکی زانکۆی کۆیە، چاودێری ئەو کۆنفرانسە و دکتۆر دیلان ڕۆشانی، سەرپەرشتیار بوون.

تۆمارگەی کۆڕ و چاوپێکەوتن و سیمینارەکانم دوور و درێژە، لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ لە سەر داوای مامۆستا حەسەن حەمەد عەبدوڵلا، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندی لاولاوی نموونەی تێکەڵ لە هەولێر، سیمینارێکی جوان و بە سوودم پێشکێش بە خوێندکاران و مامۆستایان کرد بە ناونیشانی (ڕۆڵ و ئەرکی قوتابیانی قۆناغی هەرزەکاری).

لە جێیخۆیەتی، لێرەدا بچەمە سەر قسە و باسی ئەو چاوپێکەوتنەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٨ من لەگەڵ خاتوو نەجلا ڕەئوف خانەقا، هاوسەری بیرمەند مەسعوود محەمەد ئەنجامم دا. زۆر ڕۆشنایی خستە سەر ژیری و لێهاتووی ئەو پیاوە مەزنە لە لایەنی بیرکردنەوە و بیروبۆچوونی دەربارەی گەردوون و ئایین و پەروەردە و کەلەپوور و زمان و ئەدەب، ئەوا جگە لە باس و خواسی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەو خاتوونە، باسی بیرتیژیی و هزری قووڵی مەسعوود محەمەدی دەکرد کە هەموو کەسە ناودارەکانی کورد و ناوچەکەی دەناسی و زانیاریی وردی هەبوو، جا ئەو لە هەر چین و توێژ و پایەیەك دابووبێ. ئەو خوولیای تەماشاکردنی فلیمی هەبووە و هەفتانە حەوت هەشت فلیمی تەماشا کردوە تاوەکو ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو. بۆیە ئاشانایەتی لەگەڵ



Scanned with CamScanner

کەسێتی و زمان و بەهرەمەندی هونەرمەند و ئەکتەرەگەورەکانی جیهان پەیدا کردبوو. زۆربەی کاتەکانیشی بە خوێندەوە و نووسین هەر لە ماڵەوە بەسەر بردوە. وەک جێنشینی بنەماڵە گەورەکەی مەلای گەورە بەردەوام خەڵکی کۆیە و هەولێر لە بەغدا سەریان لێداوە و چی لەدەستی هاتووە بۆیانی کردوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتیی بەرفراوانی لەگەڵ گەورە پیاوان و ناودارانی کوردی هەبووە؛ جگە لە کەسایەتییە دیارەکانی عێراقی و عەرەب. دۆست و هاورێکانی لە کۆییەکان و لە هەولێر، ماڵی موفتی و دزەییەکانی هەولێر و کەسە دیارەکانی وەکو: ڕەجەب عەبدولحەمید و ناجی طالب و دکتۆر کەمال مەزهەر بوون. ڕێزی گەورە و بچووکی دەگرت و نەی دەگوت: کاتم نییە. جۆرەها خەڵك دەهاتنە لای لەوانە: قوتابی و مامۆستا و نووسەر و کەسانی دیکە بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان، کەسی ڕەتنەکردۆتەوە و تەقسیریشی نەکردوە لە کۆمەکی کردنی کەسانی دەستکورت. ڕۆژانەش یادداشتەکانی خۆی تۆمارکردووە، بە باسی کەش و هەواو و بەفر و بارانەوە.

لە زاری بناری کچە تاقانەکەی گێڕاویتەوە دەڵێ: باوکم هەم باوك و هەم باپیر و هەم هاورێیەکی ڕێنیشاندەرم بووە؛ ئەوەی پێی سەرسام بووم لە باوکم هاورێتی و بەزەیی هاتنەوە بەو پشیلەیەی کە لە دەرەوەی ماڵ و لە باخچەکەمان بوو خۆی لەکاتی خۆی خواردن و ئاوی بۆ دادەنا. بایەخێکی زۆری بە باخچەی ماڵەوەمان دەدا؛ لە پاراستن و ئاودان؛ زۆر هۆگریی پشیلەکان بوو کە فیتەیەکی بۆ لێدەدان، یەکسەر پشیلەکە و بێچووەکانی دەهاتن بۆ لای و ئەویش ئاو و خواردنی بۆ دادەنان.

بە گوتەی خاتوو نەجلا، هاوسەرەکەی حەزی لە هەموو خواردنێکی خۆش و بەتام بووە کە بە دەستاوێکی خۆش ئامادە دەکرا. لە پۆشاکیپۆشینی تابلێی پۆشتە و پەرداغ و ڕێکوپێک بووە و هەمیشە قاتی لەبەردەکرد و کەرەوێتەوەی بەستووە.

لە ڕۆژی ٢٠١٧/١/٢ش، لە شاری سلێمانی و لە ماڵەکەی خۆی سەردانی محەمەدی مەلا کەریمم کرد. چونکە بێحاڵ و پەرێشان لەسەر جێ کەوتبوو، بۆی نەکرا هیچ دەربارەی مەسعوود محەمەد بڵێ. بەڵام دوای دوو ڕۆژان، چوومە لای کامەران عەبدولصەمەد بەننا، لە گەڕەکی زانکۆ لە هەولێر. ئەو

دەربارەی کەسێتیی مەسعوود محەمەد گوتی: کەسێکی سادە و ساکار بوو؛ تەنانەت لەگەڵ منداڵانیشدا خۆی بە گەورە و زل نەدەزانی و زۆر ڕێزی لە میوانەکانی دەگرت و لەپێش گەیشتنیان دا؛ خۆی بۆ ئامادە دەکردن و پێشوازیەکی گەرمی لێ دەکردن. پۆشتە پۆش و هەمیشە ڕیشی دەتاشی. تاشترابوو. زۆر ژینگەدۆست بوو، باڵندەکانی بە ئاسمانەوە دەژمارد و دەیزانی باخەکەیماڵیان چەند نارنجی گرتووە.

کاك کامران دەڵێ: بە منداڵی باوکم دەیگێڕایەوە: بەیەکەوە لەگەڵ مامۆستا مەسعوود محەمەد دەچوینە (حماموك) و گوندی (جەلی). جارێکیش منداڵان لەدەم ڕەزەکانی کۆیە، بۆمبێك دەدۆزنەوە و یاریی پێدەکەن، هەرچەند کاك مەسعوود ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە مەترسیدارە و دەتەقێتەوە، بێ هوودە دەبێ، هەر ئەو دەگاتە ماڵەوە، بۆمبەکە زرمەی دێ و دەتەقێتەوە و کوژراو و زامداری لێدەکەوێتەوە.

کامەران دەڵێ، جارێک کاك مەسعوود نامەیەکی دامێ بیبەم بۆ پۆستەخانە. نامەکە بۆ قدامە ملاح بوو کە لە پێشکەشکاری بەرنامەی (العلم للجميع) بوو لە ئوردن. لەو نامەیدا زانستیانە سەلمانبووی کە شەو و ڕۆژ ٢٣ دەمژمێر و چەند دەقیقەیەکە، نەک ٢٤ دەمژمێر. بڕیاربوو کە کاك مەسعوود خۆی لەو بەرنامەیە ئامادەبێ و قسە لەسەر ئەو باسە بکە، بەڵام لە لایەک قدامە ملاح کۆچیی دوای کرد و کاك مەسعوودیش ئەو کات هەڕەشەی کووشتنی لێکرابوو، ،لەلایەن چەند کوردێکی ناحەز!

کامەڕان دەڵێ، کاك مەسعوود نامەیەکی بۆ سەعدوون حەمادی ــ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقی، نارد، نووسی بووی، ئەو پۆستە پلە و مەقامی تۆی داشکاندووە، نەدەبوو وەری بگری.

ئەو باسی ئەو نامەش دەکات کە بەدەستی خۆی بۆ پرسگەی گۆڤاری (القبس)ی کوێتی بردبوو، کاك مەسعوود بۆ جاسم محەمەد صەگری نووسی بوو، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک، ڕووداوەکانی گرتنی کوێتی بەسەر داهات.

لە ساڵی ١٩٩٠یش، کامەڕان بە ئۆتۆمبیلی مامۆستا مەسعوودی بردووەتە میوانخانەی شیراتۆن، لەوێ ئەو چاوپێکەوتنی لەگەڵ دکتۆر محەمەد معایرج



Scanned with CamScanner

هەبووە، کە نێردراوی شێخ زاید بووە. دانیشتنەکەیان دەربارەی چاپکردنی وەرگێرانی قورئانی پیرۆز بووە بە زمانی کوردی. دیارە ئەوان زانیوویانە مەلا محەمەدی باوکی کاک مەسعوود بەو کارە هەڵساوە. دواتر نازانرێ ئاکامی ئەو دانیشتە بە کوێ دەگات و پرۆژەکە چی لێدێتەوە.

لە ساڵانی هەشتایەکاندا، مامۆستا مەسعوود وتارێکی تەنزئامێز دەربارەی ئەو پسوولەی (٣٥٠) دینارە دەنووسێ و بڵاودەکاتەوە کە وەک هەقی ئاو بۆی هاتووە. ئەو وەک وەزیری خانەنشین مووچەکەی هەر (١٣٠) دینار دەبێ. سەددام حوسێنیش داوا لە لەتیف نسەیف جاسم، وەزیری ڕاگەیاند دەکات، سۆراغێکی بۆ بکات بزانێ ئەو نووسەرە زمان خۆش و پاراوە کییە ئەو بابەتەی لە ڕۆژنامە بڵاوکردووەتەوە. لەتیف نسەیف دووجار تەل بۆ کاک مەسعوود محەمەد دەکات تابزانی چی پێویستە و ئامادەیە ئۆتۆمبێلی نوێی پێشکێش بکات، بەڵام کاک مەسعوودی جەلی زادە دەڵێ: لەخوا بەزیاد بێ، پێویستی بەهیچ شتێک نییە.

لە یەکێک لە دانیشتنەکانی شەکراو خواردنەوە لە یانەی پارێزەرانی بەغدا لەسەر مێزێک دانیشتبووین، مامۆستا مەسعوود محەمەد و د. کمال مەزهەر و فۆاد عارف و خۆم بووین، دیتم خەلیل ڕویتر کە ڕۆژنامەنووسێکی گەورە و بەناوبانگی عەرەبی بوو؛ هاتە لای مامۆستا مسعوود محەمەد و پێیگوت: محەمەد حوسێن، لە سویسرا تووشی بووم باسی بەڕێزتانی کردوو گوتویەتی (إنه أعلم منا باللغه العربیه)، سڵاوی لێ بکە ئەگەر دیتتان.

ئەم باس و خواسانەی مامۆستا مەسعوود هەرچەندە ژیاننامەی من نییە، لێ بۆیە دەیانووسم، چونکێ دەزانم ئەو پیاوە مورید و هەواداری زۆرن و حەزدەکەم شتی نەبستراو دەربارەی ئەو بخوێننەوە.

لە ١١ی نیسانی ٢٠١٧، سیمینارێکم بۆ مامۆستایانی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین پێشکەش کرد بە ناونیشانی (چۆن گۆڕانکاری لە ژیانت دا دەکەیت؟) بە ئامادەبوونی ڕاگری کۆلێژ و ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی هەموو بەشەکانی کۆلێژ و بووە مایەی ڕەزامەندی ئامادەبووان.

دوای چوار ڕۆژان، لە ناوەندی سەنتەری وەرزشی ئۆکسجین، لە شارۆچکەی

دبس، بۆ ٣٠ ژنی بەشداربووی ئەو ناوەندە، سیمینارێکم گێڕا.

لە ١١ی ئایاری ٢٠١٧ لە نووسینگەی دەزگای ڕوانگە لە هەولێر من و دکتۆر نزار م حەمەد توفیق لە شارۆچکەی بەردەرەش خۆشی مامۆستایە لەزانکۆی دهۆك پسپۆڕی وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی یە لە وڵاتی مالیزیا دکتۆرای وەرگرتووە. سەرنج و تێبینییەکانی خۆمان دەربارەی (فەرهەنگی سەردەم) خستەبەرچاو. کاک عەبدولسەلام مەدنی سەرپەرشتیاری ئەو دەزگایە بوو. بەڵام بەداخەوە هەر ئەو کۆبوونەوەمان کردو بێ ئەنجام بووا!

هەر لەو ساڵەدا خوولێکی تایبەتم بۆ ڕاهێنان لەسەر ڕێگاکانی وانەوتنەوە بۆ چەندان مامۆستای زانکۆکانی هەولێر و کوردستان ئەنجامدا.

لە ساڵی ١٩٩٨ تاکو ساڵی ٢٠١٧ نزیکەی (٢٢) خوولی ڕێگاکانی وانە وتنەوەم بۆ مامۆستایانی زانکۆکانی سەڵاحەددین لەهەولێر و زانکۆی کۆیە و زانکۆی ڕاپەڕین و زانکۆی جیهانی تایبەتی و زانکۆی عیشقی نێودەوڵەتی و زانکۆی پۆلۆتەکنیکی هەولێر پێشکەش کرد.

هەر لە هاوینی مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠١٧، لەلایەن سەرپەرشتیارانی (سەنتەری هاوسۆزی)، خێرخوازیی بۆ بێ باوکان وکەم دەرامەتان؛ داوام لێکرا لەگەڵ منداڵان وکەس وکاریان چاوپێکەوتن بکەم و لەڕووی دەروونی وپەروەردەیی وکۆمەڵایەتییەوە گوێ لەگیروگرفت و ئاریشەکانیان بگرم.

لە یەکەم چالاکیم لە ساڵی ٢٠١٨، لە ٤ی نیسان، بەشداربووم لە کۆنفرانسی (سەنتەری توێژینەوەی و ئەکادیمیای پارتیی دیموکراتی کوردستان) لە هۆڵی پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکاریی لە سەنتەری ڕۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین.
کۆنفرانسەکە تایبەت بوو بە شاڵاوی ئەنفالی بەدناو. من لەوێدا قسەکانی دڵی خۆم هەڵڕشت و پێشنیازەکانم خستە بەرچاوان.

من لێرە تاقە دێڕێک دەربارەی کار و چالاکی و ئەرکەکانی ڕۆژانەی خۆم لە نێو پۆل و هۆڵەکانی وانەگوتنەوە باس ناکەم، چونکە ئەوە ئەرکێک بووە، وەکو پێویست و سوونەت بووە بۆمن و هیچ منەتێکی تێدا نەبووە.

لەو ساڵەدا، کە خۆم ئەندام بووم لە لیژنەی باڵای سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەددین، بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی وەک (کۆڕسبووک) لە پۆلی یەکەم



Scanned with CamScanner

دەخوێندرا، ئەمە لە ئامادەکردنی پ. د. ئیبراهیم حەمەرەش بوو ـ ئەوکات پ. د. دڵاوەر عەزیز عەلائەدین وەزیری خوێندی باڵا و توێژینەوەی زانستی بوو. بۆ ماوەی شەش ساڵ ئەو کورسبووکە لە هەموو زانکۆکانی هەرێمدا دەخوێندرا. پ. د. فاتیمە ڕەشید باجەلان، بەڕێوەبەری پەرپێدانی پرۆگرام لە سەرۆکایەتی زانکۆ، ساڵانە ۆورکشۆپ و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو بابەتە دەکرد، کە دواتر ناونیشانەکەی گۆڕا بۆ (گفتوگۆی ئەکادیمی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە). کە پ. د. نەبیل عادڵ فەخری بوو بە بەڕێوەبەری پەرپێدانی پرۆگرام و دڵنیایی جۆریی، ناونیشانەکەی بوو بە (کارامەییە ئەکادیمییەکان). من لە لیژنەکانی (کارامەییە ئەکادیمییەکان) و (کوردناسیی گشتی) ئەندام بووم.

لەو ساڵەشدا، لە هۆڵی عەبدولقادر فەرهادی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، سیمینارێکم بە ناونیشانی (سایکۆلۆژیەتیی پیاوی توندوتیژو سایکۆلۆژیەتیی ژنی ستەملێکراو) ئەنجامدا.

***

بۆ مێژوو، حەزدەکەم چەند مەڵۆیەک لە پێشنیار و پێشنیاز و پلان و نەخشەم بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ژیان و گوزەران و حکوومڕانی هەرێم بخەمە بەرچاو، کە لە دڵڕا، ویستوومە وەک دەستگر و چاوساغ و ڕابەر، خۆبەخشانە، هاریکار و هەماهەنگ بم بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگای کوردەواری و حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان. ئەم بابەتانە هەمووی بە دۆکیومێنیت و بەڵگە خراونەتە ڕوو و پارێزراون.

پێشنیازەکان بۆ بەردەم وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، (٢٨/٦/٢٠١٩):

١) پیاداچوونەوە بە مۆڵەتی پێدانی پەخشی کەناڵە ئاسمانییەکان و خۆجێیەکانی هەرێمی کوردستان لەم لایەنانەی خوارەوە:

أ- پابەند بکرێن لە بایەخ پێدان لە ڕووی زمانەوانیی کوردی و دانانی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە زمانی کوردی دا لە هەر کەناڵێك.

ب- لەکاتی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و تەنانەت یەڕتووکەکان پێش چاپکردنیان ڕەچاوی لایەنی زمانەوانی بکرێت. پابەند بکرێن لە هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەك پسپۆڕێکی زمان و ئەدەبی کوردی هەبێت.



Scanned with CamScanner

ج- پێش چاپکردنی هەر بەرتووکێک ڕەوانەی لای پسپۆڕێکی زمانی کوردی بکرێت.

پێشنیازەکانم بۆ بەردەم بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم (٢٨/٦/٢٠١٩):

١) پێداچوونەوە بە سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی و پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەت لە ڕووی زمانەوانی بۆ بەرتووکەکانی (دانان و وەرگێران). لەلایەن شارەزایانی پسپۆڕی و کەسانی دڵسۆز بە مەبەستی چارەسەرکردنیان.

٢) بایەخ و گرنگیدانی زیاتر بە قۆناغی باخچەی منداڵان؛ کە بناغەی هەموو قۆناغەکانی تری پەروەردەیی یە:

أ- لە ڕووی یارییە پەروەردەییەکان.

ب- هەڵبژاردنی ئەو سروود و گۆرانییانەی لە ڕووی زمانەوانییەوە ئاسان و واتادار و خاوەن بەهای بەرزنو لەلایەن لێژنەیەکی شارەزاو پسپۆڕ گوڵبژێر بکرێن.

٣) کردنەوەی خوولی بەردەوام بۆ مامۆستایانی گشت قۆناغەکانی خوێندن، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زمانەوانی و چۆنییەتی ئاخاڤتن و بەکارهێنانی ڕێنووسی کوردی دزووست.

٤) لە دانانی پرسیارەکانی پۆلی (٩) و (١٢) لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕەچاوی خاڵبەندی و واتا و دارشتنی ڕستەکان بەپێی ڕێزمانی کوردی درووست و ڕێنووسی کوردی بکرێت.

پێشنیازەکانم بۆ بەردەم وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی،(٢٨/٦/٢٠١٩):

١) پێداچوونەوە بە ناوی مزگەوتەکانی پارێزگاکان و شار و شارۆچکەکان و گوندەکانی کوردستان بکاتەوە، لەم لایەنانەی خوارەوە:

أ- ناوەکان با ناوی کوردی بن لە ناوی زانایانی ئایینی کورد کە بە درێژایی مێژوو زانای وامان هەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە جێگەی شانازین.

ب- پێداچوونەوە بەناوی قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستان و ناونانیان بەناوی کوردی ڕەسەن.



Scanned with CamScanner

ج- لـه ڕێگـەی گشـتاندن بـۆ وتاربێژانـی ڕۆژانـی هەینـی گشـت مزگەوتەکانـی کوردسـتان بـە زیاتـر گرنگیـدان بـە وتـاری هەینـی لـە ڕووی زمانـی کوردیـی دا.

د- کردنـەوەی خوولـی ڕاهێنـان و پەرەپێدانـی ئاسـتی مامۆسـتایانی ئایینـی گشـت مزگەوتەکانـی کوردسـتان لـە ڕووی زمـان پـاراوی کـوردی و چۆنێتـی نووسـین و پێشکەشـکردنی وتـاری هەینـی یـان بـە تایبەتـی لـە ڕووی خاڵبەندییـەوە.

پێشنیازەکانم بۆ بەردەم وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، (٢٨/٦/٢٠١٩):

١) چاوپێخشـاندنەوە بـە گشـت تابلـۆی نێـو بـازاڕ و دوکان و شـوێنە گشـتییەکان؛ چاککردنەوەیـان لـەم ڕووانـەی خـوارەوە:

أ- زمانـی یەکەمـی سـەر ئـەم تابلۆیانـە دەبـێ کـوردی بێـت. ئینجـا زمانـی دووەم عەرەبـی، زمانـی سـێیەم ئینگلیـزی بێـت.

ب- هەڵبژاردنـی نـاوی شـەقامەکان و گۆڕەپـان و پارکـەکان بـە زمانـی کـوردی شـیرین و ناوێکـی دیـاری کـوردەواری بێـت (گـەورە پیاوانـی کـورد، زانایـان، ڕۆشـنبیران، نووسـەران، ڕووناکبیرانـی کـورد.. . تـاد. )

ج- لـە شـوێنە گشـتیەکانی گەشـتوگوزار (هاوینەهـەوارەکان) ڕێبـەری گەشـتیاری هەبێـت بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی.

د- زیندووکردنـەوەی خواردنـی کـوردەواری بـە گشـت ناوچـە و دەڤەرەکانیـەوە، چ بـە پێشکەشـکردنیان و ناونووسـکردنیان لـە چێشـتخانەکاندا؛ بـە نـاوە کوردەوارییەکـەی خـۆی و بایـەخ پێدانـی زیاتریـان لەبـەردەم گەشـتیاریی بیانـی دا.

پێشنیازەکانم بۆ بەردەم ئەکادیمیای کوردی، (٢٨/٦/٢٠١٩):

١)ناوی ئەکادیمییای کوردی بکرێتە (ئەکادیمیای زمانی کوردی).

٢) زمانـی سـتاندەری کـوردی یـەکلا بکاتـەوە بـە شـێوەزاری ناوەڕاسـت (موکـری – سـلێمانی – هەولێـر) یـا زمانـی (نالـی و مەحـوی و سـالم و کـوردی).

٣) یەکنووسـی ڕێنووسـی یەکگرتـووی کـوردی. لـە دانـان و وەرگێـڕان پـرس بـە ئەکادیمیـای کـوردی بکرێـت.

٤) چاوپێخشـاندنێکی ورد بـە هەڵبژاردنـی ئەندامانـی ئەکادیمیایـی کـوردی دوور



Scanned with CamScanner

لـە حزبایەتـی و دەسـتتتوەردانی دەرەکـی ئـەو دەزگایـە؛ بنەمـای شـارەزایی و پسـپۆڕی و لێهاتـووی بکرێنـە پێـوەر (مەحـەک).

پێشـنیازەکانم بـۆ بـەردەم وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی، (٢٠١٩/٦/٢٨):

١) گەڕاندنـەوەی شـکۆی زمانـی کـوردی بـە هاوکاریـی وەزارەتـی پـەروەردەی هەرێـم. بەتایبەتـی بـۆ تاقیکرنەوەکانـی کۆتایـی سـاڵی پۆلـی (١٢) بـە هەمـوو ئامادەییەکانـەوە.

٢) ئـەو مامۆسـتا و قوتابیانـەی لـە زانکۆکانـی هەرێـم دەخوێنـن و وانـە دەڵێنـەوە دەبـێ لـە مـاوەی (٦) مانـگ تـا (١) سـاڵ فێـری زمانـی کـوردی ببـن (واتـا ئایلسـی کـوردی هەبـێ!) و ئەمـە خاڵـی یەکـەم و مەرجـی سـەرەکیی وەرگرتنیـان بێـت.

٣) بایـەخ بـە زمانـی کـوردی بدرێـت؛ سـەرەتا لـە زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان بـۆ بابەتەکانـی خوێنـدن. دوایـی دەسـتبکرێت بـە ڕشـتە زانسـتییەکان.

***

ئامادەکـردن و پێشکێشـکردنی سـیمینارێک بـۆ مامۆسـتایانی باخچـەی منداڵانـی سـنووری پـەروەردەی سـۆران، یەکـەم چالاکیـم، بـوو لـە سـاڵی ٢٠١٩. ئەوجـا خوولێکـی سـەربەخۆم بـۆ فەرمانبـەران و مامۆسـتایانی پەیمانگـەی تەکنیکـی سـۆران سـاز کـرد. بـۆ ئەفسـەران و کارمەندانـی پۆلیسـی ئـەم دەڤـەرە (بـە سۆران و ڕواندزیشـەوە) خوولـی تایبەتـم بـە کارو ئەرکەکانـی ئـەوان ئەنجامـدا. لـەم دەڤـەرەدا مامۆسـتایانی ئایینیـي سـەر بـە فەرمانگـەی ئەوقافـی سـۆرانم فەرامـۆش نەکـرد و بابەتێکـم بـە ناونیشـانی (توندوتیـژی لـە خێـزان و کۆمەڵگـەدا و ڕۆڵـی مامۆسـتایانی ئایینـی لـە کەمکردنەوەیانـدا)، پێشـکێش کـرد.

لـە زانکـۆی لوبنانـی – فەرەنسـی لـە هەولێـرێ لـە ٢٠١٩/٩/٢٦ لەبـەردەم کۆمەڵـێ لـە مامۆسـتایان و قوتابیانـی زانکـۆ و میوانانـی دەرەوەی زانکـۆ سـیمینارێکم بـە ناوونیشـانی (پـەروەردەی خێـزان) کـە بابەتێکـی گرینـگ و هەسـتیار بـوو پێشـکەش کـردن.

لە ٢٠٢٠یـش لـە چەنـدان بەرنامـەی (تـاوان و سـزا) کـە لـە کەناڵـی K٢٤ تۆمارکـرد و پێشـکێش کـرد.

لـە سـاڵانی پەتـای کۆڤیـد ـ ١٩ (کۆرۆنـا)ش، بـەردەوام لـە میدیاکانـی کوردیدا ئامادەیـی گەرمـم هەبـوو، بـە بابەتەکانـی پەیوەسـت بـە ڕێنمـای و پێشـنیاز و ڕابەرایەتیی دەروونی نەخۆش و ساغەکان و تەندروست دەروونیان.

لەسـەر پێشـنیازی پ. د. قادرمحەمـەد حەسـەن پشـدەری، ڕاگـری کۆلێـژی ئـاداب، بەشـدار بوویـن لـە خوولێکـی پێنـج ڕۆژی نێـوان زانکـۆی سـەلاحەددین و زانکـۆی العراقیـەی بەغـدا لـە سـەنتەری ڕۆشـنبیری زانکـۆ. بـەڵام بەداخـەوە بینینـم کەمکورپییەکانـی ئـەو شـوێنە یەکجـار زۆرن، لـە نەبوونـی نـەک هـەر ئـاوی خواردنـەوەی پـاک و تەنانـەت ئاودەسـتەکانیش وشـک و برینـگ بـوون و پیـس بـوون. مـن لـە ناوەنـدی قسـەکانمدا، بـە توونـدی سـەرکۆنەی بەرپرسـانی ئـەو دوو زانکۆیـەم کـرد. ئـەوە بـوو لـە ماوەیەکـی کەمدا ئـاو و سابوون و خاوێنـی و کاغەز و چـا و قـاوە و کێـک و زۆر شـتی دیکەشـیان بـۆ مەیسـەر کردیـن.

ڕۆژی دواتـر، سـەرۆکی زانکـۆ و یاریدەدەرەکـەی بـۆ کاروبـاری زانسـتی بەڕێـز پ. د. مسـتەفا عەتـار و بەرپرسـی کاروبـاری زانسـتی لـە سـەرۆکایەتیی زانکـۆ هاتنـە ژوورەوەی هۆڵـی خوولەکـە بـۆ مـاوەی (١٠) خوولـەك داوای لێبووردنـی لە ئامادەبـووان کـرد.

کاتێـک بـۆ ساڵی خوێندنـی ٢٠٢٠ – ٢٠٢١ کـە پ. د. نەبیـل عـادڵ فەخـری ناوەکانی ئەندامامانـی لیژنـەی (کارامەییـە ئەکادیمییـەکان)ی بردبـووە بـەردەم پ. د. جەوهـەر فەتـاح، سـەرۆکی زانکـۆی سـەلاحەدین، بـە د. نەبیلـی گوتبـوو تەنها پ. د. عومـەر ئیبراهیـم عەزیـز لابـدە ئەوجـا ڕازیـم لەسـەری. کـە پرسـی بـووی، خەتا و تاوانـی چییـە؟، گوتبـووی لـە سـەنتەری ڕۆشـنبیری زانکـۆ، داوای ئـاوی پـاک و خاوێنکردنـەوەی شـوێنەکان زۆر شـتی دیکەشـی کردبـوو، لـە خوولەکـە کردبووی بـە هەڵڵا!

ئەمـە مایـەوە تاکـو جەژنـی قوربانـی ئـەوە سـاڵە؛ لـە سـەرۆکایەتیی زانکۆ چوومـە ژوورەوە پ. د. جەوهـەر فەتـاح هێشـتا هـەر سـەرۆکی زانکـۆ مابـوو؛ گوتـم: جەژنتـان پیـرۆز! هەرچەنـدە دڵیشـم لێـت شـکابوو کـە ڕاسـتیان بۆ نەگێڕابوویتـەوە تـا ئێسـتا دیـارە دڵسـۆزی و خەمخـۆری مـن نازانیـت؛ هەرچەندە ئێمـە زۆر لەمێـژە ناسـیاوی و هاوڕێییەتیمـان هەیـە بەهـۆی ماڵـی خەزورانتـەوە.



Scanned with CamScanner

لەلای دانەنیشتم و ئەویش نەیگوت فەرموو؛ منیش هاتمە دەرەوە.

لـە شـەوی ١ی شـوباتی ٢٠٢٢، کۆسـتی دۆسـتێکی ئازیزمـان تـەواو خەمبـار و ماتەمبـاری کردیـن. لـەو شـەودا یوسـف مـەلا قـادر دۆڵەسـزیی گەڕایـەوە بـەر دڵۆڤانی خودای میهرەبان. شەو تا بەیانی لە مزگەوتی شەهید سەردار سەعید سۆفی بووین و دوای نیوەڕۆش لە پرسە گەرم و گورەکەیدا ئامادەبووین. من لە قۆناغی سەرەتایی بووم، دەمزانی خوالێخۆش بوو لەگەڵ محەمەدی خاڵم مەلا، کە شەوان بە مۆڵەت دەهاتنەوە ئەو دوو سێ گوندەی دەڤەرەکە، دەبووایە بە دزییەوە هاتووچۆ بکەن و نەهێڵن کەسی غەوارە پێبزانێ، نەکۆ پیاوانی میری پەلاماریان بدەن. لە بیرمە کە لە ساڵەوەختی دروێنە، ژنیان بۆ کاکە یوسف هێنا، کە ئامۆزای خۆی بوو لە گوندی دینگاوە، چەندان جێبی بچووک بەدوای یەکتریدا ڕیزیان بەستبوو و هۆڕنیان لێدەداو، ئێمەی منداڵ چەپڵەڕیزانمان بوو. منی هەشت ساڵانیش لەگەڵ ئەو جێبانە گەڕامەوە گوندی دۆڵەسزە. دەڕاسەی شیحەد لەوێ دەگەڕا و بۆ ڕۆژی دووەم بەیانییەکەی چوومە ناو بێستانی گوندۆرە و تەرۆزی ماڵی کێخوا حەسەنی باپیرم کە لەسەر چۆخینان نزیک بوو.

لـە ڕۆژی ٢٨ ی حوزەیرانـی ٢٠٢٢، لـە نێـو دەرگای پرسـگەی کۆلێـژی پـەروەردە بونیـات، هەواڵێکـی هێنـدە جەرگبڕیـان پێـدام، وەک ماسـی ژەهرخـواردووی سەرئاوکەوتوو بەدەوری خۆمدا دەسووڕامەوە. دەوری دەمژمێری هەشتی بەیانی دەچوومە ئەو کۆلێژە بۆ سەردانی پ. ی. د. سیروان عارەب سادق، کە ڕاگری ئەو کۆلێژە بوو، تا من و خاتوو دکتۆر فاتیمەی هاوژینم دوو جۆرە پرسیاری بۆ دوو مامۆستای بابەت لە پرسیاری هەڵسەنگاندنی ساڵی کۆتایی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی بۆ ببەین. پاسەوانی بەردەرگای پرسگەکە گوتی: دکتۆر، هەر ئێستا قوتابییەک چوار فیشەکی بە سەری دکتۆر کاوانی گەردییەوە ناوە و زامداری کردووە. کە چوومە لای دکتۆر سیروان و باسی ئەو ڕووداوەی کۆلێژی یاسام بۆ کرد، گوتی من وادەچمە نەخۆشخانەی فریاکەوتن. کە دواتر تێلم بۆ کرد، دکتۆر سیروانی گوتی دکتۆر کاوانی حاڵی پەرێشانەوە وا دەڕۆم بۆ ماڵی دکتۆر ئیدریس عیزەت حەمەخان، دەڵێن ئەوەیش شەهید کراوە.

وەک ئاگری پووشی پاوانم ئەو هەواڵانە لە میدیاکاندا بڵاوبوونەوە و خەمێکی



Scanned with CamScanner

قورسیان خستە دڵی تەواوی خەڵکی کوردستان. ئێمە وامان سەر لێشێوا بوو نەماندەزانی بچینە کام نەخۆشخانە و کام مزگەوت و کام گۆڕستان. خۆم و ئیبراهیمی کوڕم لە مزگەوتی محەمەد ئەلمستەفا نوێژمان لەسەر تەرمەکەی دکتۆر ئیدریس کردوو و بەرەو کۆلێژی ئەندازە و لەوێوە بۆ ماڵی خۆیان لە دێی زانکۆ نوێ. پاشان تەرمەکەمان بەرەو سلێمانی بەرێکرد.

دکتۆر ئیدریس مامۆستا بوو لە بەشی میکانیکی کۆلێژی ئەندازەی زانکۆی سەلاحەددین، ئەو لە ساڵی (٢٠٠٩) گەڕابووەوە، لە ئینگلیستان و بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێنابوو. لە خوولی ڕێگاکانی وانەگوتنەوەی زانکۆی سەلاحەددین بۆ ماوەی یەک مانگ وانەی بیردۆزەکانی فێربوون و پیادەکردنە پەروەردەییەکانم پێ گوتبوو، لە ساڵانی ٢٠١٠ - ٢٠١١ وەکو نوێنەری کۆلێژی ئەندازە لە لیژنەیەکی سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەددین ئەوکاتە پ. د. فاتمەي هاوژینم بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی خوێندن بوو لە سەرۆکایەتیی زانکۆ، هەفتانە ڕۆژانی چوارشەممە بە درێژایی ساڵێک وەکو ئەندامێکی کارا و چالاکی ئەم لیژنەیە کاری کرد. لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢١ - ٢٠٢٢) لەو کاتە بەڕێزیان و من لەگەڵ ئەندامانی کۆلێژەکانی تری زانکۆی سەلاحەددین بۆ هەردوو کۆرسی خوێندن لە لیژنەی ئایدیا و توێژینەوەی دەرچوون لە وەرزی یەکەم و بۆ پۆستەر و پرۆژەی دەرچوو لە وەرزی دووەم بە درێژای ئەو ساڵە کارمان بەیەکەوە دەکرد. زۆر شارەزاییانە و بوێرانە و هەق بێژانە ڕۆڵی خۆی دەبینی لەم دوو لیژنەیە. ئەو کەسێکی زۆر لە ڕوو بوو، تەنانەت کە ڕایەکانی دەردەبڕی. منیش بە دەست هێمام بۆ دەکرد لەسەرخۆ، زەردەخەنەی دەهاتێ. دوای لێم دەپرسی بۆ وا؟! دەیگوت: دەمەوێ بزانم تۆ تورە دەبیت؟!. دیارە بوو پێیانگوتبوو کە عومەر هەرگیز تووڕە نابێ. جا دەیگوت بزانم تووڕە دەبی یان نا! بەڕاستی ئەو مامۆستایە کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆر و زانستپەروەر و کوردپەروەر بوو، بەداخەوە شەهید کرا.

من و دکتۆر کاوانی ئیسماعیل گەردی، هەر لە خوولی ڕێگاکانی وانە گوتنەوە ناشنایەتیمان پەیدا کرد، لە کۆتایی هەموو خوولێک دەبوایە تاقیکردنەوە و سیمینار پێشکەش بکەن، لە سیمینارەکەی بەڕێزیان بەندە سەرۆک و ئەندامی لیژنەکەی بوو. لە میانەی پێشکەش کردنی سیمینارەکەی کە بڕوایی و متمانەی



Scanned with CamScanner

زۆری بەخـۆی هەبـوو کـە بابەتەکـە بەشـێک بـوو لـە تێـزی دکتۆراکـەی. لەبـەر گرینگـی بابەتەکـەی کـە لـە سـەر گرێبەسـتیی کۆمپانیـاکان بـوو، داوای دانەیەکـم کـرد لـە بەڕێزیـان ئەویـش بـۆ ڕۆژی دووەم بـە دیـاری دانەیەکـی پێشـکەش کـردم. لـەو ڕۆژەوە بوینـە هاوڕێـی یەکتـری تەنانـەت باسـی دایکـی میهرەبانـی خـۆی بـۆ دەکـردم منیـش نـاوە نـاوە هەواڵـی دایکـم دەپرسـی. دەمزانـی کـە کەمـێ نەخۆشـە. ئـەم پەیوەندییەمـان بـەردەوام بـوو تاکـو پێـش شـەهیدکردنی بـە دوو هەفتـە کـە پلـەی پرۆفیسـۆری وەرگـرت لـە ئاهەنگـی ڕێزلێنانـی ئـەو (٥٩) پرۆفیسـۆرە لـە نێـوان ساڵانی (٢٠٢٠ - ٢٠٢٢) یەکێکیـان بەڕێزیـان بـوو، بەتایبەتـی چوومـە لای پیرۆزبایـم لێکـرد و زۆربـەی زۆری ڕاگرەکانـی زانکـۆ دەورەیـان لـە یەکتـری دابـوو، منیـش پێـم گوتـن: دەزانـم زۆرتـان نەمـاوە لابرێـن، بـەڵام لاتـان ئاسـایی بـێ و هەرگوێشـی مەدەنـێ، جـا ئـەم و هۆنراوەیـەم بـۆ خوێنـدەوە:

وەزیفە تا سەر بۆ کەس نامێنێ

گەر باوەڕ ناکەی کوا ئەوەی دوێنێ

لە ئیشی باشا درێغی مەکە

گەر تۆش لابرێ ئەو هەر دەمێنێ!

هـەزار سڵاو لـە گیانـی پاکـی پ. د. کاوانـی ئیسـماعیل گـەردی و جێـگای بەهەشـت بێت.

دوای ئـەوەی نوێـژی نیـوەڕۆم لـە مزگەوتـی زانکـۆی تیشـک کـرد بـەرەو مزگەوتـی صـواف بەڕێکەوتـم لـە دەمژمێـری یەکـی نیـوەڕۆ تاکـو چـواری عەسـر ئامـادەی پرسـەکەی هـەردوو شـەهیدی زانکـۆ: دکتـۆر کاوانـی ئیسـماعیل گـەردی و دکتـۆر ئیدریـس عـزت حەمەخـان بـووم. پرسـەکە زۆر قەڵەباڵـغ بـوو هەمـوو سـەرکردەکانی میـری و پەرلەمـان و دامـودەزگا حکوومـی و حزبییـەکان لـەوێ ئامـادە بـوون. ئاپوورەیەکـی زۆری خەڵکـی شـار و دەوروبـەر لـەوێ هاتبوونـە پرسـەکە. بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژانیـش لەسـەر داخـوازی وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی، ئـاڵا لەسـەر تـەواوی باڵەخانـەکان هاتـە خـوارەوە و ماتەمینـی گشـتییان ڕاگەیانـد.

لـە ڕۆژی ٢٩ / ٦ /٢٠٢٢، پـڕۆژەی چـوار قوتابـی خوێندنـی دکتـۆرای بەشـی ڕێنماییـەکان لـە کۆلێژی پـەروەردەی زانکۆی سـەلاحەددین دەبووایـا بەدواداچوونی



Scanned with CamScanner

بـۆ بکـرێ. مـن و هەریـەک لـە دکتـۆر سـەلوا ئەحمـەد ئەمیـن و دکتـۆر عیزەدیـن ئەحمـەد عەزیـز لەگەڵـم بەشـدار بـوون.

کـە دەمژمێـر (١١) تـەواو بوویـن بـەرەو زانکـۆی تیشـک بـەڕێ کەوتـم و سـەردانی پ. د. فایـق سـەعید، ڕاگـری کۆلێـژی (زانسـت)م کـرد لەسـەر مەسـەلەی هەڵـەی دوو گرووپـی قوتابیانـی توێژینـەوەی دەرچـوون، کـە یەکێـک لـە قوتابییـەکان (بووکەکەمـان) هاوسـەری ئیبراهیمـی کـوڕم بـوو.

دوای گازانـدە و دۆزینـەوەی هەڵەکـە کـە نمـرەی یەکـێ لـە ئەندامانـی ئـەو دوو لیژنەیـە لـە بیرکرابـوو، چەندانـی قوتابـی زیـرەک، لەوانـە یەکـەم و سـێیەمی ئـەو پسـپۆڕییەی تێدابـوو، دوای دوو کۆبوونـەوەی چڕوپـڕ و دوورودرێـژ، پ. د. فایـق کێشـەکەی چارەسـەر کـرد. جێگـەی ئاماژەیـە کـە مـن لەوەتـی سـاڵی ١٩٩٨ەوە ئاشـنایەتیم لەگـەڵ بەڕێـز پ. دکتـۆر فایـق هەیـە، ئێمـە لـە گەڕەکـی ڕووناکـی ئەوان لـە گەڕەکـی ئەندازیـاران. جـا چاکەیەکـی ئـەو بەڕێـزە هەرگیـز لـە بیـر ناکـەم کـە برێـک پـارەی پێـدام بەقـەرز بـۆ کڕینـی کەرەسـتە و کەلوپەلـی پێویسـتی ناومـاڵ. ئـەوا جگـە لـەو سـەیران و گەشـتە خۆشـەی کـە ،لەسـەرەتای بەهـاری ١٩٩٩ لەگـەڵ تـەواوی خاوخێزانیـان و چەندانـی مامۆسـتا و دکتـۆری بەڕێـزی تـر، بەیەکـەوە چووینـە هاوینەهـەواری بێخاڵـی نـازدار و خـۆش و سـازگار. ئـەم بیرەوەرییانـە هەرگیـز لەبیرناکرێـن.



Scanned with CamScanner

# ئەو مامۆستا و هاوڕێیانەی هەرگیز لە بیرناکرێن: ١

## ١) کاک تاریق جامباز:

ساڵی ١٩٨٦ بوو کە تازە کاک تاریق جامباز یەکەم بەرهەمی فۆلکلۆری کوردی خۆی بەناوی (تێکستی هەشت چیرۆکی ئەفسانەی کوردی) بە چاپ گەیاند لەنزیکەوە کاک تاریقم ناسی، چونکە پێشتر لەدوورەوە دەمناسی کە کەسێکە لەبنەماڵەی جامبازانی شاری هەولێرە.

کاک تاریق و مام سەید مولودم بەیەکەوە ناسی و ئاشنایەتیان لەگەڵ کردم بەجووتە دەهاتنە لام لەماڵەوە بەلای کەمی هەفتەی جارێک هەندێ جاران دووجار و بگرە سێ جار، بەپێی پێویستی لەماڵەوە دادەنیشتین و ماستاوێکی ماستی مەڕیان نۆش دەکرد و هەندێ جاریش بەبێ ماستاو خواردنەوە دەیانوت فەرموو با بڕۆین بۆ ماڵی خ. پ. د. مارف خەزنەدار هەر لە گەڕەکی ئێمەوە بوون، گەڕکی (ڕوناکی). زۆربەی جارانیش دوای عەسر دەبوو زۆر بە گەرمی دکتۆر مارف پێشوازی لێ دەکردین و تەنانەت خاتوو سعدیە خانی هاوژینیشی. تا کاتێکی درەنگ لەلای دادەنیشتین و نووسەر و ڕۆشنبیرانی تری هەولێر و کوردستان و هەموو پارچەکانی دیکەش سەردانیان دەکرد.

کاک تاریق لەم ماوەیەی یەکتر ناسینمان بۆم دەرکەوت کە کەسێکی کوردپەروەری نیشتمانپەروەری نەتەوەییە لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا، لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کاری کردووە.

لەساڵانی شەستەوە وەکو خوێندەوارێکی زۆر باشی گۆڤار و بەرهەمە عەرەبییەکانی لوبنانی و ئوردنی و عێراقی و میسری بووە.

هەر پێشانگایەکی پەرتووك بکرایەوە و کاک تاریق لەگەڵ کردنەوەی خۆی و کاك مومتاز حەیدەری لەوێ ئامادەبوون. کە هەردووکیان زۆر شەیدای کتێب بوون،

---

١ ڕێزبەندیی بابەتەکان بەگوێرەی ئەلفبێی ناوی نووسەرەکانە.



Scanned with CamScanner

دەیزانـی چـی دەخوێنێتـەوە و چـی نوێیـە؟ و زۆر بـەوردی و بەتـام و چێـژ دەی خوێنـدەوە لەبـواری جیاجیـای ئـەدەب و مێـژوو ...هتـد.

لـە بـواری نووسـیندا کەمـی دەنووسـی بـەڵام شـتی جوانی نـوێ و دانسـقە. تەنانەت لەسـاڵانی ١٩٨٨-١٩٨٩ بەیەکـەوە لەسـەر داوای بەڕێزیـان زنجیـرە ریپۆرتاژێکمـان ئامادەکـرد بـۆ گۆڤـاری (ڕەنگیـن) کـە لـەدەزگای «ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی/ بەغـدا» دەردەچـوو هـەر لـە ناوونیشـانەکەیدا دیاربـوو کـە شـتێکی نوێیـە لـە ڕۆژنامەنوسـی کوردیـدا. لەوانـە (خێزانـی نووسـەران و هونەرمەنـدان دەربـارەی کاری هاوسـەرەکانیان دەدوێـن).

کاک تاریـق یەکێـک بـوو لـەو نووسـەرانەی کـورد کـە چـاوی لەپاداشـت و پـارە و پـوول نەبـوو هێنـدە چاوتێـر بـوو لەزۆربـەی جارانیـش یارمەتـی نووسـەرانی هاوڕێـی دەدا ئەوانـەی کـە کـەم دەرامـەت بـوون.

لـە گۆڤـاری (کاروان) ژمارەیەکـی تایبەتمـان دەرکـرد بەنـاوی (کاروان) بـەڵام سـەرتاپای وتـارو لێکۆڵینـەوە بـوون کاك تاریـق ڕۆڵێکـی جوامێرانـەی بینـی تیایـدا. هەربـەوە نەوەسـتاین گۆڤـاری (کاروانـی فۆلکلـۆر) ژمـارە (١)مـان لـە سـاڵی١٩٩٠ دەرکـرد تایبـەت بـۆ بەرهەمـی فۆلکلـۆری.

لـە چالاکییەکـی دیکـەی کاک تاریـق جامبـاز و بەنـدە و سـەید مەولـود ئـەوە بوو لەمانگـی (٣)ی ساڵی ١٩٨٨ بەیەکـەوە بەشداری بەرنامـەی (لـە کەلەپـورەوە) ی کاک ئەسعەد عەدۆمـان لەتەلەفزیۆنـی کەرکـوك کـرد.

سـاڵی ١٩٨٨/ ١٩٩٠ لەکاتـی گفتوگۆکردنـی نامـەی ماسـتەری بـرای بەڕێزمـان (د.عەبدولفتـاح عەلـی یەحیـا) لەزانکـۆی موسـڵ ، بەنـدە و کاک تاریـق و مـام سـەید مەولـود و د.مـارف خەزنـەدار و کاك عبدالغنـی علـی یەحیـا، بـەرەو موسڵ بەرێکەوتیـن دوای نیوەڕۆکـەی لەکۆلیـژی ئەدەبیـات/ بەشـی مێـژووی زانکـۆی موسـڵ ئامـادەی ئـەو گفتوگۆیەبوویـن و هـەر لـەوێ بـۆ یەکەمجـار (پ. د. جەبار قـادر)م ناسـی. کـە یەکێـک بـوو لەئەندامانـی گفتوگـۆی لیژنەکـە، شـەو لەماڵی کاک عەبدولفتـاح ، لـە نزیـک )نەبـی یونـس) لـە (شـەقامی نەبـی) ئێوارەکـەی نانمان خـوارد و تـا درەنگانـێ مانـەوە و شـەو مـن و کاک سـەعید یەحیـای مامـی کاک عەبدولفتـاح گەڕاینـەوە هەولێـر بەماشـینی ئـەو کـە کاتژمێـر (١١)ی شـەو بـوو.

لە ساڵی ١٩٨٩ پاش ئەوەی کە من و مامۆستا فازیل شەوڕۆ دەستنیشانکراین لە لێژنەی فۆلکلۆر بۆ کڕینی کەلەپووری کوردەواری لەناوچەکانی کوردستان لەزاخۆوە تاکو سەر سنووری ئێران، کە بڕی (٨٠٠٠) هەزار دیناری سویسری ئەوکاتەی بۆ تەرخانکرابوو، دوای گەڕانێکی زۆر لە ئامێدی و شیلادزێ و دهۆک و کۆیە و بێتواتە و حاجیاوە و چوارقوڕنە و سەروچاوەیی حەمامۆك و هەرمۆتە و زۆر جێگای تر.

لە گەڵ مامۆستا فازیل شەوڕۆی هونەرمەندی دەست ڕەنگینی کەلەپوری کوردەواری لە قەڵای هەولێر و لەخانووی (شهاب الدین ئاغا) لەژێرزەمینی و نهۆمی زەوی و سەرەوەی چەندان ژووری بە پولێنکردنێکی جوانی (م. فازیل) بەهەر سێ زمانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) لەسەر کەرەستە و کەلوپەلە کۆنە کوردەوارییەکان نووسران و ژوورێکی تایبەت کرد بە بەرهەمە دەست ڕەنگینەکانی خۆشی کە بێ هاوتای دەگمەن بۆ ئەوکاتی ئێستا و دواڕۆژیش.

دوای تەواو دانانی کەرەستەکان و بۆ کردنەوەی مۆزەخانەی کەلەپووری کوردی لە قەڵا و لە ترسی ئەوەی نەوەکو بەر هێرشی بۆردومانی هاوپەیمانان و ئەمریکا بکەوێ دوای گرتنی (کوێت) لەلایەن عێراقەوە، بڕیاماندا ڕۆژی ١٩٩١/١/٩، بەئامادەبوونی د. مارف خەزنەدار و بنیادی کوڕی و بەندە و مامۆستا فازیل شەوڕۆ کاک تاریق و کاك عەبدولڕەحمان پاشا و کاک (صەباح سیامەنسوری(بەرپرسی ئەو مۆزەخانەیە، کاک بنیاد یەک بەیەک کەرەستەکانی وێنەگرت بەڤیدیۆی تایبەتی خۆی و منیش وەک کاك فازیل لە کورتەیەکی پوختەدا، باسی چۆنیەتیی کڕین و دانانی ئەو هەموو کەرەستەیەمان لەدانیشتنێکی ناو ئەو مۆزەخانەیە تۆمارکرد، لێرەشدا کاک تاریق جامباز ڕۆڵێکی باشی گێڕا.

لە مانگی ئایاری ١٩٩١ تاکو مانگی ئابی ١٩٩١ لەم ماوەیەدا وەکو لێژنەی فۆلکلۆری کوردی بەئازایەتی کاك تاریقی ئامادەیی هەر هەموی ئەندامانی لێژنەکە لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێك هاتبوون:

کاک تاریق جامباز و مام سەید مولود بێخاڵی و ئەسعەد عەدۆ و مامۆستای خوالێخۆشبوو عومەر شێخەڵلا دەشتەکی و صەدرەدین خۆشناو و خوالێخۆشبوو خالید جوتیار و بەندە سەردانی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیی



Scanned with CamScanner

دیموکراتی کوردستانمان کرد لە هاوینەهەواری پیرمام، دوای هەفتەیەک پاشتر لەشەقڵاوە سەردانی بەڕێز مام جەلالمان کردبوو، بەڵام ئەمجارە د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و د. شوکریە ڕەسووڵ و هاوژینەکەی د. خەلیل ئیسماعیل، هاتن بۆ ماڵی مام جەلال لەناو باغەکانی شەقڵاوە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لە (١٠) ی بەیانی تاکو (١١)، دوای سەردانی هاوڕێ عەزیز محەمەدمان کرد لەبارەگای خۆی لەشەقڵاوە، وتی: توخوا لاوك و حەیرانم بۆ بهێنن یاخود بۆم ڕەوانە بکەن.

لە هەفتەی دوایی سەردانی خەلیفانمان کرد، لەوێ بەرەی کوردستانمان بەسەرکردەوە کە کاک قادر جەباری لەوێ بوو، پاشان بەرەو (سۆران- دیانا) بەڕێکەوتین و لە ڕواندوز سەردانی هاوڕێیانی حزبی زەحمەت کێشانی کوردستانمان کرد و لە (دیانا) سەردانی ڕێکخراوەکەمان کرد و دوایی گەڕاینەوە هەولێر، لە ١٢/١٠/١٩٩١، من لە ماستەر وەرگیرام لە زانکۆی بەغدا تا تەواوکردنی دکتۆراکەم لە ١٩/٢/١٩٩٨. کاك تاریق لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ -٢٠٠٩، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بوو.

دوایی کاك تاریق لە دوو خولی پەرلەمانی کوردستان بووە ئەندامی زۆر چالاکانە خزمەتی زمانی کوردی کرد و چەندان نامیلکە و بەرهەمی بە چاپ گەیاندووە کە سەردانی ئەو وڵاتانەی کردبوو لەسەر دراو و زمانی ئەو نەتەوانەی لەوێدا چۆن زمانیان بەکارهێناوە.

لە دوای خانەنشین بوونی لە ئەندامی پەرلەمان، وەکو ئەندامێکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان هەر بەردەوام بوو لە چالاکی و سەردانی کردنی و پێشکەشکردنی چەندان سمینار لەسەر زمانی کوردی لە زانکۆکانی سۆران و کۆیە و سەلاحەددین.

لە ساڵی (٢٠١٧) پەیوەندی بە بەندەوە کرد کە پرۆژەیەك هەیە، ئەگەر یارمەتی بدەم ئەویش دۆزینەوەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی هەولێر (جریدە اربیل) ی ساڵانی (١٩٥٠ -١٩٥١ -١٩٥٢ -١٩٥٣) و ژیاننامەی ئەو نووسەرانەی کە بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە و بەیەکەوە سەردانی پەرتووکخانە گشتییەکانی هەولێر و عەنکاوە و زانکۆی سەلاحەددین و چەندان پەرتوکخانەی تایبەتی وەکو د. مارف خەزنەدار و جەمال خەزنەدار و داوام لەهەندێ کەسی هاوڕێی دیکە کرد

یارمەتیمان بدەن لەم لایەنەوە و سەردانی سکرتاریەتیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و لقی هەولێرمان کرد.

دەتوانم بڵێم لە ماوەی ئەو (٣٢) ساڵەی هاوڕێیەتیم لەگەڵ کاک تاریق، ڕۆژێ لە ڕۆژان لەیەکتری دڵمان نەیەشاوە و برادەرایەتیمان تاکو ئێستا هەر بەردەوامە. هیوای تەمەن درێژی و تەندروستیەکی چاك بۆ کاك تاریق جامباز دەخوازم.

هەولێر/ ئەندازیاران
٢٠١٧/١٢/٣٠



Scanned with CamScanner

## ٢) مامۆستا شێخ محەمەد بالیسانی:

مامۆستا شێخ محەمەد بالیسانی: هەر لەمنداڵیەوە لەتەمەنی (٧) ساڵانەوە گوێم لەناوی بالیسان بوو بوو؛ چونکە خاڵی باوکم کە هەمیشە دەیگوت (خارە مەلا) کە ناوی (ملا عثمان) بوو لە گوندی بالیسان خوێندبووی؛ ناوبانگیانم زانیبوو؛ کە دەچوومە بەغدا لە ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٠) دەمزانی لەگەڕەکی یان ناوچە (سوق سمجة) (سبع أبكار) مزگەوتی (حسن البارح) مەلا بوو لەو مزگەوتە زۆر لەخەڵکی هەولێر دەچوونە لای؛ من لە مامۆستا محەمەد بەرزنجی گوێم لێبووبوو کە دەچووە مزگەوتەکەیان خەڵکیشی لەگەڵ خۆی دەبردە ئەوێ، من کە بۆ خوێندنی ماستەر لە ١٢/١٠/١٩٩١، وەرگیرام لەگەڵ برادەران (ئیسماعیل محەمەد قرەنی و عمر قرەنی عزیز و عمر یاسین و ئەحمەد هیدایت)، ڕەفیق مەجیدی عەرەبی و د. عەلائەدین محەمەد عەلائەدین نەقشبەندی، زۆربەی هەینییان دوای دوانەکەی هەینی لەمزگەوتی (شەهید صبری) لە (صلیخ)ی نوێ بۆ نانی نیوەڕۆکەی هەموومانی لەگەڵ خۆی بە ماشینی د. ئەحمەد بالیسانی کوڕی، دەبردەوە ماڵی خۆیان بە دەستاوی (دایکی هێمن)ی هاوژینی د. ئەحمەد بالیسانی، خواردنە گەرمە بەتامەکەمان دەخوارد.

لەبەر ئەوەی ئێمەی ناو عومەرمان زۆر بوو، عومەر قەرەنی، عومەر پەتی، عومەر یاسین و مەلا عومەر سێبەردانی؛ بە منی دەگوت: (عومەر خالص واتە عومەر پەتی، عومەر قەرەنی (عومەر هەندسە، عومەر یاسین (مام عومەر) گوتی: نا مامۆستا عومەر! مام عومەر واتە عومەرە پیر، زانی پێی ناخۆشە؛ گوتی: مامۆستا عومەرە.

تا ڕۆژی کۆچی دواییکردنی و بەڕێکردنی تەرمەکەی لە ماڵی خۆیان تاکو شێخ عەبدولقادری گەیلانی، ئوتومبیلی بە دواوە بوو؛ تا بڵێی خەڵکێکی زۆر



Scanned with CamScanner

بەغدایـێ لەگەڵـدا بـوو تاکـو لـە نـاو شـێخی بەخاکیـان سـپارد و پرسـەکەی بـۆ دوای نیـوەڕۆ لەمزگەوتـی (الشـواف) لەگەڕەکـی (الیرمـوك)، بەشـداریمان تیـادا کـرد و زۆر قەرەباڵـغ بـوو؛ بـە کـورد و عەرەبـی بەغـدا و ڕومـادی، پرسـەیەکی گەورەیـان بـۆ دانـا.

تـا ئێسـتا وەکـو وەفایـەك لـە هەولێـر لەگـەڵ پ. د. ئەحمـەدی کـوڕی و د. شـێخ حسـین و نەوەکانـی، هاتووچـوی یەکتـری دەکەیـن و دۆسـتایەتیمان بەردەوامـە.



Scanned with CamScanner

## ٣) مامۆستا عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی:

مامۆستای گەورە، عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، یەکێکە لەو مامۆستا و نووسەرە دڵسۆزانەی گەلەکەمان کە هەر لە تافی لاوییەوە، لەو کاتەی قوتابی بەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبیات بووە لە بەغدا، لە نیوەی دووەمی دە ساڵەی شەستەکان سەدەی بیستەم، سەدەی ڕاپەڕین و مێرخاسان، سەدەی بووژانەوەی هەستی کوردایەتی و گەشەسەندنی ئەدەب و هونەری کوردی و ژیاندنەوە فۆلکلۆری کوردی، ئا هەر لەو کاتەوە خولیای ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی و کۆکردنەوە و پاراستنی پەندی کوردی بووە و کە لە سەرەتای حەفتاکانیش بە مامۆستای زمان و ئەدەب کوردی لە پارێزگای هەولێر دامەزراوە، پەرەی بە کۆشش و هەوڵەکانی داوە و هەر لە ساڵی ١٩٧٢ تاکو ٢٠٠١ چوار بەرگی لە (پەندی کوردی) بە چاپ گەیاندوون و بڵاوی کردوونەتەوە، تەنها لە بەرگی چوارەمدا کە لە ساڵی (٢٠٠١) دا بڵاوکراوەتەوە (١٥٣٤) پەندی کوردی خستۆتە بەر دیدی نەوەی نوێی گەلەکەی و لە فەوتان ڕزگاری کردوون.

بەر لە کۆچی دوایی بەرگی پێنجەمیشی ئامادەکردبوو بۆ چاپکردن، ئەوەبوو مەرگی ناوەخت بواری نەدا مامۆستای دڵسۆزی فۆلکلۆر، بەرگی پێنجەم ببینێت و هەروەها ئەو پرۆژەیەی جێبەجێ بکرێت کە دەیویست و هەوڵی دەدا هەموو بەرگەکانی پەندی کوردی بەیەکەوە لە چاپێکی نوێ و لە دوو توێی بەرگێکی گەورەی نوێدا بڵاوبکرێنەوە.

ئەوە بوو ساڵێک لە دوای کۆچی دوایی، بەرگی پێنجەمی پەندی کوردی مامۆستا عومەر بەناونیشانی (پەندی کوردی: چیرۆکەکەی) لەلایەن (ئینستیتۆتی کەلەپووری کوردستان) سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ کراو بڵاوکرایەوە، کە مامۆستا بەر لە کۆچی دوایی ئەم بەرهەمەی بە (نەوەی دواڕۆژی کوردستان) پێشکەشی کردووە، هەروەکو لە پێشەکییەکەیدا هاتووە.



Scanned with CamScanner

هەردوو نووسەرو مامۆستای بەڕێز د. مەولود ئیبراهیم حەسەن و تاریق ساڵح دوو وتەی بە نرخیان بۆ ئەم بەرهەمە (پاش بابە) نووسیەوە لە بەرایی کتێبەکە بڵاوکراونەتەوە.

بەندە لە نزیکەوە ئاگاداری هەوڵ و کۆششی مامۆستا عومەر بووم، لە بواری بایەخدانی بە فۆلکلۆری کوردی بەگشتی و پەندی کوردی بەتایبەتی، سەرەڕای خەمخۆری و بایەخدانی بە بواری زمانەوانی، ئەمە جگە لە تێکۆشانی پیشەیی لە بواری مامۆستایاندا و هەوڵدانی ئاشتی پەروەرانەی لە کاتە ناخۆشەکانی شەڕ ناوخۆدا، لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە پێویست و ئەرکی سەرشانی خۆم زانیوە کە چەند تیشکێك بخەمە سەر کۆششی مامۆستا عومەر لە بواری کۆکردنەوەو لێکدانەوەی پەندی کوردی و هەر پێنج بەرگەکەی دەربارەی پەندی کوردی.

یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی ١٩٧١/١٩٧٢ لە قوتابخانەی ناوەندی قەندیلی کوڕان، کە تازە بوومە پۆلی یەکەمی ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندی ئازادی کوڕانی، ئەوکاتە ئێمەیان ڕەوانەی قوتابخانەی قەندیلی ناوەندی کوڕان کردەوە، کە تازە ئەم ناوەندییە دروست کرابوو، لە باڵەخانەیەکی هاوبەش لەگەڵ قوتابخانەی ناوەندی (خەبات) کوڕان، کە ئێستا ئەو باڵەخانەیان کردووەتە قوتابخانەی دواناوەندی (الزهراء)ی کچان: لە پەیژەکانی بەسەرکەوتم ڕووبەڕووی مامۆستای خوالێخۆشبوو عومەر شێخەڵڵا بوومەوە، پانتۆڕو کراسێکی قوڵ کورتی باسك و مەچەکی پێوە دیار بوو، قژ ڕەشی بۆ بەسەرەوە هەڵدراو، ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین، بەلایەوە ڕۆیشتم و چوومە ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خوالێخۆشبوو مامۆستا صابر ئیسماعیل بوو، بەرایەکانی لێ وەرگرتم ئێستا لەخۆنامەکەم لەسەرەوە بەدەستی خەتی بەڕێزیان نووسراوە بە خامەی سوور عمر ابراهیم عزیز، دوای بۆم دەرکەوت کە مامۆستا عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی وەکو یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە قوتابخانەی ناوەندی خەبات گوازرابووەوە بۆ قوتابخانەکەمان، پێشتریش لە شارۆچکەی ڕواندوز مامۆستا بووە.

لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٣/ ١٩٧٤ کە پۆلی سێیەمی ناوەندی قەندیلی کوڕان



Scanned with CamScanner

بووم، مامۆستای خوالێخۆشبوو بابەتی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی سێیەمی ناوەندی پێ دەوتین، پێش نیوەی ساڵ سەرپەرشتیاریی پسپۆڕی زمان و ئەدەبی کوردی خوالێخۆشبوو مامۆستا حوسێن ڕەشوانی بوو، هاتە ژوورەوە مامۆستا عومەریش وانەکەی ڕێزمانی دەوتەوە، هەر پرسیارێکی بکردابایە و قوتابییان نەیانزانیبایە ئەوە (بەندە) وەڵامی دەدایەوە، تا وای لێهات لە کۆتایی وانەکە مامۆستای خوالێخۆشبوو حوسێن ڕەشوانی بانگ کردم و لەگەڵ م. عومەر ئافەرینی لێکردم و لێی پرسیم ناوت چییە؟ زۆر هانی دام و مامۆستا عومەریش زۆری پێ هەڵدام لەبەردەمیان! لە سەردانی دووەم کە مامۆستا حوسێن ڕەشوانی سەردانی قوتابخانەکەمانی کرد و لە دوای نیوەی ساڵ ئێمەی پۆلی سێیەم دوو هۆبە بووین، بە ڕێکەوت ئەوکاتەی بەڕێزیان هاتبوو هۆبەکەی تر بابەتی زمان و ئەدەبی کوردیان هەبوو، بۆیە داوای لە مامۆستا عومەر شێخەڵڵا کرد، بەدوای من بنێرێت تاکو لەوانەکە ئامادە بم. منیش ئامادە بووم، مامۆستا عومەر شێخەڵڵا وانەکەی وتەوە و مامۆستا حوسێن ڕەشوانی خۆی دەستی بە ڕاڤەکردن کردو پرسیاری دەکرد. قوتابییان لە وەڵامیان نەدەدایەوە. منیش پەنجەم بەرز دەکردەوە، هەر وەڵامم دەدایەوە، تاکو هەندێجار کە پرسیاری لە قوتابییان دەکرد و وەڵامەکەیان هەر هەڵە بوو، منیش بەپێ (پێیە کۆرەم) دەکرد. مامۆستا حوسێن ڕەشوانی وتی: دەی عومەر دیارە پێیە کۆرە دەکەیت، فەرموو هەر خۆت وەڵام بدەوە.

مامۆستای عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی هانی هەموو قوتابییانی دەدا بۆ گرینگی و بایەخدان بە زمان و ئەدەب و کلتوور و فۆلکلۆری کوردی چ بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی سەر دیوار، تەنانەت پێشبڕکێشی دادەنا، لەبیرمە جارێکیان بەندە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوەو یەکەم بەرهەمی چاپکراوی خۆی کە بەرگی یەکەم بوو بەناونیشانی (پەندی کوردی) چاپی یەکەمین، چاپخانەی کوردستان/ هەولێر (٢٦٧٢) کوردی بەرامبەر بە ١٩٧٢ی بوونی کە (کۆکردنەوەو، لێکۆڵینەوە) بوو، بەمشێوەیەی خوارەوە: پێشکەشی کردووە: (پێشکەشە بۆ خوێندکاری بلیمەت بۆ ئادی بیرکردنەوەی دوارۆژمان، دانەر/ واژۆی/ ١٧/٢/١٩٧٤).

هەر لە هەمان ساڵ و لە بەهاری ١٩٧٤ کە ساڵانە فیستیڤاڵی قوتابخانەکانی



Scanned with CamScanner

ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکانی شاری هەولێر دەکرا کە لە بەرهەمی قوتابییانی هەموو قوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر بە ئامادەیی/ زانست و وێژەیی و بازرگانی و کشتوکاڵ لەخۆ دەگرت.

پێش کردنەوەی فیستیڤاڵە بە چەند ڕۆژێ مامۆستا عومەر شێخەڵلا گوتی: عومەر دەبێ ئێمەش بەشداری ئەم فیستیڤاڵە بکەین. گوتم: مامۆستا بەچی؟ گوتی: بە دوو دێرە هۆنراوەکەی (شاعیر ئەحمەد موختار جاف) کە دەڵێ:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان

هەموو ئان و زەمانی عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

لەسەر کارتۆنێکی گەورە بە خۆشنووسی کە کاك فەیسەڵ عوسمان دەنووسین: ئەمەیان یەك و دووەمیان بە (ئۆپەریتی چق و نق)ی گۆرانی شاعیر کە هەر بەندە ڕۆڵی چق و نقم بینی، کە ئۆپەرێتەکەم لەبەر کرد و پرۆڤەم بەخۆ کرد دوو ڕۆژی ڕێك لە قوتابخانەی (ئەیووبیەی) سەرەتایی کچان/ بەرامبەر بە پەروەردەی گشتی هەولێر/ ژوورێکیان پێ دایین بە هاوبەشی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر بەتایبەتی بەشی (ئەلیکتریك) کە بە چەندان ئامێر و کەرەستەی ئەلیکتریکی بەشداریان کردبوو، بەڵام لەبەر ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەو دوو دێرە هۆنراوەیە لەلایەن بەندە، پێشکەشکردنی ئەو ئۆپەرێتەی (چق و نق) بەو جۆش و خرۆشییەی کە هەمیشە چوار دەورم پڕ بوو لە ئامادەبووان تەنانەت جارجار گوێم لێ دەبوو لە هەندێ کچۆڵەی خنجیلانە بەدەستە خوشکەکانیان دەگوت: بەسە وازی لێ بهێنن ئەوەندە ماندووی مەکەن! لە قوتابییانی ناوەندی و ئامادەیی کچانی ناو شاری هەولێر و کوڕان.

تا لە کۆتایی گوێم لە یەکێ لە مامۆستا بەڕێزەکانی، بەڕێوەبەرایەتیی هۆیەکانی فێرکردن، کە ئەو کاتە ناوەکەی وابوو، کە مامۆستا فاتح محەمەد بوو گوتی: ئێوە واتا قوتابخانەی ناوەندی قەندیلی کوڕان یەکەمی فیستیڤاڵی ئەو ساڵە بوون! بەڵام بەداخەوە ئێستایشی لەگەڵ دابێ نەمزانی خەڵاتەکە چی بووە. چونکە هەر دوای ئەم پێشانگاو فیستیڤاڵە هەموو کوردەکان ڕوویان لە شاخ کرد، لەبەر جێبەجێ نەکردنی (بەیاننامەی یانزەی ئاداری/ ١٩٧٠)ی



Scanned with CamScanner

ئەوکاتـە، ئیتـر خەڵاتەکەشـیان نەدایـنـێ.

هەمـوو ئەوانـە بـە هـەوڵ و کۆشـش و سەرپەرشـتی مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا عومـەر شـێخەڵڵا دەشـتەکی بـوو، قوتابیەکـی تریشـی لەگـەڵ دانابـووم کـە نـاوی کاك بەڵێـن ئەحمـەد سالْح، کـە پۆلـی دووەمـی ناوەنـدی بـوو، بـرای ئـەو کات دکتـۆر بەرهـەم ئەحمـەد ساڵحەی خۆمـان بـوو! ئەوکاتـە باوکیـان دادوەر بـوو لـە شـاری هەولێـر، کـە کوردپـەروەر بـوون و کاکـە بەڵێـن منـی زۆر خۆشـدەویست هەرچەنـدە مـن کـوڕە جوتیـار و ئـەو کـوڕە شـاری.

شـتێکی تـری زۆر گرنـگ کـە پێویسـتە ئامـاژەی پێبکـەم ئەویـش ئـەو ئەرکەیـە، کـە مامۆسـتا عومـەر شـێخەڵڵا پێـش پشـووی نیـوەی سـاڵ پـێ سـپاردین کـە هەریەکـە و لـە گونـدی خۆیـان و دەشـت و دەر و لای پیـری ژن و پیـرە مێردانـی گوندەکەیـان هەرچـی شـتی فۆلکلـۆری هەیـە لـە پەنـدو چیـرۆك و بەسـتە و هەڵبەسـت و گۆرانـی و.. هتـد. بـە ڕاپۆرتێـك پێشکەشـی مامۆسـتا بکەیـن.

بەنـدەش کـە چوومـەوە گونـدی دینگـاوەی دەشـتی قەراجـی سـەر بـە شـارۆچکەی مەخمـوور، دەسـتم بـە کۆکردنـەوە کـرد، لـە پەنـدو لـە چیـرۆك و لـە بەسـتەو گۆرانـی و هەڵپەڕکێـی کـوردی، تەنانـەت پێـی ڕانەدەگەیشـتم ڕاپۆرتێکـم دایـە مامۆسـتاو ئەوانـی تریشـم گلدایـەوە، ئـەم ئەرکـەی کـە مامۆسـتا پێـی سـپاردم بـووە پاڵنەرێـك ئیتـر بـەردەوام بـم لەسـەر کۆکردنـەوەی ئـەو سـامانە لـە بـن نەهاتـووەی کـوردەواری و، بەتایبەتـی لـە وەرزی هاویـن دەسـتم لێـی هەڵماڵـی و پیـرەژن و پیرەمێـرد نەمـان لـە گوندەکەمـان و گوندەکانـی دەوروپشـت و تەنانـەت هەتاکـو ئەگـەر میوانیشـمان بهاتابایـەو بمزانیبایـە شـتێ دەزانـێ؛ لێـم وەردەگـرت و تۆماریـم دەکـرد.

هـەر لـە ڕێگـەی بەڕێزیـان و بەهـۆی هـەوڵ و کۆششـی کـە وانـەی زمـان و ئەدەبـی کـوردی وا دەوتەوە.

بەتایبەتـی لـە بابەتـی (چـاووگ) لـە زمانـی کـوردی و چۆنێتـی دۆزینـەوەی (ڕەگـی) چـاووگ کـە جـۆرە ڕێگایەکـی تایبەتـی فێرکردیـن، مامۆسـتایانی تـری زمـان و ئەدەبـی کـوردی پۆلـی سـێیەمی ناوەنـدی بەکاریـان نەدەهێنـا، ئەمەیـان زۆر کاری لێکـردم.



Scanned with CamScanner

تـا وەی لێهـات لـە خانـەی مامۆسـتایان/ لـە هەولێـر لـە پۆلـی سـێیەم بـووم و دواسـاڵی خوێندنـم لـە مانگـی نیسـانی ١٩٧٧ لـە وەرزی ڕۆشـنبیری/ بەڕێوەبەرایەتیـی ڕۆشـنبیری جەمـاوەر/ لـە شـاری هەولێـر لـە گەڕەکـی سـەیداوە، بەرامبـەر بـە وەزارەتـی شـەهیدان و ئەنفالکراوەکانـی/ ئێسـتا لـە هۆڵەکەیـان بـە ناونیشـانی (چـاووگ لـە زمانـی کـوردی دا)، لـە ئێـوارە کۆڕێـک دا ئـەم بابەتـەم پێشـکەش کـردن بـە ئامادەبوونـی نووسـەر و ڕۆشـنبیران و مامۆسـتایان و پسـپۆڕانی زمـان و ئەدەبـی کـوردی و سەرپەرشـتیارانی پسـپۆڕی کـوردی و ئەندامانـی کـۆڕی زانیـاری کـوردی/ بەغـدای ئەوکاتـە، بۆیـە جێـگای ڕەخنەیەکـی زۆری مامۆسـتایانی کـوردی، بـەڵام دوایـی نـۆرە هاتـە سـەر مامۆسـتا عومـەر شـێخەڵڵا دەشـتەکی و پشـتگیری و پاڵپشـتییەکی زۆری لـێ کـردم و وەڵامـی هەموویانـی دایـەوەو پێـی گوتـن کـە ئـەوەی عومـەر ئامـاژەی پێکـرد ڕاستەو ئێـوە هەڵـەن! کۆڕەکـە کاك مەدحـەت بێخـەوی، شـاعیر کۆڕەکـەی بەڕێـوە دەبـرد و، لێژنـەی ڕۆشـنبیری ئەوکاتـە بەڕێـزان خوالێخـۆ بـوو عەبدوڵـڵا حـەداد و م. کەریـم شـارەزا و ناسـر یوسـف بـوون.

دوای ئـەوەی لـە ١٩٧٧/١١/١٩ بوومـە مامۆسـتای سـەرەتایی لـە گونـدی خـرە بەردانـی و دوایـی قوتابخانـەی خەندەقـی گـەورە و گونـدی تـل المطـر و عەلیـە ڕەش.

لە هاوینەکانی پشـووی کۆتایـی ساڵ یـان لە نیـوەی ساڵانی خوێندنـدا چەنـدان کـۆڕم دەگێـرا، لـە وەرزی ڕۆشـنبیری یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد/ لقـی هەولێـر. وەرزی ڕۆشـنبیری/ بەڕێوەبەرایەتـی ڕۆشـنبیری جەمـاوەر و خوالێخۆشـبووان م. عیزەدیـن فەیـزی و عومـەر شـێخەڵڵا دەشـتەکی و کەریـم شـەریف، لـە پێشـەوەی ئامادەبووانـی کـۆڕە فۆلکلۆرییەکانـم دەبـوون و بـە سـەرنج و تێبینـی دەوڵەمەندتریـان دەکـرد.

کـە گەڕامـەوە بـۆ تەواوکردنـی خوێندنـی بـە کالۆریـۆس وەکـو مامۆسـتایەکی مۆڵـەت پێـدراو لـە کۆلێـژی پـەروەردە/ لـە زانکـۆی سـەلاحەددین/ لـە پۆلـی یەکـەم بابەتـی کوردیمـان هەبـوو، مامۆسـتا عومـەر شـێخەڵڵا دەشـتەکی کـوردی پێدەگوتیـن کـە سـاڵی خوێنـدن ١٩٨٥/١٩٨٦ ئەوەشـیان بـۆ مـن بـووە مایـەی یەکجـار دڵخۆشـیم.



Scanned with CamScanner

کە بوومە مامۆستای دەروونزانی لە پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایانی کوڕان لە هەولێر و لە دوای راپەڕینی ١٩٩١/ کۆمەڵەی فۆلکلۆری کوردیمان دامەزراند، مامۆستای خوالێخۆشبوو یەکێک بوو لە دامەزرێنەران و ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە..

لەگەڵ فۆلکلۆریەروەران : تاریق جامباز و د. شوکریە ڕەسووڵ، مەولود بێخاڵ و مەحمود زامدار و ئەسعەد عەدۆ و خالید جوتیار و سەدرەدین خۆشناو، تەنانەت د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و د. خەلیل ئیسماعیل محەمەدیشمان لەگەڵ هات سەردانی هەردوو بەڕێزان کاك مسعود بارزانی لە هاوینە هەواری پیرمام و مام جەلال تاڵەبانیمان کرد لە ماڵی خۆی لە شارۆچکەی شەقڵاوە، هەروەها سەردانی هاوڕێ عەزیز محەمەد لە شەقڵاوە و بەرەی کوردستانی لە خەلیفان-مان کرد.

لە دوای بەهاری راپەڕینی ١٩٩١، تاکو پێش کۆچی دوایی کردنی ناوە ناوە مامۆستام دەدیتەوە لە کۆڕو چالاکییەکان بەتایبەتی کە ئەندامانی سکرتاریەتیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان/ لەسەر لیستی پیشەیی/ کۆمەنست بوو، زۆر کاریگەر و خاوەن کەسایەتیی خۆی بوو.



Scanned with CamScanner

## ٤) مامۆستا فازیل شەورۆ:

لـە سـاڵانی ١٩٨٠ بـەدواوە مامۆسـتا فازیلـم ناسـی و وەکـو برادەرێکـی دڵسـۆز پەیوەندیمـان دەسـتی پێکـرد لـە ڕێگـەی کردنـەوەی پێشـانگاکانی کاری دەسـتی زۆر نایـاب و لەگـەڵ بڵاوکردنـەوی وتارەکانـی و هەروەهـا لە(کلیلسـازییەکەی) لـە شـاری هەولێـر و تاکـو وای لێهـات هاموشـۆی ماڵەوەمـان دەکـرد. لـە سـاڵی ١٩٨٩-١٩٩٠ بەهـۆی ئـەوەی لەلیژنـەی کڕینـی کەلەپـووری کوردەواری چوویـن، سـەردانی دەڤـەری بادینـان و کۆیـی و ڕانیـە و حاجیـاوە و بێتواتـە و دهـۆك و ئامێـدی و شـیلادزێ و .... زۆر شـوێنی ترمـان کـرد، لەنزیکـەوە شـارەزایی یەکتربوویـن تەنانـەت لـە کۆیـی سـەری ماڵـی باوکـی و براکـەی و لـە هەولێـر ماڵـی خۆیـان و تاکـو چوونـی بـۆ وڵاتـی لیبیـا و دوایـی ئیرلەنـدا (دبلـن) ئێستایشـی لەگەڵـی دابـێ بـۆ جارێکیـش لـە یەکتـری دانەبڕاویـن سـەرەڕای سـنوور بڕینـی دوور.

مامۆسـتا فازیـل نووسـەر و هونەرمەندێکـی داهێنـەر و ڕەخنەگارێکـی بەتوانـا و لێکۆڵەرەوەیەکـی بـە ئەزمـوون و وردە؛ خـاوەن پێنـووس و کەسـایەتییەکی ئـازادی خۆیەتـی و هێمـن و لەسـەرخۆ و مامۆسـتایەکی سـەرکەوتووی زمانـی ئینگلیـزی بـووە، خـاوەن ڕێـگای وانەگوتنـەوەی تایبەتـی خـۆی بـووە تاکـو ڕۆژی خانەنشـین کردنەکـەی!

جگـە لەبەرهەمـە چاپکراوەکانـی؛ بـەردەوام لـە گۆڤـاری ژیـاری پەروەردەیـی لێکۆڵینـەوە و وتـاری بەپێـز دەنووسـێ و بـڵاوی دەکاتـەوە و لەدەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکەشـە و بـەردەوام بابەتـی بڵاوکـراوەی هەیـە لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە و ماڵپەڕەکانـدا.



Scanned with CamScanner

### ٥) مامۆستا کەریم شارەزا:

لە ساڵی ١٩٧١ کە هاتمە هەولێر و لە گەڕەکی ڕووناکی لە ماڵی مامم بووم و لە قوتابخانەی ناوەندی قەندیلی کوڕان دەمخوێند؛ ماڵی مامۆستا کەریم شارەزاش هەر لەهەمان گەڕەك بوو؛ لە نزیکی ماڵی مامم حەمەدەمین بوو کە ئەویش مامۆستای سەرەتایی بوو و زۆریش دڵسۆز و کورد پەروەر و خاوەن کەسایەتیی دیاری خۆی بوو. لە ڕێگەی بارزانی کوڕی مامۆستا کەریم شارەزاوە، کە برادەری سابیری برام بوو؛ منیش ئەوانم ناسی و هاتووچۆی ماڵیانم دەکرد؛ ماڵی مامم حەمەدەمینیش کتێبخانەیەکی خنجیلانەی هەبوو؛ گۆڤارەکانی کۆڕی زانیاری کورد و پەروەردە و زانست و دیوانەکانی شاعیرانی کلاسیکی تێدابوو؛ لە ڕێگەی نووسینەکانی مامۆستا کەریم شارەزا و مێزگردەکانی تەلەفزیۆنی موسڵی ئەو کاتە و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و کە یەکێ لە دامەزرێنەرانیشی بوو؛ زیاتر مامۆستام ناسی تا ئەو کاتەی لە (١٩٧٦-١٩٧٧) یەکەم کۆڕم بەناوی (چاوگ لەزمانی کوردی دا) پێشکەشی کرد و دوای ئەویش لە ١٩٧٨ لە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر و کە بەڕێزیان (م. کەریم شارەزا) خۆی سەرۆکی یەکێتییەکە بوو،کۆڕێکم لە وەرزی ڕۆشنبیری هاوینەی یەکێتیی نووسران لقی هەولێر پێشکەش کرد؛ کۆڕەکە مامۆستا عومەر شێخەڵلا دەشتەکی بەڕێوەی دەبرد. تا ئەوەش بۆ جاری دووەم لەساڵی ١٩٨٠ کۆڕێکی فۆلکلۆری کوردی هەر لە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر پێشکەشکرد. مامۆستا کەریم شارەزا ڕۆڵی زۆری هەبوو لە هەردوو کۆڕدا.

لە مانگی ئابی١٩٧٨، سەردانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێرم کرد، مامۆستا کەریم لەبارەگای یەکێتیی نووسەران دانیشتبوو پیی ڕاگەیاندم کە ئەوە وتارەکە لە گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی) - کە لە زانکۆی سلێمانی دەردەچوو، بڵاوکراوەتەوە؛ منیش خۆم پێنەگیرا بەرامبەر پارێزگا یەرتووکخانەیەك

هەبوو پەڕتووك و گۆڤار و ڕۆژنامەی دەفرۆشت خۆم گەیاندێ و (٢) دوو دانەیم لێکڕی زۆر دڵم پێخۆشبوو چونکە یەکەم وتاری بڵاوکراوەم بوو بەناوی(شایی و هەڵپەڕکێ لەفۆلکلۆری کوردی دا).

هەر لەساڵی ١٩٨٠ کە یەکەم بەرهەمم بڵاوکردەوە کە (تیتلە و بیبلە)، کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردی منداڵان بوو، دوایی تا (ڕێوی گەرمیان و کوێستان) ١٩٨٤ و (کراشم دڕا و چم پێ نەبڕا) ١٩٨٦، ڕای بەڕێزیانم وەردەگرت و بۆمی دەخوێندەوە. لەبەرهەمی (هەندێ داب و نەریتی باوی کوردەواری) کە ساڵی ١٩٨٨ لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لەبەغدا چاپ کرا، پێشەکییەکەی لە نووسینی مامۆستا کەریم شارەزا بوو. لەبەرهەمی (دیاری نەورۆز لەپەخشانی کوردی دا) بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٨٩، زۆر هانی دام تەنانەت بەرهەمی مامۆستا کەریم شارەزاشی تێدابوو.

بەردەوام وتارەکانیم دەخوێندەوە کە لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بڵاوی دەکردنەوە؛ جگە لەبەرهەمە چاپکراوەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی. لە بۆنەی جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان و نەورۆز و کاتەکانی تر سەردانیم دەکرد و هاوینان و بەهاران لەناو باخچەی ماڵەوەیان دادەنیشتین و پڕبوو لە گوڵ و گوڵزاری ڕازاوە کەمامۆستا کەریم شارەزا هەرخۆی چاودێری و سەرپەرشتی دەکرد.

تا کۆچی دوایی کردنی؛ لەکاتی نەخۆشییەکەی دوایی پێش مردنی، سەرم لێدەدا لە ماڵەوە کە لە سەر چارپایەکەی ماڵەوە کەوتبوو؛ بەڕاستی مامۆستا کەریم شارەزا شارەزا بوو؛ خۆشنووسی نووسینی ڕاست و بەکارهێنانی پەندان و خامەی سووری لە ناو نووسینی هەموو نووسەران دیاربوو.

نابێ ڕۆڵی میوانداریی دایکی بارزان و فریشتەی شاعیری خوشکی و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی لەبیر بکەین کە زۆر بەخۆشی و ڕێزەوە پێشوازیان لێ دەکردم وەکو ئەندامێکی خێزانی خۆیان سەیریان دەکردم؛ ئێستاشی لە گەڵدا بێ پەیوەندیم لەگەڵ کوڕ و نەوەکانی ماوە



Scanned with CamScanner

## ٦) پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار:

کە سایەتی پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار زۆر ڕەهەند لەخۆی هەڵدەگرێ بۆیە یەکێکە لەو کەسایەتیانە کە لای من شوێن و پایەیەکی گەورەی هەیە لەم لایەنانەی خوارەوە لە کەسایەتی بەڕێزییان دەدوێین:

یەکەمیان: لایەنی کەسایەتی و هەندێ لایەنی شاراوەی ژیانی.

دووەمیان: لایەنی کارە زانستییەکان، ئاکادیمیەکانی.

سەرەتا دەمەوێت کەسایەتی بەڕێزیان لە ڕووی هەر سێ ڕەهەندی کەسایەتی بخەمە ڕوو کە ئەوانیش :

١. ڕەهەندی ژیری، زانیاری.

٢. ڕەهەندی هەڵچوونی، سۆزداری.

٣. ڕەهەندی جووڵەیی، کارامەیی، پیشەیی یە.

١- بەپێی ڕەهەندی ژیری، زانیاری: پ. د. مارف خەزنەدار، مامۆستایەکی پڕ زانست و زانیاری بوو، شەیدای خامەو یەڕتووك و کاغەزو میوانێکی بەردەوامی و هەمیشەیی نامەخانە گەورەکەی بوو بە شەو و بە ڕۆژ لە ژیانی تێدا بەسەر دەبرد. بەبۆنی یەڕتووکەکانی نامەخانەکەی دەژیا.

٢- ڕەهەندی هەڵچوونی، سۆزداری: لە ڕووی هەڵچوونیەوە زۆر بەکەمی تووڕە دەبوو، بەڵام لەسەر ڕاستی و ماف تووڕە ببوایە زۆر تۆڕە دەبوو: بەئاشکرا پێوەی دیاردەبوو، بە ئاخافتن و دەربڕین و هەڵس و کەوت، باوك و مامۆستایەکی میهرەبان و بەسۆز بوو.

مرۆڤێکی سەنگین و باوەڕ بەخۆبوو، پیاوێکی خاوەن بیروڕا و هزری خۆی بوو لەسەر رایەکانی خۆی نەگۆڕاو بو. خۆی بە گەورە زان دەزانی لە ئاست ئەوانەی لە پلەو پایەی بەرزدابوون، خۆی بەسادە دەزانی بەرامبەر بە هاوڕێیانی خۆی.

٣- ڕەهەندی جوڵەیی، کارامەیی، پیشەیی: کارامە و بەئەزموون بوو لە



Scanned with CamScanner

بـواری پسـپۆڕی خـۆی و پیشـەکەی وەکـو مامۆسـتایەکی زانکـۆ، لـە جووڵـە و ڕەفتارەکانـی ڕۆژانـەی لەسـەرخۆ و گونجـاو و کاریگـەر بـوو.

لـە دوای ئـەم خسـتنەڕووەوە بەشـێوەیەکی گشـتی، لـە خـوارەوە خـاڵ بەخـاڵ کەسـایەتیی خوالێخۆشـبوو بـاس دەکـەم:

یەکـەم: بـێ فیـزی و سـادەیی: لێـرەدا پێـم خۆشـە ئامـاژە بـە یەکتـری ناسـینی بەنـدە و بەڕێزیـان بکـەم. دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ۱۹۸۳، پێـش ئـەوەی بچێتـە زانکۆی عەنابـە لـە جەزائیـر، ئەمـەش لـە ڕێـی بەڕێـز عەبدولغەنـی عەلـی یەحیـا بـوو، بەرامبـەر بـە مـن سـادەییەکەی و بـێ فیزییەکـەی لـە هەڵسـوکەوتی بـە ئاشـکرا بەدیـار دەکـەوت لەوانـە:

١-بەشـداریکردنی لـە خۆشـی و ناخۆشـییەکان، هـەر بـۆ نموونـە لـە کاتـی ژن هێنانـم لـە ١٩٩٣/١٠/١٢دا لـە ئاهەنگـی حەفتانەکـەی کـە لـە ماڵـی یەکـێ لـە دراوسـێیەکانی ماڵـی دایکـم بـوو، بـە خـۆی و دایکـی بنیـاد ئامادەبـوو.

٢-هەنـدێ جـار بـە دووقۆڵـی بەیەکـەوە کـە لـە پرسـەکان ئامادەدەبوویـن چونکـە خـۆی نەیدەزانـی ئەگـەر یەکێـك پێـی نەگوتبایـە، بـە گـوێ گرتنـی قورئانـی پیـرۆز زۆر دڵخـۆش دەبـوو، ئەگـەر دەنگـی قورئـان خوێنەکـە زۆر خـۆش بووایـە، دەی گـوت، بـا ئـەم جـارەش بخوێنـێ ئینجـا هەڵدەسـتین.

٣-لـە بەڕێکـردن و پێشـوازی کردنـی میـوان هاوتـای نەبـوو، زۆر بـە گـەرم و گـوڕی بەخێرهاتنـی دەکـردی و لـە بەڕێکردنـدا تاکـو بـەر دەرگای مـاڵ لەگەڵـت دەهـات بـە گەورەیـی خـۆی و بـەو تەمەنـە هەنـدێ جـار دەرگای ئۆتۆمبێلـی دەکـردەوە و دایدەخسـت بـۆ میوانـان و خانەوادەکـەی.

دوا قسەشی ئەوەبوو: (سەربدە... دیاربە...).

٤-هـەر لـە ماڵەوەیـان و لـە نامەخانـە گـەورە و جوانەکـەی وانـەی خوێندنـی بـاڵای بە ماستەرو دکتۆرایـەوە بـە قوتابیانـی دەدا و هـەر خۆشـی خزمەتـی دەکـردن.

٥-سادە و بێ فیـزی و خاکـی بـوو لـە ئاست دۆسـت و هاوەڵاتـی و خزم و دۆسـتانی و خەڵکـی ڕەشـۆکی دا.

دووەم: بەزەیـی و لێبوردەیـی زۆر بـوو: ئەگـەر یەکـێ ڕووی لـە خوالێخۆشـبوو پ. د. مـارف بنابووایـە وبـۆ ماڵەکـەی بهاتایـە و داوای یارمەتـی و هـاوکاری لـێ

بکردبایـە بەهەمـوو شـێوە و جۆرێـك بەدەمیـەوە دەچـوو لـە ڕووی دارایـی و پشـت گرتـن و ڕێنیشـاندان و ئاراسـتەکردنییان.

سـێیەم: لێبوردەیـی: لەنێـوان سـاڵانی ١٩٩١ تاکـو ١٩٩٨، لـەدوای ڕاپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١ کـە بـۆ خوێندنـی بـاڵا ماسـتەر و دکتـۆرا لـە بەغـدا بـووم، هـەر کـە دەگەڕامـەوە ماڵـی دایکـم، دوای پشـوویەکی زۆر کـورت یەکسـەر بـە پیاسـە و لەسـەرخۆ بـەرەو ماڵـی خوالێخۆشـبوو دەڕۆیشـتم کـە زۆربـەی کاتەکانیـش دوای نیـوەڕۆ و پێـش ڕۆژئاوابـوو لـە بەغـدای پایتەختیـش سـەردانی بەڕێـزان خوالێخۆشـبوو ڕووناکبیـری گـەورەی کـورد مەسـعود محەمـەد و محەمـەدی مـەلا کەریـم و شـێخ محەمـەدی بالیسـانی و گـەورە زانـاو ئاینـی کـورد مـەلا عەبدولکەریمـی مودەریـس و چەنـدان بەڕێـزی تـرم دەکـرد، هـەر لـەو کاتـە زانیـم ساردیەك لەنێـوان بەڕێزیـان و کاکـە حەمـەی مـەلا کەریـم دا هەیـە. لـەم نێوانـەدا هەوڵـی ئاشـت کردنەوەیانـم داو تێـدا سـەرکەوتم. کـە سـلاو و ڕێـزی کاکـە حەمـەم بـۆ هێنـا لـە بەغـدا، خوالێخۆشـبوو نامەیەکـی بـۆ نووسـی و هـەر خـۆم نامەکەیشـم گەیانـدە کاکـە حەمـە زۆری پـێ خۆشـبوو، تەنانـەت وای بـۆ نووسـیبوو کاریگـەری زۆری کردبـووە سـەر کاکـە حەمـەش وەڵامـی دایـەوە و گوتبـووی ئەمجـارە بێمـە هەولێـر سـەردانت دەکـەم.

چـوارەم: کەسـایەتییەکی کاریگـەری هەبـوو لەسـەر هەمـووان: لەوانـە هەندێکیـان ئامـاژە پـێ دەکەیـن:

أ-زۆربـەی زۆری پـڕۆژە ئەدەبییـەکان و مەسـەلە گرنگەکانـی سـەر گۆڕەپانـی کـورد لـە ماڵـی بەڕێزیـان گفتوگـۆی لەسـەر دەکـرا، لەوانـە: دامەزراندنـی ئاکادیمیـای مامۆسـتایانی کوردسـتان.

ب-ئەوانـەی لـە خۆیـان بترسابوونایە لـە ڕۆژانـی ڕژێمـی پێشـوو و بگـرە بەداخـەوە دەڵێـم تەنانـەت لـە شـەڕی خۆکوژیـش لـە ماڵەکـەی بەڕێزیـان و لـە ژێـر زەمینـی ماڵەویـان داڵـدەی ئـەو خەڵکـەی دەدا و هـەر خۆشـی خزمەتـی دەکـردن.

لەوانـە (نووسـەران و بەرپرسـانی شـاری سلێمانی و جێگاکانـی تـرو کاکـە بـەدران حەبیـب و زۆرانـی تـر).

ج- داوای هـەر شـتێکت لـێ بکردابایـە یاخـود ڕووت لێینایـە هـاوکاری دەکردیـت و

زۆری پـێ خۆشـبوو، تەنانـەت لەڕێگـەی ئەویشـەوە براکانـی بەڕێـز کاك جمـال خەزنـەدار، کاك جـودت خەزنـەدار بـە بـەر ئـەم یارمەتـی و هاوکاریـە دەکەوتـن بـۆ خەڵکـی.

یـەك نموونـەی کاکـە جـەودت خەزنـەداری بـرای، بەرامبـەر بـە بەنـدە کـە لـە ١٩٩٣/٧/١٤دا ژنـم مارەکـرد هیـچ پـارەم لەژێـر دەسـتدا نەبـوو، گوتیـان دەبـێ کەلـو پـەل بکڕیـت، منیـش یەکسـەر پەیوەندیـم بەکاکـە جـودت کـرد،ماڵیـان لـە گەڕەکـی (مەنسـوری) بەغدابـوو. هەمـوو خەرجیەکانـی ژن هێنانەکـەم بـۆ جێبەجـێ کـردم. ئەمەیشـیان هـەر بەهـۆی خوالێخۆشـبووەوە بـوو.

پێنجـەم: خانەدانـی: جێـگای لێقەومـاوان و هەبووانیـش (دەسـت ڕۆیشـتوانیش) تەنانـەت ماڵەکـەی لـە ڕۆناکـی وەکـو میوانخانەیـەك و دیوەخانەیـەك بـۆ زۆر لـە نووسـەران و بـرادەران و خۆشەویسـتانی خـۆی لـە شـاری سـلێمانی و بەغـدا و تەنانـەت ئەوانـەی لـە هەندەرانیـش دەگەڕانـەوە هـەر لـە ماڵـی بەرێزیـان بـۆ چەنـدان ڕۆژان و شـەو دەمانـەوە. جگـە لـەم بەڕێزانـە لـە بەرپرسـانی کـورد لەماڵـەوە سـەردانیان دەکـرد.

شەشـەم: بوێـری و ئازایەتـی و زۆر بەڕێـز بـوو لای گـەورە بەرپرسـانی کـورد. هەروەکـو لەمەوپێشـیش ئامـاژەم پـێ کـرد لەبـەردەم خەڵکانـی ئاسـایی و بـێ دەسـەڵاتان بـێ فیـزو سـادەبوو، بەرامبـەر بـە گـەوران و بەرپرسـان بوێـر و ئازابـوو، تەنانـەت خـۆی لـەوان زۆر بـە گەورەتـر دەزانـی و زۆرانیـش لـەم بەڕێزانـە ڕێزیـان لـێ دەنـا، لەوانـە: (پێشـەوا باوکـی کـورد بارزانـی مسـتەفا لـە ڕێگـەی هـەژاری موکریانـی، نامـەی بـۆ بەرێزیـان نـاردووە)، تەنانـەت وانەشـی بـە (سـەدام حوسـێنی ) سـەرۆکی پێشـووی ڕژێمـی عێـراق داوە.

حەوتەم: نیشتمان پەروەرو ڕۆڵەیەکی بەئەمەکی کورد بوو.

بۆکورد دەینوسی و هـەر بۆیەشە بۆ کورد دەژیا لەپێنـاو وشـە و پەیڤی کـوردی و خاکـی کوردسـتان تێدەکۆشـا بـە خامـە ڕەنگیـن و سـەنگینەکەی خزمەتـی ئەدەبـی کـوردی دەکـرد تـا دوا هەناسـەی ژیانـی.

هەندێ لایەنی شاراوەیی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری:

لێـرەدا دەمەوێـت ئامـاژە بـە چەنـد لایەنێکـی شـاراوەیی خوالێخۆشـبوو د.

مارف بکەم کە وەکو دەسپێشخەریەك ڕۆڵی کاریگەری بەرێزیانی بەسەرەوە دیارە، لەوانە:

١-یەکەم کەسێك بوو لەناو کوردا کە بۆ یەکەمجار وشەی (فۆلکلۆری) بەکارهێنابێت لەزمانی کوردی دا، ئەوەیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٨، لەگۆڤاری شەفەق لە ژمارە (٣)ی بەرگی (١)، نەورۆزی ١٩٥٨ ل٢. بەبێ ناوی نووسەر و بە ناوونیشانی (فۆلکلۆری کورد، فۆلکلۆری نەورۆز) لە زاری خۆیانەوە پێی گوتم ئەمە لەلایەن خۆمەوە (د. مارف خەزنەدار) نووسراوە.

٢-هەندێ لە وتارەکانی لە ساڵانی پەنجاکان بە نازناوی (مالە) وتاری بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: وتاری (نەورۆزی کۆن»»مالە« ، گۆڤاری شەفەق ژمارە (٣) بەرگی (١) ساڵی یەکەم، نەورۆزی ١٩٥٨ ل ١٦٠.

٣-بۆ دیاریکردنی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی تاکو ساڵی ١٩٦٨ کە بەرێزیان لە ڕوسیا گەڕایەوە وتارێکی لە (برایەتی) ئەوسا بڵاوکردەوە، کە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی دۆزیبووەوە کە لە (٢٢) ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرەو لەلایەن (مەدحەت بەدرخان)ی دەرچووبوو، دوای لەم ساڵە بەدواوەوە (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێ بکرێتە جەژنی ڕۆژنامەنووسی کوردی.

٤-خۆشەویستی و وەفایی بۆ قوتابیانی: چ لە قوتابیانی بەکالۆریۆسی دەگرێتەوە لە بەغدا و زانکۆکانی کوردستان وانەی پێ داون لە ساڵانی (١٩٦٨-٢٠١٠) بە گشتی و قوتابیانی ماستەرو دکتۆرا بەتایبەتی، زۆربەی ئەو قوتابیانەی کە لە ماستەر سەرپەرشتی دەکردن، هەر ئەوانەیش دووبارە لە دکتۆراکەشیان هەر خۆی سەرپەرشتی دەکردن.

٥-نموونەیەکی تری شاراوەی ژیانی کە لەگەڵ بەندە و مامۆستا فازیل شەوڕۆی نووسەرو هونەرمەندی دەستڕەنگین کردوویەتی، ساڵی ١٩٩٠من و کاك فازیل راسپێردراین لەلایەن کۆمەڵەی فۆلکلۆری کوردی سەر بە ئەمینداریەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ئەو کات بۆ ئەوەی کەلەپووری کوردی بکرین و مۆزەخانەیەك لە قەڵای هەولێر دابنێین.

٦-لە هاتنەکایەوەی گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆری) دوای ڕاپەڕین کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بوو، لە دەستەی نووسەرانی ژمارەکانی یەکەمی



Scanned with CamScanner

تاکـو گۆڕینـی سەرنووسـەر لەتـەك (بەنـدە و عەزیـزی مـەلای ڕەش و ئەحمـەد قەرەنـی و شـەونم بەرزنجـی و جەعفـەر بەرزنجـی) خۆبەخشـیانە کارمـان دەکـرد، بەبـێ دواکەوتـن لـە هەمـوو کۆبوونەوەکانـی ئامادەبـوو و هەروەهـا لـە هەڵسـەنگاندنەکانی بەرهەمـەکان درێغـی نەدەکـرد و یەکـە یەکیانـی بـە وردی دەخوێنـدەوە و ڕای خـۆی لەسـەر دەدان.

٧-لـە نێوانـی سـاڵانی (١٩٩٨-٢٠١٠)، کـە گەڕامـەوە زانکـۆی سـەلاحەدین، بەهـۆی سـەرقاڵیم لـە دوای ٢٠٠٥ کەمتـر بـوارم بـۆ دەرەخسـا سـەردانی بکـەم لـە ماڵـەوە، زۆر پرسیاری کۆلێـژ و ئاستی خوێندنـی لـێ دەکـردم .

دووەم: لایەنـی کارە زانسـتی و ئاکادیمییەکانـی خوالێخۆشـبوو پ. د. مـارف خەزنـەدار.

پ. د. مـارف خەزنـەدار ئەکادیمیەکـی گـەورەی کـورد بـوو شـوێن دەسـت و پەنجـەی دیـار بـوو لـەوەش زیاتـر سەرپەرشـتی (١٩) نامـەی ماسـتەری کـردووە، هەروەهـا سەرپەرشـتی (١٠) تێـزی دکتـۆرای کـردووە، سـەرۆکایەتیی لیژنـەی گفتوگـۆی (١٩) نامـەی ماسـتەری کـردووە و هەورەهـا سـەرۆکایەتیی لیژنـەی گفتوگۆی (١٠) تێزی دکتـۆرای کـردووە. سەرپەرشـتی (٣٠) توێژینـەوەی دەرچوونی بەکالۆریۆسی قوتابیانـی زانکـۆ عەننابـەی لـە وڵاتـی جەزائیـر کـردووە. پەڕتووکـە چاپکراوەکانـی (٤١) پەڕتووکـە. ئـەو پەڕتووکانـەی پێشـەکی بـۆ نووسـیوە (٥٤) پەڕتـووك بـووە.

-ئـەو وتـارو توێژینەوانـەی لـە گۆڤـارو ڕۆژنامەکانی بڵاوکردۆتـەوە ژمارەیـان (٥٩) وتـارو توێژینـەوە بـووە. ئـەو پەڕتووکانـەی بەزمانـی عەرەبـی و زمانەکانـی دیکـە نووسـیوویەتی یاخـود وەریگێـڕاون (٨) بەرهـەم بـووە. ئـەو ڕیپۆرتـاژو وتارانـەی بەزمانـی عەرەبـی نووسـیوون یاخـود بەشـداری تێداکـردوون (١١٣) دانەبـووە.

بـە کۆچـی دوای کردنـی د. مـارف مرۆڤێکـی گەورەمـان لەدەسـت چـوو، هـەر بەتەنیـا نووسـەرو زانـاو ئەکادیمـی نەبـوو، بەڵکـو مرۆڤێکـی گـەورەش بـوو.

ئەندازیاران - هەولێر ٢/١١/٢٠١١



Scanned with CamScanner

## ٧) محەمەدی مەلا کەریم و مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیسی باوکی و کاک صەڵاحی برای:

هەر لەگەڵ دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا و لە ڕێگەی دیوانەکانی شاعیرانی کوردی وەکو نالی و مەحوی و مەولەوی و ئەوانی دیکە و نووسینەکانی لە (طریق الشعب) و لاپەڕە کوردییەکەی و ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستان و ڕەنگین و ڕۆژنامەی عێراقی (عەرەبی و کوردی و پاشکۆیەکەی)؛ دواتر لە نزیکەوە یەکترمان بینی لە کۆڕی زانیاری عێراقی دەستەی کوردی و پێشنیازی ناوی (دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردی دا) بۆ کردم، کە کۆمەڵە نووسینی پەخشان بوون لە ساڵانی ١٩٣٥ - ١٩٦٩ لەسەر نەورۆز؛ هەر ئەم ناونیشانەم بۆ هۆنراوەکانی لەسەر نەورۆز دانا بە ناوی (دیاری نەورۆز لە هۆنراوەی کوردی دا) بۆ عەرەبییەکەیشی (هدیة النوروز فی الشعر والنثر الكردي لدى أدباء الكورد والعرب).

کە سەردانی (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) لە بەغدام دەکرد، زۆرجار لەوێ دەمبینی، تاکو ١٢/١٠/١٩٩١ لە خوێندنی ماستەر لە زانکۆی بەغدا وەرگیرام ناوە ناوە لەماڵەوە سەرم لێدەدا وهەندێکجارانیش نانیشم لەلایان دەخوارد. کە ماستەر نامەکەم تەواوکرد؛ سەرلەبەری خوێندنەوە لە ڕووی زمانەوانی پێداچووەوە و لەکاتی گفتوگۆکردنی دا یەک هەڵەی زمانەوانیان لێ نەدۆزیەوە.

پەیوەندیەکەمان تا دەهات بەهێزتر دەبوو؛ کاتی داخوازیکردنی ژنهێنانم داهات کاکە حەمە و کاکە صەلاح و هەموومان چووینە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس، لە شێخ عەبدولقادری گەیلانی. بە دوو کەس بن قولەکانمان گرتبوو تا بردمانە ناو ماشینی کاک (طلعت هادی ئاغای سەربەشاخ) ی کوڕی پلکم کە لە بەغدا بوو؛ هێنامانە ماڵی (دایکی دکتور فاطمە) کە



Scanned with CamScanner

گەیشتە ماڵەکەیان و هەر خۆی داخۆزیەکەی کرد و هەمووی برانـدەوە.

هەندێ جاریش ناوە ناوە دەچووەوە ماڵی کاک (صلاح)ی کوڕی لەبەغدا کە لەتەنیشت ماڵی (کاکە حەمە) بوو؛ وا ڕێکدەکەوت منیش سەردانی کاکە حەمەم دەکرد و دەسوڕامەوە ماڵی کاکە (صلاح) کە کە ناو بەینێکان هەبوو لە بەینی هەردوو ماڵەکە زۆرجار دەمدی قورئانی فێری ژنەکەی کاک صەلاح دەکرد کە دایکی شیروان بوو. تەنانەت لە ڕۆژانی ١٤-١٧ /٧ /١٩٩٣ لە کاتی ژن مارەکردنەکە و خوازبێنیەکە لە ماڵی عالیەخانی کچی و ماڵی کاکە حەمەی کوری مامۆستای مەلا عبدلکریم، داوەتکراین من و دایکم و هەردوو خاڵم حوسێن و کریم و شەرمینی خوشکم؛ کە چووبوینە بەغدا لە ماڵی کاک طلعت هادی ئاغای سەربەشاخی،کوڕی پلکم دابەزیبووین.

چونکە لە خوازبێنیەکە هەموو ئەوانە بە ماڵەوە هاتبوون بۆ ماڵی بوکێ ، لە ساڵی ١٩٩٨ تا ئەوکاتەی لە بەغدا مامەوە سەردانی هەموویانم دەکردن و لە نزیکەوە ئاگاداری دەنگوباسیان بووم؛ دوای گەڕانەوەم بۆ هەولێر لە ٤/٥/ ١٩٩٨ مامۆستا لە ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کرد، لە ڕۆژانی پرسەکەی لە هەولێر و سلێمانی ئامادەبووم بۆ گەورەیی و ڕێزگرتنی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودڕیس، لەتەک کورەکانی (م. محەمەدی مەلا کەریم و کاک صەلاح تەنانەت تاکو کۆچی دوایی هەردوو کوڕی (کاکە حەمە و کاکە صەلاح) لە شاری سلێمانی سەردانم دەکردن و ئێستاش دوای مردنیان هەر هاتووچۆیان دەکەم؛ خوا بە بەهەشتیان شاد بکات



Scanned with CamScanner

## ٨) مومتاز حەیدەری:

وادەزانـم دوێنـێ بـوو، لـە بەسـتۆرەی سـەر ڕێـگای هاوینەهـەواری پیرمـام، لـە پاشـنیوەڕۆی نـەورۆزی سـاڵی ١٩٧٦، ساڵدانە ساڵدانە، لەگـەڵ کاك مومتـاز حەیدەری بـە پێیـان دەگەڕاینـەوە هەولێـرێ. ئـەوکات هـەر خوداپێـداوەکان ئۆتۆمۆبیلیـان هەبـوو، مامۆسـتا حەیـدەری کامیرایەکـی لـە شانی کردبـوو. منـی تەمـەن بیسـت بەهـاری، ئـەو ساتەوەختە خـۆم بـە پاشـا نەدەگۆڕیـەوە، چونکـە هەسـتم دەکـرد لەگـەڵ پەیامنێـری ڕۆژنامـەی پاشـکۆی عێراقـی کـوردی و ڕۆژنامـەی العراقـی عەرەبـی ڕێدەکـەم. ئـەودەم، کاك سـاڵح حەیـدەری، سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی العـراق بـوو.

لـەو ڕۆژەوە، مومتـاز حەیـدەری بـووە دۆسـت و هاوڕێـم و دەهـات باشـتری بناسـم، جـا کـە ئـەو کتێبخانەیەکـی لـە تەنیشـت پارێـزگای بـن قەڵاتـێ دانـا ــ لـە نزیـک کۆڵانـەی چاپخانەکـەی کوردسـتانی گیـوی موکریانـی، دۆسـتایەتیمان تۆغتـر و خۆشـتر بـوو.

چونکـێ ئـەو کتێبخانەیـە ببـوە بـارەگای ئەدیـب و نووسـەر و شـاعیرانی هەولێـر، منیـش ڕۆژانـە تـا نزیـک ڕۆژئـاوا هـەر لـەوێ دەمامـەوە. هـەر لەوێنـدەری ئاشـنایەتیم لەگـەڵ ئـەم چەپکـە مامۆسـتا گوڵـە پەیـدا کـرد: عەزیـز گـەردی، سید مولـود بێخاڵـی، کەریـم شـارەزا، تاریـق جامباز و ئەسعەد عـەدۆ، سامیە چاوشلی، کوردسـتان موکریانـی، د. شـوکریە ڕەسـووڵ، سـەعدوڵڵا پـەرۆش، نـەوزاد ڕەفعـەت، صابیـر ڕەشـید، مەدحـت بـێ خـەو، عەزیـزی مـەلای ڕەش، حمـە کەریـم هەورامـی، مولـود ئیبراهیـم حەسـەن، جوهـر کرمانـج، مەسـعود پەریشـان و زۆری دیکـە.. ..

لەگـەڵ ڕۆژگار، پەیوەندییەکەمـان هێنـدە تۆکمـە و دۆسـتانە بـوو سـەردانی ماڵـی یەکتریشـمان دەکـرد، ئـەو ماڵـی لـە گەڕەکـی ئـازادی، پشـت یانـەی ئـازادی بـوو. ئەوەبـوو کـە دووەم کۆمەڵـە چیرۆکـی فۆلکلـۆری کوردەواریـی منداڵان (ڕێـوی گەرمیـان و کوێسـتان) ئامادەمکـرد بـۆ چـاپ، داوام لـەو کـرد پێشـەکییەکم بـۆ



Scanned with CamScanner

بنووسێ. ئەمینداریەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە ساڵی ١٩٨٤ بۆی چاپ کردم.

تۆڕی پەیوەندییەکەمان گەشەی سەند و هاتووچۆی گەرمم لەگەڵ هەردوو برازاکانی و خوشکەکەی و دایکی کاروان هەبوو و هەمیشە پێشوازی گەرمییان لی دەکردین. هەر مامۆستا ممتاز پێشەکی بۆ پەرتووکی (دیاریی نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا) ١٩٨٨بۆ نووسیم، چ پێشەکییەکی جوان و نازدار بوو!

کاک مومتاز کەسایەتیی سەربەخۆ و ئێسک سووك و دڵتەر و هەمیشە گوڵ لەیەخەی بوو؛ دڵسۆز و کوردپەروەر و شەیدای کتێب و خوێندنەوە بوو؛ هاوڕێ و بەئەمەك بوو بۆ هاوڕێیانی لەژیاندا و دوای ژیانیاندا.



Scanned with CamScanner

### ٩) مەسعود محەمەد:

لە ساڵی ١٩٧١ و دوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد لە ڕێگەی نووسینەکانی لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا بڵاودەکردەوە و ئەو کاتە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد بوو؛ بەدواوە لە ڕێگەی دیوانی حاجی قادری کۆیی بە (٣) سێ بەرگ وتار و لێکۆڵینەوەکانی لەگۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستان و بەرهەمە چاپکراوەکانی و لە ١٩٩١/١٠/١٢ لە خوێندنی ماستەر لە زانکۆی بەغدا وەرگیرام؛ ناوە ناوە لە ماڵەکەیان لەبەغدا (حی الخضراء) لەسەر ڕێگای بەغدا و ڕومادی سەرم لێدەدا؛ پێش ئەوە بچم تێلێکم بۆ دەکرد؛ زۆربەی جاران لە دوای نیوەڕۆ و عەسرەکەی تا دەگەیشتمە ماڵیان بە (٢) دوو ئامانەی سورەکانی دووقاتی ناو شاری بەغدا؛ کە دەگەیشتم بەجلی پۆشاکی فەرمی و سەروریشی تراش و بۆینباغ و زۆر ڕێك و پێك پێشوازی لێ دەکردم؛ ئینجا دادەنیشتین باسی زۆر شتی بۆ دەکردم و زۆر بەتام دەیگێڕایەوە و لە کۆتایی تا بەردەرگا بەڕێی دەکردم؛ ئەم پەیوەندییەمان بەردەوام بوو تاکو لەمانگی تەموزی١٩٩٢ گوتی: کاکە عومەر کەی دەگەڕێیتەوە هەولێر؟ منیش گوتم قوربان کۆتایی ئەم هەفتەیە! گوتی دەکرێ منیش لەگەڵ خۆتەوە بەری؟! گوتم: قوربان بەسەرچاو لەخزمەتت دا دەبم! دوو ڕۆژ پێش گەشت کردنمان چوومە ویستگەی شەمەندەفەری بەغدا؛ ژوورێکی نووستنی (٤) ڕێبواریم گرت هەر قەرەویلەی دوو لەسەریەك بوون! تێلم بۆ بەڕێزیان کرد (٧,٣٠)ی ئێوارەکەی لەوێستگە ئامادەبێت و منیش لەبەر دەرگا لە پێشوازی و چاوەنواڕی دا بووم تاکو گەیشت و گەیاندمە لای شوێنی سواربوون لە (٨)ی ئێوارە شەمەندەفەری کەوتەڕێ (٨)ی بەیانی یەکەی گەیشتە موسل. لەناو شەمەندەفەر د. ئیسماعیل قەرەنی و د. عومەر جەباری و ژن و منداڵەکەی لەگەڵمان بوون؛ ئەوان لەکورسییە ئاسایییەکە بوون؛ بەڵام بۆ دانیشتن سەر لە ئێوارەکەی هاتنە لامان زۆر لەگەڵ کوڕە گچکەی د. عومەر یاسین ئیبراهیم جەباری گاڵتە و گەپی کرد تاکو خەویان هات و چوون خەوتن؛ ئێمەش



Scanned with CamScanner

دوای ئـەوان خەوتیـن بـۆ بەیانـی کـە گەیشـتن لەوێـووە چووینـە گەراجـی موسـل- هەولێـر ماشـێنێکمان گـرت بـۆ هەولێـر؛ مامۆسـتا مەسـعود محەمـەد لـە پێشـەوە سـواربون و دکتـۆر ئیسـماعیل قەرەنـی و پزیشـکێکی ژنـی عـەرەب کـە ژنـی کـوری (مـلا عوزیـر)ی مەنتکاوەیـی بـوو. بەنـدەش لـە دواوە سـواربووین؛ تاکـو گەیشـتینە دوا خاڵـی پشـکنینی سـەربازی میـری عێراقـی لـە کەلـەك بـۆ خەبـات دابەزیـن لەماشـین دوای وەرگرتنـی ناسـنامە مامۆسـتا مەسـعود محەمـەد نامیلکەیەکـی خـۆی بەزمانـی عەرەبـی کـە بریتـی بـوو لەچاوپێکەوتنـی ئـەو کـە (حمیـد مطبعی) لەگەڵـی سازدابوو؛ لەیەکـەم لاپـەڕە نووسـرابوو (صدام حسـین) نووسـینەکانی مامۆسـتا مەسـعود محەمـەد بەبایەخـەوە دەخوێنێتـەوە.

ئـەوەی پیشـانی لێپرسـراوی خاڵـی پشـکنینەکە داو ڕێگەیـان پێدایـن بڕۆیـن بـۆ هەولێـر. کەگەیشـتن گوتـم: مامۆسـتا بـۆ کـوێ دەچیـت بـا لەخزمەتـت دابیـن؟ گوتـی: بیمـە ماڵـی ئەمجـەدی ئامـۆزام لـە شـۆڕش. یەکەمجـار بەڕێزیانمـان گەیانـدە ماڵـی کاك ئەمجـەد لـە شـۆڕش دیاربـوو هـەر لـەم سـەردانەی دابـوو؛ سـەردانی بەڕێـزان کاك مەسـعوود بارزانـی و مـام جەلالـی کردبـوو؛ سـەرێکی کۆیـێ و سـلێمانی و خزمانـی هەمـوو دابـوو.

وابزانـم هـەر لـەم سـەردانەدابوو؛ داوایـان لێکـرد بـوو کـۆڕی زانیـاری کـورد دابمەزرێنـێ و پـڕۆژە یاسـاکەی بـۆ دابنـێ.

کـە گەڕاینـەوە بەغـدا، دیـارە تاکـو سـاڵی ١٩٩٨، بڕیـاری دا بگەڕێتـەوە هەولێـر و لـە گەڕەکـی موفتـی خانووێکیـان بـۆ کـڕی. منیـش لـە سـاڵی ١٩٩٨ دوای وەرگرتنـی دکتۆراکـەم نـاوە نـاوە سـەرم لێـدەدا کـە محەمەدیـی کوڕیشـی لەگـەڵ بـوو لـە ماڵەکـەی موفتـی. تاکـو ڕۆژی کۆچـی دوایـی کردنـی و پرسـەکەی لەمزگەوتـی ڕەشـاد موفتـی هەولێـر بـوو هـەردوو ڕۆژ لـە پرسـەکەی دانیشـتم بـەڵام لەئاسـت گەورەیـی و مەزنـی ئـەو بەڕێـزەدا نەبـوو.



Scanned with CamScanner

## ١٠) پ. د. وریا عومەر ئەمین:

ساڵی ١٩٨٠ بوو؛ کە قوتابیانی بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی (ابن رشد) ی زانکۆی بەغدام دەبینی، لێمان دەپرسین کێ ئێستا سەرۆکی بەشەکەتانە؟ لە وەڵامدا دەیانگوت: د. وریا عومەر ئەمینە، خەڵکی شاری هەولێرە. تاوای لێهات بۆ گفتوگۆکردنی قوتابیانی ماستەر دەهاتە زانکۆی سەلاحەددین و لە هەولێر چاوم پێی دەکەوت؛ زۆر سادە و کەسێکی ڕووخۆش بوو؛ بەڵام کە لە ماستەر وەرگیرام لە زانکۆی بەغدا لە ١٩٩١/١٠/١٢ زوو زوو لە بەشی کوردی سەرم لێدەدان و لەگەڵ مامۆستایانی ئەو بەشە زۆر پەیوەندیم بەهێزبوو؛ بەڵام لەگەڵ دکتۆر وریا زیاتر تاوای لێهات هەواڵی ئەوم دەگەیاندە دایکی و هەردوو خوشکی و براکەی کە بەدکتۆر وریایان دەگوت: شێرکۆ. هەرکە دەگەیشتمەوە هەولێر و سەری ماڵی دایکیم دەدا؛ کە ژنێکی زۆر بەڕێز و تەنانەت هەردوو خوشکی، ئاوازخان و ئاهەنگ خانی خوشکی و کاکە ڕزگاری برای بەدڵخۆشیەوە پێشوازیان لێ دەکردم. تا ساڵی ١٩٩٨ بەغدام بەجێ هێشت و بەتەواوی گەڕامەوە هەولێر.

دوای بەدەستهێنانی ماستەرەکەم لە ١٩٩٣/٨/١٤ و دواییش ژنم هێنا دکتۆر وریا لەناو هەموو مامۆستاکان تەنیا خۆی بەماشینی کوروناکەی لەبووك گواستنەوەکە ئامادەبوو؛ تاکو میوانخانە لەگەڵمان هات و ئەو هەموو ماندووبوونەی کێشا؛ هەر لەو کاتە بەدواوە شەڕی براکوژی لە کوردستان دەستی پێکرد؛ بڕیارم دا هەر لە بەغدا بمێنمەوە؛ داوام لەکاك دکتۆر وریا کرد هەوڵم بۆ بدات تاکو بچمە بەشی کوردی و وانەکانی دەروونزانیان بۆ بڵێمەوە؛ هەموو بەرهەمە چاپکراوەکانی منی خستە بن هەنگڵی بەرەو لای ڕاگری کۆلێژی ئەو کاتە پرۆفیسۆر (دکتۆر مالك ابراهيم الدليمی) لەسەر مێزی بەردەمی دانا و گوتی: خاوەنی ئەم بەرهەمانە خاوەن ماستەرە لە دەروونزانیی پەروەردەیی

و نووسـەرێکی دیـاری بەتوانـای کـوردە و بەشـەکەمان زۆر پێویسـتی بـە ڕاژەکەیەتـی.

یەکسـەر ڕەزامەنـدی دابـوو؛ بـەڵام دیاربـوو؛ دوایـی سـەرۆکایەتیی بەشـی دەروونزانـی و ئەوانـی بەشـەکانی تـر کەمـێ پێیـان ناخـۆش بـوو؛ چـۆن هەڵگری بڕوانامـەی ماسـتەر لـە زانکـۆی بەغـدا دابمـەزرێ.

دەسـت بەکاربـووم لـە بەشـی کـوردی و لـە وانەکانـی دەروونزانـی گشـتی و دەروونزانـی پەروەردەیـم لـە بەشـی زمانـی کـوردی و بەشـی جوگرافیایـش دەگوتـەوە؛ دوای سـاڵێک لـە دکتـۆرا وەرگیـرام لـە هەمـان بەشـی زانسـتەکانی دەروونـی و پەروەردەیـی- کۆلێـژی پـەروەردەی (ابـن رشـد)ی زانکـۆی بەغـدا و لـە بەشـی کوردیـش هـەر وانەکانم دەگوتـەوە؛ تـا لـە ڕۆژی ١٩/٢/١٩٩٨ گفتوگـۆی تێـزی دکتۆراکـەم لـە هۆڵـی بەشـی جوگرافیـا و کـوردی کـە بەیەکـەوە بـوو کـراو بـە پلـەی (نایـاب) دەرچـووم . سـاڵی خوێندنـی ١٩٩٧/١٩٩٨ کـە (دەروونزانـی گشـتی)م لـە پۆلـی یەکەمـی بەشـی کـوردی دەگوتـەوە و پرسـیاری کۆتایـی ساڵیشـم دان؛ بـەڵام پێـش (٥) خوولـەک کـە تاقیکردنەوەکە دەسـت پێبکات و پرسـیارەکان دابەش بکرێ؛ دکتـۆر وریـا بـە پەلـە هاتـە ژوورەوە و گوتـی : پرسـیارەکان لـە وەزارەتـەوە هاتـوون هـی هەمـوو پۆلـی یەکەکانـی عێـراق هاوبەشـە؛ پرسـیارەکانی خـۆت هەڵگـرە بـە لیژنەیـەک نمرەیـان بـۆ دانـان؛ منیـش لـە ٥/ ٤ / ١٩٩٨ لـە کۆلێـژی پـەروەردەی زانکـۆی سـەلاحەدین / هەولێـر دەسـتم بـەکار کردبـوو؛ ئیتـر بـۆ سـاڵی خوێندنـی ١٩٩٨ - ١٩٩٩ نەگەڕامـەوە بەغـدا و بەیەکجـاری بەجێمهێشـت. لـەدوای مـن دیـارە ڕێـژەی دەرچوونـم ١٠٠٪ بـووە لـە تاقیکردنـەوەی وەزاریەکـە و خەڵاتـی منیـان کـە (٢٥٠ ) هـەزاری دینـاری ئەوکاتـە بـووە؛ نـاردەوە بـۆ کۆلێـژ و (٥٠٠) هـەزار دیناریـش بـۆ سـەرۆکی بـەش کـە د. وریـا عومـەر بـووە لـە پاداشـتی ئـەو سـەرکەوتنە؛ بـەڵام مـن نەوێـرام بچـم پارەکـەم وەرگـرم چونکـە؛ ئاگادارکردنـەوەی دابڕانـم بـۆ دەرچـوو بـوو؛ بچووبوومایـە دەیانگرتـم .

هەرچەنـدە دکتـۆر وریـا گوتـی بـە دوات دەگـەڕان و داوای ئەدرێسـی ماڵەوەیـان دەکـردی منیـش گوتـم تەنیـا ژمـارەی تەلەفونـم لایـە؛ گوتـی : دەیانگـوت ئێمـە ژمـارەی تەلەفۆنمـان نـاوی ناونیشـانی تـەواوی ماڵەوەیانمـان دەوێ.

ئـەوە بـوو مـن لـە ئێـوارەی ٢٠ / ٨ / ١٩٩٨ بەشـەوەکەی لە بەغـداوە ماڵم هەمووی

هێنایە شاری موسڵ لەوێ دامنا لە گەراجێک تاکو لە ماوەی (٣) ڕۆژ بە (پارە) لە ئەنجوومەنی پارێزگا پسوولەی ڕێگا پێدانم وەرگرت کە گوایا وەکوماڵێکی کورد لە موسڵ دەردەکرێم (ترحيل) ؛ کاتژمێر (٣) ی عەسرەکە لۆریەکم گرت و ماڵەکەم بارکرد هەولێر خۆبگرە لە خاڵی پشکنینەکان کە پسوولەکەیان دەبینی ڕێگا (عدم تعرض) لێنەگرتن تاکو گەیشتمەوە هەولێر .

دایکی کاک دکتۆر کۆچی دوایی کرد و لە سەردەمی کۆرۆنا ئاهەنگی خوشکی کۆچی دوایی کرد لە پرسەکەیان ئامادەبووم؛ تاکو ئێستا لەگەڵ دکتۆر وریا پەیوەندیمان بەردەوامە و بۆ تاکە جارێکیش لە یەکتری تووڕە نەبووینە.



Scanned with CamScanner

## ١١) دكتۆر ئیحسان فوئاد یان (کاکە شوان):

لە ساڵی ١٩٧٨ کە خەریکی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی پەرتووکی (دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا) بووین، لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانمان پەڕ بە پەڕ هەڵدەدایەوە هەر لە ساڵانی ١٩٣٥ تا ١٩٦٩ هەرکە گەیشتینە ساڵی ١٩٥٨، لاپەڕەکانی گۆڤاری هیوا ژمارە (٩)ی ساڵی (١) خاکە لێوە (مارت)ی ١٩٥٨ هەڵداوە لەلاپەڕە ٩٨،٩٧ ئەم پەخشانەمان کەوتەوە بەرچاو بەناونیشانی (نەورۆز جەژنی ڕزگاری کورد) بەناوی (کاکە شوان(بڵاوکراوەتەوە سەرەتاکەی بەچەند دێرێک لەم هۆنراوەیە دەست پێ دەکات کە دەڵێت:

ڕۆژی نەورۆز جەژنی سەربەستی و خەباتی میللەتە
وەک نیشانەی لابەری کۆستی هەژاری و مەینەتە

جەژنی نەورۆز خوێنی دڵمان تێکەڵاوی بەستەتە
ڕێیە بۆ سەربەستی بڕوا دیارە سەخت و زەحمەتە

ڕەنجی کاوە قارەمانی زۆری وا هەڵسانوە
هێز و ئیمان و بروسکەی ئەو لە سنگا چانوە

لاوی کورد هەرگیز بروسکەی باوەڕی گەرم و گوڕە
ڕاست و سەربەرزە لە ڕێگای کۆششا شێری دڕە

لاپەڕەی مێژووی وڵاتمان میللەتی جوولانەوە
یادی.. سوورو گەش دیارە بە ڕووی لاوانەوە
***



Scanned with CamScanner

جەژنی نەورۆز جەژنێکی پیرۆزی نەتەوایەتی میللەتی کوردە. ئەو میللەتەی بە هەزاران ساڵە گیرۆدەی هەزاران داوە. بەڵام ئەمڕۆ ئەژی، سبەینێش ئەگاتە ئامانجە پیرۆزەکانی. ئەو ئامانجانەی - کاوەی قارەمان لە ڕێیا هەوڵی داو سەری زۆرداری پێ هاڕی. جەژنی میللەتەکەمان جەژنی سروشتی رازاوەشە. جەژنی بەرگ و دیمەنە دڵگیرەکانی کوردستانە. جەژنی بەهارە. قەڵبەزەی پاک و ڕوون مێرگی سەوز و سوورە. گوڵاڵەی هەڵپەڕینی باڵندەکانە!

سا ئێمەش با لەم هەستە پیرۆزەدا بەشدار بین، لە بیرەوەری ئەم جەژنەدا چەند ساتێک بووەستین و بیرێک لە دواڕۆژی میللەتەکەمان بکەینەوە. لە سستی و خۆپەرستی و گیرە شێوێنی دووربکەوینەوە. چاومان بە خۆمان هەڵبێ بە دڵێکی پاک و بێ گەردەوە. بە بڕوایەکی ڕاستەوە ڕوو بکەینە کۆڕی خزمەت کردن.. خزمەتی گەلی کوردا!

ئێمە کە خوێندەوارانی کوردین پێویستە قسەی ئەو کەسانەی بە چاوێکی تاریکەوە سەیری دواڕۆژ ئەکەن نەچیتە گوێمانەوە چونکە ڕێگای خزمەت کردن کراوەیە بۆ هەموومان. وە نابێ هیچ شتێ کۆڵمان پێ بدات. نائومێدی برینەکانمان تیمار ناکات. ئازارمان زۆرتر ئەکات وە پشتمان سارد ئەکاتەوە. دەستە ئەژنۆ دانیشتن نابێ ببێتە پەیڕەومان چونکە هەر هەوڵ و هیمەتە ئەمانگەیەنێتە ئامانجەکانمان جێگای میللەتەکەمان بە خامۆشی نەمێنێتەوە لە ریزی کاروانی میللەتانی دنیادا. ئیتر پیرۆزبایی ئەم جەژنە لە دڵسۆزانی کورد. وە بۆ ئەو تێکۆشەرانەی کە کاوەی قارەمان رابەر و هەڵگری ئاڵای رزگارییان بوو لە رابوردووی مێژووی گەلی کوردا. ئێستاش ئەمان ئەبنە کاوەی پاشە ڕۆژ.

هیوا

ژمارە (٩) ساڵ (١)، خاکە لێوە،

مارت ١٩٥٨، ل٩٧، ٩٨.

بەهۆی پرسیارکردن لە بەرێز مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم زانرا کە (کاکە شوان) (د. ئیحسان فوئادە)، کە بەم نازناوە لەکاتی خۆی بەرهەم و نووسینی بڵاوکردۆتەوە، منیش هەرکە زانیم یەکسەر پەیوەندیم بە بەڕێزیان کرد لە

بەغدا ئەوکاتە بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی بوو لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق / بەغدا. کە چوومە لای بەڕاستی ئێستاشی لەگەڵ دابێ بەڕێوەبەری گشتی وام نەبینیوە، هێمن، لەسەرخۆ، بێ فێز، بەڕێز، تەنانەت ژوورەکەشی ئارامی و هێمنی پێوە دیاربوو، بەگەرمی پیشوازی لێکردم، داوای کورتەیەکی ژیان و وێنەیەکی بەڕێزیانم لێکردو کات و ڕۆژی دیاریکراومان دانا، تاکو لە ڕۆژی ٢٠/٨/١٩٨٦ واتە بەر لە (٢٢) ساڵ. بەم بەدەستی خۆی کورتەیەکی ژیانی بۆ نووسیم.

لەو ماوەیە ناوە ناوە لە وەزارەت سەرم لێدەدا تاکو گەڕایەوە بەشی کوردی لە کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ – ١٩٩٨، زۆر جار بەیەکەوە دادەنیشتبن و بەدووقۆڵی گفتوگۆی زۆر شتمان دەکرد. لەوانە دیمانەیەکم لەگەڵ بەڕێزیان سازکرد دەربارەی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (شەماڵ سائیب).

بە کورتی خوالێخۆشبوو دکتۆر ئیحسان فوئاد خاوەن کەسایەتییەکی دەگمەن بوو وەکو نووسەر و ڕۆشنبیرێکی کورد و تەنانەت تاکێکی کوردیش نەمبینیوە ڕۆژێ لە ڕۆژان باسی کەسێکی کردبێ و ناوی بەخراپە هێنابێ بەڕاستی ئەمەیان دەگمەنە لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد.

هەزار سڵاو لەگیانی پاکت ئەی مامۆستا و هاوڕێ و نووسەر و ڕۆشنبیر و خاوەن ڕەوشتی بەرز و هەڵسوکەوتی بە دەگمەن لەناو کورددا.

هەولێر

٢٠٠٨/٧/١٠



Scanned with CamScanner

# بەندی دووەم

## عومەر پەتی
## لە دیدی چەند ئەدیب و مامۆستا و کەسایەتی و قوتابی و هاوڕێیکانیەوە[2]

[2] ڕیزبەندیی بابەتەکان بەگوێرەی ئەلفبێی ناوی نووسەرەکانە.



Scanned with CamScanner

# (ناسنامەی بونیاتێك)

## پ. ی. د. ئازاد ئەحمەد

گوێم لە ناوی (عومەر پەتی) بووو، بەڵام نەمدیتبووو، وامدەزانی دکتۆر عومەر، پیاوێکی کورتە بنەی ورگ زلی تێکچەقیوی سمێڵ ڕەشی ئێسك قورسی مچ و مۆڕە، هەرکە ئەو ناوەم دەبیست، ڤیدیۆی زۆر شتی عومەرانم دەهاتەوە پێش چاو کە من پێی نیگەران دەبووم، بەڵام کاتێك کە لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان، مامۆستا بووم، لە ساڵی ٢٠٠٠ بە شەوانی مانگی ڕەمەزان بەشداربووم لە خولێکی پەروەردەیی، یەکەم شەو (دوای فتار، دەورەکە دەستی پێ دەکرد) و یەکەم وانە و یەکەم مامۆستا، کە هاتە ژوورەوە خۆی بە ئێمە ناساند و وتی: من عومەر ئیبراهیم عەزیز، کە (عومەر پەتی)یشم پێ دەڵێن، وەك شەپۆلەکانی ژیانەوەی دڵ – ڕاچڵەکیم -، عومەر پەتی.. !، کە باسی خۆیی و سەردەمی منداڵی خۆیی و گوندەکەیانی دەکرد (ناوە ناوە ئەو پەرداخە ئاوەی کە لەگەڵ خۆی هێنا بووی لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەی دانا بوو فڕەکی لێ دەدا) منی ئابڵەق کردبوو، ها گوندی (دۆرەزە) خەڵکی کەندێناوەیە، ئەی باشە من بۆچی بە خەڵکی کەرکووك یا سلێمانی یا چەمچەماڵ تێیگەیشتبووم؟!

هەر لەو خوولە، بووینە برادەر، دۆست، هاوڕێ، خزم.. ساڵ ڕۆیی و ساڵ هات من و کاکە دکتۆر بەیکەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دەستەی گۆڤاری (ئەکادیمیا) کارمان کردووە ئەوجا زانیم ئەو پیاوە کێیە. زانیم کە عومەر پەتی بریتییە لە: پیاوێکی ئیشکەر و خۆ جێ بەجێ و بڕوا بەخۆ بوون خۆی پێگەیاندووە، هەرگیز بە تیۆریی لاسایی کردنەوە کاری نەکردووە، پێوەندیی نێوان کار، هونەر و ئەزموونی مرۆڤێتی و ژیانی پێڕەو کردووە، هەمیشە زانست و هونەری وەك ئاوێنەی ڕاستەوخۆی ژیان بینیوە، لەو ئاسۆیەوە کاری کردووە، هەمیشە هەوڵی داوە شتە شاراوەکان شاراوەتر بکات و پاشان بۆ ژیانی ژیان ئاشکرایان بکات، ئەم پێکهاتەیە هەموو کەسێك و خاوەن



Scanned with CamScanner

قەڵەمێـك و ئەكادیمییـەك خاوەنـی نییـە، بەڵكـو ڕاسـتگۆیی تاڵـی و سـوێری ڕۆژگار و پێوەندیـی شـەونخوونی و كۆمەڵـە ئەزموونێـك دروسـتی دەكات كـە ئـەم بنەمایانـەش لـە ناخ و كار و ڕەوشـتی دكتـۆر عومـەر بـەدی دەكرێـت، بۆیـە كە نـاوی ناوبـراو دێـت، چەنـد ناوەندێـك بـە ڕایەڵەكانـی: كۆمەڵایەتـی، كەسـایەتی، ئەكادیمـی و بەرهـەم، سـەرەتاتكێ دەكـەن.

وێـرای ئەمەیـش وتـە و كەسـایەتی عومـەر پەتـی، دەلالـەت لـە مرۆڤێكـی دیاریكـراو نـاكات بەڵكـو سسـتەمێكی پـڕ لـە واتایـی و ڕەمـزی دەخولقێنێـت، كـە لـە سیسـتمی ئاسـایی جیـاوازە، ئەویـش: مامۆسـتایی، بەرهـەم و كتێـب و وتـار و چاوپێكەوتنـی میدیایـی.. تـاد. ئاسـۆی پـڕ لـە لێوانلێـوی هەقیقەتـی نافیـی بـوون و بەردەوامیـە،

مـن نایەمـە سـەر چۆنیەتیـی ژیـان و سـەردەمی قۆناغەكانـی، هەرچۆنێـك بووبێـت و دەبێـت ئـەو ڤـاڵای دەرەوەی خولگەكانـی ئایـۆن بوونـی ژیانـە، بەڵكـوو مـن بـاس لـە هاوكێشـەیەكی هاوسـەنگ، هاوسـەنگی پرسـیارگەلی كەسـایەتێكی نمونەیـی ئەكادیمـی و نووسـەر و مامۆسـتا، دەكـەم لـە هەوڵێكـی پـڕ لـە خرۆشـی و ئاوەزیـی بەرهـەم هێنـاوە، لـە تێكڕایـان گرینگتـر ئەوەیـە: ئایـا دكتـۆر عومـەر پەتـی لەژیانـدا كـەس و بونیاتێكـی پوختـە و سـوودبەخش یـان مرۆڤێكـی ئاسـایی بـۆ ژیانـی ژیـان دەژیـت یـان ژیانـی جیـاواز، ڕێبـازی دكتـۆری ناوبـراو ڕێبـازی هونەرییـە، بـۆ هونـەری ژیـان ئاوەڵكێشـە، تەنانـەت ئەتەكێتـی هونـەری لە فۆڕمـی ڤاڵای دەرەوەی (جلوبـەرگ).. ڕەنگـی داوەتـەوە، پـاك و خاوێن، گونجـاوی ڕەنگـی جلەكانـی و شـێوازی قسـە و چۆنیەتیـی پەیوەنـدی، ڕەنگبێـژە، خـۆی بونیاتێكـی پوختەیـە، واتـا داڵەكانـی ئێسـتێتكا بـە موتوبـەری ڕۆشـنبیریی و پەروەردەیـی، ناوەندێكـی پوختـە، بـۆ هەمـوو دەرەتانـەكان، كـە ئەمەیشـی بـە ئاسـانی بـۆ مرۆڤێكـی مـرۆڤ ئاسـا نایەتـە دی، لـە كۆتایشـدا ئـەو حەقـە بەخـۆم دەدەم بڵێـم: دكتـۆر عومـەر پەتـی لـە خـودی خـۆی بـۆ خـۆی و ئامانـج، ئامانـج دەگەیەنێـت، بـە وێنەیـەك و بـە بەشـێك لـە جیهانـی ڕاسـتی ئاڵیەكانـی ژیانـی واقیعـی و زانسـتی و ئەكادیمـی و كـورد بـوون دەگەیەنێـت، بەڵكـو خۆشـی دنیایەكـی تـەواو و سـەربەخۆ.

بەهیوای تەمەن درێژی تا ئێستێتكای ژیان لێوڕێژتر بێت.

# (پاییزی ئاشنابوون)

## ئەحمەد عەزیز حەمەد(حاکم ئەحمەد)

**«ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی سەربازیی هەرێمی کوردستان»**

تەمەنم تەنها دە ساڵ بوو لە پۆلی دووی سەرەتایی دەرچوو بووم، دەبوایە لە پۆلی سێی سەرەتایی دەست بەخوێندن بکەم بۆ درێژەدان بەتەواوکردنی قۆناغەکانی فێربون و خوێندنی ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١، لە دێیەکی دوورە دەستی دەشتی کاکی بە کاکی قەراجی ڕەنگین، لە گوندی تەلەمەتار زێدی باب و باپیرم و هەر لەوێ چاوم بەدنیا هەڵێناوە ماموستای خۆشەویستم (عونی جبور) ئەو ساڵە بەهۆی شەڕی شەڕانگێزی ڕژێمی لەناوچوی بەعس، جلی سەربازیان بەزۆر لەبەرکرد و بردیان بۆ بەرەکانی شەڕ، ئێمەی منداڵانی گوند زۆر دڵتەنگ بووین بەوەی تەنها ماموستایەکمان هەبوو فێری خوێندنی دەکردین، ئەویشیان لێمان زەوت کرد بۆیە ماوەیەکی کەم بێبەش کراین لەخوێندن.

لە ئێوارەیەکی پاییزی ساڵی ١٩٨٢، ماموستایەکی تر ڕەوانەی دێیەکەمان کرا بۆ ئەوەی وانەکانمان فێربکات، ئەوەی بەلامەوە گرنگە و تا ماوم لەیادم ناچێت، ئەم ئێوارەیەی بە پەرۆشەوە دەمویست بزانم ئەم ماموستایە کێیە و لەکام ئاستیی ڕۆشنبیری دایە، چومە قوتابخانە و لەوێ ئاشنابووم. ئەو پاییزەی کە من ئاشنای بووم هەرگیز لەبیرەوەرییەکانم دەرناچن، ماموستای بلیمەت و زیرەك و قسە و ڕووخۆش مام و برای گەورە و خۆشەویستم (پرۆفیسۆر د. عومەر پەتی)، ئەو کات تەنها ماموستای سەرەتایی بوو، بەڵام بەلای منەوە ماموستا عومەر بۆخۆی قوتابخانەیەك بوو، ئێمە لەدێ سێ قۆناغ مان هەبوو پۆلی یەك و دوو و سێ، من لەگەڵ هاوڕێکانم لە پۆلی سێ بووم، ماموستا عومەر بە تەنها وانەی هەر سێ پۆلەکەی دەگوتەوە، ئەوەی جێگای گوتنە و



Scanned with CamScanner

پێویستە ئاماژەی پێ بدەم مامۆستا عومەر تەنها وانەبێژ نەبوو. خوێنەری بەڕێز، باوەڕ بکەن گەنجینەیەك بوو مەگەر چەند سەد ساڵێك کورد کەسی وای لێ پەیدا ببێ وانەبێژ، توێژەری کۆمەڵایەتی، زمانناس (کوردی پەتی) ڕێکخەری هەموو بوارەکان بوو کەپێویستە قوتابی هەیبێت.

من کە گوتم قوتابخانە بوو ناڕاستیم نەگوتوە، بەڕاستی مامۆستا عومەر قوتابخانە بوو من دەیان و سەدان وانەی لێ فێربووم جگە لە پرۆگرامی خوێندن، حەزی بەرێك پۆشی دەکرد فێری دەکردین پاك و خاوێن و بۆن خۆش بین، هەموو بەیانیەك بەر لەدەست کردن بەوانە سەیری هەموومانی دەکرد ئەگەر یەکێك نارێك (نینۆکەکان، جل، قژداهێنان.. . ) بوایە ئامۆژگاری دەکرد بۆ ئەوەی پاك و ڕێك بین، زۆر گرنگی بە گۆرانی لاوان و سروودی نیشتمانی دەدا فێری لەخۆبوردەیی دەکردین، فێری چاونەترسی دەکردین، جگە لەوانە وەهای ڕاهێنابووین کە کێبڕکێ لەسەر بە یەکەم دەرچوون بکەین، شانازیەکی گەورەیە کە ئەم زاتە خزمی خۆمە و لە ئێستا و لە ڕابردوو بۆم گەورەیی یە کە کەسی جەنابیان شارەزاییەکی ناسراوە لە کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ قۆناغی شەشی سەرەتایی، ئەو کات تاقیکردنەوەی سەری ساڵ وەزاری بوو، ئێمەی دەبرد لەناحیەی باقرتە (قەراج) تاقیکردنەوەمان دەکرد و دەگەڕاینەوە گوند کە خۆی ئەرکی هاتووچۆی لەئەستۆ گرتبوو. ئەنجام بەهۆی کارامەیی و زیرەکی و خەمخۆری بۆ قوتابییەکانی و زۆر هەوڵی دەدا کەئێمە پێشەنگ بین من لە هەموو دەشتی قەراج بە یەکەم دەرچووم ئەوکات بەتێکڕا نمرەی ٪٩٤ گرەوەکەم بردەوە و دیاری بەیەکەم دەرچوونم لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر لە ڕێگای مامۆستا عومەر پێگەیشت.

لەڕاستیدا ئەگەر دەرفەتم هەبێ پێویستە پەرتوکێك لەسەر ئەم بلیمەتە بنوسمەوە چونکە ئەوەی لێرەدا باسم کرد تەنها کورتەیەکی ناساندنی جەنابیانە بەلای منەوە بەڵام بۆ ئەوەی مافی خۆی پێ بدەم لەبەرگی کتێبێدا دەتوانم هەموو لایەنەکانی تری پێکەوە ژیان لەگەڵ جەنابیان باس بکەم چونکە لێرە ناونیشانی بابەتەکەم (پاییزی ئاشنابوون) واتە تەنها ئاشنابوونی بەڕێزیانە.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خودای پەروەردگار پایەداری بکات و ڕاوەستاوبێ بۆ



Scanned with CamScanner

خزمەتـی ئـەم خـاك و وڵاتـە و هەمیشـە وەك مۆمێکـی درەوشـاوە چـوار دەوری خـۆی ڕونـاك بکاتـەوە خـوای گـەورە تەمـەن درێـژی بـکات بـۆ ئـەوەی هـەردەم وانـەی نوێمـان فێربـکات.



Scanned with CamScanner

# (دختۆر عومەر پەتی)

د. ئیدریس عەبدوڵڵا

یەك لە جوامێرە دیارەکانی هەولێری خۆمانە
مامۆستایەکی گەورەی جامیعەیە
هەمیشە دەو و ڕوو بە خەندەییە
کوردیزانەکە، لە نەوعی خۆی نییە
پێی عەیبە برێ: کوردی هەندی زمانەکانی دی کەلیمەی نییە
لەکنەوی هەرچی قسەیەکە، هەر بە کوردییە
لە دەرزییەکی هەتا تەیارەکی، هەمووی هەر خیندییە
هەقایەتزانە و بەسەرهاتی گەلەك خۆش دەزانی
ئەوەندە عەشقی عیلم و خیندنێیە، دوژمنی باوەکوشتەیە لۆ نەزانی
قازانجی لۆ میللەتەکەی خۆی زۆرە
حەزدەکا هەموو کیژ و کوڕەکی وراتەکەی پی بگا
بەرام پێی وایە: هەموو ئەو خەرکەی ئەوڕۆ ڕووی لە خیندنێیە،
هەقی خیندنەکەیان باش نەدایە
لۆیی تەلەبە بە ژمارە زۆرە
بەرانەکینێ هەر زۆر و بۆرە
ئەو حەزدەکا تەلەبەکانمان وەکی جاری جاران بن
هەموو هەر ژن و پیاوی گەورەیان لی دەرچی
نەوەك هەر ببنە صاحێبی شهادەی گەورە و



Scanned with CamScanner

له ناوەڕۆکیشدا وه نه‌بی
چونکه ورات به عیلم و مه‌عریفه‌تی به‌سه‌رده‌که‌وی
هه‌ر به‌و ڕێیه‌یه میللەت تاجی سه‌روه‌ری له‌سه‌ر سه‌ری ده‌نی
ئێی ی ی ی.. هێی ی ی ی
به چی دیی هه‌ر نه‌رێم؟!
خۆ ئه‌و دختۆر عومه‌ره نووسه‌ره‌کی باشیشه
چه‌ند کتێب و متێبی نووسینه
چه‌ند کۆڕ و سیمیناری به‌ستینه
له هه‌ر جێیه‌کی بووبی، سه‌ری هه‌ولێریانی برند کردییه و
لۆ دۆستایه‌تیش یه‌کاو یه‌که
ئیشه‌کت پێی بی
ئیسرحات ناکا، هه‌تا لۆت ده‌کا
له وانه‌یه ئیشه‌که‌شت لۆ بکا و ده‌عوه‌ته‌کیشت بکا
ئه‌دی چت ده‌وێ برا؟
کا لۆ ئه‌ورۆ پیاوی له‌و نه‌وعه‌ی مایه؟
به‌رێ.. مه‌عنای چییه؟ هه‌ر مایه،
به‌رانه‌کینێ که‌م بووینه و به ئاسانی نایانبینیه‌وه!
ئه‌لعانه‌کینێ دختۆر عومه‌ر به‌ناو سارانیش که‌تییه
به‌رام هه‌ر ئازایه و له به‌ری نه‌هێخستییه
هه‌ر گه‌نجه و به باشی ئیشی خۆی ده‌کا
لۆیی دوعای خێری لۆ ده‌که‌م
ده‌رێم: یاڕه‌بی خودایه له به‌ر خاتری ناوه جوانه‌کانی خۆت
ئه‌و عومه‌ره‌مان جارێ لۆ بێلی
زیاتر و زۆرتری مۆفه‌ق که‌ی
ته‌له‌به‌کانی وه‌کو خۆی لی بکه‌ی



Scanned with CamScanner

عومری بە کێوی بێستوونی کەی

هەر شادو سەربەرز و سەرفرازی کەی

دوایێــش وەکــی گــەڕاوە بــەر ڕەحمەتــی خــۆت، بەبەهەشــتی فیردەوســی شــار کەی

ئامین.. ئامین.. خودایە لێمی قەبول کەی.. هەزار جار ئامین.

هەولێر- ١٦/١/٢٠١٨



Scanned with CamScanner

# (لە دیوەخانی برایانی خەزنەدارەوە)

## بنیاد مارف خەزنەدار

سەرەتای ئاشنابوونم بە برای بەڕێز و خۆشەویستم د. عومەر ئیبراهیم عەزیز(پەتی)، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بەرایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. دوا بە دوای داخستنی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، و دوای ئەوەی لە بەهاری ساڵی ١٩٨١ باوکم لە لایەن حکومەتیی ئەوسای عێراقەوە بە بێ ویستی خۆی خانەنشین کرا، دوا بڕیارمان ئەوە بوو بەغدا جێبهێڵین و بگەڕێینەوە زێدی خۆمان، شاری هەولێری خۆشەویست.

ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٢ دوای ئەوەی (میدیا)ی خوشکم لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا دەرچوو، ئیتر بارگەمان لێکنا و هاتینەوە هەولێر و لە خانووی ئێستای گەڕەکی ڕووناکیمان کە دواتر باوکم ناوی نا (مەڵبەندی ڕووناکی) نیشتەجێ بووین.

لەو ڕۆژگارەدا باوکم لە زۆربەی کردەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیریەکانی شار بەشدار دەبوو، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانس و بگرە لە چالاکییە هونەریەکانیش. منیش لە زۆربەی ئەم چالاکییانە هاوەڵی باوکم دەبووم، ئەوە بوو لە یەکێک لە کۆڕە ئەدەبییەکان، من و باوکم ئاشنایەتیمان لەگەل (د. عومەر پەتی) پەیدا کرد. لەو ڕۆژەوە بە بەردەوامی دیدارمان لەگەڵ ئەم زاتە بەڕێزە هەبوو. تا ئەوکاتەی باوکم نیشتمانی جێهێشت و ڕووی کردە وڵاتی جەزائیر و بوو بە وانەبێژ لە زانکۆی (عەننابە) لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ تا ١٩٨٨. من و دایکی بەهەشتیم دوو ساڵ هاوسەفەری باوکم بووین لەم گەشتەیدا.

دوای گەڕانەوەی من و دایکم بۆ نیشتمان و شاری هەولێر، ئەو سەردەمە جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە ئارادا بوو. بارودۆخی شار باش نەبوو. بە تایبەتی کە فرۆکە جەنگییەکان بە هەڕەمەکی شاریان بۆردومان دەکرد. هەمیشە (د. عومەر پەتی) لە هەواڵی من و دایکمی دەپرسی. گەلێ جار گاڵتە و گەپ و



Scanned with CamScanner

قسـەی خۆشییان لەگەڵ دایکم دەگۆڕیـەوە. ئـەم بەسـەرکردنەوانەی (د. عومـەر پەتـی) بـۆ ئێمـە مایـەی دڵخۆشـی و دڵنەوایـی بـوو، بـە تایبەتـی کـە مـن و دایکم ئەوکاتـە بـە تەنیـا دەژیایـن.

دوای گەڕانـەوەی باوکـم بـۆ نیشـتمان، و دواتریـش دووبـارە دامەزرانـەوەی لـە زانکـۆی سـەلاحەدین بەشـی زمانـی کـوردی وەك مامۆسـتا، دیسـانەوە بـە بەردەوامـی لەگـەڵ (د. عومـەر پەتـی) دیدارمـان هەبـوو لەگـەڵ برایانـی بەڕێـزی تریـش بـە بەردەوامـی سـەردانی ئێمەیـان دەکـرد. وەك کاك تاریـق جامبـاز و کاك عومـەر فەرهـادی و خوالێخۆشـبووان پارێـزەر فیکـرەت عیـزەت و سـەیید مەولـوود بێخاڵـی و شـێخ جەعفـەر بەرزنجـی و چەندانـی تـر. جگـە لـەوەی (د. عومـەر پەتـی) هەمیشـە بەشـدار دەبـوو لـە (دیوەخانـی برایانـی خەزنـەدار). کـە هەمـوو ڕۆژانـی چوارشـەممە کۆمەڵێـك نووسـەر و ڕۆشـنبیر و هونەرمەنـد لـە ماڵـی ئێمـە کۆدەبوونـەوە و کۆمەڵێـك دەق و لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی دەخوێندرانـەوە و دواتریـش گفتوگۆیـان لـە بـارەوە دەکـرا.

لـە کۆتایـی هەشـتاکان و سـەرەتای نەوەدەکانـی سـەدەی بیسـتەم، (د. عومـەر پەتـی) سـەرقاڵی چەندییـن جموجۆڵـی ڕۆشـنبیری بـوو بـە تایبەتـی لـە بـواری فۆلکلـۆردا. وەك هـاوکاری کـردن لـە دەرکردنـی گۆڤـاری (ئاسـۆی فۆلکلـۆر)، و کردنـەوەی پیشـانگایێکی کەلوپەلـی فۆلکلـۆری و کـوردەواری لـە قـەڵای هەولێـر، ئەو کاتـە بەر لـە کردنـەوەی فەرمـی پێشـانگاکە، من و باوکـم سـەردانمان کـرد و بـە کامێـرای ڤیدیـۆ تـەواوی پێشـانگا و کەلوپەلەکانـی ناویـم تۆمـار کـرد.

دوای ڕاپەڕیـن (د. عومـەر پەتـی) ڕووی کـردە بەغـدا بـە مەبەسـتی تەواوکردنـی خوێندنـی بـاڵا و بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی ماسـتەر و دکتـۆرا. لـە ڕۆژگارێکـدا کـە بـارودۆخ لەوپـەڕی خراپـی دابـوو. هەرجارێـك ئەگـەر (د. عومـەر پەتـی) بـە سـەردان بهاتایـەوە بـۆ هەولێـر سـەردانی ئێمـەی دەکـرد و بڵاوکـراوە و چاپکـراوی کـوردی بەغـدای بـۆ باوکـم دەهێنـا. گەلـێ جاریـش نامـەی دۆسـت و هاوڕێیانـی باوکـم بـە تایبەتـی نووسـەران و ڕۆشـنبیرانی بەغـدای بـۆ باوکـم دەهێنـا.

بـەم جـۆرە پەیوەندیـی (د. عومـەر پەتـی) لەگەڵ باوکـم بـەردەوام بـوو تـا کۆچـی دوایـی باوکـم لـە پاییـزی سـاڵی ٢٠١٠، لـەم مـاوە دوور و درێـژەدا گەلـێ جـار ئـەم زاتـە بەڕێـزە یـاوەری باوکـم دەبـوو لـە بۆنـە کۆمەڵایەتیەکانـی وەك پرسـە و هـەواڵ

پرسینی دۆست و هاوڕێیان.

لـه سـاڵی ٢٠١٠ دوای ئـەوەی بڕوانامـەی ماسـتەرم لـە بـواری ئەندازیـاری تەلارسـازی بەدەسـتهێنا و وەك مامۆسـتا لـە بەشـی ئەندازیـاری تەلارسـازی لـە زانکـۆی سـەڵاحەدین دەسـت بەکاربـووم. بەشـداریم لـە خوولـی ڕێگاکانـی وانـە ووتنـەوە کـرد، کـە لـە لایـەن زانکـۆی سـەڵاحەدینەوە بـۆ مامۆسـتایان کرابـووەوە. بـۆ مـن مایـەی خۆشـحالی بـوو کـە، (د. عومـەر پەتـی) یەکێـك بـوو لـەو مامۆسـتا بەڕێزانـەی کـە وانـەی دەروونزانـی پەیوەسـت بـە بـواری پـەروەردەی پـێ دەووتیـن. ئەمـە بـۆ مـن قۆناغێکـی تـری ناسـینی (د. عومـەر پەتـی) بـوو وەك مامۆسـتاییێکی بـە ئەزمـوون، و هەمیشـە بـە قسـە و کردەوەکانـی لای قوتابیـان کەسـێکی بەڕێـز و خۆشەویسـت بـوو. لـە یەکەمیـن یـادەوەری سـاڵڕۆژی کۆچـی دوایـی باوکـم، (د. عومـەر پەتـی) وتارێکـی بـە پێـزی دەربـارەی ژیانـی ئەکادیمـی و کومەڵایەتـی باوکـم پێشـکەش کـرد. مـاوەی پتـر لـە سـی سـاڵی ئاشـنایەتی باوکـم لەگـەڵ (د. عومـەر پەتـی)، ئـەو هەمیشـە ئـەم مرۆڤـەی بەکەسـێکی ماڵـی خۆمـان دەزانـی. بۆیـە هەرگیـز وەك کەسـێکی نامـۆ لـە بنەماڵەکەمـان هەڵسوکەوتی لەگـەل نەدەکـرا. ئەمڕۆش مـن هەمیشـە پەیوەندییەکـی برایانـەم لەگـەڵ (د. عومـەر پەتـی) هەیـە، هەمیشـە لـە هەواڵـی یەکتـر دەپرسـین. مـن لێـرەدا لـە کانـگای دڵمـەوە، هیـوای تەمـەن درێـژی و لـەش سـاغی بـۆ (د. عومـەر پەتـی) دەخـوازم. ئـەو هەمیشـە خۆشەویسـت و دڵسـۆزی بنەماڵەکەمانـە.

هەولێر ١٠/١/٢٠١٨



Scanned with CamScanner

# (بۆ دوكتۆر عومەر پەتی)

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

وەك ئـەوەی دوێنـێ ڕووی دابـێ دێتـەوە بیـرم، مانگـی خەزەڵـوەر و سـەرەتای چوونـەوە بـۆ قوتابخانـە بـوو، سـەرلەئێوارەیەکی ڕۆژی هەینـی مـن و چەنـد هاوەڵێکی تەمەنی شکلی و ڕواڵی، نازانم بۆچی چووبووین بـۆ ناوەنـدی بازێڕ؟ پاییـزی ساڵی ١٩٧٦ کوردستان تەمێـك بـە ڕووی و خەمێك بـە لێویـەوە بـار بـوو. تەمەنـم چـواردە و پـازدە بـوو بـەڵام منیـش و هاوەڵەلیشـم زۆرمـان هەسـت بـەو کەوتـن و نسـکۆیەوە دەکـرد ساڵ و نیوێـك پێـش ئـەوە واتـە لـە ئـاداری ١٩٧٤ەوە ڕووی دابـوو. ئـەوە ئێوارەیـە، لاوێـك بـێ ئـەوەی بیشیناسـین ئێمـەی وەسـتاند. یەکەمیـن جـار بـوو ببینـم کەسێك بـە ئاخاوتـن (کوردیـی پەتـی) بـەکار بهێنـێ. وەك نەریـت ئێمـە تەنیـا لـە نووسـیندا زمانـی کوردیمـان پـاك و پەتییـە.

شـەو، زۆرم بیـر لـەو گەنجـە کورتـەك و شـەرواڵ لەبـەرە باریکەڵـە لـەڕ و لاوازە دەکـردەوە. ئێمـەی گرتبـوو بـەری نەدەدایـن. لـە بیریشـم نەمـاوە باسـی چیـی دەکـرد، ڕەنگـە گرینگیـش نەبووبـێ بەلامانـەوە باسـی چـی دەکا. هـەر کوردییـە پەتـی و ئاخاوتنـە ڕەوان و بـێ گرێیەکـەی سـەرنج ڕاکێـش بـوون. بـۆ مـن ئـەو شـەوە، گرینـگ ئـەوە بوو بـە ڕۆژەوە خەڵکێکم بینیبـوو نسکۆ نەیبەزاندبـوون. مـن وا تـێ گەییبـووم ئـەوەی ئـەو دەیـکات بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی داگیرکـەرە.

دوای ئـەو جـارە، زۆر جـاری تـر عومـەر ئیبراهیـم عەزیـزم بینییـەوە. هەمـوو قسـەیەکی کوردیـی پەتـی بـوو. بـۆ بەرامبەرەکەیشـی ڕاسـت دەکـردەوە کاتێـك وشـەی بیانـی (زیاتـر عەرەبی)ی لـە دەربڕینـدا بـەکار بهێنایـە. زانیـم نووسـەریشـە. ئـەو دەمـە فۆلکلـۆری کـۆ دەکـردەوە. جارێـك لەگـەڵ مەولـوود قـادر بێخاڵـی و تاریـق جامباز چووین بـە دوایدا لـە ماڵەکـەی. دایکـی وتـی: دەرچـووە. وتمان بـۆ کوێ؟ وتـی نـاوی شـوێنێکی هێنا نەمزانـی چییـە. لـە ناوشـاردا عومەرمـان دەسـت کەوتـەوە. ئـەوەی لـە مێشـکی منـدا پرسـیم: بەیانـی کـە دەرچوویـت چیـت بـە

دایکت وت؟ وتی: وتم دەچم بۆ بەڕێوەبەرایەتیی سەربازگری.

لایەنێکی تر لە کاك عومەردا، کە ئێستا دوکتۆر عومەرە، ئەو چنگەڕنییەی خوێندن بوو. هەڵبەت پاش ئەو هەموو ساڵ هاوڕێیەتییە، من هێشتا لێم نەپرسیوە تۆ خەڵکی کوێی؟ بەڵام بە ڕواڵەتی دەرەکی و بە چنگەڕنێی تەواوکردنی خوێندن و پێشوەچوون لە ژیاندا دەزانم دەبێ کرمانجی خوارووی هەولێر بێت. ئەو دەشتی کرمانجەتییە (دەشتی دزەییشی پێ دەڵێن) کە لە هەولێرەوە بۆ کەڵەکی یاسیناغا و لەوێشەوە بۆ گوێڕ و دەشتی قەراج، بادەدەیەوە بۆ کەندیناوە و بەمدیوی زوورگەزراویش لە پردێوە تا بنەبنەی کۆیە، هەمووی کرمانجەتییە. کرمانج وەك زاراوە بە واتەی کوردی نیشتەجێی لادێ دێت. ئەوانە لەبەرئەوەی خێڵیان نەبووە و سەرخێڵیان نەبووە و ئاغا و شێخ و تەنانەت مەلایشیان کەم بووە، نەیانتوانیوە ژیانی کۆچەرایەتی بکەن و لە زووەوە لەو دەشتانە داوەریونەتە سەر ژیانی مەڕداری و کردەوەکێڵییەکی کەمداهات لەبەرئەوەی ناوچەیلێکی دێمەکارن و پشت بە ئاوی باران دەبەستن، ئەویش ساڵێك دێ و دووساڵ نایێ.

ئەو خەڵکە هەر بە هەژاری مابوونەوە تا ئەو چەند گرێدەمەیەی دوایی کاتێك کتوپڕ ڕوویان دایە خوێندن. لێرەدا مەبەستی باسەکەم پاش ئەو درێژدادرییە دێتە پێکان. سەتان عومەر و سەتانی وەك من و منانی تر ڕێ و ڕچەمان دەچێتەوە بۆ ئەو دەشتە بێ ئاوە و ئەو نەهاتییە نەبڕاوەیە. ساڵانی شێست و حەفتا، دوو وتە کەوتبوونە سەر زاری خەڵکی لادێ لەو ناوچەیەی ناوم بردن. یەکێکیان دەیوت: منداڵی هەژار بە خوێندن پێ دەگات. ئەوی تریان: کچی خۆت مەکە بە قوربانی کوڕی خەڵك.

ئەو گوتەن و لۆجیکەی خەڵك پێی گەیبوون بوو بە بنەوای دروستکردنی هەولێری نوێ. لێشاوی کۆچی کرمانج بۆ شار و تەواوکردنی خوێندن ڕووەتی شارەکەی بەجارێك گۆڕی. ئێستا تۆ، لە هەولێریت گوێ لێ ببێ بڵێ من (هەولێریم) مەبەستی ئەوەیە کۆنە شارستانیی شارەکەیە. بڵێ (من خەڵکی هەولێرم) ئەوە کوڕە کرمانجەکەی لەمەڕ دوکتۆر عومەر و خۆمە بۆ خۆجیاکردنەوە وا دەڵێ. لە ناوەندی شاری هەولێر بە ژێرەوە تا بنەتای قەراج ڕەنگە حەفتا کیلۆمەتر ببێ بەڵام لە مەلائۆمەرەوە تا حاجی ئۆمەران چوار



Scanned with CamScanner

حەفتا زیاتریشە، ئێستا ڕوحی هەولێر لە ڕووی خوێندەواری و شارستانەتییەوە هەر کرمانجەکەیە هەرچەندە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی شار، زیاتر سەرووی هەولێر بردوویەتی. لە سەرووی هەولێردا کۆیە و شەقڵاوە و ڕەواندزی لێ دەرکەی ئەوی تر گشتی ناوچەی باڵادەستی شێخایەتی و ئاغایەتییە و کەمتر ڕوویان داوەتە خوێندەواری. هەڵبەتە ئێستا ئەوێش لە گۆڕاندایە.

ئەحمەدیی خانی وتەنی، من دکتۆر عومەر پەتیم کرد بە بیانوو بۆ ئەوەی (شەرحێ دڵ بکەم بەم قسانە). سیاسەتی دەسەڵاتی خۆماڵی لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە هەموو ڕوویەکەوە جەرگەی دوو شارە گەورەکەی سلێمانی و هەولێری کرد بە نیشانە بۆ لێدانی خۆی لەپێناو بەرەودوا گێڕانەوەیاندا. نموونە: لە سیستەمی هەڵبژاردنی گشتیدا، لەبەرئەوەی هەولێر شارێکی فرەڕەنگە لە مەیلی حزبایەتی، لە هەڵبژاردنی هەرەدوایی لە ٢٠١٣دا بە ملیۆنێك و نیو سەر مرۆڤیشەوە تەنیا چوار کورسیی پەرلەمانی هێنا، شارۆکە هەیە سێ ئەوەندەی هەولێر نوێنەری گەیاندووەتە پەرلەمان. لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریشدا هەولێر هەر وایە.

بخوێنەوەی ئەم باسە پێی وا نەبێ من لە سەربردەی دوکتۆر عومەر پەتیم لا داوە. نەخێر من باسی ژیانێك دەکەم ئەوی تێدا ژیاوە و دەژی، باسی خۆیشی نەبێ باسی خۆێناسایە من دەیکەم. تۆ وەرە بەو چنگەڕنییە خوێندن تەواو بکەیت و دەسەڵاتی خۆماڵیش وات وەرگرێتەوە. ڕەنگە ئەندازیار و دوکتۆر و پزیشك و مامۆستای زانستگە ئەمرۆ خۆیان بە چینی ژێرەوە بژمێرن لە ڕووی ئابووری و لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە. هەیانە بە ناچاری بووە بە دەڵاڵی کڕین و فرۆتنی خانووبەرە. من بۆ ئەوە بە ڕووداوی سادەی یەکەمین ناسینی کاك عومەر دەستم بە نووسین کرد تا ڕوون بێ هەموو کوردێك لە ١٩٧٥ بە دواوە باجی کەوتن و هەڵسانەوەی دا بەڵام لە چنینەوەی دەسکەوتدا بێدادی کەوتە نێوانیان و دەسکەوت لادێیی بردی.

با ئەو باسە خەماوییە بە ڕووداوێکی پێکەنیناوی ببڕینەوە. بەشداری برام نازناوی (پەتی)ی بە دوکتۆر عومەردا بڕی با ئەو داهێنانە ون نەبێ. کاتێك پێم وت پێی خۆش بوو. جارێکیان لەگەڵ تاریق جامبازدا سەردانی کۆواری (کاروان)مان کرد. محەمەدزادە دیزاینەر بوو، نووسینێکی عومەری لەبەردەستدا بوو. ڕازیم کرد لەناو دوو کەوانەدا (عومەر پەتی)ییەکیشی پێوە بلکێنێ.

کارەکە سەری گرت و ناوەکە ڕۆیی. لاشتان وا نەبێ خەڵك بەو شێوە ئاخاوتنە پەتییەی ئەو دڵخۆش بووبن، نەخێر هەموو کەس نارەحەت دەبوو نەخەسەلا کاتێك بۆی ڕاست دەکردنەوە. هەموو جار بزەم دێتەوە کاتێك بەسەرهاتی (بەڕێوەبەرایەتیی سەربازگری) و دایکی عومەرم دەکەونەوە بیر، دەڵێم ئاخۆ دوکتۆر فاتیمەی خێزانی کە خەڵکی لای خانەقینە، دەبێ چ زووخاوێکی بە دەستی کوردیی پەتییەوە خواردبێ.



Scanned with CamScanner

# (دوو قۆناغی تەمەن لەگەڵ د. عومەر پەتی)

**د. بەشیر خەلیل حەداد**

**مامۆستای زانکۆ و وتاربێژی مزگەوتی جلیل خیاط**

**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان - خوولی سێیەم**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان،

لەسەر داوای برای بەڕێز و زێدە خۆشەویستم پ. د. عومەر پەتی، هەندێک لە بیرەوەرییەکانم سەبارەت بە ناسین و پەیوەندیم لەگەڵ بەڕێزیان لە ڕۆژانی ڕابردوو دەنووسم.

سەرەتای ناسینم بۆ د. عومەر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. وە پێم باشە بە دوو قۆناغ باس لە یادەوەریەکانم بکەم، یەکەم: قۆناغی قوتابیەتیمان لە خانەی مامۆستایان، دووەم: قۆناغی مامۆستایەتی و پیشەییمان.

یەکەم: قۆناغی خانەی مامۆستایان:

پاییزی ساڵی ١٩٧٣ قوتابی قۆناغی چواری ئامادەیی بووم لە ئامادەیی کوردستان لە هەولێر (کە ئەو کات یەکێک بوو لە ئامادەییە هەرە ئاست بەرزەکانی هەولێر)، وە لەهەمان کاتیشدا داوام پێشکەش کردبوو بۆ وەرگیران لەخانەی مامۆستایان (دار المعلمین) لە دهۆك، کە ساڵی پێشتر کرابۆوە.

کاتی نیوەی ساڵ بوو، ئاگادار کرامەوە کە ناوم لەخانەی مامۆستایان هاتۆتەوە، کە ئەو کات خانە ناوبانگی باشی هەبوو و لەئاستی کۆلێژ و زانکۆدا بوو، چونکە قوتابی لەپۆلی سێ یەمی ناوەندیەوە، وەردەگیرا، و پاش ٣ ساڵ دەبووە مامۆستایەکی قیت و قۆز و خاوەن موچەیەکی باش. بۆیە خەڵکی زۆر هەولی وەرگیرانیان دەدا لە خانەی مامۆستایاندا.



Scanned with CamScanner

ئـەوە بـوو ئێمـە لـە سـاڵی ١٩٧٣ لەگـەڵ ژمارەیـەك قوتابـی کـوڕ و کـچ لـە هەولێـر چوویـن بـۆ دهـۆك کـە تـازە ببـوو بـە پارێـزگا.

بـۆ سـاڵی ئاینـدە ١٩٧٤ ئێمـە بووینـە قۆناغـی دووەم، ژمـارە قوتابیەکـی تـر وەرگیـران لەنـاو قوتابیـە تازەکانـدا قوتابیەکـی گەنجـی کەمێـك لاواز و ڕەنـگ سـۆر و سـپی جـوان هەبـوو نـاوی عومـەر بـوو. کاکـە عومـەر تـازە وەرگیـرا بـوو، ئێمـەش لـە قۆناغـی دوو بوویـن و هەوڵمـان دا یارمەتـی قوتابیـە تـازەکان بدەیـن، وە زانیـاری پێویسـتیان پـێ بدەیـن. قوتابـی عومـەر.. لەنـاو هەمـوو قوتابیـان سـەرنجی ڕاکێشـام بـە هێمنـی و کـەم دوویـی و ڕەوشـت بەرزییـەوە. بـە درێژایـی ئـەم ساڵەی کـە لـە دهـۆك بوویـن وە سـاڵی ئاینـدەش کـە گەڕاینـەوە هەولێـر، خۆشەویسـتی کاك عومـەر لـە دڵ و دەرونـم زیـاد دەبـوو، بەهـۆی ئـەو سادەیی و سـاکاریەوە لەسـەر خۆیـی و پـاك و ڕەوشـت جوانیـەوە. ئـەو هەرگیـز لـەو گەنـج و هەرزەکارانـە نەبـوو کـە گەمـە و گاڵتـە و کاری سەرشـێتانە بـکات، بـەزۆری خەریکـی سـەعی کـردن و خوێنـدن و خـۆ ڕۆشـنبیر کـردن بـوو، کـەم بەشداری دەکرد لە چالاکییی هونەری و وەرزشیەکاندا. کاکـە عومـەر وەك کـوڕە هەولێریـەك و لـە ئاسـتێکی بژێـوی مـام ناوەنـد، لەژیانـی قوتابیەتـی دا توانیبـوی بەرنامەیەکـی جـوان و پوخـت بـۆ خـۆی پیـادە بـکات بـۆ چۆنیەتـی خەرجـی و داراییەکانـی و کاتـی خوێنـدن و برادەرایەتـی کـردن.

لـە سـاڵی ١٩٧٥ – ١٩٧٦ خانـەی مامۆسـتایان لـە هەولێـر کرایـەوە، ئـەوە بـوو کـە قوتابیـە هەولێرییـەکان لـە دهـۆك گواسـترانەوە هەولێـر. ئـەو کات ئێمـە لـە کۆتـا قۆنـاغ و کاك عومـەر لـە قۆناغـی دووەم بـوو.

دووەم: قۆناغی مامۆستایەتی:

پـاش دەرچوونمـان لـە خانـەی مامۆسـتایان، ئێمـە خەریکـی مەشـغەلەتی ژیـان بوویـن، هـەر لـە دامـەزران وەك مامۆسـتای سـەرەتایی لـە یەکێـك لـە گوندەکانـی ناوچـەی شـاربازێر لـە پارێـزگای سـلێمانی، دواتـر بـۆ خزمەتـی سـەربازی.

بـەم هۆیـەوە ئیتـر کاکـە عومـەرم نەدیتـەوە، نـەم زانـی ئـەو چـی لێهـات و چـۆن چۆنـی تـەواوی کـرد. پاشـتر زانیـم کـە ئەویـش نارەحەتـی و ناخۆشـی زۆر دیـوە



Scanned with CamScanner

پـاش خزمەتـی مامۆسـتایەتی ٧ سـاڵ، وەك مامۆسـتایەكی مۆڵـەت پێـدراو لـە زانكـۆی سـەلاحەددین لـە هەولێـر سـاڵی ١٩٨٤ – ١٩٨٥ دەسـت بـە خوێنـدن دەكاتـەوە، وە لـە سـاڵی ١٩٨٨ – ١٩٨٩ بەكالۆریـۆس بەدەسـت دەهێنـێ، وە دواتـر ساڵی ١٩٩٣ ماستەر و ساڵی ١٩٩٨ بڕوانامـەی دكتـۆرا بەدەست دەهێنێ. لە ساڵی ١٩٧٦ ەوە تـا سـاڵی ١٩٩٨ مـن ئـەم بـرادەرە خۆشەویسـتەم نەدیتـەوە. ئەوەبـوو لـە سـاڵی ١٩٩٨، كـە منیـش وەك مامۆسـتای مۆڵـەت پێـدراو لـە زانكـۆی صـلاح الدیـن بەكالۆریۆسـم بەدەسـت هێنابـوو، وە خەریكـی خوێندنـی ماسـتەر بـووم لـە بیـروت، لەهەمـان كاتیشـدا وەك مامۆسـتایەكی ئاینـی و وتاربێـژی مزگـەوت ناوبانگـم دەركردبـوو، پـاش ئـەوەی كـە سـاڵی ١٩٩٦ بڕوانامـەی زانسـتی شـەرعیم بەدەسـت هێنابـوو.

سـاڵی ١٩٩٨ كـە لـە هەولێـر، لـە زانكـۆی سـەلاحەدین چاومـان بەیـەك كـەوت تەوقـە و چـاك و چۆنییەكـی گەرممـان لێـك كـرد و یەكتریمـان لـە بـاوەش گـرت و هەواڵـی یەكتریمـان پرسـی، ئـەوكات زۆر دڵخـۆش و سـەربەرز بـووم كـە عومـەری هـاوڕێ قوتابیـم ئێسـتا دكتـۆر عومـەرە. پاشـان زانیـم كـە نازنـاوە (پەتی)شـی بـۆ دانـراوە، وەك ئاماژەیـەك بـۆ بەكارهێنانـی زمانـی كـوردی ڕەسـەن و وشـەی كـوردی ڕاسـت لـە نووسـین و گفتوگـۆدا، كـە ئەمـە لەكاتـی قوتابیـش بـوو هـەر پێیـەوە دیـار بـوو.

بـەم شـێوەیە پـاش دابڕانێكـی درێـژ دووبـارە چاومـان بەیـەك كەوتـەوە، كـورد گوتەنـی: (چیـا بەچیـا نـاگات بـەڵام چـاو بـە چـاو دەكەوێتـەوە) شـتی خـۆش لـەم قۆناغـەدا ئەوەبـوو كـە كاكـە عومـەر كـە سـاڵێك لـەدوای منـەوە بـوو لـە خانـەی مامۆسـتایان، كـە خولێكـی زانكـۆی صـلاح الدیـن بۆ وانـە وتنـەوە، ئەو بوە مامۆسـتا و منیـش قوتابـی. كـە لـەم خولـەدا د. عومـەر بەخـۆی و د. فاطمـەی هاوسـەری وانەیـان تێـدا دەوتـەوە، وە سـوودی زۆرمـان لێیـان بینـی. ئێسـتاش بـرای بەڕێـزم كـە پلـەی زانسـتی پرۆفیسـۆرە، وە پێگەیەكـی زانسـتی و كۆمەڵایەتـی بـەرزی هەیـە، وە هەموومـان بەیەكـەوە خزمەتـی دیـن و ژیـن و دەروونـی ئـەم میللەتـە ستەمدیدەیە دەكەیـن، مـن بـەش بەحاڵـی خـۆم زۆر شـانازی بـەم بـرا و بـرادەرەم دەكـەم و سـەرم پێـی بـەرزە، چونكـە هـەر لـە سـەرەتای ژیانیـەوە كەسـێكی مانـدوو نەنـاس و خاكـی و لەخـۆ بـردوو و تێكۆشـەر بـوو لـە قۆناغەكانـی ژیـان



Scanned with CamScanner

بۆ ئامانجێکی رون و دیار کە گەیشتن. لەم قۆناغەدا کە هەمووومان پلە و پایەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتیمان هەیە، زۆر جار بەیەکەوە لە کۆڕ و سیمینار و بەرنامەی TV و زۆرێک لە چالاکییە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئاینی بەیەکەوە کار دەکەین و من نایشارمەوە کە لەلایەن پەروەردە و دەروونی و وانە وتنەوەدا سودی زۆرم لەم کەسایەتیە بەرزە بینیوە.

لە کۆتایدا دەڵێم: سڵاو لەم مرۆڤە زانا و رۆشنبیر و دڵسۆزە کە ئێستاش هەمان سیفات و رەوشتی سەردەمی قوتابێتی تیایە و تۆزقاڵێک نەگۆڕاوە مەگەر بەلای باشتر و چاکتر. سڵاو لەم مرۆڤە گەشبینە و دەم بە خەندەیە، کە هیوا لە دڵان دەڕوێنێت و گەشبینی بڵاو دەکاتەوە.

٢٠١٧/١٠/١٠



Scanned with CamScanner

# (پەسنی مامۆستاکەم)

**تانیە وەصفی عەبدوڵڵا**

**ماستەر لە دەروونزانیی پەروەردەیی**

**قوتابی دکتۆرا لە ڕێنمایی دەروونی**

**کۆلێژی پەروەردە - بەشی ڕێنمایی دەروونی و پەروەدەیی**

بەناوی خوای گەورە و باڵا دەست،

لە دەست پێکی هەر باسێکدا بۆ ئەوەی بمانەوێت گوزارشتی لێ بکەین ناتوانین بە تەواوی دەریببڕین و وشە و پەیڤی شیاو و پڕ بە هێزی بۆ بەکاربهێنین و ئاماژەی پێ بدەین و مافی تەواوی خۆی پێبدەین، وە بەتایبەتیش ئەگەر بتەوێت بەچەند وشە و دێڕ و پەراوێك باس لە کەسایەتیەك بکەیت کە ڕۆڵێکی کاراو کاریگەری هەبێت لەسەر زۆرینەی خەڵکیدا و وە جێپەنجەشی زۆر دیارو ئاشکرا بێت لە بوارە تایبەتەکەی خۆی و بوارە جیاجیاکانی تریش بە شێوەیەکی گشتی.

ئەگەر بمانەوێت گوزارشت لە دکتۆری بەرێزو ئازیز(پ. د. عومەر ابراهیم عزیز) بکەین، ئەوە پەیڤەکان لەئاستیدا دەستەوەستان دەبن. چونکە هەمووومان دەزانین کە دکتۆر یەکێکە لەکەسە ناودار و خۆشەویستەکانی ناو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی و بواری پەروەدەو فێرکردنیش بە شێوەیەکی تایبەتتر، وە هەروەها یەکێکە لەکەسە بەهرەمەند و لێهاتوو و قسەخۆشەکان بۆیە پەیڤەکان لە ئاستیدا زۆر بێ پێزو لاواز دەردەکەون.

من کە یەکێکم لە قوتابیەکانی دکتۆر کە لە قۆناغی بەکەلۆریوس و قۆناغی ماستەر دا وانەی پێ گوتم، هەر لەبەر ئەمەش خۆم بە خۆشبەخت دەزانم



Scanned with CamScanner

کە ئەو دەرفەتەم بۆ رەخسا کە وانەم پێبلێت. لە قۆناغی بەکەلۆریوس بۆ دووساڵ وانەی پێ گوتووم زۆر لێ سوود مەندبووم بەتایبەت لە بابەتی (دەروونزانیی پەروەدەیی، جیاوازی تاکایەتی)، کە ئەمانە یەکێکن لەو بابەتە هەرە گرنگ و بەسوودانەی کە دەتوانرێت سودی لێ ببینیت چ وەکوماموستا لەکاتی وانەگوتنەوەدا و وەچ لە بواری توێژەریدا، وە هەروەها زۆر گرنگ و بەکەڵکن بۆ بواری تایبەتی خۆت و بۆ چۆنیەتی پەروەدەو فێرکردنی منداڵی خۆت و چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا.

یەکێك لە تایبەتمەندیانەی کە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشاوە لەسەر دکتۆر ئەوەیە کە دەهاتە پۆلەوە مێژوو بەرواری کوردی و زایینی و کۆچی لەسەر تەختەکە دەنووسی، وە هەر لەسەرەتایی وانەکە پێش ئەوەی دەست بە بابەتەکە بکات گرنگترین ڕووداوەکانی لە مێژووی کوردی کە لەو ڕۆژەدا ڕوویدابێت ئاماژەی پێدەدا و بیرۆکەیەکی لەسەری بە ئێمە دەبەخشی، کەئەمەش وەکو پێشەکیەکی زۆر باش بوو کەوای دەکرد سەرنجی قوتابیەکان بۆ وانەکە ڕابکێشێت و بیانهێنێتە ناو وانەو بابەتەکە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی دکتۆر ئەوەبوو کە زۆر کەشخە بوو جلوبەرگی زۆر ڕێکی دەپۆشی کە ئاماژەو گوزارشت بوون بۆماموستای زانکۆ کەدەبێت لەماموستا بەرچاوبکەوێت. وەهەروەها چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ قوتابیدا زۆر نەرمو نیان بوو وەهەروەها واینەدەکرد کە ترسێکی زۆر لەسەر قوتابی دروست بکات کە قوتابی نەتوانێت هەر پرسیارێکی هەبێت لێ بکات و وە یان هەر رەخنەو پێشنیارێکی هەبێت ئاراستەی بکات بەڵکو بە پێچەوانەوە کەشێکی زۆر لەباری رەخساندبوو بۆ قوتابیان، ئەمەش مانای ئەوەنیە کە وانەکەی پەشێوی و پەرتو بڵاوی تێدا بەرجەستە دەبوو کە هیچ کەس نەزانێت کێ ماموستا و کێ قوتابیە.

یەکێکی تر لەسیفەتەکانی دکتۆر ئەوەیە کە مرۆڤێك بوو ڕابردووی خۆی لەبیر نەکردبوو بەڵکو بە شانازیەوە باسی لێوەدەکرد کە چۆن هەموو قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە وە چەندە باری دارایی نالەباربووە بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەر درێژەی بە خوێندن داوە و بەردەوام بووە وە توانییەتی بەسەر هەموو ئاستەنگ و کۆسپەکاندا زاڵ بێت و کۆنتڕۆڵیان بکات. ئەوەشی کە تیادا



Scanned with CamScanner

زۆر بەرجەستە دەکرێت ئەوەیە کە لە ئایین دوورنەکەوتۆتەوە بە پێچەوانەی زۆرێك لەخەڵکانی تر کە بەپێ بۆچوونە ناڕاست و سەقەتەکانیان کە کەسی ڕۆشنبیر دەبێت مێشکی کراوەوبێت کەمێشکی کراوەش بەپێ بۆچوونی ئەوان ئەوەیە کە پابەندی یاساو بنەماکانی ئایین نەبێت، هەر ئەم سیفەتەشی وایکردبوو کە زۆر بە ئارامی و ئاسوودەیی و قسەت لەگەڵی دەکردوو هەرکات بتویستبوایە دەچووی بۆلای.

یەکێك لەهەرە سیفەتە باوەکانی ئەوەیە کەلەکاتی ڕژێمی بەعسیشدا هەر بەکوردی قسەی کردووە لەناو زانکۆ کە هەرئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە نازنازی بیێتە (پ. د. عومەر پەتی). کە بەکوردیەکی زۆر ڕەوان و پەتی قسەی کردووە، وەتەنانەت لەوانەکانیشدا هەر بابەتەکانی بە کوردی شرۆڤە دەکرد و ئازادیشی دەدا بە قوتابی کە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وەڵام بدەنەوە لە کاتی تاقیکردنەوەدا کە بەم شێوەیەش بواری بۆ قوتابیانی کوردو لەهەمان کاتیشدا بواری بۆ قوتابیانی سریانی و ئەوانەی کە خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بووە کە نەدەبووە کێشە بۆ هیچ کامێکیان.

من یەکێك بووم لەوقوتابیانەی کەسەرپەرشتیارم بووە لە قۆناغی خوێندنی ماستەردا وە زۆر هاوکارم بووە پاڵپشتی لێکردووم لە کاتی تاوتوێکردنی نامەی ماستەرەکەمدا، بۆیە چەندی سوپاسی بکەم هێشتا لەئاستیدا کەمتەرخەم دەبم ناتوانم مافی پێ بدەم. زۆرێك لە هاوڕێ و دۆست و خزمانیش دەیانگوت کە زۆربەبەختی کە جەنابی دکتۆر سەرپەرشتیارت بووە، هەر بۆیەشە خۆم بە خۆشبەخت و خۆشحاڵ دەزانم.

لە کۆتاییدا لە هەگبەکەی مندا هەرئەوندەم توانی گوزارشت بکەم و باس لەدکتۆری بەرێز بکەم، بۆیە داواکارم کە توانیبێتم بۆ چەند دڵۆپێکیش بێت لە دەریای پڕ مەعریفەت و کەسایەتی دکتۆرم ئامازە پیدابێت.



Scanned with CamScanner

# (كاك دكتۆر عومەر پەتی)

## جواد چۆم حەیدەری

گوڵێکی ڕەنگین لە باغچەی ئەدەب و زانست و پەروەردەیی کورد، من لە کۆتایی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کەڵە پیاوەم ناسی و بەختەوەر بووم بە ناسینی.

لە ڕاستیدا کە یەکەمجار دکتۆر عومەرم بینی وام هەست کرد من دەمێکە ئەم پیاوە دەناسم یەکسەر بووە ئاشنایەکی کە هەمیشە لەبیر ناچێتەوە.

ئەم پیاوە لوتکەی دڵسۆزی و وەفا و ڕاستگۆیی و ماندوو نەناسیە لەپێناو مرۆڤ و نەتەوەکەی ئەوەی کە ئەم مرۆڤە جیا دەکاتەوە لە خەڵکی دی ئەوەیە ئەو تا ساڵی هەشتایەکانیش بۆنی ژیانی لادێ و چەوسانەوە و ماندوو بوونی لێ دەهات.

من لە ساڵەکانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو زۆرجار دکتۆر عومەرم دەدی بەکۆمەڵە کتێبەوە لە مەیدان و باب و موعەزەم، قەنبەر عەلی و فەزل دەهات و دەچوو تامەزرۆی ئەوە بوو کارێکت هەبێ تا بۆت جێبەجێ بکا بێ ئەوەی هیچ پاداشت و سوپاسی لێت بوێ. دوای ساڵەکانی ٢٠٠٤ من چوومە زانکۆی کۆیە ئەویش لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بوو، لەگەڵ هەموو بارودۆخێکی نالەبار و سەخت ئەو هەمیشە ئامادە بوو سەرکێشی هاتنە کۆیە بکات و بێ بەرامبەر وانە بە خوێندکارانی ماستەر و دکتۆرا و خوولەکانی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە و پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە بداتەوە. ئێستاش زانکۆی کۆیە قەرزاری ئەون ئەمە جگە لە زانکۆکانی تر.

من زۆر سەرسامم بە ڕایە ئازاد و نەترسەکانی دکتۆر عومەر کە لە کتێب و توێژینەوەکانی زۆر بە پێوەری زانستی ڕایەکانی دەردەخات و خۆ ئێمە زۆرجار لە ترسی ئەو ناوێرین وشەی بیانی لە ئاخاوتنەکانمان بەکار بهێنین چونکە ئەو وەك چاودێرێ چاودێریمان دەکات و بە پەتی ئاخاوتن بۆتە نازناو بۆ ئەو،



Scanned with CamScanner

زۆرن ئەو ڕۆژگارانەی من لەگەڵ دکتۆر عومەردا بەشداری پڕۆژەی زانستی و گفتوگۆ بووین دواجار لەگەڵ خاتوو د. فاتمە ژێر دەواری باغچەکەمان لە تەق تەق و ئێوارەیەکی خۆشمان پێکەوە بردە سەر. تەمەنی درێژ و پڕ بەرهەم بۆ کاکە دکتۆر عومەر دەخوازم.



Scanned with CamScanner

## (چۆن بەڕێز د. عومەر ئیبراهیم عەزیزم ناسی؟)

### حاجی محێدین غەفووری

بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٦٨ چوومە بەغدا لە کۆلێژی ئاداب بەشی ئینگلیزی وەرگیرام. خۆم ئارەزووی ئەم پسپۆڕیەم هەبوو. لەساڵانی ١٩٧٣ – ١٩٧٤ بەکالۆریۆسم بەدەست هێنا لە ساڵی ١٩٨١ گەڕامەوە کۆیە لە دواناوەندی کۆیەی کوڕان بوومە یاریدەدەر.

هەرچەند جارێك لێپرسراوانی بەعث دەهاتنە قوتابخانە زۆر زۆر سەرزەنشتیان دەکرد وە زۆریش دڵسۆز بووین، هەر لەبەرئەوەی بەعثی نەبوون. بە بەڕێوبەرم وت ئەمجارە من دێمە کۆبوونەوەی گەورەی مامۆستایان مانگی دوو جار ئەم کۆبوونەوەیە لە بارەگای ڕێکخراوی بەعثی ئەنجام دەدرا. زانیاریی وردم لەسەر لێپرسراوی بەعثی کۆیە هەبوو کە چەند بە پێچەوانەی یاسا کار دەکا. ئاگادار کراین بۆ کۆبوونەوە، نوێنەرمان لە هەولێر هاتبوو. هەروەها مامۆستاکانی ئافرەت لەلایەك پیاو لەلایەك دانیشتبوون. کۆبوونەوە دەستی پێکرد. لێپرسراوی ڕێکخراو واتە (منظمة) بە هێرشکردن دابەزیە سەر مامۆستاکان لەپێش چاوی قائمقام و لێپرسراوەکان. دەرگای گفتوگۆ کراوە. من دەستم هەڵبڕی یەکێکی کە دەستی هەڵنەبڕی لەپێش چاوی هەموویان هەموو خاڵە لاوازەکانی ئەم لێپرسراوەم بۆ باس کردن وتم مامۆستایانی کۆیە زۆر زۆر دڵسۆزن وە پێم وت کە ناوی (سەلام) بوو خەڵکی کوت بوو (تۆ مامۆستای لەسەر (میلاکی) قوتابخانەی یەکەمی کوڕانی دەوام ناکەیت و مووچەش وەردەگری ئەگەر(سید الرئیس) ئەوە بزانێ بەندت دەکا! ؟

دوایی سەرانە لە هەموو بریکارەکانی کەلوپەلی کۆیە وەردەگری کام شتی باشە لە پانکە و صۆبە و جلوبەرگ، لێیان وەردەگری بەبێ بەرامبەر وە دەینێریەوە (کوت) دەیانفرۆشی هەمووش بە بەڵگە. هەموو مامۆستاکان زۆریان پێ خۆش بوو. دوایی قائمقامی کۆیە (شێخ ڕشید) زۆر قسەی جوانی



Scanned with CamScanner

کـرد کۆبوونـەوە تـەواو بـوو. پـاش چەنـد ڕۆژێـك ئـەم (سـەلام)ەیان گواسـتەوە هەولێـر بـە پلەیەکـی نـزم دوایـی منیـش بوومـە (نووسـەر) دوایـی هەفتەیـەك لـە وەزیفـە لابـرام ئێوارەیـەك یەکێ لـە ئەندامانـی ئـەم ڕێکخـراوە هاتـە ماڵمان ووتـی فـلان نـاوت لـە لیسـتی گرتووانـە ئـاگات لەخـۆ بـێ ئـەم پیـاوە زۆر منـی خـۆش دەویسـت نـاوی (محمـود عەرەفـات) بـوو پێـی وتـم کەسـێ بزانـێ ئـەم نهێنیـەم پـێ وتـووی لـە سـێدارە دەدرێـم. بـۆ بەیانـی چوومـە هەولێـر لـە گەڕەکـی (حـی الشـرطە) خانووەکـم بەکـرێ گـرت بـە ماڵـەوە چوومـە هەولێـر شـەوێك لـەم گەڕەکـە بـووە تەقـە بـۆ بەیانـی دەرکـەوت پێشـمەرگە (سـەلام)یان کوشـتبوو نـەم دەزانـی ئەویـش ماڵـی لـەم گەڕەکەیـە دوایـی چوومـە گەڕەکـی (عەسـکەری) لـە هەولێـر خـۆم بـزر کـرد ئـەم گەڕەکـە بـە زۆری شـەو ڕۆژ لەژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە بـوو خانـەی مامۆسـتایان لـەم گەڕەکـە نزیـك بـوو.

دیـار بـوو پێویسـتیان بـە مامۆسـتای ئینگلیـزی هەبـوو منیـش چـوم دوای پرسـین چوومـە ژووری بەڕێوبـەر و دیـار بـوو مامۆسـتایەکی لـەلا دانیشـتبوو ئامـۆژگاری دەکـرد کـە قوتابیـەکان نارازیـن لێـی پێـی دەگـوت بەڕێـز بەڕێوبـەر کـە نـاوی (انطونیـوس) بـوو زۆر قسـەمان پـێ دەڵـێ و جنێـوی ناشـرینمان دەداتـێ ئـەم مامۆسـتایەش بـەردەوام ئامـۆژگاری دەکـرد کـە قوتابیـەکان گـەورەن و بەخۆیـان دەشـکێنەوە. دوای بەڕێوبەرەکـە پێـی وتـم بەخێربێـی هەروەهـا مامۆسـتایەکەش زۆر بەخێرهاتنـی کـردم. پێـم وتـن بـۆ شـتێکی وا هاتـووم بەڕێوبەرەکـە زۆری پـێ خـۆش بـوو هەروەهـا مامۆسـتا بەڕێزەکـەش. پـێ یـان وتـم بەیانـی وەرە دەوام کـە بـۆ بەیانـی خشـتەی وانەکانیـان دامـێ بـەڵام کـە بەیانـی چوومـە خانـەی مامۆسـتایان ئـەم مامۆسـتا بەڕێـزە زۆر پێشـوازی لـێ کـردم و، خـۆی پـێ ناسـاندم ووتـی مـن فلانـم نـاو مامۆسـتا (عومـەر ئیبراهیـم عەزیـز)ە پسـپۆڕی پـەروەردە و دەروونزانیـم زۆر زۆر دڵخـۆش بـووم لەگەڵـم هاتـەوە لای بەڕێوبـەر و خشـتەی وانەکانـم وەرگـرت پۆلـی (دووەم و سـێیەم) هەریەکـە حەفتـەی (٥) وانـە بـوو هـەر پۆلـەش دوو هۆبـە بـوو و، چـوار هۆبـە بـوو بـە هەمـووی دوای ئـەوەی حەفتەیـەك دەوامـم کـرد لەپێـش هەمـووان دەچوومـە پـۆل و وانـەی باشـم بـە قوتابیـەکان دەگـوت دیـار بـوو بەڕێوبـەر چاوێکـی تایبەتـی هاوێشـتبووە سـەرم ڕۆژێـك بانگـی کـردم وتـی لەهەمـووان دڵسـۆز تـری، وتـم ببـورە ئـەوە کاری خۆمـە.



Scanned with CamScanner

وتـی مـن مامۆسـتای وام کـەم بینیـوە لەگـەڵ زەنـگ دەرۆیـە پـۆل و کارەکانـت بـە جـوان ئەنجـام دەدەی دیـار بـوو مامۆسـتا (عومەر)یـش لـە قوتابیەکانـی پرسـی بـوو. ئەوانیـش بەهەمـان شـێوە باسـیان کردبـوو. ئـەوەی لـەلای مـن گرینـگ بـوو قوتابیـەکان هەمـووی (مامۆسـتا عومەریـان) زۆر خۆشدەویسـت و رێـزی تایبەتیـان لـێ دەنـا. وە لـە هەمـووی گرینگتـر (نـاوی زۆربـەی قوتابیەکانـی دەزانـی). وە هـەردەم هۆدەکـەی جمـەی دەهـات لـە قوتابیـان و بـاوك و دایکـی قوتابیـان تەنانـەت پەیوەنـدی لەگـەڵ کـەس و کاری قوتابیەکانیـش زۆر بەهێـز بـوو دەتوانـم بڵێـم ئـەم پەیمانگایـەی ڕاگرتبـوو وە پەیوەنـدی لەگـەڵ هەمـوو مامۆستایەکانیش بـاش بـوو. مـن ڕۆژانـە دەمدیت، ئـەم مامۆسـتا (عومـەر)ە لـە پێش هەمـووان دەهـات لـەدوای هەمـووان دەگـەڕاوە ماڵـەوە بـەڵام بەڕێوبەرەکـە زۆر تونـد بـوو لەگـەڵ قوتابیـەکان مـن تاکـو ڕاپەرینەکـە لـەوێ مامـەوە بـەڵام ئـەم بەڕێوبـەرە ڕۆژێـك بـە منـی نـەووت وەرە ببـە بەعثـی شـەرمی لـێ دەکـردم لەبەرئـەوەی ئەرکـی خـۆم بەتـەواوی ئـەدا دەکـرد.

ڕۆژ بـە ڕۆژ پەیوەندیـم لەگـەڵ مامۆسـتا (عومـەر) زیاتـر دەبـوو خـوا هەقـە ئەویـش زۆر ڕێـزی لـێ دەنـام وای لێهـات دەهاتـە ماڵمـان وەك برایـەك وابوویـن. لـە دوای ڕاپەریـن. دیـار بـوو گوتیـان (انطونیـوس) کـوژراوە و پەیمانگاکـە پشـێوی لـێ پەیدا بـوو. مـن لەگـەڵ (محەمـەد مەنگـوڕی) یـادی بەخێـر چووینـە وەزارەتـی پـەروەردە لـەوێ (محـی الدیـن نافیـز) خەڵکـی کۆیـە بـوو بەڕێوبـەری گشـتیی دیـوان بـوو داواکەمـان دایـە وتـی بڕۆنـە لای (حاجـی یوسـف) لە دیوانـی وەزارەت بـوو کـە داواکـەی تەماشـاکردین. وتـی ئێـوە ناگەڕێنـەوە لەبەرئـەوەی (سـەلامەی فکریتـان) نیـە واتـە بەعثـی نیـن منیـش پێـم وت کاك (حاجـی) دیـارە ئـاگاداری ڕاپەریـن نـی کـە وام پـێ وت (ڕەنگـی زەرد بـوو) مـن و کاك محەمـەد مەنگـوڕی چووینـە لای بـەرەی کوردسـتانی پێمـان وتـن کـە (د. فـؤاد معصـوم) و کاك (کۆسـرەت) بـوون بانگیـان کـرد و ئـەم خالەمـان پـێ هەڵگـرت دوای ئـەوە خەڵکێکـی زۆر گەڕانـەوە سـەر کارەکانیـان.

پـاش چەنـد ڕۆژێـك مـن فەرمانێکـم بـۆ هـات بوومـە بەڕێوبـەری (پەیمانـگای مەڵبەنـدی مامۆسـتیایان) کـە هـەر ئـەم پەیمانگایـە هەبـوو لـە کوردسـتان. خەڵکێکـی زۆر وەرنەدەگیـران چونکـە بەعثـی نەبـوون مـن دوای ڕەزامەنـدی

دکتـۆر فـؤاد معصـوم کـە سـەرەك وەزیـران بـوو، (٣٨٠) قوتابـی لـەم بابەتـەم وەرگـرت بـە نـاوی دابـڕان سـەرۆکی زانکـۆی صـلاح الدیـن نـاوی (دکتـۆر عبـدالله) خەڵکـی سـولەیمانی بـوو زۆری پـێ ناخـۆش بـوو بـەڵام چـوو بـووە لای دکتـۆر فـؤاد معصـوم و وتبـووی دەسـەڵاتی مامۆسـتا (حاجـی محـی الدیـن) نییـە ئـەم پەیمانگایـەش سـەر بـە زانکـۆی صـلاح الدیـن نییـە وازی لـێ بێنـە دکتـۆر فـؤاد خـۆی پێـی وتـم زۆر سوپاسـم کـرد. قوتابـی لـەدوای شەشـی ئامادەیـی وەردەگیـرا (١٨٩٠) قوتابـی بـوون دوو دەوام دەوامـم دەکـرد.

دوای ڕۆژێـك مامۆسـتا (عومـەر) هاتـە لام بـۆ پیرۆزبایـی زۆری پـێ خـۆش بـوو زۆر زۆر سوپاسـم کـرد. و، تاکـو ئێسـتاش پەیوەندیـم لەگـەڵ ئـەم بەڕێـزە بەهێـزە داوای تەمـەن درێـژی بـۆ دەکـەم بەڕاسـتی نمونـەی دڵسـۆزی و وەفـاداری یـە لەگـەڵ هەمـوو ئـەو کەسـانەی دەیانناسـێ وە توانـی خوێندنـی بـاڵا تـەواو کا و پشـت بەخـۆی ببەسـتێ بەبـێ ئـەوەی لایەنێـك یارمەتـی دابـێ و، تاکـو ئێسـتاش بەردەوامـە لـە خزمـەت کـردن.

وە چەندەهـا بەرهەمـی بـە پێـزی هەیـە و وە دیـدار و کۆبوونـەوەی لەگـەڵ زۆربـەی کەناڵـەکان و ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـەکان هەیـە. دوبـارە داوای تەمـەن درێـژی بـۆ دەکـەم، هـەردەم سـەرکەوتوو بـی هـەروا (سـەربەرز و بـاڵا بێـت) ئومێـد دەکـەم نمونـەت لـە کوردسـتان زۆربـێ.

هەینی ١/١٢/٢٠١٧



Scanned with CamScanner

## (بۆ من، دکتۆر عومەر پەتی ڕابەر و پێشەنگ بوو)

**د. دالیا دەشتی دزەیی**

لەو کاتەی کە بەڕێز دکتۆر عومەر پەتیم ناسی، من هێشتا قوتابی بەکەلوریۆس بووم، ئەویش تازە دکتۆرای تەواو کردبوو، هەستم دەکرد کە دکتۆر عومەر زۆر متعاتف بوو لەگەڵ حالەتەکەی من، و جارێك سەردانی پەیمانگای نابینامان کرد، دکتۆر لەگەڵ قوتابییەکان یارمەتی منی دەدا بۆ هەڵگرتنی کورسی کەمئەندامان، پاشان دکتۆر بووە مامۆستام، لەو کاتەی بوومە قوتابی ماستەر، وانەی پێ دەوتم لە کۆرسەکانی ماستەر، دکتۆر عومەر ئەو کاتی کە دەستی پێکرد بە وانە وتنەوە من شتێکی سەیرم تێبینی کرد، ئەویش کە بە هیچ شێوەیەك وشەی عەرەبی بەکار نەدەهێنا، ئەو کاتی من ئەم شتە لەلام زۆر سەیر بوو چونکە من خوێندنم هەر بە عەرەبی بووە، ئینجا زۆر پرسیارم دەکرد دەربارەی وشە دەروونییەکانی کە لە وانەکەدا هەبوو، ئینجا ئەوەی سەیرە کە دکتۆر عومەر زۆر جار سەیری منی دەکرد و تەنها بە سەیرکردن دەیزانی کە من تێنەگەیشتیمە و فوراً بە عەرەبی تەرجومەی وشەکەی پێ دەگوتم، ئینجا وەك مامۆستا و هاوڕێیەکی ئەزیز مامەڵەی لەگەڵ دەکردین، و دکتۆر عومەر زۆر موعجیب بوو بە یارمەتیدانی دایکم بۆ من و زۆر جار بە منی دەگوت «ئەتوو دایکێکی زۆر باشت هەیە و نابێت لە چاکەی دەرچی چونکە دایکت زۆر بە تۆوە ماندیە» منیش ئەم قسەم زۆر پێ خۆش بوو. ئەمە قۆناغی یەکەم بوو لە پەیوەندنکردنم لەگەڵ دکتۆر عومەر پەتی، قۆناغی دووەم دەستی پێکرد لەو کاتەی کە من ڕێکخراوێکی خێرخوازیم دامەزراند بەناوی ڕێکخراوی خزمەتگوزاریی دەروونی، ئەو کاتی من لە دکتۆر عومەرم داوا کرد کە بێت و سیمیناریّ پێشکەش بکات بۆ ئەو خەڵکانەی کە سەردانی ڕێکخراوەکەمان دەکەن و دکتۆر عومەر بە دڵێکی فراوان قبووڵی کرد وانەی برێتەوە بەبێ بەرامبەری ماددی، منیش ئەم شتەم

زۆر پێ خۆش بوو کە دکتۆر عومەر قبووڵی کرد و منیش لەم باوەڕەدا بووم کە دکتۆر قبووڵ دەکا یارمەتی ڕێکخراوەکەمان بدات بەبێ بەرامبەر چونکە دەمزانی دکتۆر عومەر زۆر بە انسانیەت مامەڵە دەکا لەگەڵ خەڵك و دڵی زۆر باشە و سادەیە و فراوانە و دکتۆر زۆر وانەی خۆش و گرینگی پێشکەش دەکرد لە سیمینارەکانی ڕێکخراوەکەمان (ئەمەش ناوی ئەو وانانە بوو: مامۆستای سەرکەوتوو کێیە؟ - لە یادی جەژنی نەورۆزدا – توند و تیژی لە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵدا).

هەروەها ڕیکخراوەکەمان هەڵسا بە ڕیزگرتن بۆ یەکەمجار لە چەند پسپۆڕانی دەروونی و پزیشکانی دەروونی و دکتۆر عومەر پەتی یەکێك بوو لەوانەی کە ڕێزمان لێ گرت و درعی ڕێکخراومان پێشکەش کرد ئەمە لە ساڵی ١٠/١٠/٢٠١٠ بوو.

قۆناغی سێیەم دەستی پێکرد لەو کاتەی کە من لە دکتۆرا وەرگیرام و ئەو پسپۆڕییەم هەڵبژارد کە دکتۆر عومەر دەبووە سەرپەرشتیار، ئینجا دکتۆر وانەشی پێ دەوتین و ئەو کاتیش یارمەتیدەر بوو لەگەڵ مامۆستاکانی تری بەشی دەروونزانیی کۆلێژی ئاداب بۆ ئەوەی هۆڵی خوێندن بۆ من لەخوارەوە بێ نەك لە سەرەوە، ئینجا پاشان کە سەرپەرشتیاریی توێژینەوەی دکتۆرام بوو زۆر بە نەرمی و ئارامی وەك مامۆستا و هاوڕێ مامەڵەی لەگەڵ دەکردم و زۆر جار دەیوت «دالیا ژوورەکەم لەبەشی دەروونزانی دەتوانی بەکاری بێنی ئەگەر دەتەوێت کارێکی زانستی ئەنجام بدەیت یان بخوێنیت »، ئینجا من لەگەڵ دکتۆر عومەر پەتی توێژینەوەی سەرکەوتوومان ئەنجامدا، و زۆر پێمخۆش بوو کە پەیوەندیم لەگەڵ دکتۆر بەردەوام بوو، ان شاء الله هەتا هەتایێ بەردەوام دەبێت چ لە لایەنی مرۆڤایەتی و زانستی، و زۆریشم پێ خۆش بوو کە دکتۆر عومەر پەتی منی هەڵبژراد بە یەکێك لەو چەند کەسانەی کە لەناو ژیانی دکتۆر بووینە... زۆر سوپاس.



Scanned with CamScanner

## (بیرەوەرییەکی جوان لە ماوەیەکی کورتدا)

**ڕازیە ئەحمەد**

لـە سـاڵی ١٩٩٠ ئـاگادار کرامـە وە کـە دەورەیەکـی ماموسـتایی هەیـە خـوم نـاو نـووس بکـەم ئـە و کاتـە دەرچـووی شەشـی ئامادەیـی بـووم کـە چـوم بـو چـاو پێکەوتـن ماموسـتای بەڕێـز کاک د. عومـەر پەیـم بینـی لە گـەڵ چەند ماموسـتایەکی زانکـو کـە بـە ڕە گـەز عـە رەب بـوون ماموسـتای دە ورەکەبـوون و سەرپەرشـتیان دەکـرد دەرکـەوت ماموسـتا عومـەر یەکێکـە لـە هاوڕێیەکانـی کاک بەدرانـی بـرام.

مـاوەی دەورەکـە (٣) مانـگ بـوو بـە ڕاسـتی زۆر زانسـت و زانیـاری و پەروەردەیـی باشـی لـێ فیربوویـن و پیـش کۆتایـی هاتنـی دەورەکە لە لایـەن ماموسـتا و قوتابیان کە هەمووەمـان کـچ بویـن گەشـتیکمان ڕێکخسـت بـو سـەیرانگای شێرەسـوار ڕۆژی پینجشـەمە، ١٩٩٠/٥/٣ بەڕاسـتی ڕۆژیکـی خۆشـمان بەسـەربرد وە چەنـد وێنەیـەی یادگاریمـان گـرت بـۆ ئـەوەی هەرگیـز ئـەو ڕۆژەمـان لەیـاد نەچیتـەوە.

لـە کوتاییـدا زور دڵخـوش بـووم بـەو دەورەیـە کـە لـە نزیکـەوە ماموسـتایەکی بەڕێـزی وەکـو جەنابیانـم ناسـی.

# (برای زێدە خۆشەویستم پرۆفیسۆر دکتۆر عومەر پەتی)

## ڕزگار محەمەد قادر

ویستم بەم چەند وشەیە هەوڵ بدەم ئەگەر بۆم بکرێت، گوزارشت لە ڕێزو خۆشەویستی خۆم بکەم بەرامبەر بەڕێزتان، کە لە ماوەی پازدە ساڵدا چەندین بۆنە من و بەڕێزتانی پێکەو کۆکردۆتەوە، وەك دوو هاوپیشە لە زانکۆی سەلاحەددین ئەوە جگە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و قسە و وتارە بە نرخەکانتان لە کۆڕ و سیمینارو لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان.

ئەوەی لەگەڵ جەنابتان تێکەڵی و هاموشۆی دەبێت، وانەی زۆر بە نرخ فێر دەبێت، نەك تەنها وانەی دەروونناسی کە خۆتان لێی پسپۆڕن، بەڵکو وانەکانی ژیان بە هەموو لق و پۆپ و بوارە جیاجیاکانیەوە. تەنها ماندووبوون و کۆڵنەدان و شەونخوونی بەڕێزتان لە خوێندنی ماستەرو دکتۆرا لە بەغدا لەو ئان و زەمان لەو باردودۆخە سیاسی و ئابووریە سەختە، خۆی لەخۆیدا وانەیەکی بەپێزە لەسەر سووربوون لەسەر گەیشتن بە ئامانجەکان و کۆڵنەدان تا وەدەست هێنانیان.

کاتێك مرۆڤ کەسێك دەبینێ یان چاوی پێدەکەوێت، یان ئەوەتا وەرەی دادەبەزێت یانیش وەرەی بەرز دەبێتەوە. بەڵام ئەم ڕێسایە لەگەڵ جەنابتان یەك لقی هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە وەرەی بەرامبەرەکەت بەرز دەکەیتەوە، ئەگەر دڵ تەنگ بێت یان گرفتێکی هەبێت بۆشی چارەسەر نەکەیت وای لێدەکەیت کە متمانەی بۆ بگەڕێتەوەو وەرەی بەرز بێت و خۆی بەسەر گرفتەکە زاڵ بێت.

خۆ ئەگەر باسی ئاستی زانستی بەرزی بەڕێزتان و زمانە کوردیە شیرینەکە و ئەو هەموو بەرهەمە چاپکراوەی بەڕێزتان و ئەو خزمەتەی بە فۆلکلۆری



Scanned with CamScanner

کوردی کردووتـە و ئـەو خەباتـەی لەپێنـاو ئـازادی میللەتەکـەت کردووتـەو ئـەو ئـازارو ئەشـکەنجەیەی لـەم رێگـەوە چێشـتووتە و چەندیـن بەهـرەی کەسـایەتی و کۆمەڵایەتـی تـری بەڕێزتـان بکـەم ئـەوە بـەم چەنـد وشـەیە لـێ نابمـەوە، هـەر ئەوەنـدە دەڵێـم یاخـوا تەمـەن درێـژ بیـت و هەمیشـە بـەو گـورج و گۆڵـی و چالاکیانـە بتبینیـن.

٢٠١٧/٧/٢٩



Scanned with CamScanner

# (ئاشنایەتیم لەگەڵ د. عومەر پەتی)

## ڕەسووڵ حاجی صادق

دکتۆر عومەر بە حوکمی ئەوەی کوڕە خارمە، هەر لە چرکەساتی لە دایک بوونی ناوەکەیم لە گوێ ئەزرینگێتەوە، کاتێ لەدایک بوو خەبەر هات گوتیان ماریێ خارم کوڕێکیان بووە ناویان لێ ناوە (عومەر)، خزمەکیان هەبوو ئەویش پیاوێکی بەتەمەن بوو ناوی عومەر بوو، گوتیان چۆن دەبێ بەناوی ئەو بکرێ ڕێك ئەوانیش کوڕێکیان بوو ناویان نا قادر، بەناوی خارم. ئەوە بۆ من شتێکی نامۆ بوو کەواتە عومەر هەر لە ڕۆژی لە دایك بوونی لە ناو داب و نەریت و فۆلکلۆر لە دایك بووە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێش شۆڕشی چواردەی تەموز بە ساڵێك و نیو. ساڵی ١٩٥٩ کاك عومەر خارێکی کۆچی دوایی کرد لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا کە گەنجێکی هەتا بڕێی قۆز و دڵ تەڕ بوو بەناوی (محەمەد) دایکی عومەر ماوەی سێ مانگ هاتەوە ماری بابی ئەو کات ڕێز و حورمەتی مردوو وا بوو. من عومەرم لە ماریێ مامی دایکم دەدیت منداڵێکی خنجیلەی سپی و بچوك بوو. مەکتەب هاتە گوندی ساڵی ١٩٦٠ ئێمە چووینە مەکتەب تاکو ١٩٦٤/١٩٦٥ سەفی شەشمان خەڵاس کرد هاتینە هەولێر عومەریش بۆ یەکەم جار هەر ئەو سارە هاتە گوندی دۆلەزەی لۆ خویندن چونکە گوندی خۆیان مەکتەبی لێ نەبوو هاتە ماری خاری گەورەم لای داپیر و پوورەکانی زۆر بەجوانی خزمەت دەکرا تا سەفی شەشی خەڵاس کرد ئینجا هاتە هەولێر ماری خارەکی ترم کە مامۆستا بوو لە هەولێر ناوەندی لەوێ خەڵاس کرد وە لەبەر ئەوەی عومەر لە گوندی زۆر زیرەك بوو مامۆستاکان زۆر خۆشیان دەویست خارم قادریش کۆتایی ساڵ



Scanned with CamScanner

دەیگوتە مامۆستاکان عومەرم زوو بۆ بەرێ بکەن واتە ئیمتیحانی زارەکیان لۆ دەکرد عومەریان ئیزن دەدا دەچۆوە قەراجێ لۆ هاوکاری دایك و باوکی کە ماریان لە دەشتی قەراج بوو لە گوندی دینگاوە لە هەولێر عومەر ناوەندی تەواو کرد خارم برایم واتا باوکی عومەر توشی نەخۆشی ئیفلیجی بوو لەکار کەوت خارم حمدئەمین وتی عومەر تۆ دەبێ بچیە خانەی مامۆستایان لە دهۆك چونکە لە ماوەیەکی کورت دەردەچی دەبیتە مامۆستا دەتوانی هاوکاری مارێ بابت بکەی هەرواش بوو ساری ١٩٧٧ عومەر بووە مامۆستای سەرەتایی و تەعین بوو لە گوندێکی دەشتی قەراج لەناو عارەبان وابزانم خرەبەردان بوو. لەگەڵ مامۆستایەکی تری نزیك گوندەکەی خۆیانی گۆڕیەوە بەپێ هاتوچۆی دەکرد و حوکمەتی عێراقی (محوالامیة) ی دانا واتا نەهێشتنی نەخوێندەواری لۆ عومەری بووە دوو شەش بەیانی تا ئێوارە دەرسی دەگوتەوە باری دارایی بەرەو باش بوون دەچوو من سەردانم دەکرد ژوورێکی بچووکی دروست کردبوو کردبوویە مەکتەبە چەندین کتابی بە سوودی تیا بوو حوکمەت و تەربیە و محوالامیة سەردانی عومەریان دەکرد عومەر لە گوندی بووە ناوێك مدیر ناحیە و مامۆستایان و خەڵکی ناوچەی قەراج ڕێزێکی تایبەتیان بۆی هەبوو. لەوکاتەدا عومەر دەستی کرد بە کۆکردنەوەی شتی فۆلکلۆری بووە ساری ١٩٨٠ کتابی تیتیلە و بیبیلەی چاپ کرد وە زۆرجار دەهاتە هەولێر بۆ کار و باری تایبەتی و گشتی بەبیرم دێ کۆڕیکی لەهۆڵی ژووری بازرگانی ساز کرد بە ئامەدەبوونی سەرۆکی نووسەرانی کورد لە هەولێر بەرێز مامۆستا عزەدین فەیزی خ. ل عومەر شیخ الله و دەشتەکی کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد خەڵکێکی زۆر لە نووسەر و ڕۆشنبیران ئامادە بوون. عەزیزی مەلای ڕەش هەندێ ڕەخنەی لە شێوازی نووسینی تیتیلە و بیبیلە گرت من پێمناخۆش بوو لەلام عومەر گوتی قەینا کە ڕەخنەکانی زۆر باش و بە پێزن من کەڵکی لێ وەردەگرم لۆ داهاتوو.

ڕۆژەکی زستانی ساڵی ١٩٨٠ لە شەقامی شیخ الله دەمویست بەرەو ماڵ بگەڕێمەوە لەناکاو عومەرم دیت دوای چاك و چۆنی، من بۆ لای ڕیمەکانی ئیسکان دەچووم ئەو کات پێیان دەگۆت (تێمس) بە پەنجا فلس بوو عومەر گۆتی وەرە لەگەڵم جێیی کرێ بوو ڕێك لەپێش مەخفەری خانەقاە لە



Scanned with CamScanner

شوێنەکی مخالف ڕای گرتبوو مۆڵەتی شوفێری نەبوو مرورەك لەلای جێبەکەی ڕاوەستا بوو داوای سەنەویە و ئیجازەی لێ کرد کە هیچی نەبوو پێمان گوت ئەوە مامۆستا لە مەخمور هاتووە بەهەرحاڵ ئیزنی داین لەڕێگا دەستم لەسەر سینگم دانابوو تا گەیشتمەوە ماڵەوە چونکە سایەقی زۆر باش نەبوو لەڕێگا ئامۆژگاریم کرد جێبەکەی بداتەوە خاوەنەکەی کە هی کوڕە پورێکم بوو زۆر کۆن و خراپ بوو وابزانم بە ٨٥٠ دیناری کڕیبوو لە ماڵەوەش شەو خارم حمدئەمین بەهەمان شێوە ئامۆژگاری کردبوو کە گەڕایەوە گوندی بە خاوەنەکەی گۆتبوو نامەوێ ئەویش لێی وەرنەگرتبۆوە عومەریش چووبوو لەپێش ماریان جێی هێشتبوو ئەویش بە پاڵ پێوەنان هێنابوویە لای ماری عومەر وەلحاسڵ خزم کەتنە نێوانیان لۆیان حەل کردبوو.

لەو چەند ساڵەی لە گوندی بوو زۆر هەوڵیدا هەندێ داب و نەریت و گۆرانی سەردوولکەی شین و شایی کۆ بکاتەوە لە ژن و پیاوانی بە تەمەنی گوندەکان و کتابی کراشم دڕا چم پێ نەبڕای چاپکرد. ئی تر قادسیەی صەدام هاتە گۆڕێ بووە عەسکەر و ماڕێ دایك و براکانی هاتنە هەولێر خانوێکیان لە ڕووناکی پێکەوەنا.. ژیانی بەرەو باشتر چوو. هەوڵیدا خوێندن تەواو بکات. وابزانم ١٩٨٤ – ١٩٨٥ ئەگەر هەڵە نەبم چووە کولیە تەربیە بەشی بایۆلۆجی ساڵێك مایەوە لەبەر ئەوەی بەخۆی دەرچووی خانەی مامۆستایان بوو بەشی زانستی نەخوێندبوو سەرکەوتوو نەبوو بۆیە بەشەکەی گۆڕیەوە بۆ دەروونزانی کە بەشێکی ئەدەبی بوو تیایدا سەرکەوتوو بوو بەکالۆریۆسی لێ وەرگرت. چووە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی کوڕان لەگەڵ مامۆستا حاجی محي الدین درێژەی پێداوە، دوای ئەوە ناوبراو هەر خەریکی کاری فۆلکلۆری بوو ساڵی ١٩٨٧ لە گەرمەی تێك دانی گوندەکان لەلایەن ڕژێمی بعث عومەر هەڵسا بە کردنەوەی پێشانگایەکی فۆلکلۆری زۆر گەورە ئەویش بە هەڵدانی ڕەشمارێك لەناو گۆڕەپانی کۆلێژی تربیە چەندین شتی فۆلکلۆری لە داس و قەیناغ و مەشکە و نان و سەماوەری دانابوو حوکمەت دەیویست بکاتە ڕۆژی یاخود حەفتەی لەدایك بوونی صەدام یاخود حەفتەی قادسیەی صەدام بەڵام ئەو کردیە ڕۆژی نەورۆز بەڵام عومەر خستیە ناو جەژنەکانی ئادار و نەورۆز وە بەبیرم دێ عەزیزی مەلای ڕەش تێبینی پێشانگاکەی نووسی



Scanned with CamScanner

ئەی ئۆمەری کوڕی بلەی کوڕی عەزەی (واتا عومەر ئیبراهیم عەزیز) من زۆر پێی دڵگران بووم لەبەر ڕێزی خارم و باپیرم. عومەر تا ڕاپەڕین بەردەوام بوو لەکاری فۆلکلۆری لەگەڵ برادەرەکانی عومەر شیخ الله و اسعد عەدۆ و تارق جامباز و سەید مولود بێخاڵی و خالید جوتیار و سەدرەدین خۆشناو و سعد الله شێخانی کەسانی فۆلکلۆر دۆست.

بەبیرم دێ ڕۆژێك وابزانم ساڵی ١٩٨٨ بوو ڕۆژێك یاخود شەوێك عومەر لە تەلەفزیۆنی کەرکوك بەرنامەی قوتابیان و لاوان پێشکەش دەکات بۆ ماوەی چل و پێنج خولەك قسەی کرد یەك جاریش ناوی صەدام حوسێنی نەهێنا یاخود بڵێ سید الرئیس خوا بیپارێزێ کە لێ بۆوە گوتمە دایکم عومەر ئەوە ئەوەڵ و ئاخیری ئەو بەرنامەیەیە قسەکەشم ڕاست دەرچوو هیچی تر نەیانهێشت پێشکەشی بکات بەڵکو درا بە کەسێکی تر تاکو ڕاپەڕین ئەو برادەرە پێشکەشی دەکرد ئێستاش ناوبراو بەرپرسە لە دەزگایەکی حکومی دوای ساڵانی ١٩٩٢/١٩٩١ عومەر چووە بەغدا بۆ تەواوکردنی ماستەر و دکتۆراکەی کە وەکو خۆی لۆمی باس دەکرد زۆر بە زەحمەتی بەسەر بردووە لەبەر وەضعی داراییان وە هەر لەوێ لەگەڵ خاتوو د. فاطمە یەکتر دەناسن لە کولیەی پەروەردەی بەغداد، وە هاوسەرگیری دەکەن لەسەر دەستی مامۆستای ناوداری کوردستان و عێراق مامۆستا عەبدولکەریم مدرس. وە لە بەغداد توشی گرتن دەبێ لەلایەن ڕژێمی بەعس بە هەوڵ و کۆششی خزم و دکتۆرە فاطمە کە مامۆستای ئینگلیزی بووە هەندێك لە کوڕ و کچە بەرپرسەکانی ناسیوە دوای (١٩) ڕۆژێك لە سجن ئازادیان کردووە ئینجا زۆر بەپەلە و بە نهێنی دکتۆراکەی تەواو کردووە دواتر هاتۆتەوە هەولێر لە کولیەی تربیە دامەزراوە وە ئەو کات لە بەغدا دەیخوێند من پێم دەگوت هەوڵ بدە لە ڕاگەیاندنەکان دەرنەکەوی چونکە ڕژێم سیخوڕی لە کوردستان هەبوو خەبەریان لێ دەدان.

وە بۆ مێژوو دەرێم عومەر هەر کتابێکی دەرکردبێ نوسخەیەکی پێشکەشی بە من کردووە وەك وەفایەك بۆ کوڕە پوری وە عومەر لەکاتێك وشەی کوردی بەکار دەهێنا خەڵکانێك هەبوون هەر فشەیان بە وشەی کوردی دەهات بەبیرم دێ من دەمگوت من ئمشەو خەفەرم لە دائیرەی خفر دیفاع مدني ئەو



Scanned with CamScanner

دەیگوت بڕێ ئیشکگری بەرگری شارستانیم یاخود دەمگوت مرصد یا راصد ئەو دەیگوت ڕوانگە وە هەر وشەیەك بە عەرەبی دەمانگوت ئەو یەکسەر دەیکردە کوردی. وە عومەر بە هەوڵ و کۆششی خۆی خۆی پێگەیاندووە ئەگینا باوکی واتا خارم برایم لە ناوەڕاستی حەفتاکان کۆچی دوایی کردووە کە باری داراییان زۆر خراپ بەڵام عومەر لەجیاتی باوکی هەموو خوشك و براکانی بەخێو کردووە و پێ گەیاندووە و درێغی نەکردووە بۆ مێژوو دەڵێم ئەو خێزانە لەبەر لێهاتوویی عومەر بێ باوکیان پێوە دیار نەبووە خاسەتان برایەکیان جوانە مەرگ بوو لە ساڵی ٢٠١٤ عومەر زۆر زۆر مەسرەفی لێکرد لە بەغدا و هەولێر و وڵاتانی لوبنان و تورکیا. هەرچەندە ماریان جودا بوو بەڵام عومەر وەکو باوکێك مەسرەفی لەگەڵدا کرد تاکو کۆچی دوایی کرد. کە ئەوەش جێگای تەقدیری ئێمە و خزمان بووە.

کاك دکتۆر دەستم بە هەویرە و هەرئەوەندەم لەبیرە. لەگەڵ ڕێز و حورمەتم لۆ جەنابتان.

# (دكتۆر عومەر پەتی)

## سابیر ڕەشید

عومەر پەتی، عومەر ئیبراهیم عەزیز، ئۆمەری بلەی عەزە ئەوانە هەرسێکیان هی یەك كەسن كە ئێستاكە لەسەر ناوی د. عومەر پەتی جێگیربووە.

ئەو پیاوە لەوەتەی من دەیناسم بەدوای كوردانڈنی قسەكردن و ڕستە و وشەوەیە. یەكەم شتیش كە كوردانڈوویەتی ناوی خۆی بوو، چونكە ساڵانێك حەزی دەكرد لەجیاتی ئەوەی پێی بڵێن عومەر ئیبراهیم عەزیز پێیان بگوتایە ئۆمەری بلەی عەزە زۆر دڵی پێ خۆش دەبوو و ویژدانی ئاسوودە دەبوو.

عومەر پەتی هەر لەوكاتەوە دەناسم و ئاشنای بووم كە من دەستم دایە نووسین، ئەویش ساڵی ١٩٧٤ بوو كە تازە بەتازە ئێمە چەند گەنجێكی شاری هەولێر بەدوای خوێندنەوە كەوتبووین ئەوانەی ئێمەیان فێرە خوێندنەوە كرد بە كتێبی(فڕی فڕی قەل فڕی) یان (بۆ پێكەنین) یان (چیرۆكی كەلەباب) یان (حەكایەتی دز و قازی) و (چیرۆكی ئەمیری ئەرسەلان) و (چیرۆكی زادیچ) و (ڕشتەی مرواری) و (گاڵتەوگەپی پیرەمێرد) و دیوانی شاعیرانی كلاسیكی و زۆر كتێبی ساكاری تری لەم شێوەیە. هەموو جارێ كە بە پێش جامخانەی كتێبخانەكەی چاپخانەی كوردستانی ڕەحمەتی (گیوی موكریانی) دا دەڕۆیشتم، كە چاوەكانم دەكەوتە سەر كتێبەكانی ناو جامخانەكە كە بۆ فرۆشتن دانرابوون، دەسەنگرامەوە و نەمدەتوانی تاوێك بەدیار ئەم كتێبانەوە دالغەی كڕینیان لێنەدەم، بەڵام هەر ئەو كاتی هەر بەقەد ڕۆژانەكەم هەر جارەی دەبوومە خاوەنی كتێبێك لەم كتێبانە، لە ماڵەوەش وەك پارچەیەك لە گیانم لەناو باولێكی ژەنگاوی دوور لە بینینی دایكم دەمشاردنەوە، دایكم كە كتێبێكی لە دەستم دەبینی زۆر پێی ناخۆش بوو كە من پارەی خۆم بەم پەڕە كاغەزانە بە خەسار دەدەم، بابم تۆزێك لەو باشتر بوو، بەهەرحاڵ لەماڵەوە



Scanned with CamScanner

بـە دزیـەوە لەنـاو کتێبـی مەکتـەب دەمشـاردەوە، ئەمـە و بـە هاندانـی بـرادەران و دەوروپشـتم و ئـەو کەسـانەی کـە ئەدەبیـان بەئێمـە ناسـاند منیـش لەگـەڵ هاوڕێکانـم: کەمـاڵ سـەعدی و مەسـعود پەرێشـان و محمـەد سـلێمان دڵپـاك و سامان دزەیـی و ئیسـماعیل بەرزنجـی و کاکـە زیـاد لادێـی و سـەمیر ئیسـماعیل لـە کۆڵانەکەشـمان (نـەوزاد ڕەفعـەت)ی شـاعیر هەبـوو لـە ئێمـە گـەورە تـر بـوو شـیعری بـڵاو دەکـردەوە، ئێمـە زۆر کاریگـەر بوویـن، لـەولا تریـش برادەرێکمان هەبـوو نـاوی (شـێرزاد عەزیـز ناشـاد) بـوو کـە ئامـۆزای عەبـدوڵا پەشـێو بـوو، ئـەو زۆر یارمەتـی ئێمـەی دەدا و کتێبـی بـۆ دەهێنایـن و فێـرە نووسـینی کردیـن. لـە کۆڵانەکانـی ئـەولا تـری ماڵـی ئێمـەش خالیـد جوتیـاری ڕەحمەتـی و جـەلال مەولـود سـنجاوی بـرای هەبـوون هاموشـۆی ئێمەیـان دەکـرد.

لـە گەڕەکـی (ئیسـکان)یش جـەلال سـنجاوی و ئەکـرەم کانـی و تاهیـر هەمەوەنـدی و ئـازاد عەبدولواحیـد و مەوجـود سـامان و فەرەیـدون سـامان و دڵشـاد مەولـود و زیـاد مەنـدۆ هەبـوون و بەسـەر ڕێـگای ئێمـەدا دەهاتـن و زۆرجـار پێکـەوە دەچووینـەوە چایخانـەی (باکوور) کە تـا ئـەو کاتـەی تەقینـەوەی لـي ڕوویـدا مابـوو دوایـی تێکچـوو لـەوێ لەگـەڵ برادەرەکانـی تـر یەکترمان دەبینـی لەوانـەش عومـەر پەتـی و خالیـد شـەیدا و حەیـدەر عەبدوڵڕەحمان و شـیرزاد عەبدوڵڕەحمـان و محیەدیـن شـێخانی و زۆری تریـش دادەنیشـتین و بیـر و ڕای ئەدەبیمـان دەگۆڕیـەوە و باسـی ئەدەبمـان دەکـرد هەنـدێ جاریـش لـە چایخانـەی (عەبـۆ) و گازینـۆی (شـەوانی هەولێـر) دادەنیشـتین، لـەوێ زیاتـر لەگـەڵ نووسـەرانی لەخۆمـان گەورەتـر دادەنیشـتین لەوانـەش: عەزیـز گـەردی و دڵشـاد عەبـدوڵا و جەوهـەر کرمانـج و موحسـین ئـاوارە و سـەعدوڵا پـەرۆش و نـەژاد عەزیـز سورمێ و کەریـم شارەزا و ئـازاد دڵـزار و تاریـق جامبـاز و بەکـر زانا و سـەباح ڕەنجـدەر و زۆرانـی تریـش کـە لـەو دەمـە نـاوی هەمووانـم نایەتـەوە بیـر. دوایـی هەوارمـان گواسـتەوە بـۆ چایخانـەی (مەچکـۆ) کـە لـەوێ زۆربـەی هـەرە زۆری ئەدیـب و نووسـەران دەهاتنـە ئـەوێ لـەوێ ناسـیمانن، ئەمـەش بـۆ ئێمـە زیاتـر هانـدان بـوو خـۆ خەریـك كـردن بـوو و لەنێـوان خۆشـماندا پێشبڕكێی یەکترمـان دەکـرد.

ئـەم پێشـەکییە بـۆ ئـەوە بـوو تـا لـە باسـکردنی هاوڕێـم عومـەر پەتـی ئـەوە

بدرکێنم کە من لەو کاتەوە ناسیومە لەهەموو شوێنەکان لەگەڵ ئێمە بووە و یەکێکە لەو برادەرانەی کە هاموشۆم زۆر لەگەڵیدا هەبووە وخۆشم ویستووە.

عومەر پەتی ساتەوەختی دەستکردنی بە نووسین زۆر مەراقی ئەدەبی فۆلکلۆری بوو لەگەڵ برادەرانی فۆلکلۆر پەروەر لەگەڵ یەکتر بوون و خۆیان بۆ کۆکردنەوەی سامانی نەتەوایەتی کورد تەرخان کردبو و زیاتر لەگەڵ ئەوان خەریك بوو وەك: خالید جوتیار و تاریق جامباز و ئەسعەد عەدۆ و سەعدوڵای شێخانی و سەید مەولوود بێخاڵی و سەدرەدین خۆشناو و هی تر کە چەندان بەرهەمیشیان پێکەوە چاپکرد. بەڵام لەگەڵ ئەمەش عومەر پەتی لەگەڵ ئێمەش دادەنیشت و زۆر حەزی لە مەجلیسی ئەدەبی بوو، بەمەش بەناوبانگ بوو کە نەیدەویست یەك وشە لە دواندنی بە زمانی عەرەبی بێت لەوکاتەوە کە خەڵك دەبووە عەسکەر و دەچوونە تەجنید ئەو وشەی (سەرباز) و (سەربازگری) بەکاردەهێنا و ناوەکەشی لەوەوە بەباڵادا بڕا کە بە کوردییەکی پەتی قسەی دەکرد و لە نووسین و قسەکردندا ئەو وشانەی کە ئێمە بە عەرەبی دەرماندەبڕی و لەناو کوردا نەبوو ئەو یان وشەکەی لەناو فۆلکلۆر و لادێکاندا دەدۆزیەوە و یانیش دایدەتاشی، بەمەش خزمەتێکی زۆری داڕشتنی وشەسازی کوردی کرد.

عومەر پەتی لەوەتەی ناسیومە بەوە ناسیومە کە مرۆڤێکی سادە و ساکار و بێ فیز بوو و زۆریش لەخۆ بوورده بوو و بەهیچ شێوەیەك حەسادەتی لەلادا نەبوو و پیاوێکی لەڕووش بوو واتە ئەو ڕایانەی کە دەیدا چ لەپێش چاوی نووسەرەکە خۆی و چ لە پاشمندە هەمان قسەی دەکرد و هیچی لە دڵی خۆیدا نەدەشاردەوە و واشم نەناسیوە کە ڕقی لەکەس نەبوو.

عومەر پەتی کە لە زانکۆی بەغدا و لەبەشی دەروونزانی وەرگیرا ئیتر خولیای زیاتر کەوتە سەر دەروونزانی و بابەتی لەمبارەوە دەنووسی بەڵام لەگەڵ ئەمەش پەیوەندی بە فۆلکلۆرەوە نەپچڕاند کە لە دوایدا کتێبێکی بەنرخی حستە کتێبخانەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی کردیە سەرچاوە بۆ هەموو توێژەرانی بواری فۆلکلۆر ئەمیش بیبلۆگرافیای فۆلکلۆری کوردی بوو لەگەڵ چەندان کتێبی فۆلکلۆری تری بەنرخ.

ئێستاکەش مامۆستای زانکۆ ؛ چەندان قوتابی لەبواری دەروونزانی پێ گەیاندووە و چەندان توێژینەوەی گرینگی و لەبواری دەروونزانی و بابەتی ڕۆشنبیریی کوردی و ئەدەبی و بابەتی فۆلکلۆری خستۆتە ناو کتێبخانەی کوردی و خەرمان بەرەکەت. خوای گەورە بەرەکەت بخاتە ناو تەمەنی تا زیاتر خزمەتی میللەتی خۆی بکات و کتێبخانەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی دەوڵەمەند بکات.

٢٠١٨/٣/١١



Scanned with CamScanner

## (هاورێ و برا و مامۆستا. د. عومەر پەتی)

د. سەلوا ئەحمەد ئەمین

لە ساڵی ١٩٨٥ لە کۆلێژی پەروەردە لە بەشی دەروونزانی لە نزیکەوە ناسیم وەك هاورێ و برا و ئێمە یەکەم وەجبەی کۆلێژ بووین. بەراستی بە کەسایەتیی خۆی زۆر سەرنجی راکێشام چونکە زۆر جیاواز بوو لە هەڵسوکەوت و کەسێك بوو زۆر دڵسۆز و خۆبەخش و بوێر و بەرگر بوو لە قوتابیانی وەجبەی خۆی. کەسانێك بوو یەکجار چالاك و زیرەك پڕ رۆشنبیر و ئاستی بەرزی هەبوو. رێزی تایبەتی هەبوو لە لایەن مامۆستایانی کۆلێژ و قوتابیانی قۆناغی خۆمان بەگشتی، وە بە تایبەتی قوتابیانی گروپی خۆمان - کەسانێك بوو کێشەی هەموو قوتابیانی بەبێ جیاوازی چارەسەر دەکرد. هیچ رۆژێك بێزاریی خۆی دەرنەبریوە بەرامبەر چارەسەر کردنی کێشەی قوتابیان.

لەهەمان ساڵی، واتە یەکەم ساڵی خوێندنمان لە کۆلێژ هەڵبژاردراین بۆ وەرگرتنی خەڵاتی زیرەکی لە رۆژی کۆلێژدا. (د. عومەر) مەراسیمی فۆلکلۆری دانا لە بەش، سەرنجی زۆری مامۆستایان و قوتابیان و میوانانی راکێشا وە هەر لەمەشەوە ئەم ناوەی بە دوا کەوت کە پێ ی وترا (عومەر پەتی).

ئینجا لە کۆتایی ساڵی خوێندن لە یەکەمەکانی کۆلێژ دەرچوو وە وێنەمان لە (لەوحەی شەرەف) درا وە هەر چوار ساڵی خوێندن هەمان وێنە هەروا تەنیا شوێنەکانی دەگۆڕا.

بەرێز ناوبراو هەر چوار قۆناغی کۆلێژ بە سەرکەوت و بە نمرەی بەرز تەواوی کرد. دوا بەدوا بیستم کە ماستەری بەدەست هێناوە - وە زۆر دڵخۆش بووم چونکە شایەنی هەموو شتێکی باش بوو. لە دوایی دکتۆرای تەواو کرد. دووبارە دڵخۆش بووم، پیرۆزی بێت. ئەم کەسە دڵ و دەروونی زۆر ساف و



Scanned with CamScanner

ساکاره وههمو کهسێك خۆشی دهوێ ڕێزی خۆی فهرز کردۆته سهر ههمووان.

له ساڵی ٢٠٠٤ له خولی شیاندنی مامۆستایان دووباره بینیم، لێرهدا زۆر هانیدام بۆ تهواو کردنی خوێندنی باڵا. بههیچ جۆرێك لهبیر ناکهم ئهم برا بهڕێزه، که بووه هۆی تهواو کردنی ماستهرم. که خوا قسمهتی کرد له کۆرسی خوێندندا دهرسم پێ بڵێت. ئینجا له هاوڕێ بووه به مامۆستای دهروونزانیی پهروهردهیی.. منیش هیوای ساغ و سهلامهتی بۆم خواست. ئینجا قۆناغی سێیهم ئهویش قۆناغی خوێندنی دکتۆرام بوو له ٢٠٠٩ دووباره ئهم برا بهڕێزهم بینیهوه وهك مامۆستا (د. عومهر). ئهو جارهش تیۆرهکانی پێشکهوتوو دهروونزانیی پهروهردهیی پێ وتین که زۆر به سهرکهوتووانهم بینی. وه دڵم خۆش بوو که یهکێك له هاوڕێکانمان وانهی دکتۆرامان پێ دهبهخشێ سوپاس بۆ خوا کهوا ئهم کهسایهتیهم ناسی بۆ ماوهیهکی زۆر. وه بههیچ جۆرێك دڵم لێ نهشکاوه و ئێستاش نموونهیه بۆ سهدهها قوتابی له کۆلێژ.

هیوادارم ههر سهرکهوتوو بیت و تهمهن درێژ و ساغ و سهلامهت بی، بۆ خزمهتی ههموو تاکێك و قوتابییهك وه ههر کهسێك که داوای یارمهتی کردبێت لێی کهم تهرخهم نهبووه.



Scanned with CamScanner

## (یادگارییەکانی زستانە باراناوییەکان)

**طەڵعەت ئەحمەد عومەر**

بۆیـە ناونیشـانی یادگارییەکانـم بـەو نـاوە دانـاوە چونکـە زسـتانی سـاڵی شەسـتەکان وەك ئێسـتا نەبـوو زۆر بـە بـاران و سـارد و سـەخت بـوو. ئـەم یادگارییانـەش پێـش کـەش بـە بـرای زۆر خۆشەویسـتم بەڕێـز پرۆفیسـۆر د. عومـەر پەتـی ئەکـەم.

سـاڵی ١٩٦٥ – ١٩٦٦ یەکـەم سـاڵی خوێندنـی سـەرەتایی مـن و دکتـۆر عومـەر بـوو. ئیمـەش هەردووکمـان لـە دوو گونـدی دەشـتی قـەراج نزیکـەی ٨٥ کلـم لـە هەولێـرەوە دوور بوویـن ئەژیایـن بەنـاوی گونـدی (دینـگاوە - تەلەمەتـەر) ئـەم دوو گونـدەش تەنیـا ٢ کلـم لـە یەکتـر دوور بـوون هەمـوو خەڵکـی هـەردوو گونـد ئامـۆزا و کـوڕ ئامـۆزای یەکتـر بوویـن لەبـەر ئـەوەی لـەم دوو گونـدە قوتابخانـە نەبـوو ناچـار بـوون خانەوادەکەمـان مـن و دکتـۆر عومـەر بگوازنـەوە بـۆ گونـدی دۆڵسـزەی گـەورە کـە تەنهـا ٩ کلـم لـە قوشـتەپە دوور بـوو گونـدی (دوڵسـزە) مولکـی هـەردوو گونـدی ئێمـە بـوو، (هەرسێ گونـد مولکـی بەرەبابـی ئێمـەن) لەبـەر خوێنـدن مـن و (دکتـۆر عومـەر پەتـی) لـە نـازی دایکمـان جیـا کراینـەوە هاتیـن بـۆ دۆڵسـزە، ئـەم گونـدەش خۆشـتر بـوو لـە گوندەکانـی ئێمـە چونکـە نزیـك شـار بـوو گـەورە بـوو چوویـن بـۆ قوتابخانـە کـە زیاتـر لـە هەشـت مامۆسـتا دەوامیـان لێ ئەکرد یادیـان بەخێـر (مامۆستا اکرم حمدئەمین مکـی – م. عەزیـز بەرزنجـی – م. صابـر عەزیـز عقـراوی – مامۆستا وریـا فاتـح صدرالدین – مامۆسـتا محەمـەد حەسـەن منگـوڕی – مامۆسـتا عبـدالله کاکـە لاو – مامۆسـتا دڵشـاد کۆیـی – مامۆسـتا سـەلاحەدین منـداوی) لـە ناوەڕاسـتی سـاڵ سێ مامۆسـتای ترمـان بـۆ هـات بـە نـاوی (مامۆسـتا عەزیـز عەلائەدیـن کۆیـی – مامۆسـتا مـەردان

عەبدولجەبار – مامۆستا ملا طاهیر) ڕێز و احترامم بۆ هەر هەمووان خوای گەورە لەم مامۆستایانە خۆش بێت کە لە ژیان نەماون. ماوەی شەش ساڵ لە گوندی دۆڵسزە بووین گەڕانەوەمان بۆ گوندی خۆمان تەنها لە پشووی نیوە ساڵ و، سەری ساڵ و جەژنەکان بوو چونکە ئوتومبێل کەم بوو ڕێگاکانیش هەمووی قوڕ بوون.

با بێینەوە باسی یادگاری و بەسەرهاتەکانی خۆم و دکتۆر عومەر پەتی بکەم، کاک دکتۆر عومەر پەتی منداڵێکی وردی خاوێن و ئێسک سووک و بزۆک بوو زۆر حەزی لە دانیشتنی ناو پیاوی پیر و دیوەخان دەکرد هەر لە منالیش حەزی لە هۆنراوە و سروود بوو لەبیرمە بەیانیان پێش ئەوەی بچین بۆ ژووری خوێندن پشکنینی دەست و نینۆك دەکراین دەبووایە دەسەسڕێك لەژێر دەستمان بێ لەکاتی پشکنین پاشان سروود دەخوێنرایەوە لەلایەن چەند خوێندکارێك یەکەم قوتابی کە سرودی دەخوێندەوە د. عومەر بوو سرودەکانیش زۆری نیشتیمانی بوون شێوەی خوێندنەوەی سرودی د. عومەر پەتی زۆر جیاواز بوو لە قوتابیەکانی تر مامۆستایەکان زۆر دڵخۆش دەبوون بەتایبەتی مامۆستا (محەمەد حەسەن منگوڕی) چونکە مامۆستای زمانی کوردی بوو خۆشی شاعیر بوو خاوەنی چەند یەڕتووکەکی شعری بوو.

هەروەها زۆرجار شەوان لەماڵی خۆمان دەچووم بۆ ماڵی مام (قادر عەزیز) کە مامی د. عومەر بوو خۆشی هەر لە ماڵی وان بوو د. عومەر چیرۆکی (شیرین و فەرهاد و – نوکتەکانی مەلای مەشهوری بۆ ماڵی مامی دەخوێندەوە زۆر تامان لێ وەردەگرت چونکە ئەوکات نە تەلەفزیون نە کارەبا لە گوندی دۆڵسزە نەبوو بەڕاستی زۆر لە کەناڵەکانی ئێستا خۆشتر بوو.

جا با باسی یەکێك لە یادگاریەکانی چوونەوەمان بۆ گوندی خۆمان لە دەشتی قەراج بکەین نیوەی ساڵ بوو ڕۆژمان بە پەنجەی دەست دەژمارد کە پشوو بێت و سەفەر بکەین بۆ لای دایکمان بەڵام باران بە بەردەوامی دەباری و زۆر پێمان ناخۆش بوو باوکی من ناوی حاجی (ئەحمەد عومەر) بڕیاری دا لەگەڵ خۆی بمان با بۆ قەراج من و د. عومەر و صابری برای د. عومەر و اسماعیلی برام و ڕەفعەت ی برام و لەگەڵ قوتابیەکی تر ئەویش هەر خزمی خۆمان بەناوی تحسین ی مام اسعد لەگەڵ باوکم هەر شەشمان

بە پا ڕۆیشتین بۆ جادەی نێوان کرکوك – هەولێر) کە ٢ کلم لە دۆڵسزە دوور بوو پاشان چووین بۆ هەولێر لە هەولێر یەك سەیارە هەبوو کە خەڵکی دەگواستەوە بۆ گوندەکانی دەشتی قەراج ئەویش ئوتومبێلی (حەسەن عەبدولوەهاب) بوو باش بوو ئەو کات لە هەولێر ئێمەش هەر هەموومان لە پشتەوەی سەیارە سوار بووین تەنیا باوکم چووە پێشەوەی ئوتومبێلەکە ڕۆیشتین بۆ مخمور لە گوندی قۆریتان جادەی قیر کۆتایی دەهات و پاشان دەبووە جادەی خۆڵ. باران بەردەوام بوو گەیشتینە شارۆچکەی (مخمور) بە دوو سعات زیاتر پاشان ڕۆیشتین بۆ دەشتی قەراج لە مخمور دەرچووین جێگایەك هەبوو پێیان دەگوت (قەسران) لە مخمور زۆر نزیك بوو (قەسران) ژمارەیەك خانووی بە بەرد دروست کرابوو بەڵام دار و درەختەکی زۆری لێ چاندرا بوو خەڵکەکەشی هەمووی فەرمانبەری کشتوکاڵ بوون. هەر کە گەیشتینە قەسران ئوتومبێلەکەمان کەوتە ناو قوڕ و لیتەیەکی زۆر دەرنەچوو ئێمەش دابەزین لەگەڵ باوکم هەر شەشمان چووین بۆ ناو ژوورەکی بچووکی بێ دەرگا و بێ پەنجەرە پیاوێکی تریشمان لەگەڵ بوو کە دوکانی هەبوو لە گوندی تەلەمەتار بەناوی (ئەحمەد عەصاف) نازناوی (مام کابرا) بوو ماوەیەك لەم ژوورە ماینەوە باران هەر بەردەوام بوو ڕۆژ لەنزیك ئاوا بوون بوو زۆرمان برسی بوو هەموو لەشمان تەڕ بوو باوکم وتی وەرن با بتان بەم لۆ ماڵی برادەرەکم لەم نزیکانەیە ناوی (ئەحمەد خەلیفە)یە بە ڕۆیشتن بۆ ماڵیان چووین لە دەرگامان دا و فەرموویان لێ کردین و چووینە ژوورەوە و زۆر خۆش بوو چونکە سۆبایەکی علاءالدین ی کۆن دانرا بوو قوریەك ئاوی لەسەر بوو هەڵمی لێ ئەسا بۆنی چێشتەکی خۆشیش دەهات من دەمزانی چشتەکە (کفتەیە) مام عەلی خەلیفە زۆر ڕێزی لێ گرتین و زۆر دڵخۆش بوو بە بابم. خۆمان وشك کردەوە دانیشتین پاش ماوەیەکی کەم نانیان هێنا و (کفتە بە کاردی بوو) زۆر خۆش بوو نانمان خوارد چا خوراوە و ئینجا بووە بە سوالفە و قسە و بەسەهاتی کۆن! ماڵی مام عەلی خەلیفە مێوانێکی تریان هەبوو بەناوی مام ڕەمەزان پاش تەواو بوونی قسە و بەسەرهات و یادەوەریەکانیان مام ڕەمەزان چیرۆکێکی خۆشی بۆ گێڕاینەوە ئەویش چیرۆکی باڵندەی (شمقار) بوو ئێمەش گوێمان



Scanned with CamScanner

لێ ڕاگرتبوو هەر هەموو منداڵەکان چاومان زەق بىو. پاشان جێگایان بۆمان داخست و هەر دوو منداڵ لەسەر یەك جێگا نوستین بۆ بەیانی هەڵساین و ڕۆژەکی خۆش بوو بۆ پێش ڕۆژئاوا گەیشتینەوە گوندی خۆمان زۆر دڵخۆش بووین. یادگاریم زۆرە لەگەڵ بەڕێز د. عومەر هەر لە خوێندن لە دەشت و ئاقار و چوون بۆ قوتابخانە و یاری کردن و جار جار لێك تورە دەبووین لەبیرمە من و د. عومەر یاری (ساپ ساپانێ) مان دەکرد کە یاریەك بوو زیاتر هی کچان بوو بەشەڕ هاتین من و د. عومەر منیش ئەو بەردەی کە یاریمان پێ دەکرد لە د. عومەرم دا و هەڵهاتم بۆ ماڵی داپیرم چونکە منی زۆر خۆش دەویست چووم لەناو عەمباری جۆی خۆم شاردەوە کاتێك زانیم د. عومەر زۆر بەخێرایی هات بۆ ماڵی داپیرم چەقۆیەکی بچووکی پێ بوو بەم جۆرە چەقۆیەیان دەگوت (قەڵەمبڕ) لاقی منی ڕاکێشا لە دەرگای عەمبارەکە و وتی ئێستا پێت دەبڕمەوە داپیرم هات و د. عومەری ماچ کردوو و وتی ئەو جارە با خاتری من بی د. عومەر چوو بۆ ماڵەوە. پاشان ئاشت بووینەوە.

یادگاریەکی من و د. عومەر لەکۆتایی سەری ساڵ (١٩٧١) پۆلی شەشمان تەواو کرد و چووین بۆ ئەزموونی سەری ساڵ کە پێیان دەگوت تاقیکردنەوەی (بەکەلۆریا) هەموو قوتابی گوندەکەمان دەگوازرانەوە بۆ هەولێر بۆ تاقیکردنەوە. ئێمەش بە ئۆتومبێلی (شێخ جەبار) کە خەڵکی گوندی دۆڵسزەی سەرێ بو هاتین بۆ هەولێر ئێمەیان برد بۆ قوتابخانەی بێ کەس لە گەڕەکی ئیسکان لەم قوتابخانەیە دەنوستین و زیاتر لە قوتابی ٦ گوندی دەوروبەری هەولێری تێ دابوو لە قوتابخانەی قازی محەمەد تاقیکردنەوەمان دەکرد کە لە تەنیشت قوتابخانەی بێ کەس بوو.

شەوی سێ یەم بوو ئێوارەکەی کۆمەڵە مامۆستایەکی بەتەمەن هاتنە لامان و هەموو قوتابیەکانی (بێکەس)یان کۆکردەوە و دەستی کرد بە قسە کردن بۆمان پاشان زانیمان ئەوە بەڕیوەبەری پەروەردەی هەولێر بوو لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تر بوون کە لە وتەکانیان تەواو بوون د. عومەر دەستی هەڵبڕی و ووتی مامۆستا منیش حەز دەکەم بەم بۆنە هۆنراوەیەکتان بۆ بخوێنمەوە دەستی کرد بە شعر وتنەوە و سروود و قسەی زل. بەڕێوبەری پەروەردە زۆر سەرسام بوو ووتی ئێوە قوتابی کام گوندن ووتمان خەڵکی



Scanned with CamScanner

گونـدی دۆڵسـزەین ووتـی گونـدی (مامۆسـتا مـەلا عوسـمان) ووتمـان بەڵـێ (مامۆسـتا مـەلا عوسـمان) خـوا لـێ خـۆش بـێ مەلایەکـی پـڕ عیلـم و زانسـت و زیـرەك بـوو خاڵـی باوکـی د. عومـەر بـوو ئامـۆزای باوکـی مـن بـوو. ئەمـە کورتەیـەك بـوو لـە یادگاریەکانـی مـن و د. عومـەر داواکارم لـە دکتـۆر لـە هـەر کـەم و کورتیـەك بمبەخشـێ هەروەهـا بڕواتـان هەبـێ لەکاتـی نوسـینی ئـەم یادگاریانـە گریانـم دێ زۆر شـتم دێتـە بەرچـاو زۆر شتیشـم بەگـوێ دادێ وەکـو تەپەتەپـی ئاشـەکەی مـام سـمایل کـە مامـی د. عومـەر بـوو نـوڕە نـوڕی پەسـتەکەی مـام مغدیـد و تەقـە تەقـی لێدانـی تەنەکـەی پاشـیوانی (مـام عبدیـش)و عەلـو عەلـوی عەلەشیشـەکانی پلـە جـەوەی خێزانـی مـام خـدر هـەر لـە گوێـم دێ.

ئیتر سوپاست دەکەم.

# (چەند یادەوەرییەك
# لەگەڵ برای خۆشەویستم دكتۆر عومەر پەتی)

**د. عادل گەرمیانی**

نازانم بۆ، وا هەست دەكەم، برادەری و هاوڕێتیی جاران زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ هاوڕێتی و برادەری ئێستا. جاران حیزبایەتی وەك ئێستا ئەوەندە تۆخ و بێتام نەبوو، تا بگاتە ئەو ڕادەیە برادەر متمانە و باوەڕی بە نزیكترین برادەری خۆی نەمێنێ، تەنانەت لە ڕۆژگارێكین كەم برادەر هەیە سەردانی برادەرە نەخۆشەكەی دەكات، یان لە هەندێ جاردا سەردانی خێزانی لەنێوان برادەراندا هەبێت.

بەڕاستی لە ڕۆژگارێكی زۆر خرابین، بەشێوەیەك جگە لە پێوەندیی زۆر كاڵی فیسبووك، مرۆڤی كوردی هاوچەرخ بە دوای هاوڕێ و برادەری تازەی ڕاستەقینە دەگەڕێت و بە ئاسانی نایدۆزێتەوە و، ئەوەی هەیە تەنیا هەندێ برادەری زۆر كەمی ڕابردووی ژیانمانە.

عومەر ئیبراهیم عەزیز، كە ئێستا بە دكتۆر عومەر پەتی ناسراوە، یەكێكە لەو هاوڕێ و برادەرە زۆر دەگمەنانەیە هەر بە خاكیی خۆی ماوەتەوە و، نە ڕۆژگار و نە وەرگرتنی بڕوانامەی دكتۆرا لە دەروونزانی و نە گەیشتنی بە پلەی پرۆفیسۆری كار و گۆرانكاری لە ڕەوشت و ڕەفتار و هەڵسوكەوت و وەفایی و دڵسۆزی بۆ برادەرانی كۆن و تازەی نەكردووە.

لە بیرمە ساڵی ١٩٨٣ لە پۆلی یەكەمی بەشی كوردیی كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەلاحەددین دەستمان بە خوێندن كرد و، خوێندكارانی ناو پۆلەكە لە شارەكانی باشووری كوردستان هاتبوون. پاش ماوەیەك لە خوێندن هەواڵێك لەناو پۆلەكە بڵاوبووەوە، كەوا خوێنكارێك لە بەشی دەروونزانی كۆلێژی پەروەردە هەیە بە كوردییەكی زۆر ڕەوان و پەتی قسە دەكات هێچ وشەیەكی عەرەبی

و بیانیـی لەنێـو ئاخاوتنـی بەکارناهێنـن و، ئەوسـا بـووە جێـی سەرسـوورمانی هەموومـان، چونکـە هیـچ مامۆسـتایەکمان، کـەوا بڕوانامـەی دکتۆرایـان هەبـوو لـە زمـان و ئەدەبـی کـوردی، نەیدەتوانـی بـەو شـێوە پەتـی و ڕەوانـە قسـە بـکات و وانەمـان بـۆ بڵێتـەوە و شـرۆڤە بـکات. بۆیـە جـۆرە خولیایەکـ لام دروسـت بـوو، بەڵکـو ڕۆژگار هەلێکـم بـۆ برەخسـێنێت لـە نزیکـەوە چـاوم پێـی بکەوێـت و گـوێ لـە ئاخاوتنـە کوردییـە پەتییەکـەی بگـرم. ئەوەبـوو پیشـانگایەکی فولکلـۆری لـە کولێژی پـەروەردی زانکـۆی سـەلاحەددینی کـردەوە، کـەوا خـۆی لـە بەشـی دەروونزانـی ئـەو کۆلێـژە خوێنـدکار بـوو، منیـش لەبـەر ئـەوەی پەیامنێـری گۆڤـاری (الطليعه الأدبيـه ) بـووم لـە شـاری بەغـدا، بـە گونجاوتریـن هەلـم زانـی لـە نزیکـەوە بیناسـم و، گـوێ لـە وەڵامەکانـی بگـرم بـە کـوردی پەتـی و، بـەم شـێوەیە یەکترمـان ناسـی و بووینـە هـاوڕێ و بـرادەری یەکتـری و، وا بـۆ ٣٥ سـاڵە دۆسـتایەتی نێوانمـان بەردەوامـە.

پـاش ئـەو پیشـانگایە، جاروبـار لـە کۆڕەکانـی لقـی هەولێـری یەکێتـی نووسـەرانی کـورد، یـان لـە گازینـۆی مچکـۆ یەکتریمـان دەبینـی و، دۆسـتایەتی نێوانمـان تازەتـر و پتەوتـر دەبـوو. ئـەوەی لـە نزیکـەوە د. عومـەر پەتـی بناسـێت بـۆی دەردەکەوێـت تـا چەنـدێ ئـەم زانـای دەروونزانـی کـوردە تـا چەنـدێ مرۆڤێکـی خاکییـە و بـێ فیـزەو، لەوپـەڕی تەوازعـە، هەرچەنـدە پرۆفیسـۆرە و مامۆسـتای زانکۆیـە و، یـە کێکـە لـە نووسـەرە ناودارەکانـی کوردسـتان و شـاری هەولێـر.

لـە بیرمـە کاتێـک خـۆی و بـرای بەڕێـزم دکتـۆر عومـەر جەبـاری خەریکـی خوێندنـی دکتـۆرا بـوون لـە بەشـی دەروونزانـی کۆلێـژی پـەروەردەی ئیبـن ڕۆشـدی زانکـۆی بەغـدا، هەنـدێ جـار دەچوومـە سـەردانیان لـەو مزگەوتـی دەکەوێتـە نزیـک مزکەوتـی شـێخ عەبدولقـادر گەیلانـی لـە شـەقامی الکفـاح دەخەوتـن و، هەنـدێ جـار لەنـاو کۆلێـژی پـەروەردی ئیبـن ڕۆشـدی زانکـۆی بەغـدا دەمبینـی خەریکـی خوێندنـەوە و کۆکردنـەوەی سـەرچاوەیە بـۆ نووسـینی نامـەی ماسـتەر و تێـزی دکتۆراکـەی، هەروەهـا منیـش لـەو ڕۆژگارە خەریکـی خوێندنـی دکتـۆرا بـووم لـە بەشـی کوردیـی ئـەو کۆلێـژە.

ڕۆژێـک دەنگـۆی ئـەوە لەنـاو بەشـی کـوردی بڵاوبـووەوە، کـەوا هـەردوو عومەرەکـەی بەشـی دەروونزانـی لەلایـەن موخابراتـەوە گیـراون پـاش هاتنەوەیـان لـە هەولێـر، کەسـیش نازانـێ لەسـەر چـی گیـراون ؟! ئـەم هەواڵـە دڵـی زۆربـەی

خوێندكارانـی خوێندنـی بـاڵای نـاو كۆلێـژی پـەروەردەی خسـتە مەترسـییەوە و، ترسـەكە بەردەوامبـوو تـا ئـەو ڕۆژەی عومـەر جەبـاری بەربـوو و گەڕایـەوە سـەر خوێندنـی دكتۆراكـەی و، ئەوسا بۆمـان دەركـەوت عومـەر پەتـی لەسـەر دڵسافی خـۆی و هێنانـی نامەیـەك لـە كەسـێكی نـاو شـاری هەولێـر بـۆ كەسـێكی عەرەبی نـاو شـاری بەغـدا گیـراوە و، كەسێكی كـورد لـە هەولێـر خەبـەری بـە موخابـرات داوە. پـاش دەرچوونـی لـەو تەنگوچەڵەمەیـە چەنـد جارێـك چوومـە ماڵـەوەی دكتـۆر عومـەر پەتـی لـە گەڕەكـی شـەعەب بـۆ دڵدانـەوەی خـۆی و دكتـۆرە فاتمە باجەڵانـی هاوسـەری.

دكتـۆر عومـەر پەتـی نووسـەرێكی ناسـراوە و، بەهـەردوو زمانـی عەرەبـی و كـوردی دەخوێنـێ و دەنووسـێت و، قەڵەمەكـی بـە هیـچ حكومـەت و لایەنێكـی حیزبـی نەفرۆشـتووە و، خـاوەن ئاسـتێكی مەعریفـی بـەرزە. هەمیشـە ڕووخۆشـە و لێـو بـە پێكەنینـە و، ئـەوەی لەگەڵیـدا دابنیشـێت حـەز دەكات دانیشـتنەكەیان درێـژ خایەنتـر بێـت.

دكتـۆر عومـەر پەتـی لـە زانكـۆش مامۆسـتایەكی زۆر بـە توانایـە لـەڕووی زانیارییـەوە و، خـاوەن كەسایەتییەكی بەهێـزە و، لەنـاو قوتابیـان و مامۆسـتایانی زانكـۆ و نووسـەران و هاوڵاتیـان و برادەرانـدا زۆر مەحبـوب و شـەعبییە. لـە بـواری ئەدەبیاتـی كوردیـدا زیاتـر خزمەتـی ئەدەبـی فۆلكلـۆری كـوردی كـردووە و، لـەم بـواردا چەنـد بەرهەمێكـی نایابـی هەیـە و، پێنـج كتێبـی زۆر بەنرخـی هەیـە لەبـارەی جەژنـی نـەورۆز لـە شیعر و پەخشانی كوردیـدا، هەروەهـا خـاوەن چەنـد بەرهەمێكـە لەبـواری ئەدەبـی منداڵانـدا.

لـە كۆتاییـدا بەبۆنـەی گەیشـتنی دكتـۆر عومـەر پەتـی بـە تەمەنـی ٦٥ شەسـت و پێنـج سـاڵاندا، لـە ناخـی دڵمـەوە هیـوای تەمـەن درێـژی و لـەش سـاغی بـۆ دەخـوازم و، لە بـواری مەعریفـەت و زانست و دەروونزانیـدا ئومێـدەوارم هەمیشە سـەركەوتوو بێـت. . هـەر بژێـت دكتـۆر عومـەر پەتـی بـۆ دۆسـتانت و هاوڕێیانـت و، هـەر بژێـت بـۆ خزمەتـی ئەدەبـی فۆلكلـۆری كـوردی و، هـەر بژێـت بـۆ خزمەتـی مرۆڤـی كـورد و كوردایەتـی. ..



Scanned with CamScanner

# (د. عومەر پەتی، ئەدیب و کوردپەروەر و زمانزان)

**عەبدولسەتار عوسمان ئیسماعیل**
**سەرپەرشتیاریی دەروونزانی، خانەنشین**

د.عومەر پەتی، مرۆڤێکی ئەدیب و ڕۆشنبیر و ئەدەب دۆست و کوردپەروەر و نیشتیمانپەروەر و زمانزان و مامۆستای ئەدەبی کوردی؛ لای زۆر گرینگ و خۆشەویست بووە نازناوی خۆی لەم ڕووەوە ناوە بە (عومەر پەتی). یەکەمجار لەگەڵ دکتۆردا ئاشنایەتیم پەیدا کرد لەساڵانی ١٩٨٢ – ١٩٨٣، ئەو کاتە من مامۆستا بووم لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان. لە خوولێکی بەهێزکردن و مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایانی سەرەتایی لەو سەردەمە. وانەبێژ بووم وانەی دەروونزانیی پەروەردەیم دەوتەوە. بەڕێزیان لە خوولەکە، لەبیرمە بەڕێزیان وەك مامۆستایەکی بەشداربوو خۆی بە من ناساند و وتی بەندە (عومەر پەتیم) و کوردیەکی ڕەوان و پەتی قسەی دەکرد. لەبیرمە لەکاتی وانە وتنەوەم هەندێك وشەی عەرەبیم لە وانە وتنەوەدا بەکاردەهێنا مامۆستا بۆمی دەکرد بە کوردی بەشدار بووەکی چالاك و لێهاتوو و کارامە بوو. لە ڕۆژانی دوایی پەیوەندیمان بەهێزتر بوو لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی لە هەولێر ئەوم دەدیت و گفتوگۆمان دەکرد بەیەکەوە پاش ئەوە لە خوێندنی زانکۆی سەلاحەددین وەرگیرا لە بەشی دەروونزانی، من یەك لەو کەسانە بووم کە هانمدا بۆ چوونە ئەو بەشە، چونکە ئەوەی من زانیبم خۆی ئارەزووی لە بەشی زمانی کوردی بوو، بەڵام ئەو کاتە ڕژێمی بەعسی شۆفینی بواری خوێندنی کوردی لە زانکۆدا بەزۆری نەدەدا پاش تەواو کردنی خوێندنی زانکۆی سەلاحەددین بەشی دەروونزانی هاتە لای ئێمە وەکو مامۆستای ڕاهێنەر بۆ ماوەی یەك مانگ، لە دواییدا وەکو مامۆستا بەیەکەوە لە پەیمانگادا چەند ساڵێکمان بەسەر برد مامۆستایەکی لێهاتوو خۆشەویست



Scanned with CamScanner

بـوو. لەبیرمـە لـە کۆتایـی هەشـتاکان بەیەکـەوە لـە بەغـدا بـۆ خوێندنـی ماسـتەر، سـیڤیمان پێشـکەش وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا کـرد بـەڵام لەبـەر شـەڕی نەگریسـی عێـراق ئێـران دەرفـەت نـەدرا پێمـان. مـن وازم لـە هەوڵەکانـم هێنـا بەهـۆی بـاری خێـزان ئـەو کۆڵـی نـەدا و چالاکانـە ماسـتەر و دکتـۆرای تـەواو کـرد چونکـە حـەز و ئـارەزووی لـە خوێنـدن بـوو. چەنـد جـار بەیەکـەوە لـە خوولـی ئامادەیـی مەشـق و ڕاهێنـان وانەمـان وتووتـەوە لـە خولێکـی چـواردە ڕۆژیـش لـە پارکـی سـامی عەبدولڕەحمـان کـە بـە خوولـی(T.R.i ) ناسـرابوو بەیەکـەوە بەشـدار بوویـن خوولەکـە بـە زمانـی ئینگلیـزی بـوو، لـە سـاڵانی کۆتایـی نـۆوەدەکان بـوو مامۆسـتایانی ئەمریکـی بەڕێوەیـان دەبـرد. بـە بەردەوامـی لـە کـۆڕ و کۆبوونـەوە یەکتـر دەبینیـن هیـوادارم تەمـەن درێـژ بێـت نمونـەی زۆر بێـت لەگـەڵ ڕێـز و شـانازیم بـۆی.



Scanned with CamScanner

# (یادەوەریم لەگەڵ پرۆفیسۆر د. عومەر پەتی)

**پرۆفیسۆر د. عومەر قەرەنی عەزیز**
**مامۆستا لەبەشی شارستانیی کۆلێژی ئەندازیاری -**
**زانکۆی سەلاحەددین**

سەرەتای ناسینی بەڕێزیان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی پێش (٣٠) ساڵ، بەڵام وەك دوو هاوەڵی زۆر لەیەك نزیك دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١، کاتێك ژمارەیەکی کەم لە بەغدا لە خوێندنی باڵا/ ماستەر وەرگیراین و زیاتر لەگەڵ یەك ئاشنا بووین زۆر کات بەیەکەوە دەبووین و لە هەموو وردەکاری ژیانی یەکتر شارەزا بووین و لەسەر داوای بەڕێزیان تەنها یەك یادەوەری دەنووسم کە پەیوەندیی بە یەکترناسین و دواندنی یەکترمانە بۆ یەکەم لەگەڵ هاوسەرەکەی پرۆفیسۆر د. فاطمە رشید. شوێنی نیشتەجێ بوونی من و پرۆفیسۆر د. ئیسماعیل محەمەد قرەنی و د. ڕەفیق مەجید (بەیەکەوە بووین) جیرانی ماڵی باوکی د. فاطمە بووین وە دوای ئەوەی زانیان ئێمە کوردین هاتووچۆ لە نێوانماندا زیاد بوو و بەتایبەت لەگەڵ براکانی خوالێخۆشبوو مامۆستا حەمەدمین و محەمەدیونس و ئەوانی تر، ناوە ناوە هەردوو د. عومەر ئیبراهیم و د. عومەر یاسین (ئەوانیش بەیەکەوە دەژیان) سەردانی ئێمەیان دەکرد وە جارێکیان باسی کرد کەوا فاطمە قوتابی ماستەرە لە هەمان کۆلێژ و ئەگەر قسمەت بێت پێم باشە بچمە خوازبێنی بەڵام نازانم چۆن لە نزیکەوە ببینم و تعارف بکەین، منیش گوتم ئەوە بۆ من لێبگەڕێ وا ڕێك کەوتبوو هەندێك کاریان بە من هەبوو لە ماڵەوە و منیش گوتم ئەگەر بێیت لەگەڵم دابنیشە و بەجوانی سەیری بکە، پاش تەواو بوونی کارەکە (د. فاطمە لەگەڵ من کارەکەی ئەنجام دەدا) پرسیم ئایا بە دڵتە جوانە لە وەڵام د. فاطمە دەیگوت دەستت خۆش کارەکە زۆر جوانە بەڵام من پرسیارەکەم بۆ د. عومەر



Scanned with CamScanner

بو ئەویش زۆر بە شەرمەوە دەیدَوت بێ دەنگ بە (لە ژیانمدا د. عومەرم بەم شێوەیە بە هێمنی و شپرزەیی نەبینیوە!) کە گەڕاینەوە دیار بوو پێی باش بوو و بووە سەرەتایەك بۆ یەکتر ناسین و دەرگای گفتوگۆ لە نێوانیان کرایەوە. پاش ڕێککەوتنیان لەسەر هەموو شتێك پێش داخوازی گرفتێك دروست بوو کەوا د. فاطمە داوای کردبوو د. عومەر بچێتە بەغدا وە ئەویش ئەو مەرجەی زۆر لا قورس بوو. لە ڕۆژی گفتوگۆی ماستەر نامەکەم ١٩٩٣/٩/٢٦ لە زانکۆی تەکنەلۆژیاری بەغدا زۆر زۆر بەڕێز و سوپاسەوە لەماڵی د. فاطمە پێداویستی گفتوگۆی ماستەر نامەکە ئامادە کرابوو وەك کێك و شەربەت و هتد (لەو کات هاتوو و چۆ لەنێوان هەولێر و بەغدا زۆر زەحمەت بوو و لە بەغداش زۆر گرانی و ناخۆش بوو) دەرفەتیان وەرگرتبوو ئەو دوو بەڕێزە و د. عومەر وەڵامی د. فاطمەی دابووە کە بەڵێ ڕازیم (هەرچەندە لە پاشان د. عومەر دەیگوت نازانم چۆن ئەو وەڵامەم دایەوە وەك بڵێی ئاگای لەخۆ نەبوو بێت). لە کۆتایی هاتوباتی پێکەوەژیان تەواو بوو و بوونە خاوەنی سێ منداڵ وە هەست دەکەم زۆر لەگەڵ یەکتر گونجاون بە هیوای تەمەن درێژی بۆ هەردووکیان.

٢٠١٧/٧/٣



Scanned with CamScanner

# (عومەر پەتی، هەنگەوانی فەرهەنگی کوردی)

**فازیل شەوڕۆ**
**دوبلن**

لەبیرم نەماوە چ ساڵێك بوو، شەوێکی پاییزی بوو، هەموومان لەماڵەوە، وەك هەموو شەوێك تەماشای بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنە ڕەش و سپییەکەی تاکە کەناڵە کوردییەکەی کەرکووکمان دەکرت، هێندەمان زانی کوڕێکی ڕۆحسووکی قسەخۆشی، وردیلەی قژ ڕەش، کە ڕەنکۆچۆغەڵ و پەستەکێکی سووری پۆشی بوو، بووە میوانی بەرنامەکە و زوو گفتوگۆی نێوانیان گەرم بوو. ئەو شەوە میوانێکمان هەبوو، هێندەی بە پەرۆشەوە دیقەتی لێ دەدان هێچی نەما بوو بچێتە نێو سندووقی تەلەڤزیۆنەکە و لەناکاو دەستی بۆ میوانەکەی تەلەڤزیۆن درێژکردوو گوتی:» ئەشهەدوبیلا، قسەکانت ڕاست و دروستن و هەموو شتێکت تەواوە، تەنیا یەك شتت نووقسانە!» بەندەش بەسەرسوڕمانەوە پرسیم:» چی نووقسانە؟» یەکسەر گوتی،:» یەك بی کەی سیی!»

ئەوەی ئەو شەوە لەو کوڕە بینیمان، خۆنمایشکردن و خۆگیفکردنەوەی سەر تەلەڤزیۆن نەبوو. لەو ڕۆژگارەدا، پیاو لە سێبەری خۆی دەترسا و جار بووە لەو پشیلە ترساون کە بەدواوەیان بووە، گوتوویانە هەبێ و نەبێ، لە سیخوڕەکانی ڕژێمە پۆخەڵەکەیە! ئەو کوڕە بە کوردییەکی هێندە پەتی و ڕەوان و خۆش، بەبی ساتمە و تەتەڵە و هەڵبزڕکاندن، قسەکانی دڵی خۆی دەکرد، دەتگوت فەرهەنگی کوردییەوە بەقسە هاتووە. جا چونکە باسو خواسەکانیشی فۆلکلۆرییانە و کەلتوورییانە بوو، پتر دەهاتە بەردڵان، چونکە هەمیشە شتە ڕەسەنەکان باشتر خوێنی نەتەوەیەتیی دەبزوێنن. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، ئەوکات، زۆر شت وەك چالاکی چەکداری ناوشار حیسێبی بۆ دەکرا. ڕستەیەکی بوێرانە، لە صەڵییە کلاشنکۆفێك بەهێزتردەنگی دەدایەوە.



Scanned with CamScanner

ئەو لاوە خوێنگەرمە کوردپەروەرە زمان شیرینە، زوو بوو بە هاوڕێم، سەرەتا لە ڕێی خوێندنەوەی بابەتە بڵاوکراوەکانی یەکدی، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کاتدا، بەتایبیەتی گۆڤاری کاروان، کە هەردووکمان بابەتی فۆلکلۆری و کەلتووریمان تێدا بڵاودەکردەوە.

تەمەن، قاچی دەخاتە بەر قاچم و ناهێڵێ شتەکانم باش بێتەوە یاد، وابزانم یەکەم بینینی کاکە عومەر پەتیم لە ماڵی دایکم بوو لە کۆیە، ئەو هاتە سەردانمان، چونکە ئەو کات مامۆستای سەرەتایی بوو، لە ڕێی خوشکە مامۆستایەکانی خۆمەوە تەعارفم لەگەڵاکرد.

دۆمەکان کە دادەنیشن هەر باسی کەڵاش و کەو کەوبازی دەکەن، جوتیارەکان باسی باوباران و عەردو زراعەتی خۆیان دەکەن، مەلاکان باسی حەدیس و قورئان دەکەن، ئێمەش دەبێ هەر باسی کەلتوور و فۆلکلۆر و ئەدەب و زمانی کوردی بیکەین. باسی خەونەکانمان... باسی پرۆژەکانمان... باسی کتێب و بابەتەکانی کوردی....

کە ماڵمان لە کۆیە گواستەوە بۆ هەولێر، نزیکتر بوومەوە لە کاکە پەتی، یەکترمان زۆرتر دەدیت و هاموشۆمان گەرموگورتر بوو. پێت سەیر نەبێ کە یەکەمین جار چوومە ماڵیان، لە گەڕەکی ڕۆناکی (زراعە)، یەکسەر منی بردە سەربان.

- سەربان؟

- بەڵێ، سەربانی ماڵەکەیان، کە پەیژەکانی هەر لە نزیک دەرگای حەوشەکە بوو، حەوشەکەشیان زۆر تەسك و تەنگ بوو و کەپرێکی دارمێو سێبەری لەسەر کردبوو. لەوێ بینیم هەرچی کۆنە شتومەکی کوردەواری هەیە، نمایشیکردوە و بەسەریەکدا کەڵەکەچنی کردوون، لە هەوجاڕ و کاسن و جەنجەر و خەرەك و کوتکی ساوار و هیزە و هەنبانە و... شتی زۆر سەیرو سەمەرە. ئەو دەرویشی کەلتووری کوردی بوو، بە پێچەوانەی زۆر کەس، قەدرزانی ئەو کەلوپەلو کەرەستە کوردەوارییانەبوو، جا لە هەر شوێنێ شتێکی بینیبێ، چ بە دۆستایەتی و چ بە پارە لیی ساندوون و بەوهیوایەی نەفەوتێن لەوێدا خریکردونەتەوە، ئەگەر ڕۆژێك، ئێ! خواکردی پێشەنگا یان کەلتوورخانەیەکی کوردی بکرێتەوە،



Scanned with CamScanner

لەویّ نمایشیان بکات و بیانپارێزێ. ئەو کارەی ئەو زاتە، بۆ ئیمڕۆ، ساکارانە و کەمبایەخ دێتە پێش چاو، بەڵام لە دیدی مندا، زۆر مانای هەڵدەگرت: لەلایەك ئەو ئەرکی وەزارەتە پیوەندارەکان بوو، ئەو کەرەستە کەلتوورییانە کۆبکەنەوە و بیانپارێزن، نەك کوڕە هەژارێك، کە جگە لەسەر بانێکی ئاسایی، لەبەر باران و با و خۆرەتاو، هیچی دیکە شك نەبات بۆ هەڵگرتنی ئەو شتە بە قیمەتانە. بەڕاستی بۆ ئەو کات گرنگ بوو، لە نێو کوردان، (٥٠) ساڵ پێش ئیمڕۆ، تاکە کەسێکی بێ پشتیوان، لە ناو زاری عەزیا و ئەژدیها بێ، خۆبەخشانە ئەو کارە بکات و لە لای ئەو بەقیمەترین شت بن. هەر بۆیە منی بردە سەربان، چونکە لە ماڵەکەیدا شتێکی شك نەدەبرد لەو کەلوپەلانە بە نرختر.

ڕۆژهات و ڕۆژ چوو و پەیوەندی نێوانمان گەرمتر بوو. ئەوەی کە زۆر سەرنجی ڕاکیشام لەو کوڕە، ئەوەبوو، گوتەکەی ناپلیۆنی» لە ژێر خۆر شتێك نییە ناوی موسیتەحیل بێ» وا چووبووە کەلەیی، خۆی بەدارو بەردی دادەدا، وەکو مامۆستای مۆڵەتدراو خۆی گەیاندە کۆلێژی پەروەردە و دەروونزانی لە زانکۆی سەلاحەددین لەهەولێر توانی بەبێ سڵکردنەوە و کۆڵدان، بڕوانامەی بەکەلۆریۆس بەدەست بێنێ. هێندەی پێنەچوو، بوو بە خوێندکاری ماستەر لە زانکۆی بەغدا لە بەغدا دکتۆراکەشی وەرگرت.

جا با ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە، قەت هیچ شك و گومانێکم لە کوردایەتی و پاکی ئەو کورەدا نەبووە و، چاك دەمزانی بە خوێنی سەری بەعسییەکان تینووە، جەرگسۆزێکی عەیار (٢٤)ە، بەڵام کە دەمبینی مانگانە چەند جار دەچێتە بەغدا و بەناو ئەو هەموو بازگە و ئەمن و ئاسایشە، وەك بەرزی بانان، تێدەپەڕی، گومانێکم پەیدا کردبووا ئاخر چۆن ئەو کوڕە وا بەبێ منەتانە هاتووچۆی بەغدا دەکات و براژن و برا و سابیری برای و نەسرین خانی براژنی لە شاخیدا پێشمەرگە بوون و کەسی ناسراو دیار بوون! دواتر، گەیشتمە یەقین، کە خۆشەویستیی ئەو زاتە بۆ عیلم و ئەدەب لەسەرووی هەموو شتێکە بووە و لە فریشتە پاکترە.

زۆر جار دەچوومە لای یەکسەر ماستەرنامەکەی - کە بە زمانی عەرەبی بوو - دەریدەهێناو بە دەنگی بەرز، وەك بڵێی لە هۆڵی گفتوگۆکردن دابێن بۆی دەخوێندمەوە و دەیگوت نمرەم بۆ دانێ، بزانە چۆنی دەخوێنمەوە!



Scanned with CamScanner

یەکێك لە خەسڵەتە جوانەکانی کاکە پەتی ئەوەبوو، هەمیشە حەزی دەکرد بە کەسە دڵسۆزەکانت بناسێنێ و وابکات هێندە تێکەڵی پەیدا بکەن سوود لە بەهرە و زانیاری یەکدی وەرگرن. هەر بۆ نموونە، لە ڕێی دۆستایەتی ئەوەوە بۆمە هاوڕێیەکی نزیکی دکتۆر مارف خەزنەدار و زۆر دەمەوعەسران لە باغەکەی ماڵی خۆیاندا (ماڵی دکتۆر مارف)، کە کردبووی بە مۆڵگەی ئەدیب و نووسەران و ڕۆشنبیران،بەدەم گفتوگو و چایی خواردنەوە کاتەکەمان بەڕێدەکرد.

بەندە تاکو ساڵی (١٩٩٤) هەر لە هەولێر بووم، لەو ماوەیەدا، پەیوەندییەکانمان، لە گفتار و گفتوگۆکردن، چووە قۆناغی کردار و پراکتیزە کردن، بە مەبەستی باشتر خزمەتکردنی ئەدەب و فۆلکلۆر و کەلتووری کوردی. ئەمەش لە چەند خاڵێکدا چڕ دەکەمەوە:

• لە پاڵ خوێندن لە زانکۆکان و عەوداڵ بوون بە دوای بڕوانامەباڵایەکان، پەتی، ئەو دەمێك بوو چەندان کتێبێ چاپکردبوو، وەکو کتێبی تیتلە و بیبلە و ڕێوی گەرمیان و کوێستان و کراشم دڕا و هیچم پێ نەبڕاو دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا جا ئەو پێویستی بەسەرچاوەی ڕەسەن و باوڕپێکرا و باش بوو، چونکە شاری کۆیەش ئەنفال نەکرابوو و مەکۆ و مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ئاینی بەناوبانگ بوو، زوو زوو سەردانی ئەو شارەی دەکرد و، ئەو کەسانەمان بەسەر دەکردەوە کە سەرچاوەی فۆلکلۆری کوردی بوون و زانیاری باشیی لە هەڵێنجان و لە فەوتان ڕزگاری کردن.

• کاتێك بەندە پێشانگا فۆلکلۆریەکانی خۆم ـ کە بریتی بوون لە کاری هونەر میناتۆر ـ لە هەولێر و شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەکردەوە، هەمیشە جەرگسۆزانە کۆمەك و یارمەتی و پشگیری کردووم , هەوڵیداوە پەیوەندی بە ڕۆژنامەنووس و بەرپرسە پەیوەندیدارەکان بکات، تەنانەت بە یارمەتی مەحموود زامداری ئەدیب، چوومە بەغدا بۆ کردنەوەی پێشەنگایەکی کوردی لەوێ!

• جوانترین تۆمارگەی بیروەرییەکانم، لەگەڵ کاکە پەتی، لە ساڵی (١٩٩١) بوو، کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هەولێر یەکەمین کەلتوورخانەی کوردیمان لە کۆشکی شهاب الدین دەباغ لە قەڵای هەولێر دامەزراندو کردەوە. دوای چەندان

کۆبوونـەوە و دانیشـتن، هەردووکمـان دەسـتمان کـرد بـە گـەڕان و سـۆراغکردنی کەلوپـەل و کەرەسـتەی کەلتـووری کـوردی لـە زۆربـەی شـوێنەکانی کوردسـتانی باشـوور، لـە ڕاسـتییدا کەرەسـتەی ئەوتۆمـان وەدەسـتکەوتبوو، کـە لـە هەمـوو کوردستان نموونـە زۆر کـەم بـوو. بەداخـەوە تەمەنـی ئـەم کەلتوورخانەیـە کـورت بـوو، چونکـە لـە کاتـی ڕاپەڕینـی سـاڵی (١٩٩١) ئـەم مۆزەخانـە کەلتووریشـە بـە هەمـوو شـتەکانیەوە تـاڵان و فەرهـوود کـرا.

• کارکردنـی هەردووکمـان، لەگـەڵ دەسـتەی فۆلکلۆریسـتانی کـورد، بەرهەمـی باشـی وەدەسـت هێنـا و گۆڤـاری فۆلکلۆریمـان چاپکـرد و لـە زۆر کـۆڕو سـیمینار و خربوونـەوەی کەلتووریـدا بەشـداربووین.

کاتێـك لـە سـەرەتای (٢٠٠٩) گەڕامـەوە وڵات، پەتـێ ببـوە خـاوەن بڕوانامـەی دکتـۆرا لـە دەروونزانـی و چەنـدان کتێبـی نوێـی خسـتبووە کتێبخانـەی کوردییـەوە. دیسـان کەوتمـەوە خوێندنـەوەی بەرهەمەکانـی و کاتێکیـش گۆڤـاری (کەلتـووری کورد) مـان لـە کەلتورخانـەی لەپزێڕیـن لـە کۆیـە، دەرکـرد، هـەم بـە بابەتـی جـوان بەشداری کـردوو، هـەم زۆر پەیوەنـدی بـە نووسـەرەکانەوە دەکـرد بـۆ کۆکردنـەوەی بەرهەمەکانیـان و بڵاوکردنەوەیـان.

لەڕاسـتیدا، ڕۆژانـی کورتـی تەمـەن و ڕێـگای دوورودرێـژی پـڕ کەنـد و کۆسـپی ژیـان، پێویسـتی بـەم جـۆرە هاوڕێیـە هەیـە، تـا دەسـتتبگرن و ببنـە پشـتیوانت و لـە کاروانـی هـەورازو نشـێوەکاندا بـە تەنیـا بەجێـت نەهێڵـن. بەنـدە زۆر لـەم زاتـە فێـر بـووم. لـە هێمنـی.. . لـە خۆشمەشـرەبی. لـە حورمـەت و قورسـیی. لـە خۆنەویسـتی و خۆبەخشـی. لـە هەمووشیان گرینگتـر. دڵ سـافی و نەبوونـی بوغز و ڕق و کینـە لـە دڵ و دەروونـی ئـەو پیـاوەی کـە هەنگەوانـی ئـەدەب و فۆلکلـۆری کوردیـە. هەنگەوانـی فەرهەنگـی کوردیـە.

خوا دەست بەباڵایەوە بگرێ و بەهیوای بەرهەمی جوانتر و نایابتر.

١٧ی ئیلوولی ٢٠١٧



Scanned with CamScanner

# (سەربوردەی ناسینی د. عومەر پەتی چۆن چۆنی بوو؟)

قادر شەریف قادر
سەرپەرشتیاریی خانەنیشین

بەراستی لە نێو مامۆستایانی پەروەردە و پەروەردەکاراندا هەندێک مامۆستا هەر لەسەرەتاوە بەدیاردەکەوێت کە چۆن بە جۆش و خرۆشەوە دێنە ناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. مامۆستا عومەر لەو کەسانە بوو کە بۆ یەکەمجار دامەزرا لە کۆتایی حەفتاکان ١٩٧٧/١١/١٩، وابزانم لە قوتابخانەیەکی گوندەکانی قەراج، من ئەوکات لە خۆیەتی و میلاکی ناو بەرێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە کارم دەکرد، کە تەنها ئەوکات بۆ هەموو پارێزگای هەولێر یەک پەروەردە هەبوو نەک وەک ئێستا لەهەر قەزایەک پەروەردەیەک هەیە. کە هات فەرمانەکەی وەرگرت من دەمناسی بەحوکمی خزمایەتی کە هەردووکمان لە هۆزی (سیانین) کە تەماشای دەم وچاوی ئەو مامۆستا گەنجەم کرد، بۆم دەرکەوت کەچەند دڵخۆشە بەو پیشەی خۆی چەند بەپەرۆشەوەیە بێتە ناو ژیانی کرداری پەروەردە، پاش بەدواداچوونم، دوای دامەزراندنی، هەواڵم بۆ دەهات کەچەند دڵسۆزە لەکارەکەی، پاشان بوو بەدراوسێی ئێمە ئینجا زیاتر شارەزای بووم، کە هەوڵی دەدا زیاتر بەرەو پێش بچێت، بەتایبەت لە ڕووی زمانەوانی و کەلەپوری کوردەواری کە کەس ئەو کات بەوکوردییە پەتیە قسەی نەدەکرد، بۆ نموونە بەیانیان منی دەدیت دەیگوت خێرە ڕاوەستای دەمگوت دەچم بۆ(تربیە) دەیگوت ها دەڕۆیە (پەروەردە) یان دەیگوت هەر لەشوێنی خۆتی دەمگوت بەڵێ لە (زاتیە)م دەیگوت ها لە (خۆیەتی) یەعنی بەڕاستیەکەی ئەو وشە پەتیانەی بەکار دەهێناو بۆیەش ئەو نازناوەی پێدرا (د. پەتی) کە خەڵک ئەو نازناوەی لێ نا نەک خۆی. هەر ئەو جدییات و دڵسۆزیە بوو کەوای کرد نەوەستێ تەنها لە مامۆستای سەرەتایی بەلکو



Scanned with CamScanner

چۆوە زانکۆ پاشان ماستەری وەرگرت پاشانیش دکتۆرا زۆر سوپاس بۆ خوا ئێستاش پرۆفیسۆرە و من دەزانم کە چەند بەماندووبووە تا ئەو بڕوانامانەی بەدەست دەهێناو چونکە خەڵک ئەو کات بەگشتی و باری ئابووری خراپ بوو، هەتا ڕۆژێکیان مامۆستا(عومەر) لەگەڵ چەند برادەرێکی لە بەغدا وابزانم ئەو کات لە ماستەر بوو، من سەرم لێدا و منیان دەعوەت کرد بەخوا لەبیرمە تەنها شلەی (فاصۆلیا) یان هەبوو و لەژووورێکی مزگەوت دەژیان، بەهەوڵ و تەقەلای خۆی ئەو بڕوانامە بەرزانەی بەدەستهێنا و لە ڕووی پەروەردەیی و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، پیاوێکی خۆشەویستە لەناو خزم و برادەرەکانی و باوەرناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان کەس لێی عاجز بوبێ یان دڵی کەسی شکاندبێت لەبەرئەوەی پسپۆڕی دەروونزانییە سەرەرای ئەوەی کە مامۆستای زانکۆ بوو بەلام لە زۆربەی لێژنەکانی پەروەردە بەشداربوو کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر بەرەو پێش بردنی پرۆسەی پەروەردە.

خاوەن بیرۆکەی نوێ بوو لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەدا وەکو (قوتابخانەکانی هاوڕێ) کە بەراستی بیرۆکەیەکی نوێ بوو لە پرۆسەی پەروەردە دا دەتوانم بڵێم لە بەشی زۆری خولەکانی کارگێری و مامۆستایان وانەبێژ بووە، زۆر سوودی لێوەرگیراوە. هەروەها لە خولەکانی سەرپەرشتیاران کە لە ساڵەکانی (٢٠٠٠) کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین و بەندەش یەکێک بوو لەبەشداربوانی ئەو خولە کەژمارەمان (١٤٠) سەرپەرشتیار بوو زۆر سوودمان لە جەنابیان وەرگرت.

بەرای خۆم ئەو پیاوە خوای گەورە بەهرەیەکی داوەتێ ، کە تەنها پسپۆڕ نییە لە دەروونزانی بەڵکوو پسپۆڕێکی زۆرباشە لە زمان و ئەدەبیاتی کوردی و هەروەها پسپۆڕیشە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئێستاش خوای گەورە تەمەنی درێژ بکات لە بەشی زۆری کەناڵەکان وتارو سیمناری زۆر بەسوودی هەیە لە ڕووی دەرونزانی و زمانەوانی و ئایینی و بە نسبەت نیشتیمانپەروەری و کوردایەتیش درێغی نەکردووە چونکە ساڵانە لە ڕۆژی زانکۆی سەلاحەددین کە ساڵانە بوو هەموو کەلوپەلی کوردەواری کۆدەکردەوە لەژێر ڕەشماڵێک نمایش دەکرد.

خۆشی بەرانک و چۆغەیەک و پەستەکی ڕێکوپێک ڕادەوەستا. ئەوە لە ساڵەکانی



Scanned with CamScanner

هەشتاکان کە وشەی کوردستان بقە بوو تا جارێکیان پێشانگایەکی کەلەپوری کوردەواری کردەوە لە کۆلێجی پەروەردە، لە ڕێکەوتی ١/٣/١٩٨٨ بەنوێنەرایەتی پەروەردەی گشتی لەگەڵ برادەرێک سەردانی پێشانگاکەمان کرد منیش لە تۆماری سەردان ئەو دەقەم بۆنوسی (بەڕاستی جێگای شانازیە کە مامۆستای وا بەهرەدار بەدیارکەوێت لەناوگەلەکەمان هیواداریـن کە بەردەوام بێت بۆ خزمەت و ژیاندنەوەی ئەوکەلەپورە نەتەوەییانە بۆ پێشکەوتنی گەلەکەمان).
بەخوا ڕۆژی دواتر لە پەروەردە (مسؤول امن) هەبوو بانگی کردم گۆتی چونە ئەو پیشانگایە گۆتم بەڵێ، وتی چیت نوسی گوتم دەست خۆشیم لێکرد وتی تۆمان خۆش دەوێت و دڵسۆزی لە کارەکەت بەڵام ناوی قادسیەت نەهێنا لە نوسینەکەت هەتا من لێرە بم تۆناچییە ئەوپێشانگایانە! گوتم بەسەرچاو (وابزانم برادەرەکەم بۆی گێرابۆوە) چونکە ئەوکات هەتا نووسراوی فەرمیش دەبووایە ناوی (صدام حسین) و قادسییەی صدام ی تیابێت. بۆیە مامۆستا عومەر بەڕاستی بەهرەدارە و هەرشتێک بکات تێیدا سەرکەوتووە هیوادارم، خوا تەمەن درێژی بکات، بۆ خزمەتی گەل و نیشتیمان.



Scanned with CamScanner

# (لە بارەی د. عومەر پەتی)

## پ. د. قادر محەمەد حەسەن پشدەری

هەمیشە ناسینی کەسەکان یان بە هۆی ناوبانگ و کارو چالاکی و بیستنی باس و خواسی کەسێك دەبێت یان لە ڕێگای ناسینی کەسی ڕووبەڕوو، خۆشبەختانە من پێش ئەوەی د. عومەر ڕووبەڕوو بناسم لەڕێی نووسین و بەرهەمەکانی ناسیومە، بەڵام ناسینی ڕووبەڕوو دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندیی تەواوکردنی خوێندنی باڵا (ماستەر) ساڵی ٢٠٠٠ و دواتریش کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی زانکۆی سەلاحەدین بەشدار دەبووم دەم دەمە یەکترمان دەبینی، ئەوحەلە لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم کۆنفرانسی زانستی و دیداری هزری لە هەولێرێ زۆر بوون، من بە پێی بۆ لوان بە توێژینەوە بەشدار دەبووم، یەك لەو مامۆستا بە ئەزموونانەی زۆری هانداوم و ڕێنوێنی و پاڵپشتی هەنگاوە بەراییەکانی ژیانی ئەکادیمیم بووە د. عومەر بوو، ئاخر ئەو هەمیشە بۆ برادەرو دۆست و ناسیاوانی مشورخۆر و دڵاواو دڵسۆز و نەوا ئاوەدان بووە.

کانیاوی سازگاری پڕ گوڵاو و لالەزاری د. عومەر لە فەرهەنگی بژوێن و باسەفا و بەوەج و بەرمێنی فۆلکلۆری کوردیەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەو لەوێرا بە قەدپاڵی کوردەواریدا هەڵزناوە بەرەو دوندو ترۆپك ئەسپی تاوداوە تا لەکەناری دەرونزانی و ڕەوانناسی پەروەردەیی گیرساوەتەوە؛ پەروەردە و بونیادی کۆمەڵگا بۆتە خەم و خولیای و بە نووسین و توێژینەوەی زانستی و لە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و خوێندراودا، گوزارشتی لە ژان و ژیوار وخەمی وار و جار جارەش سەربوردەی کۆنە هەواران کردووە.

ئەوەی لە کەسایەتی د. عومەر تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە پیاوێکی ڕەند و مەند و پابەند و پەیوەستە بە کوردایەتی و دینداری و ئەوەشی ئاوێزان کردووە بە دۆستایەتی و ئەمەگداری، تێبینیم کردووە کە ئەو زۆر کراوەو ڕوهەڵماتراوە و ئاسان تێکەڵی خەڵکی دەبێت، هەربۆیەش پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی فراوان



Scanned with CamScanner

و هـەراو فـرە ڕەهەنـد و بەربـڵاون، هەمیشـە ئەوانـەی دەیناسـن لێـی سـودمەند بـوون و وای دەبینـم ئـەو خەسـڵەتی خاکـی بووونـی زانایانـەی کـە لـەوی دا هەیە وای لێکـردووە ئەوانـەی دەوروبـەری بەهـرەی زیاتـری لێوەربگـرن و سـەرەنجام پـتری لێفێربـن.

مـن هەمیشـە نیـازی بـاش و هیـوای زۆر لـە د. عومـەر دا دەبینـم هـەر ئەوەشە وایکـردووە بەرهەمـی بـاش پێشـکەش بـکات دیـارە مەبەسـتم لەبەرهـەم هـەر نووسـین و توێژینـەوە نیـە، بەڵکـو ئـەو قوتابیانـەی کـە دەرسـی پێگوتـون چ لـە خوێندنـی بەرایـی یـان خوێندنـی بـالا، ئەوانیـش بەرهەمـی هـەرە بـەکار و بەپێـزی ئـەون، کـە هـەم بەرهەمـن و هەمیـش بەرهەمـدار. ئـەو خاکەرایـی و خاکـی بـوون بایـەخ پێـدان و بەدەمـەوە چوونـەی دکتـۆر بـۆ بەرامبەرەکانـی هەیەتـی، کەسایەتی ویـان سـەنگینتر و باڵاتـر کـردووە؛ ئـەو لـە زانکـۆ نموونـەی مامۆسـتای ئەکادیمی لێـزان و لێوەشاوەی نیشـان داوە. کـە شـێوازی لەبـەر دڵان و هاندەرانە و زانسـتیانەی تێکـەڵ بـە سـەلیقەو ئەزمونـی زۆر کـردووە. کـە شـایانی چـاو لێکـردن و سەرمەشـقیە، هیـوای سـەلامەتی و تەمـەن درێـژی بـۆ د. عومـەر دەخـوازم ئومێـدەوارم شێسـت سـاڵی تەمەنـی، شێسـت سـاڵی دیکـەی بـەدوو دابێـت چونکە دەزانـم زۆری پێیـە و ئێمـەش پێویسـتمان پێیـە.



Scanned with CamScanner

## (چەند وشەیەکی سادە و پەتی ، بۆ برای بەڕێزم د. عومەر پەتی)

**کازم کۆیی**

هەر لەو ڕۆژەی خودای گەورە مرۆڤی خوڵقاندووە و بەسەر هەموو سووچەکانی گۆی زەوی بڵاوبوونەتەوە وە تاکو ئەمڕۆ پەیوەندیی جۆراو جۆر هەبووە لەنێوان سەرجەم مرۆڤەکان بۆ هاوکاریی یەکتری و هاندانی یەکتری لەپێناو جوانکردن و بەرەوپێشبردنی ژیان و سەرکەوتنی یەکتری، هەر لە زووەوە تاکو ئێستاش هۆکارێك هەبووە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان وەك بەهۆی خێزان، عەشیرەت، ئایین، ژینگە، خزمایەتی، پیشە، ئارەزوو، هونەر، ئەدەب، وەرزش...هتد.

بۆ نموونە کابرایەکی جوتیار حەزی کردووە پەیوەندی لەگەڵ جوتیارەکانی شوێنەکەیی و دەوروبەری هەبێ و ویستوویەتی بەردەوام زانیاری زیاتر بزانێ بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی پیشەکەی وەیا بۆ هاوکاری کردنی یەکتری لەکاتی پێویست و هەروەها بۆ دروستکردنی پردێکی ڕێزگرتن و خۆشەویستی لەپێناو فراوانکردنی بازنەی پەیوەندیەکانی بەهێزبوونیان لەزۆر بواری پێویستی ژیان دەتوانین بڵێین پیشە و ئارەزووەکانی تریش هەر بەمجۆرە و هەریەك بە هۆکارێك دروست دەبێت ئەگەر بە وردیش بڕوانینە ئەو کاتەی ئێستا ئێمە تێیدا دەژین ئەو پیشە و ئارەزوانەی کە وەك یەکن یا لەیەکتری نزیکن زۆربەیان و دەتوانین بڵێین بەگشتی لە سەندیکایەك، کۆمەڵەیەك، یەکینەیەك...هتد کۆبوونەتەوەوەك (یەکێتی نووسەران، هونەرمەندان، ئافرەتان، سەندیکای پزیشکان، پارێزەران، کۆمەڵەکان و هاوپیشەکان. زۆرجار ئەم کۆمەڵە و سەندیکایانە دەبنە هۆیەکی باش بۆ یەکتر ناسین و لەیەکتر نزیك بوونەوە، زۆرجار کەسەکە خۆی بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت کە لە



Scanned with CamScanner

پیشـەکەی یـا ئارەزووەکـەی نزیکبـن و بەناوبانگـن و سـەرکەوتوون لـە کارەکانیـان زۆر کـەس لەکۆنـەوە تـا ئێسـتاش چەنـدان گونـد و شـاریان بڕیـوە بـۆ دیدەنـی ئـەو کەسـەی مەبەسـتی بـووە یـا حـەزی کـردووە چەنـد خولەکێـك گوێـی لـە دەنگـی بێـت یـا وێنەیەکـی یـادگاری لەگـەڵ بگرێـت یـا چەنـد پرسـیارێکی لـێ بـکات تـا لـە دەمـی خۆیـەوە وەڵامـەکان ببیسـتێت، بەداخـەوە زۆر کـەس سـەری نایـەوە و کۆچـی دوایـی کـرد، هـەر بـە ئومێـد بووکـە بـگات بـە کەسـێکی دیـار و نـاودار کـە لای ئـەو گەوهەرێکـی زۆر بەنرخـە زۆر جاریـش وا ڕێـك دەکەوێـت کەسـە زانـا و دانـا و ڕۆشـنبیرەکان هاوشـارتن هاوگەڕەکتـن و هاوپۆلتـن هـەر لـە زووەوە لەنزیکـەوە دەیاناسـیت و دڵـت پێیـان دەکرێتـەوە بەگشـتی و بەتایبەتـی ئەوانـەی کـە لەگـەڵ دڵ و دەروون و ئـارەزوو و بەهـرە و پیشـەکەی تـۆ نزیکـن و دەگونجێـن یـا ئـەو بەڕێزانـەی کـە بـە هەسـت و دڵ تێـك دەگـەن و یـەك ڕێچکـە و ئامانجیـان هەیـە دەزانـن بـۆ کێـی دەڵێـن و دەنووسـن و کار دەکـەن و مەبەسـتیان چـی یـە بـۆ ڕەنـج دەدەن و لـە پێنـاو چـی؟

ئـەم پێشـەکییەم کـە نووسـی تەنیـا مەبەسـتم پەیوەنـدی خـۆم و بـرای بەڕێـزم پرۆفیسـۆری دەروونزانـی و توێـژەری پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی و دەروونـی شـارەزا لەبـواری ئـەدەب و فۆلکلـۆری کـوردی بەڕێـز (د. عومـەر پەتی)یـە د. عومـەر پەتـی مـن نزیکـەی (٢٥) سـاڵ زیاتـر دەبـێ دەیناسـم پێـش ئـەو ماوەیـەش نـاوی ئـەو بەڕێـزەم بیسـتبوو بـەڵام پەیوەندیـم لەگەڵیـدا نەبـوو دواتـر یەکتریمـان ناسـی و ئـەو پێشـتر پەیوەنـدی لەگـەڵ براکانـی تـرم هەبـوو بەتایبەتـی مامۆسـتا (قاسـم کۆیـی) مامۆسـتای وانـەی فیزیـاء، بـەڵام کـە دواتـر خـۆم ئـەو بەڕێـزەم ناسـی و لەگەڵـی دانیشـتم و هاتووچـۆیماڵەوەیـم کـرد و نانمـان پێکـەوە خـوارد و خـۆم بـە ئەندامێکـی خێزانەکەیـان دادەنـا و سـەفەرمان پێکـەوە کـرد لەچەنـد کـۆڕ و سـیمینار و چالاکـی پێکـەوە بەشـداریمان کـرد چەنـدان گفتوگـۆی سیاسـی، دەروونـی، کۆمەڵایەتـی، ئـەدەب، هونـەری، تایبەتـی.. . هتـد پێکـەوە کـردووە وە هەمـوو کات کـە قسـەمان کـردووە زۆر بـە ڕوون و ئاشـکرایی و بـێ پێـچ و پەنـا ڕای خۆمـان بـۆ یەکتـری دەربڕیـوە دەتوانـم بڵێـم لـە زۆربـەی ڕایەکانمـان بۆچوونەکانمـان لەیەکتـری نزیـك بوویـن.

هـەردەم لێـی نزیـك بوومـە وە سـەفەری لەگـەڵ بکـەم وە زۆر جـار وتومـە



Scanned with CamScanner

خۆزگە ئەو کەسانەی کە ئاوا تێك دەگەین و لێك نزیکین لەشوێنێکی تایبەت کارمان کردبا و بەهەموو توانایەکمان خزمەتی ئەو بوارانەمان کردبایە کە شارەزاییمان تێیدا هەیە و توانای کارەکانمان هەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئێمە کەسانێکین هەردەم خۆمان بە خزمەتکاری گەل و نیشتیمانەکەمان دەزانین و ئامادەین هەموو ڕەنج و توانا و بیرۆکە و بەرهەمەکانمان پێشکەشی کاروانی پێشکەوتنی وڵاتەکەمان بکەین. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بەهیچ جۆرێك لە کار و خزمەت و پێشکەشکردنی بەرهەم و تواناکانمان وەستابین بەڵام مەبەستم ئەم جۆرە لێك نزیك بوونەوەیە ئەوەیە کە بواری فراوانترمان هەبێ و کارەکانمان بگاتە هەموو گوند و ناحیە و قەزا و شارێکی ئەم کوردستانە بەڵکو هەموو ماڵێك بۆئەوەی زیاتر هەست بە ئارامی دەروونی بکەین کە توانیومانە وەکو پێویست خزمەتی خاك و نەتەوەکەمان بکەین. د. عومەر پەتی لای من برایەکی بەڕێزە، نووسەرە، دەروونناسە، کۆمەڵناسە، گەل و نیشتیمان پەروەرە، مرۆڤ دۆستە، ئاشتی خوازە، ڕاستگۆیە، ڕاستڕۆیە، بەوەفایە، هاوکارە، هەر وشە و وتەیەکی تری باش هەبێت دەتوانین بیخەینە سەر ئەم وشانەی من، لەو ماوە دوور و درێژەی ناسیومە تا ئەمڕۆش هیچ کاتێ دڵم لێی نەهێشاوە وە لەهەر شوێنێك باین کارێکمان پێکەوە کردووە کە جێگەی ڕەزامەندی ئەو بەڕێزانە بێت کە گوێ گرمان بوون.

زۆرن ئەوانەی کە تا دوا هەناسەیان دەیانەوێت بەهەموو بیر و توانایان خزمەتێك پێشکەشی گەل و خاك و مرۆڤایەتی بکەن، بەڵام کەمن ئەوانەی هەتا ئەم کەسانە زیندوون و لە ژیانن تێیان بگەن و نرخیان بزانن، زۆرن ئەوانەی بە بیر بە ناخ بە جەستە لەپێناو گەل و وڵاتەکەیان بە چەشنی مۆم دەتوێنەوە بەڵام کەمن ئەوانەی کە مۆمێك لەسەر گۆڕەکانیان داگیرسێنن و بەقەدەر توانەوەی مۆمێك لەسەر گۆڕەکانیان بوەستن، بەڵام مرۆڤە پاکەکان بۆ ئارامی دڵ و ویژدانی خۆیان کار دەکەن و خزمەت دەکەن ئەوەندە بیر لەخۆبەدەرخستن و ناوبانگ ناکەنەوە ئەوەی زیاتر مەبەستیانە ژیان بە سەربەرزی و مێژوویەکی پاك و بێ گەرد و دوای مردنیان لەهەر شوێنێك ناویان بێت ترسی پەڵەی ڕەشی مێژوویان نەبێت، من د. عومەر پەتی لەڕیزی ئەو مرۆڤە پاکانە دادەنێم کە تەنیا مەبەستی خزمەتکردنە



Scanned with CamScanner

بەبێ بەرژەوەندی دونیایی و لاپەڕەکانی مێژوشی هەردەم لەبەرچاوە بۆیە بە وریایی و بە وردی لەژیان هەڵسوکەوت دەکات. هەرچەندە لەو کاتەی کە خودای گەورە مرۆڤی خوڵقاندووە هەر لە ئادەم و حەواوە تاکو ئەمڕۆ هیچ مرۆڤێك بێ بەری نەبووە لە هەڵە و کەم و کورتی و ڕەخنە و سەرنج هەریەکە و بەپێی شوێن و کارو دەسەڵاتی خۆی بەڵام مرۆڤە پاك و ڕاستگۆ و مرۆڤدۆستەکان هەردەم وانە و سوودیان لە هەڵە و ڕەخنەکان وەرگرتووە و خەڵکیش هەڵە و کەم و کورتیەکانیان بە چاوێکی ڕێزەوە سەیرکردووە چونکە زۆر بە وردی و بەجوانی ئەم مرۆڤانەیان ناسیوە. هیوای لەشساغی و تەمەن درێژی بۆ برای بەڕێزم پرۆفیسۆر د. عومەر پەتی دەخوازم و هیوادارم نمونەیان زۆر بێت و ئەم پارچە شیعرەشی پێشکەش دەکەم بەناوی (ژیان و جیهان) کە تا ئەمڕۆ و کاتی ئەم نووسینەم (٢٩/٦/٢٠١٧) لەهیچ شوێنێك بڵاونەکراوەتەوە لەگەڵ ڕێزمدا:

(ژیان و جیهان)

ئەم جیهانە فراوانە
دەوارێکە بۆ هەمووانە
بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیانە
بۆ کامەرانی ئینسانە
ئەم جیهانە فراوانە
ماڵی هەموو ڕەنگەکانە
بەیەکسانی بەرز و جوانە
تا لە ژیانین
هەموومان پێکەوە جوانین
ئەرکە هاوکاری یەکتر بین
گەورە و بچووك تا دەتوانین
بەهەست بەدڵ بەڕێزەوە



Scanned with CamScanner

لەژیانی یەکتر بڕوانین
شادبین بەشادی گشت کەسێ
لەهەر سوچێکی جیهانین
ماوەی تەمەن نادیارە
لەپڕێکا کۆتایی دێ
کەس نازانێ لە چ کاتێ
کەوا چنگی مەرگت بۆ دێ
ژیان سەفەرێکی زۆر کورتە
وەك ڕێگەی نێوانی دوو دێ
بۆیە جوانە بەیەك دەستی
بەیەك دڵی و یەك هەڵوێستی
جیهان پڕکەین لە یەکسانی
لەخەندە و لە خۆشەویستی
یەك گۆرانی بەختەوەری بڵێینەوە
بە کامەرانی یەکتری
بە دڵ وەك گوڵ بکرێینەوە



Scanned with CamScanner

# (كارتی پیرۆزبایی)

## كوردستان موكریانی

لە ناخی دڵەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی برای بەرێز دكتۆر عومەر پەتی دەكەم بە بۆنەی هەڵگیرساندنی مۆمی تەمەن شەستساڵی، هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی بۆ دەخوازم.

دكتۆر عومەر پەتی كەسێكی كۆڵنەدەرە، بەبێ منەتی هیچ لایەنێك خۆی پێگەیاندووە و بڕوانامەی دكتۆرای بەدەستهێناوە و چەندین بەرهەمی بیری بەنرخی پێشكەشكردووین. دكتۆر پەتی وەنەبێت دەستخستنی بڕوانامەی بۆ لێدانی لاف و گزاف بێت، بەڵكوو بەر لە بوونی بە كەسایەتێكی ئەكادیمی، ئاشقی وشەی كوردی بوو، خۆی لە دنیای نووسیندا دۆزیبۆوە و بەم ڕێگەیە خۆی لەبێدەنگی ڕزگاركرد، كە پنتێكی ستراتیژی و وەرچەرخانێكی گەورە بوو لە ژیانی ئەودا. لەپاڵ ئەوەشدا دكتۆر عومەر بەرێگەی پسپۆڕییەكەی توانی چەندین وەچە پێبگەیەنێت و ئێستەش لە پێگەیاندنی قوتابییاندا هەر بەردەوامە.

دكتۆر عومەر لە چاوپێكەوتنی كەناڵەكانی ڕاگەیاندندا بوێرانە و ڕاشكاوانە لەو بابەتانە دەدوێت، كە كۆمەڵی كورد بەدەستیانەوە دەناڵێت. دكتۆر هەر تەنێ ڕەخنە و گلەیی ئاراستەی لایەنی پێوەندیدار ناكات، بەڵكوو چارەسەریش بۆ ڕاهیكردنی لەمپەرەكان دەخاتەروو.

من دكتۆر عومەر پەتیم بە ڕێگەی دنیای نووسین بۆ یەكەمجار ناسی. ناسینی من لەگەڵیدا لەو كاتەدا پتەوتر بوو، كە خەریكی كۆكردنەوەی هەمووجۆرە زانیارییەك بوو لە بارەی نەورۆز. ئەوەی پێوەندییەكەمانی پتەوتر كرد، دكتۆر فاتیمەی هاوژیانێتی، كە پسپۆڕێكی بە توانا و لێهاتووی زانكۆیە و لە مامۆستا



Scanned with CamScanner

خۆشەویستەکانی شارای کچمە.

دیسانەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە دکتۆر عومەر پەتی دەکەم، ئاواتەخوازم هەر تەمەن درێژ و تەندروست و بێوەی بێت. بەرێگەی بەرهەمی بیری پەرتوکخانەی کوردی دەوڵەمەند بکات. لە بەخشینی زانست و زانیاری و پێگەیاندنی تاکێکی نیشتمانخواز، زانستخوازی کورد بەردەوام بێت. تاکێک هەر وەك خۆی کوردپەروەر، دژ بە توند و تیژی، مرۆڤ دۆست و خاوەنی هەڵوێست بێت.

هەولێر ٣ /٨/ ٢٠١٧



Scanned with CamScanner

## (هاوڕێیەکانی د. عومەر پەتی)

**پ. ی. د. کەریم فەتاح عەزیز**
**زانکۆی هەولێری پزیشکیی - کۆلێژی پەرستاریی**

لە ساڵی ٢٠٠٠ کاك دکتۆر عومەرم ناسیوە، لەو کاتەی قوتابی ماستەر بووم لە زانکۆی موسڵ، ساڵی ٢٠٠٠ تاوەکو ٢٠٠٢، کە زۆرجار بەیەکەوە هاتووچۆمان کردووە بۆ موسڵ و ئەو کات ناوبراو خەریکی توێژینەوە بوو بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی وە لەیادمە بەیەکەوە دەچووینە ماڵی دجاجان کە مامۆستای من بوو لە زانکۆی موسڵ. لێرەوە زۆر ڕێزم هەیە بۆی و کاك دکتۆر عومەر نموونەی هاوکاری بووە بۆمان و زۆرجار و ئێستاش ڕاوێژکاریمان پێکردووە لەلایەنی زانستی و چۆنیەتیی تەواوکردنی خوێندن و ئەویش زۆرجار ڕاوێژکاری بەمن کردووە لەلایەنی پزیشکی و تەندروستی بەحوکمی ئەوەی اختصاصمان جیاواز بووە تاکو ئێستاش پەیوەندیمان هەیە و هەروەها هات و چۆی خێزانیش لە بۆنەکاندا بە زۆری بەڵام زۆرجار لەبەر سەرقاڵی هەردووکمان بە زانکۆ و نەبوونی کات، کەمتر بەیەك دەگەین، بەڵام بەتەلەفۆن پەیوەندی هەر بەردەوام بوو دەبێت.

لە کۆتایی دا هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی باشی بۆ دەخوازم.

لەگەڵ ڕێزماندا.



Scanned with CamScanner

## (من و عومەر پەتی و گوندەکەمان)

حەمەدەمین حاجی ڕەسووڵ
ئەڵمانیا - دارمشتاه

پێم خۆشە کەمێك باسی یادگارییەکانی گوندە خۆشەویستەکەمان بکەمەوە، کە لێی لەدایك بوویمە و لێی پەروەردە کراوم، بەڵام ! ئاخ! زامەکانم ئەکولێنەوە.

دەنگی الله اکبری مام حەسەنی و ئەرێ دەرێ بابەبەی مەلا کریم و فەقێیەکانی مامۆستا مەلا عوسمانی زیرینگەی قەیناغ و داسی مام حەسەن دەرویشی چریکەی نەعوری ماڵی مامم کێخوا سادقی و دیدەی پەسیتی مام حەسەن تەرۆزی و مغدیدی و لوقمە خۆشەکانی (سوپەرماکێتەکەی) مام شریفی!

بێمە سەر باسی عومەری مام ئیبراهیمی دینگاوەی، ئەو لە ماڵی مام قادری نەیخوێند زۆر زیرەك بوو هێمن بوو قسە زل بوو خۆی لەگەڵ بەتەمەنەکان دائەنا بە ڕەوشت و خوو بوو پاك و خاوێن بوو گوێگر بوو ڕێزی دایکی ئەگرت، زۆر دێتەوە یادم، کە ئەڕۆیشت دەستەکانی دوای خۆی ئەگرت، زۆرجار دەهاتە لای گوڕی دایکم خۆشی ئەویست ، دایکم قەسپ یان مێوژی لە گیرفانی دەکرد، زۆر جاران دەچووە دوای هێنانەوەی ڕەسووڵی باوکم بە گوێدرێژ لەسەر جادە ئەی هێناوە، جاران کە دڵیان ئەشکاند ئەهاتە لای دایکم، هەتا بڵێی زیرەك پاك و خاوێن بوو، خۆی بە تەمەنێکی گەورە دائەنا چەند باسی باشی بکەم کۆتایی ناهێت هیوادارم تەمەن درێژ بێت.

٢٠١٨/١/٢٦

# (کانیاوێك لە خەندە ، (عومەر پەتی

**محەمەد تەها حوسێن**

لەوەتـەی دەیناسم خەنـدەی لەسەر لێـوە، دەنگی دێ، دەجوولـێ، جـوان پۆشـاکە، پەتیایەتییەکـەی هـەر لـە قسـەکانیدا قەتیـس نەبـووە، بەڵکـو گواسـتوویەتەوە تێکەڵاویـە کۆمەڵایەتییەکـەی و متمانەیەکـی فـرەی بـە خـۆی و ئەمـەش لـە ئاڵوگـۆڕی ڕۆڵـەکان لـە نێـو پەیوەندیـە کۆمەڵایەتـی و ئەکادیمیەکانیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە.

خەنـدە لەسـەر لێوبـوون جۆرێکـە لـە سـادەیی و ئـەم جـۆرە سـادەییەش ڕەنگدانـەوەی ڕۆحێکـی سادە و بینینـی دنیایـە وەك خـۆی نـەك لـە کونـە ڕەش و تاریکـە ئاڵۆزەکانـدا، پێکەنینـی عومـەر پەتـی هیـچ یاریەکـی نواندنانـەی تیـا نییـە، ئـەو بـە پێکەنیـن دەئاخڤـێ و شـتێکی ترمـان جگـە لـەوەی بـە زمـان پێمـان دەڵـێ دەداتـێ ئەویـش کردنـەوەی دەرگاکانـی دەروونـی خۆیەتـی بـۆ ئـەوەی وەك هەیـە دەرکـەوێ و کـە دەریشـکەوت ڕێـك خـۆی بـێ.

دکتـۆر عومـەر یـەك کەسـە بـەڵام قـەت بـە تەنهـا دەرناکـەوێ، هەمیشـە وامزانیـوە کەسـانی تـری لەگەڵـدان، بـەم جـۆرە دەرکەوتنانـەی ئاوەدانـی نێوەخـۆی بـۆ دەرەوەی خـۆی دەردەخـات و زۆر جـار دەبێتـە کلیلێـك بـۆ کردنـەوەی بێدەنگیـەکان.

ئـەم پیـاوە بـزۆزە خـۆی لەکـوێ بـێ فیکریشـی لەوێیـە، هـزری خـۆی لەگـەڵ خـۆی دەگێـڕێ و بـۆ سـاتێکیش لێـی جـودا نابێتـەوە، هـەر بۆیـە ئاسـان دەکەوێتـە بـەر دڵان و سـاناتریش دەبێتـە هاوڕێـی هەمـوان. لـە زۆر بـوار دەجولـێ و لـە نێـوان ئـەدەب و ئەکادیمیـا و فۆلکلـۆر و ئاینـدا پەیوەندیەکـی هاوسـەنگی دۆزیوەتـەوە، خـۆی بـە یەکێکیانـەوە هەڵناواسـێ و دەسـت لەوانـی تـر بـەردا، ئـەو بـەم هەموانـەوە نازناوەکـەی لـە خـۆی وەشـاندۆتەوە و ژیانێکـی پەتـی دەباتـە سـەر.



Scanned with CamScanner

## (پیاوێك لە تەمەنی خۆی ناترسێت و نایشارێتەوە)

پ. د. محەمەد عەبدوڵلا کاکە سوور

پرۆفیسۆر دکتۆر عومەر ئیبراهیم عەزیز مامۆستای زانکۆ و نووسەر ئەو پێش ئەوەی ببێتە مامۆستای زانکۆ وەکو نووسەرێك لە هەولێر و کوردستان ناسراو بوو. لەکاتێکدا زۆر بە زەحمەت خەڵکی هەولێر لە شارەکەی خۆیان و لە کوردستان دەناسرێن. لە سەردەمی سەر بۆیاغکردن بە سەر سپی ناسراوە. ئەمەش ئەوە بەدیار دەخات پیاوێکە لە تەمەنی خۆی ناترسێ و نایشارێتەوە. ناوێکە نەك هەر لەو کۆلێژەی تێیدا مامۆستایە، بەڵکو کەم کەس هەیە لە زانکۆی سەلاحەددین نەیناسێ.

ناسراو بە عومەر پەتی لەبەر گرینگی دان بە قسە کردن و نووسین بە کوردیەکی ڕەوان، پسپۆڕی بواری دەروونزانی و دۆستی فۆلکلۆر و خەم خۆری نووسینەکانی تایبەت بە نەورۆز، لەو کەسانەیە حەز دەکات وانە بڵێتەوە نەك لەو مامۆستایانەی زانکۆ دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەرز و بەرز بوونەوەی پلەی زانستیان بەدوای ئیسراحەت بگەڕێن.

چوار ساڵ من ڕاگری کۆلێژ بووم لە کۆلێژی ئەدەبیات کە ئەو تیایدا پرۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆ بوو، هەرچەندە لە بەرپرسی دڵنیایی جۆریی کۆلێژ لامدا و کەسێکی ترم لە جێگای دانا بەڵام هەر بە هاوڕێیەتیماینەوە. کەسێکی قین لە دڵ نیە ئەمەش زۆر گرینگە. بۆیە هەردەم جێگای خۆی لە دڵان لە ئیدارە دەکاتەوە. ئەوەندەی پێی بکرێت قسەی خێر لە بابەتەکان دەکات، ئەمە ڕای منە لەوانەیەخەڵکی تر خوێندنەوەی تریان بۆ کەسایەتی ئەو بەڕێزە هەبێت یان لەوانەیە ئەو هەر ڕایەکی تری ئاشکرا یان نهێنی بەرامبەر من هەبێت. من هیواداری سەرکەوتنی پتری بۆ دەکەم.

## (پرۆفیسۆر دکتۆرعومەر ئیبراهیم عەزیز و تەمەنێک لە دۆستایەتی و هاوکاریکردن)

موعتەصم عەبدولکەریم بەرزنجی
ماستەر لە سایکۆلۆژیا/ خانەنشین

بەناوی خودای گەورەی میهرەبان،

لە دوای ڕێز و سڵاو،

سەرەتا دەمەوێ سوپاسی ئەم بەڕێزە بکەم، کە لە کانگای دڵیەوە بە متمانەیەکی زۆر منی دەستنیشان کردووە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەو دەستنیشانیکردوون تا چەند زانیارییەك دەربارەی ئەو بنووسین بەبێ پیا هەڵدان، منیش بەبێ دوودڵی داوایەکەیم پەسەند کرد و بە شتێکی باشم زانی وەك ببێتە نەریتێك بۆ ئەوانەی کە هەتاکو لە ژیاندا ماون ڕێزیان لێ بگیرێت و گەنجان و ڕۆشنبیران و خەڵکی دیکەش دەست خۆشی لەم جۆرە کارانە بکەن لەبەر کۆشش و ماندوو بوونیان تاکو بگەنە ترۆپکەی ئاوات، هەریەکە لەبواری تایبەت بەخۆیەوە، بۆیە بیرم کردەوە ئەم چەند ساڵە دوور و درێژەی لە بەرواری ٢٠/٨/١٩٨٠ز لەگەڵ مامۆستا عومەر یەکتریمان ناسی و دەستی پێکردووە هەتا ئێستاش هەر هاوڕێیەتیمان بەردەوامە، ئەم ماوەیە ماوەیەکی زۆرە و کەم نیە بۆ تێگەیشتنی کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و فۆلکلۆری، بۆیە پێم باش بوو ئەم ماوەیە بەسەر چەند قۆناغێك بە خەست و چڕی دابەش بکەم و لەم خاڵانەدا پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی بکەم:



Scanned with CamScanner

خاڵی یەکەم:

سەرەتای ناسینم لەگەڵ بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر عومەر ئیبراهیم عەزیز، ناسراو بە (د. عومەر پەتی) مامۆستای سەرەتایی بوو لە بەرواری ٢٠/٨/١٩٨٠ز، ماڵمان بەرامبەر یەکتری بوو لەگەڕەکی ئەندازیاران (حي المهندسين) نزیك گەڕەکی ڕووناکی لە هەولێر، لە کاتژمێر (٥) پێنجی پاش نیوەڕۆ، دیتم گەنجێك لەسەر حەوزە ئاوێك ڕاوەستا بوو خەریکی ئاودانی بناغە و پادڵۆیەکی خانوویکە، منیش لەو سات لێی نزیك بوومەوە سڵاو و ئێوارە باشم لێی کرد زۆر بە ڕووخۆشی و دەم بە خەندە و وەڵامێکی گەرمی دامەوە و بەخێرهاتنی کردم، وەك بڵێی پێشتر ناوی منی بیسبێ و بەڵام ناسیاوەتیمان نەبوو، منیش وەك ئەو ئاسایی کەوتە بەر دڵم و ئاشنایەتیمان پەیدا کرد و هەردووکمان پێمان خۆش بوو کە دەبینە دراوسێی یەکتری، وەك لە مەسەلە عەرەبییەکە دەڵێ:

(رب صدفة خير من الف ميعاد).

لە پاشان کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتریدا، هەر دەڵێی هەردووکمان ئاواتە خوازی بەها بەرزەکانی ئاینی و لایەنە باشیەکانی کۆمەڵایەتی و زانستین.

لە وەڵامێکیاندا گوتی: دەرچووی خانەی مامۆستایانی سەرەتاییم و ئێستاش مامۆستام و لەدوای (٤) ساڵ لەیەکتری ناسین و پتر لە (٧) ساڵ خزمەتی مامۆستای سەرەتایی ڕۆژێ:لەزانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر لەبەشی بایۆلۆژی وەرگیرا بووم و دەوامم دەکرد، بەڵام دەبینم ئەم بەشە پتر پەیوەندی بە دەرچووانی پۆلی شەشەمی زانستی ئامادەیی هەیە! بەداخەوە وابزانم ساڵێکی بەفیرۆ چوو. من ڕێگام پێ نیشاندا کە بچێتە بەشی پەروەردە و سایکۆلۆژی و هەر چوار ساڵەکەش ئامادەم یارمەتیت بدەم بۆ هەر پێویستییەك و تەواو کردنی ئەم بەشە دیار بوو قسەکەمی بە دڵ بوو، وە بۆ ساڵی ئاینده بەشەکەی گۆڕی لە بەشی بایۆلۆژی بۆ بەشی پەروەردە و سایکۆلۆژی کە زیاتر پەیوەندی یەکی زۆری هەیە بەو وانانەی لەکاتی خوێندنی بۆ مامۆستایەتی سەرەتایی ئامادە دەکرا.

ئینجا لێرەدا وەك خوێندکارێکی دیار و لێهاتوو و چالاك ئەستێرەی درەوشایەوە

و هەناسەیەکی بە قووڵی و بە خۆشیەوە وەرگرت، چونکە کۆنترۆڵی وانەکانی پێ دەکرا و هەوڵی ڕێزبەندی یەکەمیشی دەدا.

خاڵی دووەم:

لە سەردەمی وەرگرتنی لە بەشی پەروەردە و دەروونزانی و گۆڕین و دابەزینی لە بەشی بایۆلۆژیدا، ئاسۆیەکی نوێ و فراوانی خستە بەردەم مامۆستا عومەر، چونکە سەردەمی پێشکەشکردنی ئەوان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕێگەی دەدایە مامۆستای مۆڵەت پێدراو بۆ تەواو کردنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس سەرپشك بێت لەو بەشەی کە خۆی دەیەوێت تەواو بە پێچەوانەی سەردەمی خاوەنی ئەم وتارە کە تەنیا یەك هەڵبژاردەیان لەپێش بوو ئەویش بەشی پەروەردە و سایکۆلۆژی، هەروەها سەبارەت بە مامۆستا محەمەدی برای نووسەری ئەم چەند دێرە، کە یەکەمیان زۆر حەز و ئارەزووی لە تەواوکردنی بەشی زمانی عەرەبی هەبوو و دووەمیان براکەی ئارەزووی لە تەواوکردنی زمانی ئینگلیزی هەبوو، بەڵام هیچ کامێکیان ڕێگەیان پێ نەدرا. کە هەردووکمان خەونمان بەو بەشە دەدیت کە پێمان خۆش بوو، لێرەدا با تۆزێك زیادەڕۆیی بکەم و بڵێم: مێژوو بەرامبەر بە من هەڵەیەکی گەورەی کرد! لەگەڵ ئەویش لە بەشە سەپێنراوەکەمدا نەم دەهێشت هیچ خوێندکارێکی بەڕەسەن و ڕەچەڵەك عەرەب بە پێشم بکەوێ لە من پتر وەربگرێ لە وانەی عەرەبیدا، خەڵکی بەغدا و بەسرا و موسڵ و کەربەلا حلە و دیالەمان لەگەڵ بوو هەموویانم بەجێ دەهێشت وە لە بەشەکەمدا ئەنجامی کۆتایی بەکالۆریۆسم بە پلەی زۆر باشە وەرگرت، مامۆستاکەمان یادی بەخێر بێت ئەگەر ماوە، وە ئەگەر کۆچی دوایی کردووە خودای مەزن و میهرەبان بە بەهەشتی پان و بەرینی شاد بکات (م. قحطان رشید التمیمي) ئەو کات ماستەری هەبوو بەڵام زۆر زیرەك بوو. ئینجا بێینەوە سەر باسی مامۆستا عومەر هەر چوار ساڵی لە بەشی پەروەردە ودەروونزانیدا ساڵانە لە بۆنەی زانکۆی سەلاحەددین دا جم و جۆڵ و چالاکی بەرچاوی هەبوولە ئامادە کردنی شتی فۆلکلۆری و کوردەواری و بایەخپێدانی هێنانی شتەکان و بەشداری کردنی لەم ڕۆژە دیاریکراوەدا.

وەك: ڕەشماڵ هەڵدان و ئامادەکردنی جۆرەها خواردنی کوردەواری و جل و بەرگی جوان و ڕەنگاو ڕەنگ تەپڵ و دۆڵ و زوڕنا و شمشاڵ و پیك و دووزەڵە و کەرەستەکانی ساوار کوڵاندن و کوتکی ساوار کوتانەوە و کەرەستەی جووت کردن وە لە: هەوجاڕ و گاسن و لاپوتە و دەستەندوو نیر و کۆپەڵان و شەنەی دار و ئاسن بۆ شەنەبا کردنی گەنم و جۆ لەسەر جۆخین کاتی بەرهەم هێنانیان.

داس و قەیناغ و ربە و کندر و دەولك و بنمل و کورتان و زینی وڵاخ و ڕیشمە و لغاوی ئاسن و ناڵی ئێستر و بارگین و ئەسپ و گوێ درێژ هەروەها کەرەستەی شیو لێنان کەفگیری برنج و ساوار پاڵاوتن و سەبەتەی قووڵ بۆ ساوار بڵاو کردنەوە و سەبەتەی نانیش بۆ نانی سەر سێڕ (ساج) هەروەها دانۆك و کەشك و پەنیر و کەرە و دۆی دۆدانە و مەشکە هەژان و سێ پێل دانان، ئینجا مافوور و لبادی ڕەنگا و ڕەنگ و سندوقی نەخش کراو دەرگا و کلیلی دراو، چایە لێنان بە سەماوەر و پیاڵە و سینی جوان و ڕەنگا و ڕەنگ و نەخشێنراو، تەبەقی شەکر شکێن و دیشلەمە و لەولاوەش سەیری جاجمی ڕەنگا و ڕەنگ و دووگوردی نوێژی زۆر جوان، شانەی تەون کردن ئینجا بەڕوو مازوو، تۆوی وشك کراو و گندۆرەی وشك کراوە (پەلەچەك) بۆ زستان و گەنمی برژاوی ناو سێڕ (برێشکە)، ئەو شتانە و زۆری دیکەش لە پێشانگای مامۆستای چالاك و ورد بین خوێندکاری ئەو کات و بەڕێز پرۆفیسۆری ئێستا (د. عومەر پەتی) دەبینرا.

لەم شتانەی بە نمونە باسمان کردن مەبەستی گەیاندنی پەیامی بەردەوام بوونی ژیانی سادە و شەکەتی لادێ و پیرۆزی بەهاکانی مێژووی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و نەتەوەیی کورد و خۆبەستنەوەیەکی توند و تۆڵ بەلایی کردنەوە و ئینتیمای بۆ خاك و زمان و نەریتی خۆی کە لە هەرە بنەڕەتی پایەکانی بە دەوڵەت بوون دەژمێردرێت.

خاڵی سێیەم:

سەردەمی وەرگرتنی لە بەغدا لە کۆلێژی پەروەردە و خوێندنی ماستەر لە ساڵی ١٩٩١ – ١٩٩٢ز بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناغەی بڕی و بوو بە مامۆستای سایکۆلۆژی لە بەشی زمانی کوردی لە بەغدا، جارێکیان داوای لێ کردم بچم

بۆ دیتن و هەڵسەنگاندنی خۆی کاتی وانە گەوتنەوەی لەناو پۆلدا، بەڕاستی هەنگاوەکانی زۆر بە وردی و پوختە پەیڕەو دەکرد لە وانە گوتنەوەکەیدا، ئینجا جار هەبوو ڕێگای (هربارت)ی بەکاردەهێنا و جار هەبوو ڕێگای (جۆن دیوی جاریش هەبوو ڕێگای اوزوبیل و جاریش هەبوو بە شێوەی پرسیار و وەڵام دەرسەکەی پێشکەش دەکرد و راڤەی دەکرد، ئەوەی ڕاستی بێ خۆی تەنیا بە ڕێگایەك پابەند نەدەکرد، بەڵام شێوازی جیا جیاشی بەکاردەهێنا بۆ ووروژاندنی خوێندکاران و سەرنج ڕاکێشانیان و بەشداری کردنیان لە چەسپاندنی ناوەڕۆك و جەوهەر و بنەما بنەڕەتییەکان. ئامادەکردنی پلانی ڕۆژانە و دابەشکردنی تەختە و بەکارهێنانی تەباشیری ڕەنگا و ڕەنگ ئاستی دەنگ و بەشداربکردنی زۆربەی خوێندکاران و، چونکە خۆی پێشتر مامۆستای سەرەتایی بوو حەفت ساڵ، بۆیە ئەم شتانە لەلای ئەو ئاسایی بوون. لەپاش تەواو کردنی وانەکە گوتی مامۆستا شێخ پێم خۆشە ڕات بزانم و منیش لە وەڵامدا پێم گوت بەڕاستی دەست خۆش و زار خۆش و وانەیێکی نمونەیت گۆتەوە و کاتت بەفیرۆ نەداوە و ئامانجەکانی دەرسەکەت پێکا.

ئەوەی لەبیرم بێت ماستەرنامەکەی لەسەر (القیم السائدة في القصص الشعبیة العربیة و الكردیة للاطفال في الكتب المطبوعة في العراق) (دراسة مقارنة) بوو.

خاڵی چوارەم:

وەرگرتنی مامۆستا عومەر لە خوێندنی دکتۆرا لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی بەغدا، مامۆستا عومەر بەپێی نمرەی خۆی و سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەی پێشکەشکردن و وەرگیران وەرگیرا بەبێ گرفت، ئەوەی بە زەقی لێی بەدی دەکرا سیستەمێکی کاتی زۆر زۆر توند و پابەند لەگەڵ خودی خۆی پەیڕەو دەکرد (نظام وقتي صارم وحدي يلتزم به مع نفسه) بۆ ڕۆیشتنی بۆ کتێبخانەکانی ناو کۆلێژی ئەدەبیات و پەروەردە و مستنصریە و تا کتێبخانەی (الدارالوطنیة) هەمووی بۆ سەرچاوە نۆڕین و ڕاپۆرت ئامادەکردنی لێیان داوا دەکرا لەلایەن مامۆستایانی لەو زانست و زانیاریانەی پەیوەندی بە پسپۆڕایەتیەکەی خۆی هەبوو، ئینجا بەم ئاگا لێبوونەی کات



Scanned with CamScanner

بەفیرۆ نەدان و پێدا گرتن و دان بەخۆدا گرتن و سووربوون لەسەر گەیشتن بە ئاوات هەمووی لای مامۆستا عومەر شەونخوونی و نەخشەی بۆ کێشابوو. ئەی ئافەرین کوڕە دەشتەکی یەکەی لادێ (دێی دۆڵەسزەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە / هەولێر) کە ڕۆژێک ئاوا بەم شێوەیە ناو بدەیتەوە، نە پارە وەك کوڕە دەوڵەمەندێك، وە نە بە حیزبایەتیش کە نمرەت کەمبێ حیزبیش فەرزت بکات.

ئەوەی لێرەشدا زۆر گرینگە نابێ ڕۆڵی هەرە گرینگی دایك و خوشکەکانت سەرەڕای کە نەخوێندەواریش بوون بەڵام ڕۆژێك نەبوونە کۆسپ بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵات و زۆر ئاگایان لە منداڵەکانت بوو لە بەخێوکردنیان و پێداویستیەکانیان. هەروەها ڕۆڵی هاوسەرکەت کە خۆشی ماستەری دەخوێند و دکتۆرای وەرگرت وە لەپێشی هەموویانەوە ڕۆڵی برای جوانەمەرگت بەڕێز (کاکە انور) کە کاری کرێکاری دەکرد یارمەتی ئێوەشی دەدا بۆ بەردەوام بوون لە خوێندنەکەت.

ئەوەی بێتەوە بیرم بۆ وەرگرتنی پلەی (PHD فەلسەفەی پەروەردە- لە سایکۆلۆژیای پەروەردەیی تێزی دکتۆراکەت لەسەر (أثر العصف الذهني في تنمية التفكير الابتكاري لدى طلبة المرحلة الاعدادية)، منیش خۆم ئامادەی دانیشتوانی ناو هۆڵەکە بووم لەکاتی تاوتوێ کردندا لەگەڵ سەرۆك و لیژنەی گفتوگۆ کردندا. بە پلەی نایاب دکتۆراکەی لێ وەرگیرا. بەڕاستی ڕۆژێکی مێژوویی و زۆر خۆش بوو لەژیانی بەڕێز مامۆستا (عومەر پەتی) و هاوڕێکانی وە لە یادەوەری درێژخایەن (الذاكرة بعيدة المدى) هەرگیزا و هەرگیز ناسڕێتەوە. پیرۆزت بێ کوڕی باش.

خاڵی پێنجەم:

یەکتر ناسینمان سەبارەت بە لایەنی بیروڕای ڕامیاری من خۆم لە ساڵی (١٩٧٦ز) ئەندامی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووم کە هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی بوو وە من لەباڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووم کە هەڤاڵی بەڕێز خوالێخۆشبوو (نەوشیروان مستەفا) سکرتێری بوو.



Scanned with CamScanner

زۆر بە ئەمانەت و دڵسۆزی و لەخۆ بووردوویی یەوە کاری ڕێکخراوەییمان ئەنجام دەدا لەگەڵ هەڤاڵانی ناو شار، بەڕێز هەڤاڵی تێکۆشەر کاك (کۆسرەت) لێپرسراوی ناوشارمان بوو هەتا پێش دەرچوونی بۆ ناو شاخ، وە لێپرسراوی ڕاستەوخۆم هەڤاڵی زێدە تێکۆشەر دڵسۆز کاك (عەبدوڵلا تۆفیق) بوو. ئێوارەیەکیان هەندێ باسی پەیڕە و پرۆگرامی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانم بۆ مامۆستا (عومەر) کرد باسی ئێزگە و چالاکیەکانی و کاری ڕێکخراوەیی، دیار بوو زۆر لەلای خۆشبوو، بەڵام لەبەر توندی و شۆڤینی یەی و زەبروزەنگی ڕژێمی حیزبی بەعس، گوتی من نامەوێت ناوم بنوسی بەڵام بەدڵ لەگەڵتانمدام، وە براکەشی کاك صابر خۆم هێنامە ڕێز و ڕێکم خست و پاشان بووە جێگەی متمانە لە مەکتەبی ئەنجومەنی وەزیران لە سەردەمی سەرۆك وەزیران بەڕێز هەڤاڵ (فؤاد معصوم). لەپاش هاتنەوەی لەسەرەوە لە پێشمەرگایەتی.

وە هاوسەرەکەشی هەڤاڵ (شەدەڵە) شەهیدی نەمر و خۆڕاگر لە زیندان هەتا شەهید بوو لەژێر ئەشکەنجە و ئازار شەهید مامۆستا (یوسف دەرگەلەیی) لێپرسراوی بوو.

مامۆستا (عومەر پەتی) کوردێکی خاوێن و دڵسۆز بوو، بنەماڵەکەیان و ئامۆزاکان و خاڵەکانی لایەنگری ی. ن. ك بوون، جارێکیان کاتی نەورۆز هات و منیش بە (مامۆستا عومەر)م گوت ئەگەر پێی دەکرێ و پێت خۆشە با بەشداریمان بکات لەم بۆنە خۆش و نەتەوەییەدا، ئەویش زۆر بەدڵخۆشیەوە داواکەی لێ وەرگرتم و بەشداری کردین و لەڕێگادا سروودی نەورۆز و ئەی ڕەقیب و، ئەی شەهیدان ناو پاسەکە و دەوروبەرمانی پڕ کردبوو، بۆ ئەم نەورۆزە لە سورداش کە لەهەر چوار پارچەی کوردستان خەڵك بەشداری ئەم بۆنە پیرۆزەیان کردبوو لە ساڵی ١٩٨٣ز، کاتژمێر (١٢)ی شەو گەڕاینەوە شاری هەولێری خۆشەویست، هەر لەبەر ئەم عیشق و شەیدا بوونەی ڕۆژی نەورۆزی پیرۆز کە وەرچەرخانێك بوو لەمێژووی نەتەوەی کورد دابۆ سەرکەوتن بەسەر ستەم و زۆرداری لە باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاریدا، هەروەها لە باری گۆڕانی کەش و هەوا و ڕۆژەکانی ساڵیش شتێکی زۆر گرینگ و سروشتی و بەجێهێنانی تەقدیری ازلی یاساکانی خودا بۆ گۆڕینی چوار وەرزەکانی ساڵ،



Scanned with CamScanner

کە پێغەمبەرمان محەمەد (د. خ) لەسەردەمی خۆیدا فەرموویەتی: (اللهم اجعل شتاءنا شتاءً وصيفنا صيفاً) بۆ مەسەلەی ساردی و گەرمی و خۆڕاگرتن و بەروبووم ژیان و قووتی هەموو گیانلەبەرێك لە مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك کە گوێم لێ بووە دەڵێن خودای گەورە و توانا (١٨٠٠٠) جۆرە مەخلووقی دروست کردووە. د. عومەر ئەم گوڕ و تامەزرۆیی و نەتەوەیی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی وای لێ کرد چەند سیمینار و کۆڕ پێشکەش بکات لەم بارەیەوە، گۆڤاری لەسەر دەردەهێنا تا خولیای ئەوەی کەوتە ناو مێشك شتێکی زۆر پوخت و بەهێز و سوود مەند پێشکەش نەتەوەکەی و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆشی و دوای خۆی پێشکەش بکات بە کۆکردنەوەی ئەو هەموو وتار و پەخشان و شتانەی لەسەر نەورۆز نووسراون بەپێی توانا و شەونخوون و ماندووبوونێکی ئێجگار زۆر کۆ بکاتەوە و شی بکاتەوە و لەسەری بنووسی هەر خۆی لەخۆیدا دەشێ بێتە سەرچاوەیەکی زۆر گرینگ بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا چ لە ئاستی ماستەر یا دکتۆرا، ئەوەشی جێگای سوپاس و پێزانینی هەموو کوردێکی دڵسۆز و بەشەرەف و خاوەن ویژدانە بۆ ووروژاندنی و ختووکەدانی هەستی قووڵی نەتەوایەتی، ئەمن خۆم بەهیچ شێوەیەك بە کەمتری نازانم لەو گیان فیداکارییەی پێشمەرگەکانی کورد لەسەنگەرەکانی پێشەوە بۆ بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان لە چنگی داگیر کەرانی ناوەکی و ئیقلیمی.

ئەم کتێبە بە ناوی (دیاریی نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا) کە بە دوو بەش دەرچووە و کۆ کراوەتەوە. د. عومەر پەتی کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پەراوێزی بۆ نووسیوە و دانەیەکیشی پێشکەشی بەندەی نووسەری ئەم ژیاننامەیە کردووە بەشی یەکەمیان لە ساڵانی ١٩٣٥ – ١٩٦٩ز چاپی دووەمی لەگەڵ بەشی دووەم لە ساڵانی ١٩٧٠ – ٢٠٠٨ز. چاپی یەکەم. ئەم کتێبە بەڕێز نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و مامۆستا (ممتاز حەیدەری) پێشەکیەکی بۆ نووسیوە لە ١٩٨٦/٥/٥ز وە لە چاپخانەی شەهاب بە چاپی گەیاندووە و هەزار (١٠٠٠) یەك هەزار دانەی لێ چاپ کراوە دەشێ ببێتە سەرچاوەیەکی زۆر گرینگ.

ئابەم قەبارە و ناوەڕۆکەوە ئاماژە بە وردی و گرینگی ڕێبازی ئەکادیمیانە بۆ سەرچاوەکانی باس کردووە و ڕێکی خستوونە بابیلۆگرافیایەکی پوختەی بۆ



Scanned with CamScanner

کردووە، ئەمەش کارێکی زۆر مەردانە و جێگای دەستخۆشی و دڵخۆشییە.

ئەوەی شایەنی باسە. مامۆستا عومەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە پۆلی شەشی سەرەتایی دا لە دێی دۆڵە سزە لەگەڵ خاڵەکان و خزمەکانی ئاوایی ئاهەنگی ڕۆژی نەورۆزیان لە گوندەکەیان کردووە ئەمیش یەکێک بووە لە بەشدار بووان.

سەبارەت بە هەڵوێستی کوردایەتییەوە جارێکیان من سەرگوزشتەی گرتنی خۆم لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشستەوە لە ساڵی ١٩٨٥ز بۆ مامۆستا عومەر گێڕایەوە بە شێوەی پرسیار کردنی ئەوان وەڵامەکانی خۆم بۆی باس کرد و خۆڕاگرتنم لەکاتی فەلاقە کردن و کێبڵ و کارەبا لێدان و هەڵواسینم بە پانکەوە، ئەو کات لە بەغدای دەخوێند تووشی لێ پرسینەوەیەك بوو لە دائیرەی موخابەراتی بەغداوە سەبارەت بە نامەیەکی هێنا بوو بۆ ناسیاوێك لە هەولێر بەڵام دەیزانی ناوەڕۆکەکەی چی لێ نووسراوە، لە بەغدا لەناو کۆلێژی پەروەردەی ابن رشد ی زانکۆی بەغدا لە ١٩٩٦/١١/٧ دەیگرن، ئەو کات بۆ (١٩) ڕۆژان پێویست بە (تحقیق دەکات) لەگەڵیدا، ئەویش کە سوودی لە قسەکانی من وەرگرتبوو، پرسیار و وەڵامەکانی خۆی ئامادە کردبوو، مامۆستا عومەر بەبێ پەشۆکاوی و سەرلێشێواوی و خۆ تێکدان هەموو پرسیارەکانی وەڵام دابوونەوە سوپاس بۆ خودا دوای ١٩ ڕۆژ بە سەلامەتی و سەربەرزی هاتە دەرەوە و پێی گوتم سوپاس بۆ خودا و دوایی بۆ تۆ مامۆستا شێخ معتصم کە سوودم لە قسەکانت وەرگرتبوو منیش لەلای خۆمەوە خۆڕاگری و ئازایەتی و نەڕووخانی ئەوم بەرز نرخاند.

خاڵی شەشەم:

دکتۆر (عومەر) لەپاش ئەوەی پلەی زانستی ئەکادیمی بوو بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر بەرەبەرە ئەستێرەی لە ئاسمانی سایکۆلۆژیادا درەوشاوەتر و گەشاوەتر بوو، بە گفتوگۆ و تێروتەسەلانەی لە تێبینییەکانی دەدایە خوێندکارەکانی چ لە دەستنیشانکردنی سەرچاوەکان و بە گەڵاڵە کردنی ناونیشانی ماستەر نامەکان و تێزی دکتۆراکان، بە ڕەزامەندی خوێندکارەکانیشی

خۆیـان تـا ڕەنـگ بداتـەوە لەسـەر کەسـایەتییان و خـاوەن ڕای خۆیـان ببـن وباشتریش بەرگـری لـە ڕاو بـۆ چوونەکانیـان بکـەن لـە کاتـی ڕۆژی گفتوگۆیانـدا بۆ وەرگرتنـی پلـەی خوێندنـی باڵایـان بەبـێ ڕاسـەپاندنی خـۆی وەك مامۆسـتا، یـان سەریەرشـتیار، تاکـو جـێ پەنجـەی توێژەریشـی خـۆی دیـار بێـت بتوانـن بە باشـی بەرگـری لـە نامەکانیـان بکـەن، هەروەهـا فێـری دەکـردن کـە چـۆن ڕێبازە جیاوازەکانـی توێژینـەوەی زانسـتی (مناهـج بحـث العلمـي) وەك ئامرازێـك بەکاربهێنـن بـۆ گەشـتن بـە ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە، پتریـش هانـی دەدان ئەو جۆرە توێژینەوانـە ئەنجـام بـدەن کـە لـە بـواری پراکتیکـەوە سـوودی لـێ وەربگیرێ نـەك لەسـەر تاقیچکـە و ڕەفتـە دابندرێـت و تـۆز و گەردیـان لـێ بنیشـێ.

خاڵی حەفتەم:

سـەبارەت بـە پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی نێـوان دکتـۆر عومـەر و خزمانـی بەگشـتی و نزیکەکانـی بەتایبەتـی، پەیوەندییەکـی پیـرۆز و پتـەو و دوور لـە بەرژەوەنـدی تایبەتـی هەبـوو خـەم خـۆری هەمـووان بـوو لـە شـین و شـایی وەك ئەرکێکـی ئاینـی و ئەخلاقـی و مرۆڤایەتـی تاکـو لەنێـوان خزمەکانـی دوور و یەکسانی ببەسـتێتەوە هەسـت بـە قەبـارە و کەسـایەتی خۆیـان بکـەن ئەویـش بە سـەر لێـدان و هاموشـۆ کردنیـان وبەسـەر کردنەوەیـان لەگـەڵ ئـەو هەمـوو ئەرك و لـێ پرسـینەوەی بـاری زانکـۆی لەسـەر شـان بـوو بـێ ئـەوەی مەبەسـتی برا گەورایەتـی هـۆز و عەشـیرەتەکەی بـێ.

وە لەلایەکـی دیکـەش پەیوەنـدی بـە خەڵکانـی تـر و برادەرانـی بـاوەڕ ناکـەم یەکێك بەنـاو دڵیـەوە لێـی زویـر و عـادز بـوو بێـت و هەوڵیشـی داوە چەنـدی بۆی بکرێـت شـتە ڕاسـتەکان بدرێکێنێـت و پۆلێنیـان بـکات، بـە ڕەش بڵێـت ڕەشـە وبە سپیش بڵێت سـپی بـۆ لێـك جیـا کردنـەوەی ڕاسـت و ناڕاسـت بـە شـێوازێکی تایبەت بـە خـۆی.

خاڵی هەشتەم:

دکتۆر عومـەر ئـەو شـتانەی کـە بۆخۆی پێ ی خۆشـە و دەیەوێت هەروەها پێشـی خۆشە بـۆ خەڵکـی دیکـە ئینجـا ناسـیاو بێـت یـا خـزم بێـت یـا هەریەکێـك، بـەڵام

بە گوێرەی ئاستی زانین و لێ وەشاوەیی کەسەکە بێت، هەر لەم تێڕوانینەوە پێی خۆشبوو مامۆستای برادەری (محەمەد عەبدولکەریم مەعروف) بەرزنجی برای نووسەری ئەم وتارە لە دەوڵەتی سوید بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەڕێز مامۆستا (عەبدولعەزیز تەیب) لەو شوێنەی دابنێت کە خۆی دەیەوێت لە قوتابخانەیەکە ناوەندی شەوان و بە ڕۆژیش خوێندنی قۆناغی چوارەمە بەشی ئینگلیزی تەواو بکات بگەڕێتەوە سەر کاری خۆی مامۆستایەتی بەڕاستی بڕیارێکی زۆر ئازایانە و نیشتیمان پەروەریانە و مرۆڤانە بوو، زۆر جێگای سوپاس و پێ زانین بوو، ئەویش بە هیمەت و هەوڵدانی دکتۆر عومەر و هاوسەرەکەی پرۆفیسۆر د. فاطمە (ڕەشید حەسەن) باجەلان کە هەردووکیان ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕا لای جەنابی بەڕاستی گوتی شارەزایی و لێ وەشاوەیی براکەم مامۆستا محەمەد بەرزنجی لە زمانی ئینگلیزیدا. هەر لەوەتەی لە ساڵی ١٩٦٥ز لە پەیمانگای مامۆستایان لە باقوبە دەرچووە تەنیا سیانزە ڕۆژ لە قوتابخانەی گوندی گاینج دەرسی سەرەتایی گوتۆتەوە، دەنا هەر لەو ساڵەوە وانەی پۆلی دوو و سێی ناوەندی گوتۆتەوە، بێجگە لە پۆلی چوار و پێنج وەك محاضراتی خصوصی قوتابی تر، کە ئێستا قوتابیانی ئەو هەندێکیان ماستەر و دکتۆرایان لە زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە، دووبارە سوپاس و ڕێزمان بۆ جەنابی وەزیر و دکتۆر عومەر و هاوسەرەکەی.

خاڵی نۆیەم:

هەروەها بۆ سەلماندنی قسەکانی پێشووم کە مامۆستا عومەر کەسێکی چاکەویستە و (خێرخوازە) پێی خۆشە خەڵکانی تری بەتوانا جێگە و شوێنی خۆیان بگرن، هەر لەم دید و بۆچوونەوە ئاگاداری بەندەی نووسەری کردەوە ئەگەر نیازی تەواوکردنی خوێندنی باڵای/ ماستەر هەیە وا لە بەغدا مەرجی تەمەن هەڵگیراوە لەسەر لیستی (متمیزین) دەتوانێ پێشکەشی خوێندنی باڵا بکەیت، منیش قسەکەیم لێ وەرگرت هەر بە زوویی چوومە بەغدا و پرسیم گوتیان بەڵێ، بڕوانامەی بەکالۆریۆسم و داواکاریەکانم ئامادەکرد و پێشکەشم کردن، سوپاس بۆ خوا وەك کەسێکی متمیز وەرگیرام چونکە



Scanned with CamScanner

دانەیەك لە تاپۆی زەوی خۆم لە گوندی (سابڵاغ) سەر بە ناحیەی قوشتەپە دانا و لە فۆرمەکە نووسی بووم کە من بەرهەڵستی ئەو ئابلۆقە ئابووریەی لەسەر عێراق داندراوە دەکەم لە بواری چاندنی سەدەها دۆنم زەوی کشتوکاڵ بۆ بەرهەم هێنانی گەنم و پێدانی بە سایلۆی هەولێر. سەرەڕای ئەوەش معدلی تێکڕای نمرەکانی هەر چوار ساڵم ٨٠,٩٪ بوو بە پلەی زۆر باشە لە ٢٠/٦/١٩٧١ز دەرچووم لە بەشی پەروەردە و سایکۆلۆژی لە بەرواری ١/٧/١٩٧١ ئاهەنگی دەرچوونی زانکۆی بەغدا کۆلێژەکان تێکڕا کران، لەپاش ئەوەی ماستەرم وەرگرت لە ٢٥/٤/٢٠٠٦ – ١/٧/٢٠١٠ دەرسم لە زانکۆی سەلاحەددین لە کۆلێژەکانی پەروەردە و بنیات و زانکۆی سۆران و شەقڵاوەش دەرسم گوتۆتەوە وە ئێستاش خانەنشینم.

سوپاس بۆ خوا خوێندکارەکانم چ ئەوانەی لە کاتی خۆیدا لە پەیمانگای مامۆستایان کە لە هەولێر کرایەوە لە ساڵی ١٩٧١ – ١٩٧٢ز. یان لە کۆلێژ لە دوای وەرگرتنی بڕوا نامەی ماستەر دەرسم پێ گوتوونە زۆریان ئێستا بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان هەیە لە پەروەردە و دەروونزانی زۆر جاریش بانگێشت دەکرێم بۆ ئامادە بوون وەك گوێگر لەناو هۆڵی گفتوگۆدا، بێجگە لە وەرگێڕانی پێوەرەکانی بەکاریدەهێنن لە توێژینەوەکانیان لە ئاستی ماستەر یان دکتۆرا بۆ سەر زمانی کوردی یان بە پێچەوانەوە، بۆ ڕاستگۆیی بڕگەکانی پێوەرەکەی وەرگێڕدراو (للتحقق من صدق الترجمة للفقرات للمقياس المستخدم) لە زمانی کوردیەوە دەیکەمە زمانی عەرەبی وەك لە دکتۆرا نامەکانی: د. ریزان و د. رشید و د. مها حەسەن و خوالێخۆشبوو د. حسام الدین و زۆر خوێندکارانی ماستەریش. لەکۆتایدا سوپاسی پرۆفیسۆر دکتۆر عومەر پەتی دەکەم کە ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم بۆ گوزارشت کردنی هەندێ لەو شتە گرینگانەی لە قووڵای یادەوەری درێژخایەنمدا پەنگیان خواردبووە و چاوەڕێی دەرفەتێکی لەم چەشنە بوون.

هەولێر ٢٠/٧/٢٠١٧



Scanned with CamScanner

## (د. عومەر نموونەی مامۆستای زانكۆ بوو)

**پ. د. نەبیل عادل فەخری**
**بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و پرۆگرامەكان-**
**لە سەرۆكایەتیی زانكۆی سەڵاحەددین - هەولێر**

ناسینم بۆ بەڕێز پ. د. عومەر ابراهیم عزیز ناسراو بە (د. عومەر پەتی) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی هەشتاكان، كە ئەو كات من مامۆستا بووم لە بەشی كیمیا- كۆلێژی پەروەردە- زانكۆی سەڵاحەدین وە بەڕێزیان وەك قوتابی مامۆستای مۆڵەت پێدراو، لە بەشی بایۆلۆجی، هەر چەندە ئەو ساڵێك لەمن گەورەتربوو. هەر وەك پەندێكی عەرەبی هەیە كە دەڵێت (لكل حصان كبوة)و واتە هەر ئەسپێك كەوتنێكی یان گیروگرفتێكی تووش دەبێت بە مانای ئەوەی چەندین كەسایەتیی گەورە هەن لەسەرەتایی ژیانیاندا تووشی گیروگرفت دەبن بەڵام نابێتە ئەوەی دواتر سەركەوتوو نەبن. ئەم پەندە وابزانم لەگەڵ ژیانی د. عومەر پەتی دەگونجێت. لەبەرئەوەی وەك قوتابیەك لە بەشی بایۆلۆجی سەركەوتوو نەبوو و كارامەكانی خۆی نابینیەوە لەو بەشە. دواتر گواستنەوەی ئەنجامدا بۆ بەشی دەرونزانی كە بووە سەرەتایەك بۆ پەرەپێدان بە كارامەكانی خۆی وەك قوتابیەكی زیرەك و ژیر و خۆشەویست لەلایان قوتابیان و مامۆستایانی بەشەكەوە وە ببێتە دەرچووی یەكەم لەسەر بەشەكەدا وە دواتر خوێندنی ماستەر و دكتۆرا بەهەمان جۆش و خرۆش و بەسەركەوتوویی تەواو بكات.

زیاتر ناسینی من بۆ د. عومەر پەتی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی دوو هەزارەكان كە چەندە پسپۆڕی من لە بواری كیمیایە بەڵام ڕاسپێردرام كرام بەسەرۆكایەتیی بەشی دەرونزانی بۆ ماوەی دوو ساڵ و بەڕێز د. عومەر



Scanned with CamScanner

وەك بڕیاردەری بەش. وە لەبەر شێوەی کارەکە زیاتر و زیاتر یەکترمان ناسی لە نزیکەوە وە دوای تەوابوونی ڕاسپێردراوەکەم لەسەرۆکایەتی بەشی پەیوەندیمان نەپچڕا بەڵکو زیاتر و زیاتر بوو لەبەشداربوونمان لە چەندین لیژنەی جیاجیا و گرینگ لەسەر ئاستی بەش و کۆلێژ و زانکۆ لەو کاتەوەدا تاکو ئێستا، ٢٠٢٣ (وەك لیژنەکانی زانستی بەش و پلەبەرزکردنەوەی کۆلێژی پەروەردە و لیژنە تاقیکردنەوەکانی کۆلێژی پەروەردە و لیژنەی کڕینی یەڕتووك لەسەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەددین و لیژنەی گرانت و ئایدیا و توێژینەوەی دەرچوون و پۆستەر لە سەرۆکایەتیی زانکۆ بۆ چەندان ساڵان بەردەوام بوو، هەروەها لە کاتی ئەنجامدانی چەندین گەشت لەناو و دەرەوەی وڵات وە بەشداریمان لە بۆنەکانی خۆشی و ناخۆشی د. عومەر نموونەی مامۆستای زانکۆ بوو لە دڵسۆزی و ئەنجامدانی کارەکانی ب ەنایەبترین شێوە وە دەتوانم بڵێم کە پیاوی تەنگانەیە و مرۆڤ ئەتوانی پشتی پێببەستیت و مرۆڤێکی خێرخواز و بەردەوام هەوڵدەدات یارمەتی بەرامبەر بدات و بەردەوامی خاوەنی قسەی نەستەقەوە، لە ژیانم دا کەم کەسم بینیوە کە لە شوێنی خۆیدا هەردەم هۆنراوە و پەندی کوردی ڕەسەن بەکاردێنێت. ڕەنگە نەم توانیبێت مافی خۆی پێبدەم لەم چەند ڕستەیەدا بەڵام بۆ من پ. د. عومەر پەتی جێی شانازییە.



Scanned with CamScanner

## (من دکتۆر عومەر ئیبراهیم عەزیزم چۆن ناسی؟)

**پ. ی . د. وەلی مەحموود حەمەد**
**سەرۆکی زانکۆی کۆیە**

من دوای ئەوەی لە کۆتایی (١٩٨٢) لە زانکۆی سەلاحەددین - کۆلیژی پەروەردە - بەشی کیمیا وەرگیرام و بوم بە خوێندکاری زانکۆ. بۆمن دەورانێکی نوێ و ژیانێکی نوێ دەستی پێ کرد؛ چونکە لەلایەك قۆناغێکی گەورەی ژیانم بڕی و قۆناغێك و ئاستێکی تری باڵای خوێندن دەستی پێ کرد، وە لە لایەکی تریش چونکە من کەس و کاری نزیکی خۆم پێشتر لە ڕیزەکانی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتیی قوتابیان کاریان کردبوو، وە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێش بە ڕابەرایەتی (ی. ن. ك) چونە ناو ڕێکخستنەکان و ناو شۆڕش. خۆشم لە دوای مانگی (٣/١٩٨٢) چوومە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (کۆمەڵە). لەو کاتەوە حەز و ئارەزووم بەناسینی خەڵك دەستی پێ کردبوو بە بەرنامە و بە مەبەست بۆ ئەوەی خەڵکی خاوەن بڕوانامە و خوێندەوار بناسم تابتوانم کاری ڕێکخستن بکەم و دۆستیان تیا بە دەست بهێنم. لە ساڵی (١٩٨٤-١٩٨٥) مامۆستا (عومەر ابراهیم) م ناسی کوڕێکی گەنجی مامۆستای هەندێك لەمن بەتەمەن تری چوست و چالاکی قسە قوتی (بە زمانی کوردی نووسین قسەی لەگەڵ دەکردین، هەر بۆ یەش بە مامۆستا عومەر پەتی ناسرابوو). من پێشی ئەوەی بێتە زانکۆ و ببێتە خوێندکار دەمناسی، وە جگە لە هۆکارەکانی کە باسم کرد (چونکە خۆی نا بەڵام برایەکی کاك سابیر لە ڕێکخستن بوو، بەگشتی خێزانەکەشی دۆستی یەکێتی بوون)، وە کوڕە خاڵێکی مامۆستا عومەر کاك نەجمەدین سادق کە زۆر برادەربووین وە خوێندکاری بەشی بایۆلۆجی بوو لە کۆلیژی پەروەردە ئەویش



Scanned with CamScanner

هۆکارێـك بـوو بـۆ چاکتـر یەکتـر ناسین و دڵنیابـوون لـە قسـەکردن لەگـەڵ یـەك. دوای ئـەوەی مامۆسـتا عومـەر هاتـە کۆلیـژی پـەروەردە وەك مامۆسـتای مۆڵـەت پێـدراو سـەرەتا هاتـە بەشـی بایۆلۆجـی. لێـرەوە توندتـر پەیوەندیەکانمان دەسـتی پـێ کرد چونکـە ئیتـر لـە ناسیاوی و برادەری و جـار جار و نـاوە نـاوە یەکتربینین بـوو بـە ڕۆژانـە. مـن دەمەوێـت لێـرە بـە ئیجـازەی (د. عومـەر) وانەیەکـی گرنگ باسـی بکـەم کـە عـەرەب دەڵـی (رحمـه الله علـى إمرئ عـرف قـدر نفسـه)، مامۆسـتا عومـەر هەڵبژاردنـی سـەرەتای بەشـی بایۆلۆجـی لەگـەڵ ویسـت و توانـا و حـەزی ئـەو نەدەگونجـا ئەوەبـوو زۆرجـار بەیەکـەوە دادەنیشـتین و پرسـیاری کیمیـام بـۆ بـاس دەکـرد بـەڵام چونکـە حـەزی لـێ نەبـوو لـە قۆناغـی یەکـەم کـەوت واتـە دەرنەچـوو. بـەڵام بۆ سـاڵی دواتـر بەشـەکەی گـۆڕی و چـووە بەشـی (دەروونناسـی) ئەوەبـوو لـە خوێنـدکارە باشـەکان و بـە نمرەیەکـی زۆربـاش ئـەم بەشـەی تەواوکـرد. لێـرەدا گرنگـە ئـەوە بڵێـم کـە مامۆسـتا عومـەر بیرکردنـەوەو پلانێکی باشی بۆخـۆی دانـا چونکـە بـە گۆڕینـی بەشـەکەی بـۆ بەشـێك کـە لەگـەڵ خولیـا و ئـارەزوو و توانـای ئـەودا بگونجـێ سـەرکەوتنی باشـی بەسـت هێنـا سـەرەتا چـووە بەغـدا ماسـتەری تەواوکـرد دوایـش بـە ماسـتەر نەوەسـتا و دکتۆراشـی هێنـا و هـەر لـەو مـاوەی خوێندنـی لـە بەغـدا ژیانـی هاوسـەریشـی پێکهێنـا. هـەر بـۆ ئـەوەی هەندێـك یـا دەوەری و چالاکیەکانـی مامۆسـتا عومـەر بـاس بکـەم لەکاتـی کـە خوێنـدکاری بکالوریـۆس بـوو سـاڵانە چەندیـن چالاکـی کەلتـوری و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتـی ئەنجـام دەدا. وە لـە دەرەوەی زانکـۆش لـە هۆڵەکانـی تـری هەولێـر هـەر خەریکـی چالاکـی بـوو وە لـە نووسـین و ڕۆژنامەکانیـش دوورنەبـووە. کاتـی کـە خوێنـدکاری کۆلێژبوویـن لـە بیرمـە کوڕێکـی بەشـەکەی ئـەوان هەبـوو زۆر بزێـو بـوو زۆربـەی کات لەگـەڵ کچـان بـوو، وە ماوەیـەك لەگـەڵ کچێـك بـوو کـە خەڵکـی دوو شـاری جیاوازیـش بـوون بـەڵام ئەوەنـدە بەیەکـەوە بـوون هەندێـك قسـە و قسـە لۆکیـش لەسـەریان هەبـوو بـەڵام ڕاسـتیەکەی هـەر خۆیـان و خـوا دەیزانـێ ڕۆژێـك هەڤاڵێکمـان لـە مامۆسـتا عومـەری پرسـی کـە فڵانـە کـوڕ کـە لەگەڵیانـە لەگـەڵ مێینـە و کچـان چۆنـە مامۆسـتا عومـەر بـە سـادەیی و پێکەنینـەوە ووتـی بەخـوا تۆزێـك هـەوەس بـازە، ئـەو بـرادەرە گوتـی کـوڕە ماڵـت ئـاوەدان بـێ ئـەو (... ..) یەکـی پیسـە هـەوەس بـازی چـی. ماوەیەکیـش مـن و د. عومـەر و د.



Scanned with CamScanner

جەلال سدیق تاڵەبانی زۆر بەیەکەوە بووین وە هاتوو چۆی ماڵی یەکمان دەکرد و نمەکی ماڵی یەکترمان کردووە. جارێك لەبیرمە من و د. جلال لە ماڵی د. جلال بووین چاوەڕێ مامۆستا عومەرمان دەکرد بچین بۆ شوێنێك وەختێك زەنگی ماڵەوەیان لێ ی داو دایکی کاك د. جلال چوو دەرگاکەی کردەوە، کەهاتەوە ژوورەوە خەبەرمان بداتەوە (چونکە هێندە گوێ ی لێ بوو بوو ئێمە وتبوومان عومەر پەتی ئەو باش تێنەگەیشتبوو وتی کوڕم ئەو برادەرەتانە هاتووە لە دەرگا چاوەڕێتان دەکا وتمان کێ؟ وتی عومەر پێ پەتی! دامانە قاقای پێکەنین) ئینجا بۆ دوای ئەوە بۆ سوعبەت و گاڵتە قسە و باسێکمان لەنێوان بووایە و بۆ چوونی جیاوازمان هەبوایە پێمان دەگوت ئاخر نەتۆ پێ پەتی. کاك عومەر بۆ برادەرایەتیی زۆر دڵسۆز بوو پیاوێکی چوست و بەخەم بوو لە هەرکارێك کە پێی دەسپێردرا وە حەزی لە نووسین و شیعر و پاراستنی کە لەپووری کوردی بوو (دەتوانم بڵێم عاشقی ئەو بابەتانە بوو) چونکە ماندووبوونی نازانی. دوای ئەوەی ڕاپەڕین ئەنجام دراو کۆڕە و هاتنەوە هەموو کەس نەیدەوێرا هاتوو چۆی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند بکات ئەو لە زانکۆی بەغدا دەستی بە خوێندنی ماستەرەکەی کرد باوکی ڕەحمەتیم نەخۆش بوو پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو لە بەغدا لەگەڵ (کاك جەبار حوسێن) ی کوڕە پلکم ناردمان بۆ بەغدا، مامۆستا عومەر لە جیاتی من خەم خۆرو خزمەت گوزار بوو بۆ سەردانیان و هاوکاریان لە بەغدا. جگە لەوەش هەر کارێکیان پێ سپێردرا بوایە بێ سێ و دوو هەوڵی جێ بە جێ کردنی دەدا، وابزانم لە یەکێك لە سەفەرەکانی بەغدا لەسەر کارێکی هاوکاری و یارمەتی تووشی گۆبەندێك بوو گیرا خەریك بوو دەستی لێ بشۆین هەر لەخواوە و بەشێوازێکی سەر سوڕهێنەر دەربازی بوو، چونکە خەریك بوو سەری لەسەر دانێ. من و د. عومەر پەیوەندی خێزانیشمان هەیە و هەبوو چ پێش ژن هێنانی لەگەڵ براکانی و دایکی و ماڵەوەیان چ دوای ژن هێنانی و هاوسەگیری لەگەڵ د. فاطمە. بەڵام ژیان هەندێك گۆڕانکاری و سەرقاڵی زیادی تیا دروست بووە وەك پێشان کاتمان زۆر بە دەستەوە نییە، گیروگرفتەکانی ژیان و ماڵ و منداڵ زۆر زۆر بووە، هەر چەندە دوای ئەوەی من ماڵم گواستەوە بۆ کۆیە و لە هەولێر نەمام چەند جارێك هەم ئەو هاتووە هەم من چووم بۆ سەردانی بەڵام وەك



Scanned with CamScanner

ڕۆژانی گەنجی و هەشتاکان و ساڵانی دواتر نیە. هەمیشە هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم چونکە مامۆستا عومەر یەکێکە لەو کەسانەی کۆمەڵگا پێویستی پێ یەتی و زیانی لێ ناکاو ژینگەی کوردستان پێویستیان بە دەیان و سەدان عومەر پەتی یە.



Scanned with CamScanner

# (پوختەی تێبینییەکانم دەربارەی هاوڕێم عومەر پەتی)

**یوسف حەمە ساڵح مستەفا**

هەرچەنـدە مـن لەگـەڵ ئـەو بیرۆکـە یـا پرۆژەیـە نیـم کـە بـرای بەڕێـزم (دکتـۆر عومـەر پەتـی) پێشـنیاری کـردووە وەك داواکـردن لـە ناسراو و هاوڕێیانـی تێبینـی خۆیـان تۆمـار بکـەن دەربـارەی کەسـایەتی خـۆی، کـە زۆر بوێرانـە پەیمانـی ئـەوەی داوە هەرچـی بنووسـرێت بـە ئەرێنـی یـا نەرێنـی بڵاوبکاتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەڵسـەنگاندنێکی برادەرێکـی خـۆت بـەم شـێوەیە هەرگیـز بـێ موجامەلـە نابێـت و بـێ تێپەڕبوونـی خاڵـە نەرینییەکانیـش نابێـت، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش ئەتوانـم ڕاشـکاوانە بڵێـم بەپێـی (هەڵسـەنگاندنی خـۆم) کەسـێکە خۆشـبەختانە قورسـایی باشـییەکانی زیاتـرە لـە تـەرازوی کەسـایەتیی عومـەر پەتـی.

ئەتوانـم بڵێـم بـرادەری تەمـەن، کـە دەچێتـە پتـر لـە بیسـت سـاڵ لـە ناسـینی و هاوڕێیەتـی و کارلێکردنـی مرۆیانـە لەگـەڵ یەکتـری، کەسـێکی دڵپـاك و ڕۆح سـووك و خـۆش مەعشـەر و خۆشەویسـت بەگشـتی لەنـاو خەڵکـدا، خـاوەن ئاسـتێکی بـەرز لـە زیرەکـی کۆمەڵایەتـی، گیانێکـی پـڕ لـە ڕێـز و خۆشەویسـتی و یارمەتـی و هاریـکاری و کارلێکـی ئەرێنـی لەگـەڵ دەوروبـەر.

عومـەر پەتـی هاوڕێ.سـنگی فراوانـە بەرامبـەر ڕەخنـەی هاوڕێیەکانـی و کەسـایەتییەکی نەرمـی هەیـە و کراوەیـە بـۆ گۆڕینـی خـۆی (وەك ڕەفتـار و هەڵسـوکەوت) بـە ئاراسـتەی گەشـەو ئەرێنـی و بوێـر و هەڵوێسـتی مەردانـەی هەیـە بەرامبـەر خـراپ و خراپـەکاری و جـاری وا هەیـە قسـەی پێویسـت دەکات و ملشـۆڕیم لـێ نەبینیـوە لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی تەسـکی خـۆی، زۆر دڵسـۆزە و خـاوەن سروشـتێکی ئەرێنییـە دوور لـە قیـن و بوغـز و گیانـی تۆڵـە، چالاکـە لـە هاوبەشـی و بەشـداریکردنی هـاوڕێ و ناسـیاوەکانی لـە بۆنـە کۆمەڵایەتیـە جیاجیـاکان.

عومـەر پەتـی خۆشەویسـت، ئاشـتیخوازە و لێبوردەیـی هەیـە و خـۆی



Scanned with CamScanner

دەپارێزێت لە کێشە و کێشەکارەکان، و خۆشەویستی و ڕێز تییدا لە تێکڕا مامەڵە کۆمەڵایەتییەکانی بەدی دەکرێت و شتی ئاڵۆزەکان و کەسانی خۆی چاك دەناسێتەوە، واتا هەڵسەنگاندنی بۆ بەرامبەر ژیری و وردی تێدایە، و جوان دۆستە و دڵێکی نەرم و هەستیاری هەیە بەتایبەتی بەرامبەر ڕەگەزی مێ، ئەوەش مافێکی سروشتییە بۆ چێژ وەرگرتن لە جوانی.

بێگومان کەسی تەواو و کامڵ نییە چ بەپێی ڕوانگەی خۆی یا بەپێی پێوەرەکانی دەوروبەر، بەڵام کەسێکی وەك برام عومەر پەتی، کە خاوەنی هەموو ئەم خەسڵەتە مرۆییە جوانانەیە، لە ڕێگای پەیوەندییەکی دوور و درێژ و قوڵ لەگەڵیا، هەندێ تێبینی ترم هەیە لەسەر کەسایەتی کە لەکاتی خۆیدا بەخۆیم گوتوە، بەڕای من جۆرێکن لە تەواوکەری کەسایەتی کە عومەر پەتی لەگەڵ خاڵە باشەکانیتردا دەناسرێت، وەك:

*زۆر بە پەرۆش و خوولیای ئەوەیە هەموو شتێك بزانێت، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ هەوڵدەدات زانیاری لەسەر کەسان و ڕووداوەکان و شتەکان وەرگرێت، تەنانەت ئەو شتانەی کە ئەوەندە کەڵکیان نییە کە جێگا بگرن لە مێشکی مرۆڤدا.

*جاری وا هەیە، بەتایبەتی کە تووڕە دەبێت، زۆر خۆی هەڵدەدات و باسی جوامێری و چاکەی خۆی دەکات لەگەڵ خەڵك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاکەی بەرامبەری لەبەر چاوە.

زۆر بەداخەوە، خاوەن ئەقڵێکی کارای وەك عومەر پەتی خوێندنەوەی کەمە، مەبەستم لەو خوێندنەوەیە کە ئاستی ڕۆشنبیریی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە و ئاستیی بیرکردنەوەی بەهێز دەکات، بەتایبەتی خوێندنەوەی بەرهەمە مرۆییەکان لە بوارە جیاوازەکانی ژیان و بەتایبەتی لە پەروەردە و دەروونزانیدا کە پسپۆڕایەتی خۆیەتی، بەڕاستی هەستدەکەم کەمتەرخەمە.

بەڵام عومەر پەتی بە هەموو خەسڵەتەکانی و هەڵسوکەوتەکانی خۆشەویستە، و شانازم بەوەی برایەکی وەك ئەوم هەیە، هیوادارم هەمیشە لە خۆشیا بێت و تەندرووستی باش بێت و سەرکەوتوو بێت.

یەکشەممە ٢٠١٩/٥/٥ هەولێر

# «عومەر بەتي»

# من وجهة نظر بعض المدرسين والكتاب والشخصيات[٣]

٣ المقالات مرتبة أبجديا حسب الاسماء المؤلفين.



Scanned with CamScanner

## (الى الدكتور عومەرابراهيم عەزيز. رسالة حب واعتزار)

**الدكتور بدرخان سندي**

قبل ان اتعرفه عن كثب كان لأسمه وقعه المؤثر وا للذيذ على نفسي.. فكان يُكنى بعومەرپتي وهو ومحبيه ارادوا ان يبعثوا برسالة من خلال هذا اللقب بتي انه شغوف بلغته الكردية حريص على سلامتها فكلمة pati بالكردية تعني الفصيحة او الخالصة النقية وهو فعلا كان يحاول ان يتكلم باللغة الكردية الفصيحة النقية خالية من الالفاظ غير الكردية ويشجع الناس على ذلك فذهب اسمه بين محبيه بعومەر الفصاحة او عومەر الفصيح فأحببته وأنزلته منزلة رفيعة في قلبي العاشق للغتنا الكرديه قبل ان اسعد بمعرفته شخصيا وانا اواجه واسمع بأول كردي يدع كل الألقاب جانباً ويتبنى صفاء وأصالة وسلامة لغته لقبا يجاور اسمه فيكون شهرة له ولأبنائه.. حياك الله.. كم انت انسان نقي.

عرفته طالباً في الدراسات العليا في جامعة بغداد في مرحلتي الماجستير والدكتوراه حريصا اشد الحرص على انجاز دراسته مثلما عرفته متمكناً و جريئاً في دفاعه عن اطروحته..

كان مثال الطالب الذي اختبر اخلاقية ومهنة التعليم قبل ان يلتحق بالدارسات العليا و كنت استشف من سلوكيته الطلابيه انه كان تربويا نموذجياً و مدرساً مثالياً قبل نيله الدكتوراه لأنه حقاً كان يجمع بين اخلاقية تربوية عاليه و روح اكاديمية غائرة في ذاته فكان من خيرة طلبة الماجستير والدكتوراه في قسم العلوم التربوية والنفسية في كلية التربيه بجامعة بغداد فضلاً على ماتقدم فقد عرفت الدكتور عومەر ئيبراهيم كاتباً كردياً أريباً يجود بالكلمة النبيلة المحلقة في مختلف الميادين التي كان يكتب فيها وفي الصحف والمجلات الأدبية والثقافية الكردية.

وفي جهوده التدريبية الجامعية عرف الدكتور عومەر بنشاطه الواضح في



Scanned with CamScanner

تدريب الاكاديميين على اساسيات التدريس. اما في مجال البحوث العلمية فقد عرف بغزارة الأنتاج ووفرة الجهد سواء على صعيد نشر الانتاج او طبع الكتب في مجال اختصاصه وقد اتسمت نتاجاته بالرصانه والمهنية فضلا عن ان الدكتور عومەر يحظى بحب كبير من لدن طلابه لا بل هو صديق دائمي لهم حتى بعد تخرجهم وكذلك فانه يحظى باوسع دائرة معارف وصداقات في اربيل ولو كان لدينا في اقليم كردستان مثل العواصم الاوربية منصب عمدة العاصمة لطالبت بترشيحه عمدة لمدينة اربيل العاصمة.

بقي ان اقول ان الأخ الدكتور عومەر ئيبراهيم مثل طيب في الوفاء والأيثار ومد يد العون لأصدقائه ومعارفة.. وكلما جمعنا لقاء اوهاتف تعمق لدي الأحساس انني كنت محظوظاً بالتعرف عليه طالباً وزميلاً وصديقاً وأخا صدوقا. ادامه الله لعائلته وطلبته وكل محبيه.



Scanned with CamScanner

## (تقريظ)

### شيركو كمال جميل

لقد كلفني الاستاذ الدكتور عومەر پەتی بكتابة بعض الأسطر حين كان طالباً في متوسطة قنديل للبنين وكان لي الشرف في تدريسه فوجدت فيه طالباً فذاً و نابغة من نوابغ عصره، متميز بين أقرانه الطلبه، الكل من حوله يحسده بما فيه من امكانات و موهبة نادرة في (اللغة و التمثيل و الاخراج و الذكاء/ و هو صغير السن أنذاك كأنه رجل فيه صفات الرجولة بكل ما يحمل الكلمة من معنى هذا هو الطالب الدكتور عومەر كل ما أقول عنه قليل بحقه لا أستطيع أن أوفى بحقه و القلم عاجز عن التعبير بحق هذا الانسان.

بارك الله فيه و كثر الله من أمثاله لخدمة العلم و الجيل الناشيء.

مع تقديري و احترامي

لا أعرف كيف أبدأ!؟ ومن أين أبدأ؟

كيف أصف طالباً درسته في الاول المتوسط، حقيقة لم يكن طالباً بل رجلاً بكل معنى الكلمة في سلوكه و تصرفاته وأقرانه الطلبة أنه الطالب عومەر پەتی الطالب المدرس في امكاناته اللغوية بحق، كنت توسمت فيه أنذاك مستقبلاً باهراً و ذا شأن وتحققت نبؤتي انه الأن يحمل لقب الأستاذية وكان الطالب عومەر يثق بنفسه الى أبعد الحدود بما له من امكانات، و لقب ب(پەتی) لانه ينطق و يتكلم بلغة فصيحة خالية من الشوائب و هذه الاسطر هي قليلة عن هذا الرجل و كل ما أتمنى له مستقبلاً زاهراً في حياته الوظيفية و المهنية و العائلية.

٢٠١٧/٧/١٨



Scanned with CamScanner

# (لمحة عن مسيرة صداقتي
# مع الاخ الدكتور عومەر بتي المحترم)

صابر عبدالله الزيباري
استاذ القياس و التقويم و مدير مركز البحوث التربوية جامعة دهوك

بسم الله الرحمن الرحيم

لقد تعرفنا من خلال مسيرة حياتنا الدراسية و الوظيفية على الكثير من الناس و صادقنا الكثير منهم في داخل و خارج العراق و كردستان العزيزة ولكن بحكم ظروف العمل و الحياة من جانب و ضعف مستوى الوفاء و الحفاظ على ديمومة الصداقة لدى البعض من جانب اخر لم يبقى التواصل سوى مع عدد قليل منهم و الذين يعتبرون من أعز الاصدقاء و أكثرهم اخلاصاً ووفاءً او من بين تلك القلة القليلة من الاصدقاء الحقيقين هو الاخ العزيز و الصديق الوفي الاستاذ الدكتور عومەر ئیبراهیم عەزیز بتي المحترم الذي امتد علاقتنا المبني على المحبة و الوفاء اكثر من (٢٥) عاماً رغم سماعي و اطلاعي على النشاطات الادبية و الثقافية و العلمية له قبل هذه الفترة بكثير ولكن كان لقاءنا المباشر و لأول مرة معه في مؤتمر (تقويم مناهج معاهد المعلمين المركزية) في بغداد عام ١٩٨٩ وقد جذب انتباهي و اهتمامي نشاطه و أفكاره العلمية الرصينة و حصل بيننا التعارف و اللقاءات المتلاحقة و في الندوات و المؤتمرات العلمية في مجال العلوم التربوية و النفسية و اعداد المعلمين و غيرها بعد ذلك الى ان شاءت الاقدار ان اصبحنا معاً في دراسة الدكتوراه في كلية التربية / ابن



Scanned with CamScanner

رشد في جامعة بغداد (٣) سنوات في عام ١٩٩٤ الى ١٩٩٧ في بغداد. و ازدادت معرفتي بالاخ (عومەر) و تعرفت على شخصيته عن قرب و بشكل مباشر و كان جدياً في العمل و وفياً للاصدقاء و متعاونا مع الجميع و كريماً في عطائه و مرحاً في طبعه ومسهلاً للامور و محبوباً عند جميع زملائه و أساتذته و لم يبخل على احد من زملائه في تزويده بالمصادر و الكتب و قيامه باستنساخ البحوث و المقررات الدراسية لزملائه في مجموعة العلوم التربوية و النفسية وعلى حسابه الخاص في كثير من الاحيان و من صفاته الاخرى الجرأة و الشجاعة في طرح أفكاره و كان غيوراً على تراثه و لغتة وقوميته الكوردية و الذي تعرض بسبب ذلك الى الاعتقال اثناء دراسة الدكتوراه من قبل مخابرات النظام السابق عندما قدم بحثاً عن (اللغة و التفكير) و قد ذكر فيها بأن اللغة الكوردية من اللغات الاصيلة و الغنية بالمفردات وأنه من اللغات القديمة و المهمة عبر العصور و الذي لم ينال اعجاب البعض و منهم استاذ المادة انذاك وفي اليوم التالي مباشرة تم اعتقاله و انقطع عن الدوام لمدة (١٩) يوماً تعرض خلالها الى كثير من الاعتداء و الظلم و لم يؤثر ذلك على اهتماماته بالثقافة و الادب الكوردي و بعد حصولنا على شهادة الدكتوراه معاً و بتقدير الامتياز و بالمرتبة الاولى لكل منا على مجموعة اختصاصه انتقل الاخ (عومەر) مباشرة الى اربيل و بدأ يعمل في اقسام التربية و علم النفس في كليات التربية و الاداب في جامعة صلاح الدين / اربيل منذ عام (١٩٩٨) ولحد الان باخلاص وجدارة في مجال التدريس و البحث و الاشراف و المناقشات العلمية لعدد كبير من رسائل الماجستير و الدكتوراه واصبحنا بفضل الله تعالى نعمل و نلتقي معاً في كثير من الندوات و المؤتمرات العلمية و الثقافية و المناقشات لرسائل الماجستير و الدكتوراه في جامعات الاقليم المختلفة فوجدت فيه الجراءة في قول الحق و الامانة العلمية و مصداقيته في العمل، و من باب الوفاء ان اذكر موقفاً يدلّ على كرم واخلاص الاخ (عومەر) معي عندما طلب مني في عام ٢٠٠٦ ان اقوم بتدريس مادة عن (نظريات القياس و التقويم) لطلبة الدكتوراه في قسمهم و في نهاية الكورس الدراسي وفي اخر زيارتي لهم قدم لي مبلغ اجور محاضراتي كاملاً وقال بأنه قام باجراءات صرف ذلك من الكلية ولكن بعد فترة من الزمن علمت بأنه قد دفع لي ذلك المبلغ من ماله الخاص لانه



Scanned with CamScanner

كان على علم بحاجتي الى ذلك المبلغ وانه قد استلم ذلك المبلغ من الكلية بعد سلسلة من الاجراءات الذي طالت سنة تقريباً وهذا موقف واحد من بين المواقف الكثيرة لهذا الصديق العزيز الوفي و المخلص و من الامور الاخرى الذي لاحظته لدى هذا الصديق الثبات و الاستمرار في عطائه العلمي و تقديم الخدمة لطلبته من مختلف المراحل الدراسية الاولية و الدراسات العليا بهمة ونشاط و اخلاص و تواضع لن يتغير و لم يغره المراتب العلمية العالية و تقدمه في العمر بل زاد عزيمة و رغبة في العمل و تقديم الخدمة للاخرين بهمة ونشاط اكبر. واخيراً اتمنى لصديقنا العزيز (عومهر) دوام الصحة و العمر المديد و العطاء العلمي المستمر و الخير و التوفيق له و لعائلته الكريمة بعون من الله تعالى عز وجل.

تموز/ ٢٠١٧



Scanned with CamScanner

## (الى الاستاذ الدكتور عومەرئیبراهیم عزيز المحترم)

### الأستاذ المتمرس الدكتور علي جاسم الزبيدي

تحية حب واحترام،

اطلعت على معلومة في صفحات احد مواقع التواصل الاجتماعي ان الاستاذ الدكتور عمر ابراهيم عزيز عازم على نشر كتاب عن سيرته الذاتية بمناسبة بلوغه الستين من عمر ابراهيم عزيز، اي انه قد اجتاز حقبة منتصف العمر التي تمتد بين ٤٠ – ٦٠ سنة وهي حقبة التأجج والعطاء. ويرغب الدكتور عمر أن أذكر شيئاً مما أعرفه عنه: فقد تعرفت عن قرب على الاستاذ الدكتور عمر ابراهيم عزيز حينما كان طالباً في مرحلة الماجستير وكنت استاذاً في قسم العلوم التربوية و النفسية في كلية التربية – ابن رشد/ جامعة بغداد في النصف الاول من تسعينات القرن العشرين المنصرم.

و ازدادت معرفتي به حين أصبحت مشرفاً على بحثه لنيل درجة الماجستير في علم النفس التربوي خلال ١٩٩٢ – ١٩٩٣. وقد وجدت فيه انساناً متميزاً في خلقه و علاقاته مع أساتذته وزملائه و مجداً ومبدعاً في عمله و صادقاً و أميناً في البحث عن الحقيقة و اظهارها في بحثه. و كان متقدماً بين زملائه. وبالاضافة الى اهتمامه العلمي فقد كانت له نشاطات اجتماعية و ثقافية ابداعية. و أعتقد أن الدكتور عمر لم ينل ما يستحقه في الحياة العامة و لم تتح له فرصة كافية لتوظيف كفاءته العلمية و الثقافية لصالح مجتمعه.

ولم أنسى أن «عمر» قد ظلم من القريبين اليه خلال مناقشة رسالته في الماجستير و التي كانت بعنوان (القيم السائدة في القصص الشعبية العربية والكردية للاطفال في الكتب المطبوعة في العراق). وكان يهدف فيها خدمة



Scanned with CamScanner

مجتمعه و أبناء قوميته، الا أن رئيس لجنة المناقشة و هو كردي القومية قد فهم البحث عن غير حقيقتة. و على اية حال فقد نال الطالب ما يستحق فعلاً من أعضاء اللجنة الآخرين. مع حبي وأمنياتي بالخير للأستاذ د. عمر.

٢٠١٧/٧/٣١



Scanned with CamScanner

## (أيام مشرقة)

## د. عمر ابراهيم توفيق

### استاذ اول في جامعة كركوك/ كلية التربية

بمناسبة بلوغ الاستاذ الدكتور عومەر ئيبراهيم عەزيز العقد الستين من عمره، ارجو له العمر المديد و العطاء المستمر في خدمة امتنا الكردية و التي لم تشف من الامراض الموروثة الى يومنا هذا، فرجعت ذاكرتي الى سنين مضت، الى أيام شبابي وعنفواني التي كنت كعاصفة لا أعرف الهدوء و لا الخوف قبل ان استكين من جراء ضياع المقاييس واعيش حياة غربة في ظل سلطة لا يعرفون الا مصالحهم الشخصية.

عرفت الاستاذ الفاضل في نهاية العقد الثامن من القرن الماضي عندما نقل خدماته من التعليم الابتدائي الى معهد اعداد المعلمين في اربيل بعد حصوله على شهادة بكالوريوس في علم النفس و العلوم التربوية، وكان شاباً رفيعا رخيم الصوت نشطاً دبلوماسياً مع اصحاب السلطة لا يحب التصادم وكان يكمن في قلبه المبادىء السامية و التي كانت اولها فيه نسمية «كوردايەتي» و كانت هذه سمة مثقفي اربيل في تلك الحقبة الا القليل القادر فكانوا لا يعرفون الحزبية ولا المصلحة الذاتية ولا الفساد وكانت أذانهم كلها متوجسة لطلقات تطلق من هنا و هناك للحركة الكردية، وكان يعرف ب«عومەر بەتی» لانه كان يتكلم الكردية بلغة سليمة فصحية خالية من الالفاظ الدخلية، و كنت اتمنى ان يكون اختصاصه اللغة الكردية و التي لم تسمح له بذلك، و من باب الطرائف: في يوم كان جالسا قرب تلفون المعهد و دق الجرس فرفع الهاتف. فقال باللغة الكردية: «ئێره پەیمانگای مامۆستایانە« فاجابه المقابل: «ببوره لەمن وایە معهد معلمینە«.

